# گزینگ ۲۲

گۆڤــــارێکی وەرزانەی زانستی سیاسی و فەرهەنگی یە زستانی ۱۹۹۹(۱۳۷۷)

- هاوپرسەکی لە گەڵ مامۆستا شێخ عێزەددینی حوسێنی: ،حەفتاو پێنج ساڵە دەوڵەتی تورکیا نەتەوەیەکی شاردۆتەوە،
- وتووێژ لەگەڵ مامۆستا عومەر شێخموس: ،تورکیا و مەسەلەی کورد،
- خۆزە ساراماگۆ : وەرگری خەڵاتی نوبێلی ئەدەبیی...
- وتووێژ لەگەڵ دوکتور عەبباسی وەلی: ،ستراتێژییەکی ئاشکرا و سەربەخۆ،
- ژنی کورد و ئیسلامیزم: باری ژنی کورد لە کوردستانی عێراق لە دوای شەڕی کەنداو(۲)
- مۆدێرنیتە و ناسیۆنالیزم
- ،حیزبی ئازادیی کوردستان، و عەزیزوڵڵاخانی زەندی
- ئاشتی لە ڕێی فەرهەنگەوە؟!
- سیاسەت لە ڕوانگەی شێعرەوە
- لە پێناوی پارێزگاری نۆرمە شارستانییەکان لە نووسیندا
- باسێکی زمانناسی: دەنگی /ت/ وەک لەمپەر لە نێوان دوو ڤاوڵدا
- خورافەی سیاسی لە کوردەواریدا
- کۆچی دوایی هونەرمەندی ناوداری کورد مامۆستا محەمەدی مامڵێ

# ئاگاداری

دەنگ و باسی گیرانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆیجالان، لە ئیتالیا و ئەو دەنگۆیانەی سەبارەت بە ئیحتیمالی ناردنەوەی بەڕێزیان بۆ تورکیا، هاتوونەتەگۆڕێ بە هەق بوونەتە هۆی نیگەرانی، تووڕەیی و ناڕەزایی کوردان.

ئێمە داوا لە دەوڵەتی ئیتالیا دەکەین و لە خەڵکی ئەو وڵاتەش دەخوازین سەر بۆ هڕوگیفی ڕێژیمی کوردکوژی تورکیا دانەنوێنن و مافی پەنابەریی سیاسی کە یەکێک لە مافە سەرەکییەکانی ئینسانی یە، دەستبەجێ بۆ بەڕێز ئۆیجالان پەسند بکەن. دانەوەی ئۆیجالان بە ڕێژیمی تورکیا دوژمنایەتی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ داوا و خەباتی گەلی کورد لە پێناو ئازادی و مافی نەتەوایەتی.*

**دەستەی نووسەرانی گۆڤاری گزینگ:**

نەزەند بەگیخانی، عەبباسی وەلی، هاشمی ئەحمەدزادە، سولەیمانی چیرە، حەسەنی قازی، عەلی کەریمی

**سوێد، ۹۸/۱۱/۱۳**

* ئەو ئاگادارییە کاتی خۆی هەر لەو ڕۆژەدا، لە تەلەڤیزیۆنی کوردیی Med TV بڵاوکراوەتەوە.

# گزینگ ـ ژمارە ٢٢

**زستانی ١٩٩٩(١٣٧٧)**


## نێوەرۆک


| | | |
|---|---|---|
| دووی ڕێبەندان: ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان: | س. ج. هێرش | ٤ |
| هاوپرسەکی لە گەڵ مامۆستا شێخ عێزەددینی حوسێنی: «حەفتاو پێنج ساڵە دەوڵەتی تورکیا نەتەوەیەکی شاردۆتەوە» | | ٥ |
| نامەی شێخ عێزەددینی حوسێنی بۆ ڤاتیکان | | ٦ |
| وتووێژ لەگەڵ مامۆستا عومەر شێخموس: «تورکیا و مەسەلەی کورد» | | ٧ |
| خۆزە ساراماگۆ : وەرگری خەڵاتی نوبێلی ئەدەبیی... | قاسم ڕەیانی | ١١ |
| وتووێژ لەگەڵ دوکتور عەبباسی وەلی: «ستراتیژییەکی ئاشکرا و سەربەخۆ» | | |
| ژنی کورد و ئیسلامیزم: باری ژنی کورد لە کوردستانی عێراق لە دوای | | ١٢ |
| شەڕی کەنداو (٢): | نەزەند بەگیخانی | ٢٠ |
| مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا (بەشی کۆتایی): | «ژیلا.ف» و «تەیفور» | ٢٥ |
| مۆدێرنیتە و ناسیۆنالیزم: | عەبباسی وەلی | ٢٨ |
| پێداویستی ستانداردە ئەخلاقییەکان بۆ نێو سیاسەتی کوردی: | عومەر شێخموس | ٣٧ |
| «حیزبی ئازادیی کوردستان» و عەزیزوڵلاخانی زەندی: | حەسەنی قازی | ٣٨ |
| ئاشتی دەگەڵ کێ؟: | حەمەسەعید کەریم | ٤١ |
| ئاشتی لە ڕێی فەرهەنگەوە؟!: | کوردان کەریم مەحموود | ٤٢ |
| نامۆیی لە تاراوگەدا: | هاشمی ئەحمەدزادە | ٤٥ |
| سیاسەت لە ڕوانگەی شێعرەوە: | سەلاحی عەبباسی | ٥٠ |
| لە پێناوی پارێزگاری نۆرمە شارستانییەکان لە نووسیندا: | گۆران قەرەداغی | ٥٧ |
| شێعر: ئاوێنەیەک لە بری سەمای ئاگر: | هەندرێن | ٦٢ |
| سێ پارچە شێعر: ع. راد، پاکبوونەوە: | تیشکە محەدپوور | ٦٤ |
| کورتە چیرۆک: سڵاو ئەستێرەکان: ف. تووسی، | جەعفەری شێخولئیسلامی | ٦٥ |
| تەنز: دوایین حەمام: | قاسم ڕەیانی | ٦٨ |
| باسێکی زمانناسی: دەنگی /ت/ وەک لەمپەر لە نێوان دوو ڤاوڵدا | عەبدوڵلا ئیبراهیمزادە | ٧٠ |
| خورافات لە کوردەواریدا: | س. گ. ماکوان | ٧٤ |
| ڕانانی کتێب: | سیاوەش گودەرزی | ٧٥ |
| خورافەی سیاسی لە کوردەواریدا: | د. عەبدوڵای ئەبریشمی | ٧٦ |
| کۆچی دوایی سەبری بۆتانی: | عارف باوەجانی | ٧٨ |
| ڕۆمان یان بیرەوەری؟: | هێدی | ٧٩ |
| کۆچی دوایی هونەرمەندی ناوداری کورد مامۆستا محەمەدی ماملێ: | هێرش | ٨٠ |


**ساڵی تازەی مەسیحیتان پیرۆز بێ**


چاپ، کتێبی ئەرزان: ژانوییەی ١٩٩٩

ISSN 1104 - 3473



**سەرنووسەر:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**دەستەی نووسەران:**

هاشمی ئەحمەدزادە

نەزەند بەگیخانی

حەسەنی قازی

عەبباسی وەلی

**ڕاوێژکار:**

عەلی کەریمی

**ناوونیشان:**

**GZING**
Box. 327
824 27 Hudiksvall-Sweden

**ژمارەی فاکس:**

Fax: +46 - 018 - 404522
Mobil: +46-070-6223663

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

Postgiro: 443 5022-1


**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزیی زانستی سیاسی و فەرهەنگی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان نانێردرێنەوە.**

# دووی ڕێبەندان، ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

س. چ. هێرش

ڕەوڕەوەی مێژوو هەروا دەگەڕێ و زەمان بە خێرایی تێدەپەڕێ. نە مێژوو لە بەرمان دەوەستێ و نە زەمان لە سەرمان ڕادەوەستێ. نە بەزەییان پێمان دێتەوە و نە بۆمان دێنە ڕەدایە، یاسای سروشت و ژیان هەر وابووە و هەر وایە، کوڕووزانەوە و لالانەوە بەکار نایە، چارەنووسی مان و نەمان لە دەست خۆمان دایە...

سرشتی بوون و هەبوون یەکبوونە و جەوهەری ژیان، بەرەو پێشەوە چوون...

کەوابوو، مامە، کاکە، خاڵە! وەخۆ کەوە کەی ئەوە حاڵە، لە داخی وابوو و واچووی زەمانە مەناڵە، دەستی هەوڵ و هیممەتت هەڵماڵە و نیری نیزامی بێ مافیت لە ئەستۆ داماڵە... کە وانەکەی **«قەباڵەی کوردەواریت بەتاڵە»**.

ئەو ساڵی تێیدای، نە پارە و نە پێرارە، «قسە بیست و چوارە و دوویان بەکارە»، ئەوەی لەو دەور و زەمان و ڕۆژگارە، چاوی دۆلاری لە دووی فلان و فیسارە، هەر لەشبەبار و ڕەنج بەخەسارە...

هەر میللەت و نەتەوەیەک لە مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا، هەم ساڵی تاڵ و ڕۆژی تەنگانەی هەیە، هەم کاتی هات و وەختی فەرعانە کە بە تێکڕایی ژیانی مێژوویی هەر نەتەوەیەک تێکەڵاوێکە لەم دووانە. ئەگەر زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژانی گەلی کورد مەینەتبار و کارەساتاوی بێ، **«دووی ڕێبەندان»** ڕۆژێکی پیرۆز و دەگمەنە لەم ڕۆژانە. هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین: لە وانەیە زۆر «دووی ڕێبەندان» یتر دوو پات بێتەوە و هەم سەر لە نوێ، لە شاران گۆڕەپانی سێدارە و مەیدانی ئێعدام و کۆڵانی ژارباران، وەڕێخرێتەوە؛ بەڵام محاڵە یادی ئەو ڕۆژە مێژووییە لە سەر دڵان بسڕێتەوە.

هەر چەند جێی خۆیەتی کە بەرکوڵێکی قەڵەمیی پوخت و پاراو سەبارەت بە چۆنیەتی سەرهەڵدان و ئەرک و ئاکامی دووی ڕێبەندان بکرێ. بەڵام لێرەدا جگە لە سەرنجێک و نیشارەیەکی سەرپێیی، ناگونجێ گرینگی ئەم ڕۆژە بە نرخە لە باری مێژوویی و سیاسییەوە شی بکرێتەوە.

ئەوەی شیاوی سەرنج بێ، ئەوەیە کە بە پێچەوانەی گەلێک بیر و بۆچوونی کەسانی بیانی و تەشقەڵەباز و نووسەرانی نانی و بەرژەوەندخواز، دووی ڕێبەندان نەتیجە و بەرهەمی کۆشش و خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد بوو کە توانی ببێتە هۆی دامەزرانی کۆمارێکی ئاماڵ سەر بەخۆی میللی. کە چی مێژووی گەلاڵەکەراو و تیفتیفەدراوی دەستکردی لاپەڕەنووسانی سەر بە نەتەوە باڵادەستەکان، بۆ کەم ڕەنگ کردن و بە هێند نەگرتنی بزووتنەوەی خەڵکی کورد، پڕە لە بەڵگەی لاپرەسەنی و عەقڵ نەسەلمێن.

ئەوان هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە و دەدەن کە هۆی ناوەکی و دینامیکیی ڕاپەڕین و جوڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد، بە جەمسەری ڕووداوەکاتییەکان کە گۆیا هۆگەلی لاوەکی و دەرەکی! بەدیان دێنن، گرێ بدەن و هەر کە تای تەرازووی هێزی بەرەنگاری گەل سەنگین بوو بیکەنە هاوارو واویلا کە هەیداد «تەواویەتی عەرزی»! لە مەترسی دایە.

ئەوەیکە ڕژێمی نەتەوە دەسەڵات پێدراوەکان، چ بەگزی و فزی و فریودان و، چ بە زۆری و تۆپزی و لێدان، دەیانەوێ، خەڵکی بزۆز و سەربزێو! بۆ ئاغایی و بەرژەوەندی خۆیان، ڕام و دەستەمۆ بکەن، نە جێی گومان و حاشایە، نە جێی گلەیی و سکاڵا. ئەوەی جێی سکاڵا و سەرسوڕمانە، تێنەخوێندنەوەی هەل و دەرفەتی دەورانە و دابڕدابڕ بوونی خۆمانە لە کاتی تەنگانە. دیارە نابێ ئەوەی لە بیر بکەین کە تا ئێستا لە مێژووی هیچ نەتەوەیەک، ئازادی و سەربەخۆیی، وەک خەڵات و باربوو، پێشکێش نەکراوە.

ئەوە زۆر ڕاستە و حاشای لێناکرێ کە گەلی کورد هیچ نەبێ لانیکەم دووسەت ساڵێکە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی خۆی هەوڵ دەدا. جا ئەوەیکە تا ئێستە سەر نەکەوتووە دەکرێ گەلێک هۆی جۆغرافیایی ـ ناوچەیی یان سیاسی ـ نیزامی دەست نیشان بکرێ. ئەوە بە جێی خۆی، بەڵام شتێکی لە هەموان گرنگیتر، جا چ جێی داخ بێ یان نا، ئەوەیە کە سەرەڕای خۆفرۆشانی پیسکە و بەکرێگیراوانی ساویلکە لە نێومان‌دا، پرۆسەی هەستی نەتەوایەتی و هێڵی هیوا و باوەڕ بە خۆبوونیشمان هێشتا هەر زەرد و لاوازە. ڕەنگە بەشێکی ئەوەش کەم تاکوڕتێک لە ژێر تەئسیری ئەو کۆمەڵە هۆیانە بووبێ کە بە سەرمان دا سەپاوە. بەڵام زۆر وا هەبووە، یان بە کەوچکە ئاوێکی وەمەلە کەوتووین یان بە مەرحەبایەکی هەست و نیستی خۆمان لە دەست داوە.

لە پێوەندی دە گەڵ ئەو هات و هاوارەی کە ڕژێمە سیاسییەکان، لە جەنگەی تێهەڵچوونەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد وەڕێی دەخەن؛ هەن و بە داخەوە زۆریشن لە هێزە سیاسییەکانی خۆمان کە سەرەڕای ئەوەیکە بەشەر بە گۆڕانی پارسەنگ و گۆڕینی گەلێک پێوانەی پێشوو پێ دەنێتە پاژنەی ساڵی دووهەزارەوە؛ هێشتا خۆیان بە سوێندخۆری پاراستنی «تەواویەتی عەرزی!» دەزانن و نایانەوێ لە بەر دڵی فلان و فیسار، وەدوای «کڵاوی خوار» بکەون یان لە بەرەی خۆیان زیاتر پێ ڕاکێشن.

بە هیوای ئەو ڕۆژە کە بە بێ هیچ ترس و دڵەخوڕپەیەک بڵێین: هەین، دروست وەک ئەوانەی کە هەن و دەژین. ■

**هاوپرسەکی لە گەڵ مامۆستا شێخ عێزەددینی حوسێنی**

# حەفتاو پێنج ساڵە دەوڵەتی تورکیا نەتەوەیەکی شاردۆتەوە

■ بۆ ئاگاداری لە بیروڕای مامۆستا شێخ عێزەددینی حوسێنی سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕانەی دوایی لە سەر بزووتنەوەی گەلی کورد لە باکووری کوردستاندا، هاوکارمان حەسەنی قازی وتووێژێکی کورتی لەگەڵ بەڕێزیان (لە ڕۆژی ٩٨/١٢/١٤)دا پێکهێناوە، کەوا لێرەدا دەقی هاوپرسەکییەکە پێشکێشی خوێنەرەوان دەکرێ. (گزینگ)

**● مامۆستا، لەلایەن گۆڤاری گزینگەوە سپاست دەکەم بۆ ئەوەی ڕێگەتان دا خوێنەرەوەکانمان لە بیر و ڕای ئێوە سەبارەت بەو ڕودلوانەی دوایی وا لەخەباتی گەلەکەمان لە باکووری کوردستان دا قەوماون ئاگادار بن. ئێوە ئەو دیاردەیەی دەنگدانەوەی کێشەی کورد لە بیروڕای گشتی جیهانی و بەتایبەتی ئورووپا چۆن هەڵدە سەنگێنن؟**

ـــ لەسەرەتاوە بڵێم لە ڕۆژەکانی هەوەڵێ ڕا کە ئەو وەزعە هاتەپێشێ، بەهاتنی بەڕێز ئۆجالان بۆ ڕۆما ئەو هەموو خەلکەی کۆبونەوە و مەسەلەکە تەقیەوە و لە هەموو شوێنێک کێشەی کورد باس دەکرا و تورکیاش بەو شێوەیە جووڵاوە کە گوتی سەرۆک ئۆجالان (تیرۆریست و خیانەتکار)ە و دەبێ تەحویلی ئەوێ بدرێتەوە، شتێک کەوتە دڵمەوە: ئەوا حەفتاو پێنج ساڵە دەوڵەتی تورکیا نەتەوەیەکی شاردۆتەوە و ناوی لێ گۆڕیوە، پێیان دەڵێ تورکی کێوی، زمانی لێ قەدەغە کردوون و بەخەیاڵی خۆی هەستی نەتەوایەتی ئەوانی دامرکاندووە و وەک دزێک نەتەوەیەکی دزیوە. لەحاڵەتێکی ئاوادا کە میللەتێک بە تەواوی سەرکوت کرابێ، ئەم حەرەکەتە تازەیەی پکک، ڕاپەڕین و بەرەنگاری یە لە موقابیل ئەو دزی و شاردنەوەیەدا. هاتنی ئۆجالان بۆ ئیتالیا گوڕ و تینێکی تازەی داوە بە خەباتی کوردان. ئەگەر تەماشای مێژووی ئەو چەند ساڵەی پکک بکەین دەبینین ئەو بزووتنەوەیە وەک کەسێکی دزراو حەولی خۆرزگارکردنی داوە، هاواری کردووە، هاوارەکانی خنکێنراون؛ بەڵام لە پەلوپۆ نەکەوتووە و درێژەی بە خەباتی خۆی داوە. لە ڕۆما پرۆسەیەکی تازە دەستی پێکردووە: لەلایەک تورکیا دەڵێ بمدەنەوە یان ئەگەر نایدەنەوە خۆتان موحاکەمەی بکەن؛ بەڵام ئێمە دەڵێین ئەوە ڕێژیمی تورکیایە کە دەبێ لە مەحکەمەیەکی عادڵی نێونەتەوەییدا وەڵامی ئەو دزین و شاردنەوەیەی ٧٥ ساڵەی بداتەوە.

ئەو شاردنەوەیەی ئەمن باسی دەکەم ئەوەیە: ئێران دەڵێ کورد هەیە ئەمما حەقی نەداوەتێ، عێراق بە جۆرێکی دیکە، ناڵێ کورد نییە. بەڵام تورکیا ڕەسمەن دەڵێ کورد نییە و بە پێی قانوونە ئەساسییەکەی حاشا لە بوونی هەر جۆرە نەتەوەیەکی دیکە جگە لە تورک دەکا. تەنانەت ئەو تورکانەش کە باوەڕیان بە بوونی کورد و مافەکانی ئەو میللەتەی هەیە بە «خەیانەتکار» دادەندرێن، دەکوژرێن یان لە زینداندا ئەشکەنجە دەکرێن و ناخۆشی دەبینن. دەنگۆیەکی بەهێز هەیە کە تورگوت ئۆزال لە بەر ئەوەی وێرای ددان بە بوونی کورد دابهێنێ و لە ئیدیۆلۆژی کەمالیستی لابدا لە بەر ئەو شەجاعەتەی دەرمانداو کرا. ئەوەی تا پێش هاتنی ڕۆمایە دەکرا، هاوار بوو پکک دەیکرد، بە هەموو شێوەیەک داوای دەکرد بێن لە دەستی دزانی نەجات بدەن، ئێستا لە ڕۆما ئەو ڕزگاربوونە چەند هەنگاوێک چووەتەپێشەوە و قۆناخێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەی کورد دەستی پێکردووە، لە ڕابردوودا مرۆڤی کورد حەولی داوە خۆ بنوێنێ بڵێ من هەم، ئێستا حەولی کردنەوەی ڕێگەی سیاسی دەدرێ. سەرکردایەتی ئەو شۆڕشە پیرۆزە دەستی سوڵح و ئاشتی بۆ هەموو لایەک درێژ دەکا بۆ ئەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە. ئێمە چاوەڕوانیمان لە جیهانی موتەمەدین هەیە کە ئەو حەقیقەتە دەرک بکا و چاوی لێ نەپۆشێ بۆ ئەوەی میللەتی کورد چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ و مافی خۆی وەدیبهێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕابردوودا لە هەموو بەشەکانی کوردستان خەبات و فیداکاری زۆر کراوە و دەکرێ؛ بەڵام ئەم هەڵکەوتەی ئێستا بەتەواوی پلەیەکی نوێ یە.

**● ئێوە لەو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرە کوردانە بوون کە زۆر زوو هەڵوێستی پشتیوانی خۆتان ڕاگەیاند و بە دەنگ ئەو داوایەوە هاتن کە دەبێ مافی پەنابەری سیاسی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجالان پەسند بکرێ و لەو بارەیەوە نامەیەکیشتان بۆ پاپ نووسی.* پێتان وایە ڤاتیکان و پاپی ئەعزەم بە چ شێوەیەك دەکرێ نفوزیان بۆ خستنە گوشار بۆ سەر دەوڵەتی تورکیا بەکاربهێنن بۆ ئەوەی مل بۆ وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی کورد ڕابکێشێ؟**

ـــ ئەمن بە حوسنی نییەتەوە تەماشای داوودەزگای ڤاتیکان دەکەم و لەوەتی ئەو پاپە ئەعزەمە ڕێبەرایەتی کاتۆلیکەکانی جیهانی بە دەستەوە گرتووە، چالاکانە جووڵاوەتەوە بۆ بەرگری لە مافی مرۆڤ و ئامۆژگاری کردووە شەڕ نەبێ و بە دەنگ ناڵەی زوڵم لێکراوانەوە هاتووە. کاتێک لە ساڵی ١٩٩١ کوردەکانی باشوور لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە ڕاونران و ناچار بوون بە سەدهەزاران وە چیا کەون و داڵدەیەک لە بەشێکی دیکەی وڵاتی خۆیان بۆ خۆیان پەیدا بکەن، پاپ بە دەنگمانەوە هات و حەولی دا ئەسەری ئەو تراژێدییە ئینسانییە کەم کاتەوە. ئەو کاتیش نامەم بۆ نووسی و سپاسم کرد. ئێمە چاکەی وی و داوودەزگای ڤاتیکانمان دەچاوی دایە. ئەمن پێموانییە ئەو بتوانێ ڕاستەوخۆ تەئسیر بکاتە سەر تورکیا، ئەو ڕێژیمەی کە بوونی میللەتی کورد ناسەلمێنێ. بەڵام دەتوانێ لە بەر هەڵکەوتی ڕوحانی خۆی، لەو قسانە کە لە چوارچێوەی ئورووپادا لە سەر کورد دەکرێ، ئەویش قسەی چاک بۆ کێشە و داوای کورد بکا، هەروەها باری سرنجی لایەنگرانی کلیسای کاتۆلیک بەرەو مەوجوودییەت، حەقانییەت و داوای میللەتی کورد ڕابکێشێ و ئەو فشارەش لەو تین و تاوەی کە هاتووەتەسەر تورکیا بۆ ئەوەی مل بۆ چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی نەتەوەی کورد ڕاکێشێ زیاد بێ.

**● مامۆستا، وەك پەیتا پەیتا دەبیستین دوای هاتنی ئۆجالان ژمارەیەکی زۆر لە ژن و پیاوی تێکۆشەری کورد چ لە کوردستان (باکوور)، چ لە تورکیا و چ لە هەندەران بۆ دەربڕینی هاوپێوەندی خۆیان بە ئۆجالانەوە ئاوریان لە خۆ بەرداوە. بە بۆچوونی ئێوە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو ڕادە لە فیداکاری و ئیسارە چییە؟**

ـــ وەک باسم کرد نەتەوەی کورد یەک لە میللەتانی هەرە زوڵم لێکراوی دنیایە، نەتەوەیەکی دزراوە. ئێستا لە نێو ئەو نەتەوەیەدا کەسانی وا هەن بە بوونی سەرۆک ئۆجالان و لە حەرەکەتی پکک هەست بە بووژانەوە و زیندووبوونەوەی خۆیان دەکەن. ئەمن پێموایە ئەو جۆرە کەسانەن کە ئامادەن گیانی خۆیان بەو شێوەیە بەخت کەن ناتوانن تەحەمول بکەن ئەو

ڕووناکاییە چ هەڕەشە و خەتەرێکی بێتەسەر، بۆیە ئەو ئیسارە دەکەن. ئەگەر کەسێک بە قووڵی لە ڕەفتار و جووڵانەوەی ڕێژیمی تورکیا لەگەڵ ئەو ئینسانانەی کە بۆ وەدیهاتنی ئاواتی سیاسی کوردان کاریان کردووە و دەکەن ورد بێتەوە دەتوانێ سەردەر لەو جۆرە ئیسارە ئینسانییە بکا و لێی تێبگا. هەرچەند بە بۆچوونی من ئینسانی ئیسارکار نابێ ئەگەرچی تووشی یەئس و حیرمانیش هات خۆی بسووتێنێ، بەڵکوو دەبێ ببێتە بڵێسەی ئاگر و دوژمن بسووتێنێ.

**● مامۆستا بە بۆچوونی ئێوە ئایا ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە کە کۆمەڵ و ڕێکخراوە جۆر بەجۆرە ئایینییە کوردییەکان کە کاری سیاسی دەکەن نزیکایەتییەکی زیادتر لە نێو یەکدیدا پێکبهێنن بە مەبەستی بەهێزکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە پێناو مافی نەتەوەییدا؟**

ـــ ئەساسی بۆچوونی من جودایی مەزهەب لە سیاسەتە. بڕوام بە ئازادی مەزهەبی هەیە، هەرکەس بە پێی ویجدانی خۆی چ ڕاڕەوێکی قەبوڵ بێ ئەمن پێموایە مافی خۆیەتی بە گوێرەی ڕێساکانی بجووڵێتەوە و چ هێزێکیش نابێ فشاری بۆ بهێنێ و بێ حورمەتی پێ بکا. وەک قورئانی پیرۆز دەمەرموێ: لا اکراه فی الدین (لا ئیکراهە فیددین).

لە سیاسەتدا باوەڕم بە ئازادی و دێموکراسی یە. باوەڕم بە هیچ جۆرە دیکتاتۆرییەک نییە. ئەوانەی کە وەک موسوڵمانی کورد دێنە نێو مەیدانی سیاسەتەوە و بۆ مافی کورد تێدەکۆشن، مەبەستم ئێمەی موسوڵمانی کوردە کە دێینە بواری سیاسەت، کورد بە یەک نەتەوە دەزانین و کوردستانیش بە نیشتمانی ئەو نەتەوەیە دەزانین، تەبیعی یە هەموومان بە هەر بیروباوەڕێکەوە کە هەمان بێ دەبێ بۆ ئەو هەدەفە هاوبەشە واتە ئازادی کوردستان تێبکۆشین. مادام هەدەفەکە موشتەرەکە نابێ چ موشکیلەیەک لە سەر ڕێگەی نزیک کەوتنەوەی ئەو جۆرە هێزانە داهەبێ و هیوادارم زووتر یەک بگرن.

ئەمن دەمەوێ لە ئاخری قسەکانم دا بڵێم هەموو ئەحزاب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە هەموو پارچەکانیدا، دەبێ دەستی خوشک و برایەتی بدەنە دەست یەک و هاوکاریی یەکتری بکەن. کورد لە دژی کورد لە باری سیاسییەوە لە ماڵوێرانی زیادتر چی لێ شین نەبووە و ئاکامی وی هەناسە ساردی دایک و باوکی کچ و کوڕ کوژراو بووە. داوام وایە هێزە سیاسییەکوردییەکان بۆ یەکجار و هەمیشە دەست لە شەڕی نیزامی لە موقابیل یەکدا هەڵگرن، ڕێزی یەکتریان لەبەر بێ و بە ئاشتییانە جیاوازییەکانی نێو خۆیان جێ بەجێ بکەن.

**● مامۆستا زۆر سپاس بۆ ئەو وتووێژە و هیوادارم هەر ساخ و سلامەت بی و سەرکەوتنت ئاواتەخوازم.**

□□□□

## نامەی شێخ عێزەددینی حوسێنی بۆ ڤاتیکان

**بە ناوی خودای گەورە و مێهرەبانەوە**

واتیکان ـ زۆر بەرێز جەنابی پاپ ژان پۆلی دووهەم ڕێبەری کاتۆلیکەکانی جیهان!

وێڕای سلاو و ئیحتیرام لە خودای گەورە داواکارم هەمووومان یارمەتی بدا بۆ خزمەت بە گەلانی چەوساوە و لێقەوماوان لە هەموو جیهان هیوادارم بە هەموو هێزمانەوە تێبکۆشین بۆ بەرەنگاری کردنی بیعەداڵەتی و دژایەتی ستەمکاران و زۆرداران و هەروەها خزمەت بە ئاشتی و هێمنایەتی و بە ئامانجی هێنانەدی ژیانێکی ئینسانی و مرۆڤانە بۆ دانیشتووانی هەموو وڵاتانی ئەم دونیا ئاڵۆز و پڕ لە کارەساتانە.

جەنابی پاپی ئەعزەم!

هەروەک ئاگادارن، گەلی کورد کە دەیان میلیۆنە و بە سەر چوار وڵاتدا دابەشکراوە و یەک لەو گەلە بێ بەشانەی جیهانە کە سەرەڕای خەباتێکی زۆر دژواری چەند سەد ساڵە و قوربانی دانێکی یەکجار بێ ئەژمار، هێشتا نەیتوانیوە کەیانێکی خۆی و وڵاتێکی ئاوەدانی هەبێ و لە ئاشتیدا بژی.لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا خەڵکی سەرانسەری ئەم جیهانە لە ڕێگای رادیۆ و ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆنەوە سەیری ڕووداوی زۆر دڵتەزێنی وەک بۆمباران، ماڵ و گوند و شار سووتاندن، کۆڕەوی بە میلۆنەها کەس و هەروەها دەربەدەری و ئاوارەیی بە سەدان هەزار کەسی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانیان کردووە. گەلی ئاشتیخوازی کورد بە هیوایە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەم هەلومەرجە نالەبارە و ئەم بیدادی و ستەمەگەرییە لە کوردستان کۆتایی بێت.

ئەوا چەند ڕۆژە ڕووداوێکی تازە سەرباری هەموو گیروگرفتەکانی گەلی کورد بووە و سەرۆکی گەورەترین ڕێکخراوی سیاسی کوردستان واتە بەڕێز عەبدوڵلا ئۆێجالان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە شاری ڕۆمای ئیتالیا چاوەڕوانی ئەوەیە کە پەنابەری سیاسی بدرێتێ، دەنگدانەوە هەواڵەکە بووتە هۆی ئەوە بە هەزاران و بگرە دەیان هەزار کوردی دانیشتووی دەرەوەی وڵات بە هەر شێوەیەک کە بۆیان کرابێ، ڕوویان کردووتە ئیتالیا و کاربەدەستانی ئەم وڵاتە بە مەبەستی تێگەیاندنی ئەوان لە جێ و شوێنی بەڕێز ئۆێجالان لە شۆڕشی کوردستاندا و داواکارن کە وەکوو پەنابەرێکی سیاسی بەڕێزەوە وەربگیرێ.

ئەوەی حکوومەتەکانی تورکیا لە چەرخی بیستەمدا بە سەر گەلی کوردیان هێناوە و ئەو وەزعە ئێستا لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکەکان جێگای هیچ شک و گومانێک ناهێڵێتەوە کە دەسەڵاتدارانی ئانکارا وەک تاوانباری سەرەکی لە دژی گەلی کورد دەبێ لە بەرامبەر دادگایەکی ناونەتەوەییدا وەڵام بدەنەوە. کاری دژی ئینسانی و دژ بە ئازادی و دیمۆکراسی لەلایەن دەوڵەت و لەشکری تورکیاوە دژ بە گەلی کورد ئەوەندە بەربڵاوە کە ئازدیخوازانی تورک و لایەنگرانی دیمۆکراسی و مافی گەلان و مافی مرۆڤ لە تورکیا بەو پەڕی چالاکی و لە خۆبوردووییەوە پشتگیری لە گەلی کورد و هەر بەو بۆنەوە یان گیانیان کەوتووەتە مەترسییەوە و یان لە زیندان و لە ژێر چاوەدێری پۆلیسی سیاسی دان.

جەنابی پاپ ژان پۆلی دووهەم!

ئەمن وەکوو کەسایەتییەکی ئایینیی موسوڵمان کە ژیانی خۆمم بۆ خزمەت بە ئاشتی و ئازادی گەلی کورد تەرخان کردووە، ڕوو دەکەمە ئێوە و داواتان لێدەکەم کە لەم هەلومەرجە دژوارەدا یاریدەدەری خەڵکی کوردستان بن و کارێکی وا بکەن لە ئیمکاناتی ئێوە لە ڤاتیکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە کەڵک وەربگیرێ. بێگومان دەستتێوەردانی شیاوی ئێوە و پێوەندی گرتنتان لە گەڵ دەوڵەتی ئیتالیا دەورێکی کاریگەر دەبینێ لە جێبەجێکردنی ئەم داواکارییە.

لە خودای گەورە داواکارم بۆ بەرەو پێشبردنی ئاشتی و هێمنایەتی و ژیانی شیاوی مرۆڤایەتی بۆ هەموو گەلانی جیهان سەرکەوتوو بین.

دیسانیش لەگەڵ ڕێز و ئیحترام

شێخ عێزەددینی حوسێنی

١٩٩٨/١١/١٦



وتووێژ لەگەڵ:

**مامۆستا عومەر شێخموس**

# «تورکیا و مەسەلەی کورد»

**• کاک عومەر زۆر خۆشحاڵم جارێکی دیکەش توانیم بێمەوە خزمەتت بۆ وتووێژێک لە سەر ڕووداواکانی ئەم دواییەی کوردستانی باکوور، هەروەک ئاگادارن مەسەلەی ڕۆیشتنی کاک عەبدوڵلا ئۆجالان بۆ ئیتالیا، یەکێک لە باس و خواسە گرینگەکانی ماسمیدیای ئەم چەند ڕۆژانەی بوو، ئێوە وەک شارەزایەک ئەو ڕووداوە چۆن هەڵدەسەنگێنن**

ـ هاتنەکەی سەرۆکی پکک، عەبدوڵلا ئۆجالان چەند لایەنێکی باش و خراپی هەیە، با بە لایەنە خراپەکانی دەست پێبکەم: یەکیان ئەوەیکە ئەو، سەرکردەی بزووتنەوەکە بوو، ڕێبەری موقاوەمەتەکە بوو لە کوردستانی باکووردا، کە کەوتووەتە ڕەوشێکی وا، بزووتنەوەکە بێ سەرکردە ماوەتەوە.

دووهەم، ئەو ئاڵوگۆڕەی کە بە سەردا هاتووە و ئەو وەزعەی کە ئۆجالان تێیکەوتووە، تورکیا ئەوەی بە سەرکەوتنێکی گەورەی خۆیان دەزانی بۆ ستراتیژی خۆیان و بۆ سیاسەتی خۆیان، هەڵبەت لە هەوەڵێ ڕا، کە مەجبوریان کرد سوریا بە جێ بێڵێ و سوریاش مەرجەکانیان لە ڕووی عەسکەرییەوە قەبوڵ بکا. هێزەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان کە هاوکاری تورکیاییان دەکرد ڕۆژ بە ڕۆژ وەزعەکەیان لێ تێکدەدان و مەجبوریان کردن زۆر ناوچە بە جێ بێڵن. تورکیا ئەوەی بە سەرکەوتن بۆ خۆی دەزانی و تورکیا زۆر لە خۆیایی بوو، وای دەزانی ئیتر ئیمکانی ئەوە هەیە سەرکەوتنێکی عەسکەری بە دەست بێنێ و بە قەولی خۆیان مەسەلەی پرسی گەلی کورد لە ڕێگای چەک و شەڕ چارەسەر بکا، نەک بە ڕێگای ئاشتی و دیالۆگ و گفتوگۆی سیاسی.

سێهەم، جەماوەری دوروپشتی پکک، جەماوەری خەڵک لەوێ، ورەیان هاتەخوارێ، جاران زۆر بە ورە بوون، جموجۆڵیان دەکرد، هەموو جەماوەر کەوتبوونەگەڕ و لە ڕووی سیاسییەوە ئیبتکاری زۆر باشیان دەکرد و دەیانتوانی تەئسیر لە سەر سیاسەتی تورکیا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابنێن. لەو چەند مانگەدا ئەوە وایکرد کە ئەندامان و جەماوەر و لایەنگرانی بزووتنەوەکەیان مۆراڵیان بێتە خوارێ. ئەمە لایەنە خراپەکانی ئەو ڕووداوە.

بەڵام بەرانبەر بەوە ئەگەر ئینسان تەماشای لایەنە باشەکانی ڕووداوەکە بکا، دەسکەوتی سیاسی و دیپلۆماسی زۆر گەورەتر بوو لە شکستەکان و لایەنە خراپەکانی کە هاتبوونەگۆڕێ، ئەویش بە چی، لە یەکەمین شتدا، مەسەلەی گەلی کورد بوو بە مەسەلەی کوردستان، نەک تەنها هەر لە کوردستانی باکوور، بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا لە پڕێک کەوتە سەر ئاجێندای سیاسەتی جیهانی.

من بۆ خۆم لە ساڵی ١٩٦٢وە لە ئوڕووپا دەژیم، چەندی جار تەماشام کردووە کە وەزعی مەسەلەی گەلی کورد لە چ ئاستێک دایە، چەندین جار جیهانی کراوە، بۆنموونە لە ١٩٦٦، ١٩٧٥، ١٩٩٠-١٩٩١، بەڵام ئەمجارە دەتوانم بڵێم کە زیاتر دەنگی داوەتەوە. ئەمە دوو جارە لە ئاستی جیهانیدا، مەسەلەی بەستنی کۆنگرەیەکی جیهانی بۆ باسکردنی مەسەلەکانی گەلی کورد و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی سیاسی بۆ داخوازی و مافەکانی چارەنووسی گەلی کورد، باس دەکرێ واتە ساڵی ١٩٩١ پاش ڕاپەڕین و کۆچڕەوەکە، ئێستاش لە کاتی هاتنی عەبدوڵلا ئۆجالان بۆ ئیتالیا. جا ئەوە خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی دیپلۆماسی و سیاسی زۆر گەورەیە کە کەوتووەتە دەست گەلی کوردەوە. یەک، سەرۆک وەزیری ئیتالیا بۆ خۆی دەڵێ: ئێمە ئامادەین و داوا دەکەین کۆنگرەیەکی جیهانی لە سەر پرسی گەلی کورد ببەسترێ و ئێمە میوانداری بکەین، بەڵام بە شەرتێک ئەو کۆنگرەیە دەبێ لە لایەن ڕێکخراوی نێونەتەوەیی چاودێری بکرێ. دوو، دەبێ نوێنەرانی دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا تێیدا بەشداری بکەن، هەروەها نوێنەرانی گەلی کورد. ئەو کۆنگرەیە دەبێ هەوڵ بدا چارەیەک بۆ مەسەلەی گەلی کورد بهێنێتەدی.

قازانجی دووهەم بە قەناعەتی من لەوەدا بووە کە هەموو کەس تێیگەیشت کە حکومەتی تورکیا چەند سیاسەتێکی ناماقوڵ و نامەتیقی بەڕێوەدەبا. هەروەها بۆیان دەرکەوت کە عەبدوڵلا ئۆجالان و پکک و هێندێک لە سەرکردەکانی تری کوردستانی تورکیا ئامادەن بۆ گفتوگۆ، ئامادەن بۆ وازهێنان لە خەباتی چەکداری. ئامادەن کە داخوازییەکانی خۆیان بهێننەخوارێ لە دەوڵەتی سەربەخۆ و دەوڵەتی فیدێراڵ و دەوڵەتی ئۆتۆنۆم، بەڵام بە شەرتێک حکومەتی تورکیا قەبوڵیان بکات، بە ڕەسمییەتیان بناسێ و ئامادەبێ گفتوگۆیان لەگەڵدا بکا. ئەوە بۆچوونەکانی تورکیای بە تەواوی ئیزۆلە کرد، ڕیسوا کرد، بە تەواوی ئاشکرای کرد کە بیر و بۆچوونەکانی تورکیا وەکوو جاران قەبوڵ نەکرێ کە ئەمانە تیرۆریستن و ئیکستریمیستن و چی و چی... بەڵام لە ڕۆژی یەکەمەوە، هێندێک لە هەنگاوەکانی هەڤاڵ ئاپۆ و ئەوانەی کە شارەزا و ڕاوێژکاربوون و ئەو نامانەی کە بۆیان دەنووسی، زۆر بە قازانجی گەلی کورد تەواو بوو، بۆ ڕیسواکردنی سیاسەتی ناماقوڵی تورکیا.

مەسەلەی سێهەم: بەرانبەر بەوە وڵاتانی ئوڕووپا وەک کوتلە و گروپێک بە گشت تورکیادا چوون لە سەر ئەو هەڕەشانەی بۆ ئیتالیای کرد کە ئێمە بایکۆتی ئێکۆنۆمی و سیاسی دەکەین. ئوڕووپا وەکوو گروپێکی یەکگرتوو بڕیاری دا ئەگەر تورکیا ئەوانە جێبەجێ بکا، وەکوو دەزگایەکی سیاسی، وەکوو ستروکتورێکی سیاسی لە ئوڕووپا بە گژ تورکیادا دەچنەوە و ئەوەیان قەبوڵ نییە. لە عەینی کاتدا، داوایان کرد کە پێویستە عەبدوڵلا ئۆجالان پێشکەش بە دادگەیەک بکرێ لە سەر هێندێک کار کە لە وەختی خۆی ئەمری داوە و وازیان لێهێناوە، وەک کاری تێرۆر و کوشتنی خەڵک و ئەوانە... بەڵام لە عەینی کاتدا داوایان کرد کە تورکیا دەبێ چارەیەکی سیاسی بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزێتەوە.

هەروەها تەعیینیان کرد کە دەبێ مافی کولتووری و دێمۆکراتی گەلی کورد لە کوردستانی باکوور قەبوڵ بکا. ئەوان ئامادەن وەک ئوڕووپا، وەک دەوڵاتانی بازاڕی ئوڕووپا، ناوبژی بکەن لە بەینی کورد و هێزەکانی کوردستان و حکومەتی تورکیا. بەڵام تورکیا ئەوەی قەبوڵ ناکا و دەڵێ ئێمە هیچ گیروگرفتێکمان نییە لەگەڵ کوردەکان و تەنها لەگەڵ تێرۆریستەکان هەمانە، بەڵام دنیای تر ئەوە قەبوڵ ناکا. یانی ئەوەش یەکێک لە سەرکەوتنەکانە.

سەرکەوتنی تر بە قناعەتی من، لەوەدایە ئەگەر هاتوو دادگایەکی جیهانی

پێکبێ، ئەوە هیچ  کە پاشگەزبوونی ئاڵمان خۆی لە خۆیدا هەنگاو و دەستکەوتێکی زۆر گەورە بوو بۆ میللەتی کورد(کە  ئاڵمان وازی لە داخوازییەکەی خۆی هێنا)، هەروەهاکاسلێری ئاڵمان و سەرۆک وەزیری ئیتالیا داوایان کرد کە بە یەکەوە چارەیەکی سیاسی بۆ مەسەلەکان بدۆزرێتەوە. ئێستا کە مەسەلەی دادگا هاتووەتەپێش، ئەو دادگایە خۆی لە خۆیدا، تورکیاش دەخاتە هەڵوێستەوە، ئەویش بەرپرسیار دەبێ، هەر بۆیە تورکیا دادگایەکی نێونەتەوەیی قەبوڵ ناکا دەڵێ یان دەبێ لە ئاڵمان بێ یان لە تورکیا. بەڵام ئەوەی کە من لێی تێگەیشتووم، دادگایەکی نێو نەتەوەیی لەلایەن وڵاتانی ئوڕووپا، لە ڕووی قانوونییەوە ناتوانێ کارێکی وا بکا، ئەوە دەبێ لە لایەن ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وەکوو دادگای بۆسنی،  وەکوو دادگای ڕۆناندا، یان ئەوەیکە بۆ لیبی دانرا کە فڕۆکەی پانئەمریکەنییان لەناو برد، ئەوە دەبێ بڕیاری شورای ئەمنییەتی تێدابێ، بڕیاری ڕێکخراوی نێونەتەوەیی تێدابێ. ئەوەش دیسان خۆی لە خۆیدا، ئەگەر هەنگاوێکی ئاوا نرا، بەرزکردنەوەی ئاستی دیپلۆماسی و سیاسی پرسی گەلی کوردە لە کوردستانی باکووردا، چونکە یەکسەر دەچێتە ناو شورای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی. دیارە تورکیا لەوە زۆر نارەحەت دەبێ. هەربۆیە دەڵێ دادگاکە دەبێ تایبەتی بێ، جا یالە تورکیا یان ئاڵمان و یان ئیتالیا بێ.

**● ببەخشە قسەکەت دەبڕم، هیچ فاکتۆرێکی ئاوا هەیە، ئەوەیکە فەرمووت دادگایەک لە لایەن شورای ئەمنییەتەوە بەڕێوە بچێ بە زوویی؟**

ــ نەخێر، ئەوە بۆ ٢٢ ی مانگە، بەتایبەت کە مەحکەمەی ئیتالیا بڕیاری دا، کە ئەو[عەبدوڵڵا ئۆجالان] وەک زیندانی ناوماڵیش مەشروع نییە، ئازادە، بەڵام ٢٢ی مانگ لە ڕووی قانوونییەوە (ڕۆژەکەی ئاڵمان کە لە سەر ئەو ئەساسە لە وەختی خۆیدا گیرا)، ڕۆژەکە تەواو دەبێ. پاش ٤٠ ڕۆژەکە دەوڵەتی ئیتالیا، مەجبورە بڕیاری خۆی بدا. یان دەبێ پرۆسەی داواکردنی پەنابەری عەبدوڵڵا ئۆجالان، قەبوڵ بکا و پانابەریی بداتێ یان لە وڵاتی خۆی دەری بکا. چونکە ئاڵمان پاشگەزبووتەوە، بەڵام دۆینی خەبەرێکم بینی کە لێی ئەمین نیم جارێ چی بە سەر دێ، ئاڵمان دەڵێ ئێمە لە سەر داخوازی خۆمان پاشگەزنەبووینەوە، ئیتالیا دەڵێ مومکینە هەر لە وڵاتی خۆمان دادگایی بکرێ. من ئەوەیکە لە نوێنەرانی پکک بیستوومە، دەڵێن ئێمە لە دژی دادگا نین، تەنانەت ئەگەر دادگایەکی ئیتالیاییش بێ، ئێمە ئامادەین مەسەلەکانی خۆمان ببەینە نێو دادگا و هەموو سیاسەتی دەوڵەتی تورکیاش دەبێ بێتە نێو دادگا. ئەوان ئەوە بە زەرەری خۆیان نازانن. من یەکێک لە قازانجەکانی کە  بۆ بزووتنەوەی گەلی کورد، بۆ پکک  و هەروەها بۆ عەبدوڵڵا ئۆجالان بەتایبەتی، دەیبینم ئەویش ئەوەیە کە ئەوان ئێستا بۆیان مەعلوم بووە کە لە وەختی خۆیدا هێندێک سیاسەتی توندڕەویی و هێندێک سیاسەتی تیرۆر و هێندێک کاری ناڕاست  بۆ لە ناوبردنی خەڵکی ناوخۆیان کە وازیان لێهێناوە، کردوویانە، ئێستا تێدەگەن و پەشیمانن کە چەند کارێکی خراپ و ناڕاستیان کردووە، ئێستا نرخی ئەوە دەدەن، دەنا ئەگەر ئەوەیان نەکردبایە، ئێستا لە دنیادا وەزن و گرینگییەکی دیکەیان دەبوو.

**● کاک عومەر سەرەڕای ئەو شتانەی کە فوورمووت، ئەمن  پێموایە، ئەگەر پشتیوانی خەڵک بەتایبەت خەڵکی کوردی ئوڕووپایە نەبایە، ڕەنگە ئەو هەڵوێستەی ئوڕووپا بەرانبەر بە کاک عەبدوڵڵا شتێکی دیکە بوایە... وا نییە؟**

ــ من لە گەڵتام، ئەوە ڕاستییەکە کە ئینسان نابێ هیچوەخت لە بیری بچێتەوە،  بەپێچەوانەی هێندێک لە حیزبەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە وەختی خۆی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، یەکێتی و هەروەها حیزبی دیمۆکراتیش بەداخەوە، مەقالەیان دەنووسی لە سەر کوردی ئوڕووپا کە ئەوانە هەروا دانیشتوون و هیچ ناکەن و هەر ڕەخنەمان لێدەگرن.  بەڵام ئەو ڕاستییەیان لەبەر چاو نییە کە بوونی ئەو هەموو کوردە لە دەرەوەی وڵات و بەتایبەت ڕۆناکبیرێکی زۆری گەلی کورد کە لە کاتی پێویستدا، جموجۆڵێکی ئێجگار گەورەی سیاسی و جەماوەری دەخەنە ناو وڵاتانی ئوڕووپا و ڕای گشتی ئەو وڵاتانە دەجووڵێنن، زۆر گرینگە. هەروەها دەبێ ئەو ڕاستییە بسەلمێنن کە جموجۆڵی کورد لە دەرەوە لە ئوڕووپا، بۆ پشتیوانی لە داوای عەبدوڵڵا ئۆجالان،  هەوڵدان بۆ خستنەگەڕی ڕای گشتی، کە تەسلیمی دەوڵەتی تورکیا نەکرێتەوە، زۆر دەوری بینیوە...

**● ببوورە، بەتایبەت ئەو خەڵکانەی کە ئاوریان دە خۆیان بەرداوە و خۆیان سووتاندووە  و ئەو حەرەکەتانەیان لە خۆیان نیشان داوە، پێموایە تا ئێستا شتی وا، کەمتر بۆ هیچ بزووتنەوەیەک یان بۆ هیچ ڕێبەرێک کرابێ؟**

ــ نا، تۆ دەبێ ئەوەت لە بیر بێ کە لە ڤێتنام ژمارەیەک قەشەی بودیست لە وەختی خۆیدا وەکوو پرۆتێست ئاوریان لە خۆیان بەردا لە دژی سیاسەتی ئەمریکا.  ئەوە لە ساڵانی ١٩٦٢ بوو کە بە سەدان کەس ڕاهیبی بودایی خۆیان سووتاند. لە کامبۆجیا عەینی شت ڕوویدا. شتی وا بووە، بەڵام ڕاست دەکەی، ئەوە ڕای گشتی ئوڕووپا و جیهانی جووڵاند و چاویشی کردەوە. من هەم لایەنێکی خراپ و هەم لایەنێکی باشی ئەم دیاردەیەش دەبینم، ئەو لایەنەی کە بە قازانجیان تەواو بووە چییە؟ دنیا تێگەیشت کە وەزعی گەلی کورد ئەوەندە خراپە، ئەو گەنجانە دیانویست ڕای گشتی جیهانی تەنها لە ڕێگای ئەوەوە  وریا بکەنەوە،  بزانن وەزعی کورد چەندە خراپە کە ئامادەن گیانی خۆیان فیدا بکەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە بۆ ڕای گشتی جیهانی، ئەوە یەکێکیان.  ئەوەی دووەم کە لایەنە خراپەکەیەتی ئەوە نیشان دەدا کە چۆن شەخس پەرستی و ڕادەی شەخس پەرستی لە ناو پکک، ئەوەندە بەهێز بووە کە ئەندامەکان و لایەنگرانی، سەرۆکەکەی خۆیان وەکوو شێخێک و پێغەمبەرێک دەپەرستن و هەر بۆیەش ئامادەن خۆیانی بۆ قوربانی بکەن.  هەر چەند لە سەر داوای خۆی، ئەو دیاردەیە ڕاوەستا. بەڵام هەر وەک عەرزم کردی، دنیا و ڕای گشتی جیهانی ئەوە تێگەیشت، نە تەنها ئەمانە خۆیان لە بەر خاتری ئەو سووتاند،  ئەوەش تێگەیشتن کە وەزعی میللەتی کورد چەندە خراپە، چەندە زوڵمی لێدەکرێ،چەندە دەچەوسێندرێتەوە، بۆیەشە دەڵێن لە یەئس و دیسپراشونەوە ئەو دیاردەیە ڕوو دەدات کە خەڵکەکە ئیتر هیچی نەماوە غەیری ئەوە نەبێ. ئینجا ئەوە بێگومان ڕای گشتی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەڵام ئەو فەقیرانەی کە خۆیان سووتاند، نەیاندەزانی کە سەرکردەکەیان بە ڕاستی مەترسییەکی ئەوتۆی لە سەرە.  چونکە بەشێکی زۆریان لە زینداندا بوون، یا لە دێیەک یان لە شوێنێک بوون. با بێمە سەر ئاخرین خاڵ کە زۆر قازانجی هەیە ئەویش بە ڕای من جیا لەو دەرس وەرگرتنە، چاوکردنەوەی پکک و عەبدوڵڵا ئۆجالان بوو، کە چۆن لە ڕێگای دیپلۆماسی و سیاسیەوە دەتوانرێ دەستکەوتی گەورەتر بە دەست بێنن، نەک لە ڕێگای خەباتی چەکدارییەوە، ئەوەیان بۆ سەلمێندرا، تێگەیشتن  کە ئەوە دەرسێکی باش دەبێ بۆ ئایندەیان. من ئەخیرلایەنی باشی ڕووداوەکە وا دەبینم و زۆر لێی بە ئۆمێدم، ئەویش هاتنی عەبدوڵڵا ئۆجالان و گرتنی لە ئیتالیا فرسەتێک و ڕێگایەک بۆ هەموو کادرەکانی سەرکردایەتی پکک کە لە ناوەوەی وڵاتن و سەرپەرشتی خەباتەکە دەکەن، پێکدێنێ. هەتا ئەو، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، کۆنترۆڵی هەموو شتەکانی دەکرد، ئێستا فرسەتیان بۆ پەیدا بووە، کە بتوانن سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو، سەرکردایەتییەکی کۆلێکتیڤ دروست بکەن و مەجالی مانۆر و مەجالی  بەڕێوەبردنی بزووتنەوەکە بە گوێرەی ئیمکانات و بە شێوەیەکی کاریگەرتر، لە خۆیان نیشان بدەن. من ئەوەی

به قازانجی پکک دەبینم کە سیاسەتێکی بەرفراوانتر، کۆلێکتیڤتر، ڕێکوپێکتر بەرێوەبچێ، نەک هەموو شتێک لە ژێر سێبەری ئەودا بجوولێ، ئەوە مومکینە قازانجی بزووتنەوەکەی تێدا بێ.

**● ئایا ئەو چەند خاڵەی کە کاک عەبدوڵڵا پێشنیاری کردووە بە عەقیدەی جەنابت، ڕێبازی پێشووی خەباتەکە ناخاتە ژێر پرسیارەوە، کە زیاتر لە سەر چەکداری پێدادەگیرا؟ کەچی ئێستا وادەردەکەوێ کە ڕێبازەکە بەرەو لایەنی سیاسی دەڕوا و داخوازییەکان زیاتر بە ڕێی بیروڕای گشتی جیهانییەوە نیشان دەدرێن... بێ لەوەش، وەزعی ئەو هەموو چەکدارەی کە لە وڵات ماونەوە چۆن دەبێ؟ چونکە ئەوان لەوێ پشتی جەبهەیان هەبوو، کە یەک لەوان سوریا بوو و ئەوە ئێستا نەماوە...**

ـ جا لێرەدا، کاک سولەیمان ئینسان دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانێ، ئەگەر ئەمانە لە کاتی خۆیدا (بە داخەوە سیاسەتی دنیایە وایە) ئەو سیاسەتە توندڕۆیانەیان بەکار نەهێنابایە، کەسێک گوێی نەدەدایە کە لە کوردستانی باکووردا چ دەقەومێ، یانی ئەمە دوو لایەنی هەبوو یەک: وشیارکردنەوەی دنیا کە لێرە گیروگرفتێکی زۆر گەورە هەیە، چەوساندنەوەیەکی زۆر نابەجێ لە دژی کورد هەیە، داخوازی میللەتێک هەیە، دوو: تورکەکانیشی وشیارکردەوە، حکومەتی تورکیا کە ئینکاری بوونی ئەو پرسەی دەکرد، ئێستا گەیشتووەتە ئەوە کە یەکێک لە شتە هەرە گرینگەکانی سیاسەتی ناو تورکیایە کە دەبێ چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە. دەبێ مافی گەلی کورد، بوونی گەلی کورد، فەرهەنگی گەلی کورد، داخوازییەکانی میللەتی کورد، قەبوڵ بکا، دەنا نا، دەوڵەتی تورکیا بە بەردەوامی دە بوحڕاندا دەبێ.

ئینجا سەبارەت بە ڕێباز دەبێ بڵێم، ئەوانە کە مەجبور بوونەتەوە، بیر لە وەزعێکی دیکە بکەنەوە، چاویان کراوەتەوە کە دەتوانن دەستکەوتی گەورە بە ڕێگای سیاسی و دیپلۆماسی بە دەست بێنن، بە قەناعەتی من لە سەر ئەو ڕێبازە بەردەوام دەبن. چونکە دیتیان کە چەندە سوودی هەیە. بەتایبەتی کە خۆشی [ئوێجالان] لە ئورووپا ماوەتەوە، مەجبوورە ئەو ڕێگایەی بگرێ، چونکە ڕێگای دی نابێ. بەڵام باوەڕ ناکەم بە تەواوی واز لە خەباتی چەکداری بێنن و باوەڕیش ناکەم شوێنێنیان نەبێ، شوێنیان هەیە و چەندین وڵاتی دراوسێ هەیە و پێویست ناکا باسی بکەم، هەم ڕێگایان دەدەن و هەم دەتوانن سوودی لێوەرگرن، چونکە تورکیاش دەوڵەتێکی ئەوەندە عاقڵ نییە، هەموو دنیای کردووتە دوژمنی خۆی، لە رووسیاوە بگرە تا ئەرمێنیا (ئەرمەنستان)، ئێران، عێراق و سوریا و تەنانەت وڵاتانی ئورووپا وەک یۆنان و قوبرس... لە هەموویاندا ئیمکانی ئەوە هەیە، بەڵام من وادەزانم پکک دوور نییە کە جاران سەدی هەشتای قورسایی خۆی خستبوە سەر خەباتی چەکداری، ئێستا مومکینە تەرازووەکەی گۆڕابێ و لەمەودوا لە سەدا شەستی ئیمکاناتی خۆی بخاتە سەر خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی و سەدی چل بۆ خەباتی چەکداری...

ئەویش وەکوو خۆیان بڵاویان کردەوە ئەگەر حکومەتی تورکیا ئامادە بێ گفتوگۆیان لەگەڵدا بکا، ئامادەن چەک دابنێن وەکوو باسکەکان، وەکوو ئیرلەندییەکان کە ئەوە لە سەر هەڵوێستی تورکیا ڕاوەستاوە.

**● وەک دەزانن، ئێستە مەرکەزی دەسەڵاتی تورکیا لە دەست ژەنەراڵەکان و لە چنگ ئەرتەشدایە، بە تەزەری ئێوە دەکرێ ریفۆرمێکی کۆمەڵایەتی ـ ئیقتیسادی بکرێ و کوردەکانیش تێیدا بەشدار بن، ئەگەر ڕاستەوخۆش حیزبی پکک ـ ش بەشدار نەبێ کە نابێ، (هادەپ HADEP) و ئەوانی دیکە دەتوانن بەشدار بن، شانسێک بۆ کوردەکان هەیە؟ یانی گەیشتن بە هێندێک لە داخوازییەکان بە شێوەی ریفۆرمیستی و سیاسەتی خشکەیی...**

ـ تێدەگەم، ئێستا ئەوەی لە تورکیا دەیبینی... (تۆ واز لە سیاسەتی ئەجەویت و مەسعود یەڵماز و ئەوانە بێنە) کە ئەوانە لایەنی فاشیست و شۆڤێنیزمیان گرتووەتەوە کە مەبەستیان ئەوەیە لە هەڵبژاردنی ئایندەدا دەنگی زیاتر بهێننەوە. دیارە ئەجەویت چاوی لە سەرەک کۆمارە و بە تەبیعەتیش لە مەدرەسەی کەمالیزم گەرەوە بووە و پەروەردە کراوە. ئەو کابرایە قوبرسی داگیر کردووە، بە قەناعەتی من ئەو، لە سەر شەڕ بەردەوام دەبێ و سیاسەتێکی زۆر شۆڤێنیستییانە بەکاردێنێ لە بەرابەر میللەتی کورد. بەڵام لە ناو تورکیا خۆی بوحڕانێکی گەورە پەیدا بووە، ئەرتەش لەلایەک، ئیسلامییەکان لە لایەک، خەڵک لەلایەک، میللەتی کورد لە لایەک، زۆر گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئیقتیسادی لە لایەک، جگە لەمەش، تورکیا لە بەرانبەر بیروڕای گشتی جیهانی بەرپرسیارە کە نە دێموکراسییەکەی دیموکراسییەکی تەواوە، نە مەسەلەی مافی مرۆڤ کە زۆر گران لە سەری تەواو بووە، شتێکی زۆر گرینگە.

ئەوانە بەداخەوە بەتایبەت ئەجەویت و مەسعود یەڵماز و عەسکەرەکان فرسەتی ئەوەشیان نەهێشت کە هادەپ بتوانێ دەورێکی وەک (شن فەین) ببینێ و ببێ بە وەجهەیەکی سیاسی بۆ پکک، ببێ بە ئۆرگانی سیاسی بۆ پکک، لە هیچ و خۆڕایی نزیکەی ۳۵۰۰ کەسی ئەوانیان گرتووە و کوشتووە و سەربڕیوە، هەر لەبەر ئەوەیکە مەسەلەی داخوازییەکانی ئاپۆ هاتووەتەگۆڕێ. یانی ئەوە بۆچوونێکی زۆر نامەعقوڵ و نامەنتیقی یە و ئەوەیە کە لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە زۆر گران کەتووەتەوە لەسەر تورکیا. بەڵام لێرە چەند شت هەیە کە دەتوانێ ئینسان پێیان خۆشبین بێ:

یەک لەوان ئیلیتی ئیقتیسادی یە لە تورکیا، تاجر و بازاڕیی و لایەنگرانی سەرمایەداری تورکیا دژی شەڕی کوردستانن، وەکوو چۆن سەرمایەدار و ئیلیتی ئیقتیسادی دەوڵەتی خوارووی ئەفریقا، دژی بەردەوامبوونی شەڕ بوون لەگەڵ ANC و بە نهێنی پێوەندییان پێوە کرد و چوونە زیمبابوە و گفتوگۆیان لەگەڵدا کردن.

لە تورکیاش تاجرە گەورەکان، بازاڕی و سەرمایەدارە گەورەکان، دەورێکی باڵا دەبینن و داوا دەکەن کە ئەو شەڕە نەبێ، چونکە تورکیا یەکێک لەو دەوڵەتانەبوو کە نیسبەتی پێشکەوتنی ئیقتیسادی لە ساڵانی ۸۰ دا بەرچاو بوو، هەروەها یەکێک لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکان بوو و وەزعی ئیقتیسادیشی ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبوو. ئێستا ئەو شەڕە مانگێ نزیکەی ۷ تا ۸ میلیارد دۆلاری تێدەچێ. جا بۆیە ئیلیتی ئیقتیسادی لە تورکیا، دژی شەڕە و داوا دەکا هێندێک لە مافەکانی گەلی کورد قەبوڵ بکرێ.

دوو: هێندێک پیاوی سیاسی بە جورئەت لە تورکیا پەیدا بوون کە لە مەدرەسەی کەمالیزم پەروەردە نەکراون، لە مەدرەسەی دیمۆکراسی پەروەردەبوون، لە ئورووپا و ئەمریکا خوێندوویانە، دەیانەوێ وەزعی دەوڵەتی تورکیا باش بکەنەوە، دەوڵەتێکی دیمۆکراسی دابمەزرێنن، دەیانەوێ ببن بە بەشێک لە ئورووپا، دەزانن کەو ئەو میراتە کۆنە نامەعقولەی کەماڵ ئاتاتورکی ساڵانی ۲۰، بۆ ئەورۆ ناگونجێ و دەبێ فەرهەنگێکی سیاسی دیکە و ستروکتوورێکی سیاسی دیکە بهێننەگۆڕێ.

سێ: لە ناو ئەرتەش خۆی، تەنانەت لە ناو دەزگای میت خۆی، ئینسان دەبینێ کە چۆن لە وەختی خۆی، لە شەڕی ڤێتنام، لە شەڕی پورتوگاڵ، لە شەڕی موزامبیک و ئانگولا و ئەوانە... خەڵک پەیدا بوون کە ئیتر باوەڕیان بەو شەڕە نەماوە، ئێستا پیاو دەبینێ لە تورکیا هێندێک ژەنەڕاڵی نائومێد، هێندێک کەسی ناو حیزبە سیاسییەکان پەیدا بوون و زۆر دڵخۆشکەرانەیە کە ئەو حیزبەی «دێنیز بایکاڵ» کە لە ڕاستیدا.

میراتگری کەماڵ ئاتاتورکە، یەکێک لە حیزبە هەرە لایەنگرەکانی ناسینی مافەکانی گەلی کوردە و هەوڵدەدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گیروگرفتی مەسەلەی کورد و شەڕی کوردستان. چوار: ئاخر تاقم کە دەورێکی باڵا دەبینێ هێزە دیمۆکراتخوازەکانن لە تورکیا، یانی ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووس و نووسەرەکانن کە هەوڵ و جموجۆڵییەکی زۆر و نرخێکی زۆر گرانیش دەدەن بۆ دیمۆکراسی کردنی تورکیا، وەکوو یاشار کەماڵ، ئیسماعیل بێشکچی و دەیان ڕووناکبیری تر. جا ئەم فاکترانە هەموو بە قەناعەتی من، کارێکی وادەکەن کە لەگەڵ ئەم گۆڕانەی عەبدوڵڵا ئۆجالان بگونجێن.

ڕاستی بۆچووی، من لە گەڵتام، ئەوە مومکینە ستروکتوورێکی سیاسی بهێنێتەگۆڕێ کە بتوانێ ببێتە زمانحاڵی بزووتنەوەی گەلی کورد و ئەمن پێمخۆشە بزووتنەوەی پکک لە ناوەوە لەگەڵ لایەنگرانی حیزبەکانی تری کوردستان و کەسایەتییە سیاسییەکانی تری کوردستان پلاتفۆرمێکی یەکگرتوو بدۆزنەوە و نوێنەرایەتییەکی یەکگرتوو بە دیبێنن کە ببێتە تەرەف بۆ گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا. یانی ئەوەندە مۆنۆپۆلیست و سێکتاریست نەبن کە هەم بۆ خۆشیان باشە و هەم بۆ میللەتی کورد. بەڵام لێرەدا لایەنێک هەیە، هێندێک لە هێزەکانی تری کوردستان ـ کە مەبەستم هێزەکانی پارچەکانی تری کوردستانە ـ خۆشبەختانە هیچکام لەو هێزانە هاوکاری دەوڵەتی تورک ناکەن، پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق نەبێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێندێک هێزی کوردستانی باکوور بەداخەوە زۆر بۆچوونێکی چەوتیان هەیە، وا دەزانن بە زەعیف بوون و لەناوبردنی هێزی پکک، بە گرتنی هەڤاڵ ئاپۆ، فرسەت و هەل بۆ ئەوان دێتەگۆڕێ و حکومەتی تورکیا لەگەڵیان دادەنیشێ و مافەکانی گەلی کورد لە ڕێگای ئەوانەوە قەبوڵ دەکرێ، ئەوە خەیاڵی خاوە. ئەوان بە هەموو خەیاڵی خۆیان وادەزانن ئەگەر هاتوو ئەمان (پکک) لەناو چوون دەوڵەتی تورک ئیتر لەگەڵیان دادەنیشێ و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکا. بەپێچەوانەوە، ئەوەی من لە تاقیکردنەوەی قوبرس وەبیرم دێتەوە، شۆڤێنیزمێکی وا دێتەگۆڕێ کە ئەگەر هێزێکی موقاوم لە بەرانبەریاندا نەمێنێ، هیچ شتێکی قەبوڵ ناکەن. ئەو شتە سیمبۆلیکییانەی ئێستا قەبوڵیان کردووە، ئەوەش ئینکار دەکەنەوە.

**● هەر وەک ئاگادارن ئەو ڕۆژانە، ئەمریکا و بریتانیا پەلاماری وڵاتی عێراقیان داوە لە سەر ئەو بڕیارانەی کە سەددام لێیان پاشگەزبووەتەوە، بە بۆچوونی جەنابتان ئەوە هیچ تەئسیرێکی لە سەر ڕووداوەکانی کوردستانی باکوور دەبێ، یانی تەئسیری بیروڕای گشتی سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە کوردستانی باکوور وخودی مەسەلەی کاک عەبدوڵڵا ئۆجالان کەم ڕەنگ ناکاتەوە؟**

ـ بێگومان، لە ١٢ی نۆڤامبر کە کاک عەبدووڵڵا ئۆجالان لە فرۆکەخانەی ئیتالیا گیرا، ئەگەر ئەوکاتە ئەمریکا و بریتانیا پەلاماری عێراقیان بدابایە، لە ڕووی ماسمێدیا و لە ڕووی باسکردنی وەزعی گەلی کورد، ئەو مەسەلەیە ون دەبوو و گوێی نەدەدرایە وکەس ئیهتیمامی پێ نەدەدا. ئێستاش بە قەناعەتی من شانسی هەیە، پێش ٢٢ ی مانگ پالامار بۆ سەر عێراق ڕاوەستا، ئەگەر وا نەبا مەسەلەکە وەک هەموو مەسەلەیەکی تر لە ناو ماسمێدیادا کەم ڕەنگ دەبۆوە. دیارە خۆشیان جموجۆڵ دەکەن بۆ نموونە دۆێنی بە دەیان هەزار ئینسان لە ئاڵمان خۆپیشاندانیان کرد بۆ پشتیوانیکردنی داخوازی هەڤاڵ ئاپۆ بۆ پەنابەریی، ئەمن قەناعەتم وایە لە شوێنی دیکەش ئەوە بکەن. من تەنها یەک هیوا و مەترسیم هەیە، هیوادارم لایەنگران وکادر و سەمپاتیزانی پکک کاری وا بێجێ نەکەن کە زەرەر لە خۆیان و لە میللەتی کورد بدەن. دەبێ شێوەیەکی شەرعی و قانوونی ـ وەکوو خۆی (ئاپۆ) لە نامەکانیدا نەسیحەتی کردوون ـ بدۆزنەوە بۆ دەربڕینی بیروڕا و پشتیوانی کردنی سەرۆکی خۆیان و، ئەوکاتە کوردی هەموو بەشەکانی تری کوردستان دەتوانن بە بەردەوامی یارمەتییان بدەن و پشتیوانیان لێ بکەن.

**● ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ پرسیارێکیش لە سەر کونگرەی نەتەوەیی بکەین کە وابزانم دۆێنی (٩٨/١٢/١٩)بەڕێوەچوو. خۆی گیرانی ئەو کونگرەیە. مەسەلەی پەنابەریی کاک عەبدوڵڵا ئۆجالانی ناخاتە ژێر پرسیار لە نەزەر دەوڵەتی تورکیاوە کە لە کونگرەی نەتەوەییدا مەسەلەی گشتی کوردستانی مەترەح دەبێ، بەڵام ئێستە مەسەلەی خودی پەنابەریی سەرۆکی پکک گرینگترە، ئایا لە باری زەمانییەوە ئەو دوو داوایە پێکەوە ناکۆک نابن؟ یانی دەوڵەتەکانی خاوەن مەسەلەی کورد و بەتایبەت دەوڵەتی تورکیا لەو حەرەکەتە ناپرینگێتەوە؟**

ـ بێگومان تورکیا لە هەموو حەرەکەتێکی کوردی دەپرینگێتەوە، تەنانەت لە دامەزرانی باخچەی منالان و مەدرەسەی کوردی لە سوێد و ئەوانە زۆر نارەحەت دەبن. من بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی ـ هەرچەند وەکوو بیر و پرۆژە شتێکی زۆر باشە و لە جێی خۆیەتی ـ بە داخەوە بەو شکڵ و فۆرمەی کە هەتا ئێستا بووە، بە کارێکی جیددی نازانم، چونکە لەلایەن برادەرانی پکککەوە بەکاردێ بۆ قازانجی تایبەتی حیزبەکەی خۆیان و بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە ئێستەشدا هەر لە پێناوی پشتیوانی کردنی داوای سەرۆکی پکک یە، من لەگەڵ ئەو برادەرانە زۆر هەوڵم داوە، نابێ بەو فۆرمە بێ، نابێ بەو شکڵە بێ، ئینسان دەبێ بە جیددی تر خۆی بۆ ئامادە بکا. بەڵام بەداخەوە ئەوان، چ دامەزراندنی پارلمانی کوردی لە دەرەوەی وڵات و چ دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی، کار و ناوەرۆکی کارەکەی سووک دەکەنەوە، کە ئینسان بیهەوێ لە ئایندەدا کارێکی جیدی بکا، لەوەدا بە قەناعەتی من بە هەڵە چوون. بەڵام بە پێچەوانەوە، برادەرانی پکک بە تاکتیکەوە، بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییان، ئێستە بۆ پشتیوانی کردنی داخوازییەکان و هەروەها ئەوە نیشانی دنیا بدەن کە کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان پشتیوانی لە داخوازییەکانی ئاپۆ دەکەن کە پەنابەریی بدرێتێ و وەک نوێنەرێکی گەلی کورد قەبوڵ بکرێ. جا لەوبارەوە، پێویست بە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی نەبووە، ئەگەرچی بە کردەوە کراوە؛ چونکە ڕووناکبیر و ڕێکخراوەی سیاسی و هەموو کەسێک پشتیوانی خۆی دەربڕیوە بۆ تەسلیم نەکردنی ئاپۆ بە دەوڵەتی تورکیا.

**● کاک عومەر، ئایا پێتوایە تاواتی کوشتنی ئولوف پالمێ کە کاتی خۆی بە سەر پکک یان داهێنابوو، بە تەواوی سڕابێتەوە؟ چونکە ئەودەمی کە کاک عەبدوڵڵایان گرتبوو، باسی ئەوە دەکرا کە پۆلیس و چەند نوێنەرێک لەلایەن دەوڵەتی سوێدەوە دەیانویست بچنە ئیتالیا و ئەو مەسەلەیەی بێننەوەگۆڕێ و لێیبکۆڵنەوە... لەوبارەوە نەزەری جەنابت چییە؟**

ـ ئاخر ئێوە دەزانن جموجۆڵی پۆلیس و لێژنەی تەحقیقی کوشتنی پالمێ شتێکە و سیاسەتی حکومەت و دەوڵەتی سوێد شتێکی تر. هێندێک لەو پۆلیسانە خۆیان مەسەلەکەیان هێنایەگۆڕێ و ئەوداوایە بێدەنگی لێکرا، لەبەر ئەوەی خۆیان تێگەیشتن وا نییە، چەندین جار خۆیان چوونەتە لای عەبدوڵڵا ئۆجالان، نوێنەری پۆلیس چووە، بە وردی و بە فراوانی ئەم مەسەلەیان لەگەڵدا باس کردووە، هەر لە زەمانی خۆیدا نەک ئێستا. یانی ئەم پۆلیسانە کە ئەم کارەیان کرد، لە نەبوونی ناشارەزایی ولێوەشاوەیی بوو، ماسمێدیاش مەسەلەکەی گەورە کردەوە. تۆ شتێکت لە بیر نەچێ کە زۆر لەو دەنگ و باسانەی کە پکک ی پێ تاوانبار کرا، دەزگای میت دەورێکی باڵای بینی و هێندێک کەسی سوێدیشیان بینیبوو کە ئێستا لە شیمالی قوبرس، لەو ناوچانەی کە تورکیا داگیری کردووە لەوێ دەژین.

## خۆزە ساراماگۆ نووسەری پورتەگالی وەرگری خەڵاتی نوبێلی ئەدەبیی ئەوساڵ (١٩٩٨)

وەرگێڕان و نووسین: قاسم رەیانی

«**خۆزە ساراماگۆ**» لە ساڵی ١٩٢٢ لە گوندی "ئازینهاگا" کە لە باکووری سەت کیلۆمەتری لیسبۆن هەڵکەوتووە، لە دایکبوو. بنەماڵەکەی کرێکاری زەوی بوون، بۆخۆشی پێش ئەوەی لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەیەک دابمەزرێ و پاشانیش ببێتە هاوکاری ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەکانی پورتەگالی کە لەوانە وەک جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی "دیەریو دێ نۆتەسیاس"، کار بکا، لەوانە کاری کرێکاری پیشەیی، یارمەتیدەری بەشی کۆمەڵایەتی کردووە. ساماراگۆ لە ساڵی ١٩٦٩دا، بوو بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی پورتەگاڵ و بە هۆی بارودۆخی سیاسی ئەو کات، لە ساڵی ١٩٧٥ ناچار بوو کاری خۆی لە رۆژنامەی «دیەریو دێ نۆتەسیاس» بەجێبێڵێ. پاش ئەوە بە ماوەی پێنج ساڵان لە رێگای وەرگێڕانەوە بژیوی خۆی دەردێنا و لەوەی بەدواوە وەک ئەدیبێکی سەرکەوتووی هەشتاکان و نووسەرێکی سەربەخۆ خۆی نواند.
لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا یەکەمین رۆمانی بڵاوکردەوە. بیست ساڵ دواتر دیسان کاری نووسینی دەستپێکردەوە. ساراماگۆ کۆمەڵە شێعرێکی بڵاوکردەوە و پاش ئەوە ئیدی پتر خۆی خەریکی نووسینی لیریک(غەزەل)، دراماتیک،، مەقالەی ئەدەبی و لە پێش هەمواندا رۆمان کرد. چەند لەو کتێبانە وەرگێڕدراونەتەوە سەر زمانی سوێدی کە بریتین لە:
«باڵتازار و بلیمووندا»، ساڵی ١٩٨٨؛ «مێژووی گەمارۆدانی لیسبۆن»، ساڵی ١٩٩١؛ «ئینجیل بە گوێرەی عیسای مەسیح»، ساڵی ١٩٩٣؛ «کوێری»، ساڵی ١٩٩٧ و رۆمانی «هەموو نێوەکان»، ساڵی ١٩٩٨.
قارەمانی ئەسڵیی رۆمانەکانی هەمیشە لە کوچە و کۆڵان لەبەر چاوانن و چیرۆکی ژیانی ئەوان مایەی هەژانی خەیاڵی ساراماگۆن.
ساراماگۆ خوێندەواری مەدرەسەی خۆیەتی، ئاتێئیست و کۆمۆنیستێکە وەستای زمان و خاوەن هێزێکی سێحراوی گێڕانەوەیە کە بە بەرز و ئەوی کایە دەکا، بە تەنز و مەزاجی خۆشی نووسەرێکی دەنگ بەرزە کە دەیەوێ دەسەڵات و سەرنەوی کردن وەسف بکا و هەموو نووسینەوەی مێژوومان و، بەو شێوەش هەموو بناخەی بوونمان دەباتە ژێر پرسیارەوە. کاتێک لە ساڵی ١٩٩١ کتێبی "ئیجیل بە گوێری عیسای مەسیح" لە پورتەگاڵ بڵاوکراوە، لە لایەن زۆر کەسانەوە بە کافری تاوانبار کرا. ئەو کتێبە لێکدانەوەیەکی نەترسانەیە لە ئیجیل کە لەوێدا خودا، لە راونگەی ساماراگۆوە، دەوری کەسێکی سەرەڕۆی بێ ئەدەب دەگێڕێ. تەنانەت وەزیری کولتووری پورتەگالیش، کاتێک دەیانەویست کتێبەکەی وەک کاندیدی خەڵاتێکی تازە دایرکراوی یەکێتی ئورووپا بناسێندرێ، دەنگی ڤێتۆی دا.
ئەورۆ خۆزە ساماراگۆ، وەک یەکێک لە نێوەکانی ئەدەبی دنیا دەژمێردرێ. کتێبەکانی وەرگێڕدراونەتەوە سەر ٢٥ زمانان، ئەو لە ماوەی ساڵاندا رێزێک خەڵاتی پێبەخشراوە و لەمێژیشە وەک وەرگری خەڵاتی نوبێل دەستنیشان کراوە.
ساراماگۆ لە سەدەی بیستەمدا و لە ئاخی دێموکراسی و ئازادی بڵاوکردنەوەدا بە شێوەی وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراو و خامەشکێن، تووشی فشار و سانسۆر دێ و تەنانەت ناچار دەبێ وڵاتی خۆی بەجێبێڵێ و بۆ وڵاتێکی دیکە کۆچ بکا. ساراماگۆ لە وتووێژێک لە گەڵ کاناڵی ٢ی تەلەڤیزیونی سوێددا دەڵێ:



– ... ساڵی ١٩٩٢ حکومەتی پێشوو نەیهێشت کتێبی "ئینجل بە گوێرەی عیسای مەسیح" ببێتە کاندیدای خەڵاتی "ئاریستیتۆ". ئەوە هەم لە وڵات و هەم لە دەرەوەی وڵات بوو بە شوورەییەکی گەورە. ئەوە بۆ من زۆر سەخت بوو.
ئەو دەڵێ:
– ئەو راستە... کە کتێبی من سانسۆر کرا، ئەزموونێکی یەکجار نێگەتیڤ بوو.
لێرەدایە کە ساراماگۆ ناچار دەبێ شوێنی باب و باپیران جێ هێڵێ و بە تەمەنی پیری و لە دۆخی نووسەرێکی بە ناوبانگدا پەڕەوازەی هەندەران بێ. ئەو لەو وتووێژەدا دەڵێ:
– ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە بەرەو "رازاڕۆتێ" (لە ئیسپانیا و...) کۆچ بکەم.
ساراماگۆ بە چاوێکی دیکە دەنوارێتە مێژوو و نووسینەوەی و، تەنانەت پێیوایە کاتی ئەوە هاتووە کە دەبێ مێژووی خەڵک بنووسرێ، ئەو زۆر جاران چاوی بە کلیسای گەورە و قەدیمی شاری "مافرا" کەوتووە و جارێکیان بە خۆی دەڵێ، "دەبێ ئێرە لەگەڵ خۆم بەرمە نێو رۆمانێکم"، هەر لەو وتووێژەی سەرەوەدا دەڵێ:
– ... سازکردنی کلیسایەکی ئاوا لە شوێنێکی ئاوادا نیشانەی تووش بوونی مەزنخوازییەکی شێتانەیە. بیر لەو هەموو پارەیە بکەوە کە سەرفی کلیسا کراوە. لەسەرتادا بۆ ١٣ راهیبان تەرخان دەکرێ، پاشان بۆ ٨٠ کەسان و لە ماوەی سازکردنیشدا ئەوەش گۆڕدرا و بۆ ٢٠٠-٣٠٠ کەس سازکرا.
ئەو سازبوونی مێژووی گەلان لێک جیاواز نازانێ و دەڵێ:
– بەڕاستی دەتوانین ئەو کلیسایە لە گەڵەڵ ساختومانە گەورەکانی دنیا وەک: دیواری چین، مەنشوورەکانی میسر بەرانبەر دابنێین. کلیسای مافرا مەنشووری(میسر و...) ئێمەیە. راست ئەوەیە پیاوانیان لە دێ و دێهات هێناوە و ناچاریان کردوون کاربکەن. ئەو خەڵکە ناچارکراوە بۆ جەنابی شا کاربکەن.
بەرهەمی مەنتیقی ئەو شێوە بۆچوونەی ساراماگۆ شتێکە بە پێچەوانەی مێژوونووسانی کاسەلێس حوکم دەدا و دەڵێ:
– ... کاتی ئەوە هاتووە کە نووسینی مێژووی پورتەگاڵ کۆتایی پێبهێندرێ و نووسینی مێژووی خەڵکی پورتەگاڵ دەستپێبکردرێ. نەک تەنیا هەر هی گەورەکان بەڵکوو هی ئەوانی تریش.
خۆزە ساراماگۆ بێ شک نووسەرێکە خەڵاتی نوبێلی حەڵاڵی خۆی کرد.
هونەری ئەو لە هەموو بەرهەمەکانیدا بریتی یە لە سەردانەنواندن و گاڵتە کردن بە دەسەڵات و دەسەڵاتداران، تیز کردن و بە چووک زانینی و لە قاودانی کاسەلێسان و مەزنخوازانی مێژوونووس.

**سەرچاوە:**
* ئینترنێت
* وتووێژی ساراماگۆ لەگەڵ کاناڵیTV2ی سوێد(١١/٢١/٩٨)

هەر بە ڕێگای ئەوان بوو کە زانیارییەکی زۆر بڵاوکرایەوە. یانی ئەوە وەکوو ئۆپێراسیۆنێک بوو کە لە لایەن دەزگای جاسووسی تورکیاوەوەڕێخرابوو، بەداخەوە سوێدییەکان ئەوەندە شارەزا نەبوون، بەڵام پاشان لە ئاستی حکومەت و دەوڵەتدا وەزعەکە بە تەواوی گۆڕا و تێگەیشتن. حەتتا لە دوایی ئەوان بەشێک لە بازاری یەکگرتووی ئوڕووپا و هەڵوێستی یەکگرتووی ئوڕووپاییەکانیان بە دڵ بووە. شتێکی دیکەشت لە بیر نەچێ، لەودواییەدا من موساحەبەیەکم بینی لە هەڤاڵ ئاپۆ لە ئیتالیا، لەلایەن ئابفۆن بلادێت. لەوێدا باسی کوشتنی ئەو کوردانە دەکا کە لێرە (سوێد) لە وەختی خۆیدا گیراون و کوژراون. ئەو دەڵێ: لەوەدا من لێپرسراو نیم و خەڵکی دیکە ئەمری داوە و مومکینە ئەندامی حیزبی ئێمەش بووبن، بەڵام لە لایەن منەوە ئەمری وا نەدراوە. جا ئەوە بووبوو بە هۆی مۆری تێرۆریزم کە لە سەر پکک مابۆوە. ئێستا ئەگەر تۆ تەماشا بکەی، دوێنی شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش لە ستۆکهۆڵم ڕوویدا. حیزبی سۆسیاڵ دیمۆکرات، لقێکی گەنجانی سۆسیاڵ دیمۆکراتی کوردی لە ڕیزی خۆی دەرکرد، بە حیساب ئەوانە هێندێک گەنجی کوردیان فریوداوە بۆ ناو پکک... سەرۆکایەتی (ئاریێتا کۆمونن) کە ڕێکخستنی سیاسی پارتی سۆسیاڵ دیمۆکراتە، ئەوەی قەبوڵ نەکردووە و ئەوەی ڕەتکردووەتەوە و گوتی: لە کاتی خۆی ئەندامی ئێمە هەبووە کە لایەنگری (ئێفن ئێف) بووە لە کاتی شەڕی ڤێتنام دا، ئەمانەش هەقی تەواوی خۆیانە و وەکوو شەخس لایەنگری میللەتی خۆیان بن، میللەتی خۆیان ڕزگار بکەن و دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن، ئەوە نابێ ببێ بە هۆی ئەوە کە لە حیزب دەریان بکەین. مەبەستم لەو خاڵە چییە؟ مەبەستم ئەوەیە کە دەوڵەتی سوێد، وەکوو حکومت و دوڵەت سیاسەتی تایبەتی نەبووە، ئەو کاتە هەبووە کە پکک بە تێرۆریزم موتەهەم کرابوو، بەڵام ئەوە ساڵی ١٩٩٠ یا ١٩٩١ هەڵگیرا، پاش ئەوە ئیتر دەوڵەت وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی چاولە پکک ناکا و ئیتیهامەکە هەڵگیراوە. چونکە کاتی خۆی نوێنەری زۆر بەرزیان ناردۆتە لای ئاپۆ و گفتوگۆیان کردووە، خۆشیان دەزانن و ئاپۆش دەزانێ. جا ئەوە شتێکی چکۆڵەیە کە جار جار دەقەومێ یان پۆلیسێکی ناشارەزا و ناحاڵی مەسەلەکان دەتەقێنێتەوە، من ئەوەی هەست دەکەم کە مەسەلەی پکک و کوشتنی پالمێ بە تەواوی سڕاوەتەوە.

**• کاک عومەر زۆر سپاس لەوەیکە وەختمان گرتی، لە کۆتاییدا، ئەگەر سەبارەت بە وەزعی داهاتووی سەرۆکی پکک و ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانەی دواییدا پەیامێک یان شتێکی تایبەتیت هەیە دەتوانن بیفەرموون.**

ــ زۆر سپاس کاک سولەیمان، من شتێکی دیکەم نییە، تەنها هیوام ئەوەیە کە پەنابەریی سیاسی بدەنێ و بتوانێ لە ئوڕووپا بمێنێتەوە، دیارە چەند لە ئوڕووپا بمێنێتەوە ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر دەبێ، چونکە ئەو، لە ناو فەرهەنگێکی سیاسی توندڕەودا گەورەبووە، لە ناو فەرهەنگێکی سیاسی وەک تورکیا... ئەگەر لە ئوڕووپا بمێنێتەوە چاوی دەکرێتەوە، فەرهەنگی دیمۆکراتیک دەبینێ و ئەوە دەرسێکی زۆر باشە بۆ سەرکردەیەکی کوردی کە ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر بکا کە ئەوە قازانجی خۆی و قازانجی گەلی کوردیشی تێدا دەبێ. ئۆمێدەوارم بەرەو ئەوە بڕوا، نەک توندڕەوی و کاری بێ جێ. زۆر سپاس کاکە.

***

**تێبینی:** ئەم وتووێژە لە سەعاتی ٣ ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٩٨/١٢/٢٠، لە زانکۆی ستۆکهۆڵم لەگەڵ مامۆستا عومەر شێخموس، بە شێوەی پەیڤین لە سەر کاسێت بەڕێوەچووە وعینوانەکەش: تورکیا و مەسەلەی کورد لەلایەن منەوە داندراوە. هێرش ■

وتووێژ لەگەڵ: **دوکتور عەبباسی وەلی**

# ستراتیژییەکی ئاشکرا و سەربەخۆ

**☐ ئەم نووسراوەیە دەقی وتووێژێکی دوکتور ،عەبابسی وەلی، یە کە لە ڕۆژی سێشەمۆ ١٥ی دیسامبری ١٩٩٨ بە زمانی ئینگلیسی لەگەڵ ڕۆژنامەی تورک زمانی ،ئۆزگویر پۆلیتیک، (Özgür politika) ئەنجام دراوە و لە ڕۆژانی ١١و ١٢ی مانگی ژانویەی ١٩٩٩دا، لەو ڕۆژنامەیەدا بە زمانی تورکی بڵاوکراوەتەوە. هاوکارمان کاک حەسەنی قازی دەقەکەی لە ئینگلیسی ڕا کردووەتە کوردی کەوا لێرەدا لە بەر گرینگیی باسەکە، پێشکێشی خوێنەروان دەکرێ. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەو عینوانەی سەرەوە تەنیا لێرە بەکارهاتووە و لە خودی دەقەکە وەرگیراوە.**

**اگزینگ**

**• ئێوە هاتنی ئۆجالان بۆ ڕۆمایە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ــ بە باوەڕی من، ئەو ئاڵوگۆڕە تازەیەی کە لە پرۆسەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کورد لە تورکیادا هاتووەتەگۆڕێ و بەتایبەتی ئەو پێشوەچوونە تازانەی کە لە ڕێبازی سیاسی پکک ـ پێشەنگی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کورد لە تورکیایە پەیدابووە زۆر گرینگە. بۆ ئەوەی ئەو خاڵە ڕوونتر بێتەوە ئەمن پێمخۆشە ئەو بارودۆخە لەگەڵ بارودۆخی «ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین» ڕابنێم. ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین، پرۆسەی خەباتی لە دەرەوەی زەوی داگیرکراوەکانەوە دەستپێکرد و ئامانجی هەڵبەت ئیسرائیل بوو. بەڵام هەڵوێستی ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین هەمیشە لە ئاست کۆمەڵگەی فەلەستین هەڵوێستێکی دەرەکی بوو. نزیکەی بیست ساڵی بۆ ئەو ڕێکخراوەیە کێشا بۆ ئەوەی بتوانێ چەقی خەباتی لە دەررەوەڕا بگوێزێتەوە نێوخۆی سەرزەوییەکانی و ئەوەش بە پرۆسەی ئینتیفازە دەستی پێکرد و کاتێک ئەوە ڕوویدا هەموو شانۆی سیاسی لە پێوەندیی نێوان ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین و ئیسرائیلدا گۆڕا.
بەراوردەکە ئەوەیە، کە بزووتنەوەی کورد لە تورکیا لەو جیاوازە. ئەگەرچی سەرۆکایەتی بزووتنەوەکە لە دەرەوە بووە، بەڵام خەبات هەمیشە لە نێو وڵاتدا کراوە. تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر لە دەرەوەبوونی



سەرۆکایەتی، بارودۆخەکە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. بەڵام ڕێبازی ئەو پرۆسەیە و پێشوەچوونی دەکرێ بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانی بەسەردابێ و ئەویش بە جێگۆڕین لە سوریاوە بۆ ئوڕووپا. ئەوەش مانای ئەوەیە کە بە بوونی سەرۆکایەتی پکک لە ئوڕووپا، ئەو سەرۆکایەتییە دەبێ تەراز وپارامیترەکانی سیاسەت لە ئوڕووپا لەبەر چاوبگرێ و حەولبدا بە پێی ئەوان ببزوێتەوە. یانی هەر جۆرە پرۆسە یان کردەوە و زمانێک کە لەلایەن کوردەکانەوە سەبارەت بە کێشەی کورد لە تورکیا دەکار بکرێ دەبێ بەشێوەیەک لە شێوەکان حیساباتی سیاسی لە ئوڕووپا بە هێند بگرێ و لەبەرچاوی بێ.

ئەمن ئێستا پێ لە سەر ئوڕووپا دادەگرم و سەبارەت بە ئوڕووپا قسە دەکەم. ئەمن ئەوە جەخت دەکەمەوە چونکوو یەکێتی ئوڕووپا پێوەندییەکی تایبەتی لە گەڵ تورکیادا هەیە. ئەو پێوەندییەش لە سەر بناخەی داخوازی تورکیا بۆ هاتنە نێو کۆمەڵگەی ئوڕووپایی و بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئوڕووپا هەڵێنراوە. کێشەی کورد یەک لە دژوارییەکانی ئەو هاتنەناوەوە بووە. ئەگەرچی ئەو کێشەیە لە زمانی دیپلۆماسیدا زۆرجار وەک مەسەلەیەکی ئینسانی باسی لێوە کراوە، کە گەرەک حکومەتی تورکیا لەو بارەیەوە هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ، ئاڵۆگۆڕ لە سیاسەتەکانیدا پێکبهێنێ، ڕێفۆڕم بکا، سیاسەتی لەمەڕ مافی مرۆڤ چاکتر بکا ولەم قسانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وشە داپۆشراوانە، ئەو بۆچوونە لێڵانە ناڕاستەوخۆ مەبەستیان کێشەی کورد بووە. ئەوە مانای وایە کە سەرۆکایەتی پکک ئێستا لە هەڵوێستێکی ئاوادایە کە دەتوانێ ئەو کاناڵە تایبەتییە بەکاربهێنێ بە گرێدانی سیاسەت و بەرنامەی خۆی لە داخوازی ئوڕووپا لە پێوەندی لەگەڵ داخوازی تورکیا بۆ هاتنە ناو و ئەندام بوون لە ئوڕووپادا.

مەسەلەی ئەندامەتی تورکیا لە ئوڕووپادا، مەسەلەیەکی گرینگە و دەبێ بە وردی لێی بدوێین. ئەوە مەسەلەیەکی گرینگە. لە تورکیا هێزی وا هەن کە پشتیوانی لێ دەکەن و هێزی وا هەن بە دژی داخوازییەکی ئەوتۆن. بەڵام بەگشتی ئەمن لەو باوەڕەدام کە لە درێژخایەندا تورکیا، بێ ئوڕووپا هەڵناکا و دەبێ ڕەگەڵی کەوێ. ئەو کاناڵە تایبەتییە دەبێ [لەلایەن کوردەکانەوە] کەڵکی لێوەربگیرێ.لە هەر ڕوانگەیەکەوە مرۆڤ تەماشای ئەو بارودۆخە بکا بۆی دەردەکەوێ کە هاتنی ئەو دواییانەی سەرۆکایەتی پکک بۆ ڕۆما ڕیزێک هۆکاری دیکەشی گۆڕیوە، ئەو هۆکارانەی کە لە سیاسەتی کوردیدا بڕیاردەرن. ئەو هاتنە ڕووناکاییەکی تازەی خستووەتە سەر ستراتیژی زاڵی خەبات واتە شەڕی چەکداری. ئەو هاتنە ڕووناکاییەکی جیاوازی دیکەی خستووەتە سەر کردەوەی زاڵی نهێنی و تەبیعەتی ڕێکخراوەکە، هەروەها ڕووناکایی تازەی خستووەتە سەر ئیدەئۆلۆژیی باڵادەست و ئەوەش بەردەوام دەبێ. جا بۆیە ئەو هاتنە لەو بارەیەوە زۆر گرینگە. بە بۆچوونی من ئەو بارودۆخە تازەیەی کە هاتووەتەگۆڕێ، پێداویستی بە هێندێک ڕێفۆڕم و ئاڵوگۆڕ لە هەڵوێستی پکک دا دەکا. ئەوەش بریتی یە لە ڕێفۆڕم کردن لە ستراتیژیی پکک، ڕێفۆڕم کردن لە قەوارەی بناخەی پکک و هەروەها ڕێفۆڕم کردن لە هەڵوێستی ئیدەئۆلۆژیی پکک.

ئەو ڕێفۆڕمانە بەشێوەیەکی لێبڕاوانە پێویستن ئەگەر پکک بتوانێ و بیهەوێ بە ئاوایەکی کاریگەرانە لەو بارودۆخە تازەیە لە ئوڕووپا کەڵک وەربگرێ. دەبێ ئەوەشی لێ زیاد بکەم و بڵێم ئەوە بۆیە هەتا بڵێی گرینگە چونکوو لەوەتا سەرۆکایەتی پکک هاتووە بۆ ئوڕووپا و لەبەر ئەو سیاسەتە هەڵانەی کە حکومەتی تورکیا هەڵی بژاردووە بە ڕوونی وا وەبەرچاوی من دێ کە حکومەتی تورکیا دەستپێشخەریی سیاسی لە ئوڕووپا لە دەست داوە.

لە دەستدانی دەستپێشخەریی سیاسی لە ئوڕووپا لەلایەن تورکیاوە هۆکارێکی پۆزیتیڤە بۆ پکک و بزووتنەوەی کورد بە گشتی. ئەوان دەبێ لێبڕاوانە ناتوانایی و شپرزەیی تورکەکان بەکاربهێنن و ستراتیژییەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆیان لە بەرانبەریدا هەبێ. ئەم ناتوانایی و دەستەوەستانی تورکەکان ئاشکرایە کە ئاکامی قەیرانی لە سیاسەتی تورکیا و ناکامی قەیرانی لە سەرۆکایەتی تورکیادایە کە ئێمە دەگەڕێینەوە سەری، بەڵام نەتیجەی هەمووی ئەوەیە کە ئێستا بزووتنەوەی کورد و سەرۆکایەتییەکەی دەرەتانی ئەوەی دەست کەوتووە دەستپێشخەری بکا و حەولبدا بارودۆخەکە هەڵسووڕێنێ. دیارە وەک باسم کرد پێششەرتی ئەوە ڕێفۆڕمە، ئەو سێ ڕێفۆڕمانەی باسم کرد، ڕێفۆڕم لە ستراتیژیدا، ڕێفۆڕم لە ستروکتووری ڕێکخراوەکەدا و ڕێفۆڕم لە هەڵوێستی ئیدەئۆلۆژیی پکک دا.

کاتێک ئەمن دەڵێم ڕێفۆڕم، مەبەستم دەست هەڵگرتن لە هەموو ئەوەی ئێستا هەیە، نییە، بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە کە شتەکان لەگەڵ بارودۆخی ئێستا بگونجێندرێن و کاریگەرانە کاربکرێ، مەبەستم ئەوەیە. با ئێستا لە سەر ئەوە بڕۆین و بڵێم مەبەستم لە ڕێفۆڕم کردن لە ستراتیژیدا چییە؟ ئەوە زۆر ئاشکرایە کە هەر هاتوو ڕێکخراوەکە هەڵوێستێکی زۆر دێمۆکراتیتر و سیاسیتری وەخۆکرد مانای ئەوەیە کە تۆوی خەباتی چەکدارانە کە هەتا ئێستا باڵادەست بووە دەبێ لە گرنگیی کەم بکرێتەوە. ئەوە بەو مانایە نییە ئەمن پاساوی ئەوە بدەم کە پکک دەبێ چەک دابنێ. ئەمن بە هیچجۆر ناڵێم پکک دەبێ دەستبەجێ دەست لە خەباتی چەکداری هەڵگرێ. بەڵام ستراتیژی دەبێ لایەنێکی دیکە وەپێش بخا. ئەو ستراتیژییە دەبێ بمێنێتەوە بەڵام لایەنێکی دیکە وەپێش بخرێ واتە دەبێ بە دەرەجەی یەکەم لایەنی سیاسی پێش بخرێ. ئەو پێشخستنە سیاسییە دەبێ ئەو کاناڵە سیاسییانەی لە بەردەست دان تاوتوێ بکا و بەکاریان بهێنێ. زۆربەی ئەو کاناڵە سیاسییانە ئێستا لە ئوڕووپادا هەن، باشە! بەڵام ئاشکرایە ئامانجی ئەو کاناڵە سیاسییانە دەبێ ئەو مەیدانە سیاسییە بێ کە لە تورکیادا هەیە.

تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر ستروکتووری ڕێکخراوەکە، ئەوە لەو باسەی مندا نوختەیەکی زۆر گشتی یە. پکک وەک ڕێکخراوەیەکی سیاسی ـ عەسکەری داڕێژراوە. زاڵبوونی لایەنی عەسکەری شوێنی خۆی لە سەر ڕێکخستن، سەرۆکایەتییەکی، کادر و ئەندام و لایەنگرانی

هێشتووەتەوە. ئێستا کە لایەنی ئامانجی خەباتی چەکداری لەم ستراتیژییەدا جێی خۆی دەدا بە ئامانجی سیاسی ئاکامی ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوەیەی کە ئێستاش هەیە دەبێ ئاڵوگۆڕی بەسەردابێ.

ئەو ئاڵوگۆڕە شتێکە کە مرۆڤ تەنێ ئەو کاتە دەتوانێ لێی بدوێ کە ئاگاداری زیادتری سەبارەت بە نێوخۆی پکک هەبێ، کە ئەمن ئاگادارییەکی ئەوتۆم لەوبارەیەوە نییە. بەڵام قسەکەم ئەوەیە کە بەبێ بوونی ڕێکخراوەیەکی نێوەندی کە ئێستا هەیە ناکرێ بێ ڕێبەرایەتییەکی کاریگەر هەبێ. تا ئەو جێگەیەی کە ئەمن دەزانم زۆربەی ئەو ڕێکخراوانەی کە هەر ئەوجۆرە هەڵوێستە ئیدەئۆلۆژییەیان هەبووە ئەغڵەب ڕێبازی کلاسیکی ناوەندییەتیان ڕەچاوکردووە واتە ناوەندییەتی دێمۆکراتی. بەڵام ئەمن پێموایە هەرکە ستراتیژی بگۆڕدرێ، ئەو شێوە و قالبە، ئەو چوارچێوەیە پێویست ناکا و ناکرێ بپارێزرێ.

لێرەدا شتێکی گرینگ هەیە کە دەبێ ڕوون بکرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە چ جۆرە ڕێکخستنێک جێی ئەوەی ئێستا دەگرێتەوە و مرۆڤ بە چ شێوەیەک کاناڵەکانی پاراستن و دەکارکردنی نۆتۆرێتە لە نێوخۆی ڕێکخراوەکەدا دەپارێزێ، ئەوە شتێکە کە دەکرێ بەوردی قسەی لێوەبکرێ. بەڵام تا ئەو جێگەی کە ئەمن دەزانم، شکڵی کۆن کە لە ڕابردوودا سەلماندوویە کاریگەر بێ، لەوانەیە نەتوانێ وەک ئێستا کاریگەر بێ. چونکوو ئەگەر ڕێکخراوەیەک بیهەوێ خۆی بکاتەوە، ئەوە پرۆسەیەکی نوێی دێمۆکراتیی سیاسی ڕەچاو دەکا، ستراتیژییەکی نوێی دێمۆکراتیی سیاسی و لە کاتێکی وادا ڕێکخستنی پێشوو ئەگەر نەگۆڕدرێ دەبێتە لەمپەر وکۆسپێک، بۆیە دەبێ بگۆڕدرێ. بەڵام گۆڕانی ڕێکخراوان گۆڕانی دیسکۆرس و دەربڕینی ئەوانیشی لەگەڵە. جا بۆیە بەپاراستنی دیسکۆرسی پێشوو هەروا بە سادەیی ڕێکخراو ناگۆڕدرێ. کاتێک و ئەگەر ستراتیژی تازە بە ڕوونی و بە ئاشکرایی وەخۆبکرێ و کاتێک و ئەگەر پرس یان مەسەلەی ڕیفۆڕمەکردنی ستروکتووری ڕێکخراوەی پکک بە ڕوونی بێتەگۆڕێ، ئەمن لەو بڕوایەدام دەبێ پرسێکی دیکەش جێبەجێ بکرێ، ئەویش ئەوەیە کە هەڵوێستی ئیدەئۆلۆژیی پکک ش ئاڵوگۆڕی تێدابکرێ.

ڕەنگە لێرەدا بەجێ بێ هێندێک ئەو قسەی کە لە هەوەڵی ئەم باسەدا هێنامەگۆڕێ لەمەڕ بەراوردکردنی نێوان ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین و ئەو بارودۆخەی کوردستان لە تورکیا دا هەیە ڕونکەمەوە، لە تورکیا واتە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە کوردستان . قسەکەش ئەوەیە لە بەر ڕووناکایی ئەو باسانەی هێنامەگۆڕێ، ئەگەر ئامانجی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد لە تورکیا، زۆر وردتر ئەگەر ئامانجی پکک ئەوە نییە کە لە دەرەوە بمێنێتەوە و لە دەرەوە بژی و ئاخرەکەی و هەرچی زووتر بچێتەوە ناوەوە ئەو ڕیفۆڕمانە پێویستن. ئەوەمان لەبیر بێ تا ئەو کاتەی ڕێکخراوەی ئازادیخوازی فەلەستین لە دەرەوە بوو ڕیفۆڕم پێویست نەبوون، بەڵام کاتێک ئەو گەڕایەوە ناوەوە دەبوو ڕیفۆڕمەکان بکرێن، ئەگەر مەبەست و ئامانج گەڕانەوەی ناوەوەیە، بۆیە دەبێ ئەو ڕیفۆڕمانەی کە پێویستە لە ستراتیژیدا بکرێن و ئەمن کورتم کردنەوە، واتە ڕیفۆڕم لە ستروکتووری ڕێکخراوەکە و ڕیفۆڕم لە ئیدەئۆلۆژیدا بە لێبڕاوانە پێویستن و، دەبێ ئەوانە بکرێن. دەبێ بە وشیاری بەڵام بە وردی جێبەجێ بکرێن، نابێ کات بە فیڕۆ بدرێ و دەبێ تازووە بە ڕێوەبچن. وەکوو پێشتر گوتم سەرۆکایەتی بزووتنەوەکە و زۆر بەتایبەتی سەرۆکایەتی پکک دەبێ بزانێ ئێستا کاتی ئەوەیە، چونکوو ئێستا حکومەتی تورکیا دەستپێشخەری لە دەست داوە. سەرۆکایەتی دەبێ دەستپێشخەری بکا و ئەو بارودۆخە بەکاربهێنێ.

مەسەلەی ڕیفۆڕم شتێک نییە کە ئەمن یان هێندێک خەڵک لە ڕێکخراوەکەدا، پێیان خۆش بێ یان نا. ئەو مەسەلەیە پێششەرتێکی پێویستە بۆ سیاسەتی ئێستای بزووتنەوە و دەبێ بکرێ. بۆیە بوو ئەمن ئەو بەراوردەم کرد. ئەمن مەبەستم ئەوە نەبوو دەرس لە بزووتنەوەی فەلەستین وەربگیرێ، ئەو شتێکی بەتەواوی جیاوازە. بزووتنەوەی فەلەستین بە تەواوی شتێکی جیاوازە. پارامێترەکان جیاوازن، ستروکتوورەکان جیاوازن، ڕێکخراوی جیاوازی هەیە، بەڵام ئەمن هەر بەراوردێکم کرد بۆ ئەوەی بڵێم کاتێک بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی خەریکە لە دەرەوە ڕا بگوێزرێتەوە ناوەوەی سەرزەوی خەباتەکەی، پێویستە ڕیفۆڕم بکا، ئەوە مەبەستی من بوو.

ئەگەر ئامانجی پکک ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە دەرەوە بمێنێتەوە، ڕەنگە ئەو ڕیفۆڕمانە زۆر دەستبەجێ نەبن، بەڵام تەجرەبە دەری خستووە کاتێک ڕێکخراوەیەک بۆ ماوەیەکی درێژ لە دەرەوە بمێنێتەوە جۆرە ژیانێک بۆ خۆی دروست دەکا کە لەمەڕ ژیانی دەرەوەیە و، لە درێژخایەندا زۆر دژوار دەبێ ئەو ژیانە لەگەڵ واقع بگونجێنێ و بزانێ لە لای دی چ دەگوزەرێ. کەوابوو لە دەرەوە بوون باشە، لە دەرەوەبوون بۆ گەڵاڵەکردنی ستراتیژییەکی نوێ باشە، لە دەرەوەبوون بۆ ئەوەی بتوانرێ نەخشەیەکی نوێ دابڕێژرێ باشە، بۆ دانانی پرۆسەیەکی نوێی سیاسی. بەڵام ئامانج دەبێ ئەوەبێ کە بەشێوەیەکی چالاکانە، کاریگەرانە و خێرا بگوێزرێتەوە ناوەوە. مەبەست لە چوونەوە بۆ ئەو جێگەیە کە بزووتنەوەکە سەر بە ئەوێ یە. واتە کوردستانی تورکیا، ئەوەش مانای ئەوەیە کە بزووتنەوە بە شێوەیەکی کاریگەرانە بچتەوە ناو سیاسەتەکانی تورکیاوە. ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوە ڕوودەدا. بۆ ئەوەی بگوێزینەوە ناو سیاسەتەکانی تورکیا ئێمە پێویستیمان بە شیکردنەوەیەکی کورت هەیە لە سەر ئەوەی لە وێ چ ڕوودەدا.

سنوورەکانی سیاسەتەکانی تورکیا بە کەمالیزم دیاری کراون. واتە ئەوە ئیدەئۆلۆژیی کەمالیزمە کە سنوورەکانی سیاسەتی تورکیای لە ساڵی ١٩٢٤ەوە دیاری کردووە، ئەوە لەوێ بووە ولەوێ ماوەتەوە.

کەمالیزم چییە؟ کەمالیزم بریتی یە لە ئیدەئۆلۆژیی مۆدێرنیزاسیۆنی سەرەڕۆیانە کە لە سەر کۆنسێپتێکی پێش مۆدێرنی حاکمییەت داندراوە. ئەو کۆنسێپتە پێش مۆدێرنەی حاکمییەت هۆی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی کە ستراتیژی تورکیا و نەخشەی تورکیا بۆ مۆدێرنیزاسیۆنی وڵات بەشێوەیەکی کاریگەرانە تێکشکاوە. ئەوە ڕێگەی گرتووە، ڕێگەی بەستووە لە پێشوەچوونی مۆدێرنیزاسیۆنێکی کاریگەر لە تورکیادا. بەڵام کەمالیزم وەک سیاسەتی ئەو حاکمییەتە، ئەو بۆچوونە پێش مۆدێرنە لە حاکمییەت کە نەک هەر سنوورەکانی سیاسەتی تورکیا دیاری دەکا، بەڵکووو دینامیکی ئەویش دەناسێنێ، ئەوەش گەیوەتە حاڵی ئێستا و زۆر وردتر لە کودەتای ساڵی ١٩٨٠ وە بووەتە هۆی لەتوکوتکردنی مەیدانی سیاسی سەرانسەری لە تورکیادا.

بۆچی بووەتە هۆی ئەو لەتوکوتکردنە؟ چونکوو ئەو کۆنسێپتەی حاکمییەت لە سەر بناخەی ئێتنیسیتەی تورکی داندراوە و بەوەوە دەناسێندرێ، لە شکڵی سێکۆلاریزمێکی ناتاوەز و نادێمۆکراتی دایە. سێکۆلاریزم باشە، بەڵام تەنیا ئەو کاتەی دێمۆکراتی بێ، ئەگەر بە شێوەیەکی نادێمۆکراتی داسەپێندرێ باش نییە، نادێمۆکراتی یە. سێکۆلاریزمی بەسەردا سەپاوە، بریتی یە لە حاکمییەتی ئێتنیکی و هوویەتی نەتەوەیی و هاووڵاتێتی ئێتنیکی. مانەوەی هێزە سیاسییە تورکییەکان لە ژێر ڕێبەرایەتی و پشتیوانی و هێزی دەزگای عەسکەریی تورکیا، پاراستن وڕاگرتنی ئەو پرۆسە سیاسییە بووە. ئەو هەستە سیاسیە نەتەوەییە بە پێی ئەو پرینسیپانە بەڕێوەبردراوە. ڕەنگە بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسی نەتەوەیی (سەرانسەری) و مەیدانی سیاسەتی نەتەوەیی (سەرانسەری) بە پێی ئەو

پرێنسیپانە تا ساڵانی ١٩٤٨-١٩٥٠ هەڵسووڕابێ، بەڵام دوای ئەوە چەتی تێکەوت، ئەوکاتەی کە پلۆرالیزمی سیاسی لە تورکیا ڕاگەیێندرا و دوای شل و شەوێق بوونی باری سیاسی لە ساڵی ١٩٨٠دا. ئەو لاوازییە سیاسییە گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و ئاکامیشی ئەو لەتوکوت بوونە سیاسییەی ئێستایە کە ئێمە لە تورکیادا دەیبینین. ئەم لەتوکوت بوونە سیاسییە کە دەکرێ بە ڕیشەی قەیرانی سیاسی دەوڵەتی تورکیا دابندرێ لە لاوازیی و تەبیعەتی کۆنینەی کەمالیزم و ئەو سیاسەتانەی حاکمییەت کە بەوی بەستراونەتەوە ئاو دەخواتەوە. کەمالیزم و حاکمییەتی سیاسی ئێتنیسیتەی تاقانە یان هوورییەتی ئێتنیکی فەرهەنگی سیاسی تاقانە، عەقڵی سیاسی تاقانە و دەوڵەتی تاقانە دادەگرنەوە. ئەوان هەروەها پێ لە سەر سێکۆلاریزمێکی سەپێندراو بە سەر نەتەوەیەک دادەگرن کە بەپێچەوانە لە قانوونی ئەساسیدا وەک موسوڵمان تەعریف دەکرێ.

کەوابوو تۆوی ئێتنیسیتە و تۆوی دین دوو هۆکاری سەرەکی بوون و هەن کە لە خوارەوە گوشار دەخەنە سەر ستروکتووری سیاسی و هەمیشە دەبنە هۆی لەتوکوتبوونی. ئەو لەتوکوت بوونە هەر بەردەوام بووە و لەتوکوت بوونی زۆرتر و زۆرتری بەدووداهاتووە.

ئاکامی لەتوکوت بوونی بواری سیاسی لە تورکیا ئەوەیە کە هیچ هێزێکی سیاسی لە تورکیا ئەمەشرووعییەت و نە توانایی ئەوەی هەیە کە بە یەکەوەی ڕابگرێ و لە لەتوکوت بوون قوتاری کا.

مەشرووعییەتی نییە چونکوو تەنیا پرێنسیپی مەشرووعییەت کە بۆ دەزگای عەسکەری و سیاسەتی تورکیا لە ڕوانگەی قانوونی ئەساسییەوە شیاوی قەبوڵکردن بێ، تۆوێکە کە بە هۆی کەمالیزمەوە پاساو دەدرێ و قەبوڵ دەکرێ کە بۆخۆشی سەرچاوەی قەیرانەکەیە. بە گوتنێکی دی، قەیرانی دەسەڵاتی سیاسی لە تورکیا مەشرووعییەتی دەسەڵاتە لە تورکیا، مەسەلە ئەوەیە.

جا بۆیە ئەو ئاماژەیەی کە بە لەتوکوتبوونی مەیدانی سیاسی لە تورکیادا کرا، هەروەها بریتیشە لە لەتوکوتبوونی قەیرانی دەوڵەتی تورکیا. واتە قەیرانی مەشرووعییەتی سیاسی، بۆیە هیچ هێزێکی سیاسی چالاک لە شانۆی سیاسی تورکیادا ناتوانێ ج ئیئتلاف یان پرۆسەیەک لە چەند مانگ زیادتر بە یەکەوە ڕابگرێ، ئەوە مانای وایە کە قەیرانێکی قووڵی ڕیشەیی ستروکتووری ئەو دەوڵەتەی داگرتووە. ئەو هێزانە تەنیا ئەو کاتەی دەتوانن ئەم بارودۆخە تیمار بکەن کە لەگەڵ نوێنەرانی ئەو هێزانەی کە ڕیشەی قەیرانەکەن ئیئتلاف بکەن، بە گوتنێکی دی، ئیسلامییەکان یان کوردەکان. بەڵام ئیدەئۆلۆژیی زاڵ هەردووکیان بەرپەرچ دەداتەوە و دەست بە سینگیانەوە دەنێ. لە بەرئەوەی ئەم ئیدەئۆلۆژییە زاڵە هەردووکی ئەوان بەرپەرچ دەداتەوە، قەیرانەکە هەروا بەردەوامە.

● **مەبەستت ئیدەئۆلۆژیی ئێستایە؟**

– بەڵێ، ئەم ئیدەئۆلۆژییەی کە ئێستا زاڵە هەردووکیان بەرپەرچ دەداتەوە. سیاسەتی حاکمییەت هەردووکیان بەرپەرچ دەداتەوە. ئەوە ڕادەی ئەم قەیرانەیە و بارودۆخی سیاسی بە پێی وی تەعریف دەکرێ. ئەوە زەمینەی قەیرانەکەیە. قەیرانی دەوڵەت و قەیرانی مەشرووعییەتە. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد لە تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان بەتایبەتی دەبێ بچێتە نێو ئەو بارودۆخەوە.

بۆ ئەوەی پکک بچێتە نێو ئەو بارودۆخەوە، ئەمن لەو باوەڕەدام دەبێ زۆر بە ڕوونی و بە شێوەیەکی ئاشکرا ستراتێژی بارودۆخی ئەو هێزانە هەڵسەنگێنێ، بەرژەوەندییەکان، توانایی و لاوازییەکانیان لێک بداتەوە. ئێمە بارودۆخێکی سیاسی ئەوتۆ دەنرخێنین کە تێیدا ئیئتلافێک کە بتوانێ کار بکا و بمێنێتەوە تەنیا ئەوکاتە سەردەگرێ کە یان لەگەڵ کوردەکان لە پرۆسەی سیاسیدا ڕێککەوێ و بیانهێنێتەناو، یان لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکان. بەڕاستی ئێمە دەبێ لەو نوختەیەڕا دەستپێبکەین بزانین کێمان لەگەڵ دەبێ و کێمان لە دژ. بەڵام بە باوەڕی من، سیاسەتی ئێمە واتە سیاسەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا دەبێ ئەوەبێ: نابێ بهێڵێ ئەو لەتوکوتبوونە لایەکی وەلایەکی کەوێ و سبات پێکبهێنێ تا ئەو کاتەی کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ خۆی یەک لە پایە سەرەکییەکانی پێکهێنانی ئەم سباتە نەبێ.

ئەمە ئێستا پرسێکی ستراتێژیکە لە تورکیا. ئەمن نامەوێ ئەوە دوو پاتەکەمەوە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا و بەتایبەتی پکک نابێ ڕێگە بدەن کە ئەو مەیدانە لەتوکوتە سیاسییە، ئەو فەزا سیاسییە سبات بەخۆیەوە ببینێ، تا ئەوکاتەی کە خۆیان ئەبن بە هۆکاری سەرەکیی ئەو سبات پێکهاتنە.

ئەگەر ستراتێژی ئەوە بێ، ئەودەمی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد زۆر بە ڕوونی ئەوەی بۆ دەردەکەوێ و دەزانێ کە دەبێ سەروکاری لەگەڵ کێ هەبێ و لەگەڵ کێ نەبێ. ج هێزێک دەبێ بهێنرێتە نێو سیاسەتی ئێمە و ج هێزێک دەبێ پاڵی بە سینگیەوە بنرێ و دەربهاوێژرێ.

لێرەدا هێزەکان بریتین لە ئەرتەش، هێزە سیاسییەکانی کارلێنەهاتوو کە مەشرووعییەتی خۆیان لە دەست داوە و هەروەها ئیسلامییەکان. ئەوەبوو زۆر بەکورتی ئەخشە و تەرازی سەرەکی مەیدانی سیاسی لە تورکیا. هەرکە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و سەرۆکایەتی پکک هۆکاری دەرەجە یەکەمی ڕێفۆرمی جێبەجێ کرد، دەبێ دەستبەجێ بێتە سەر ئەو مەسەلەیە و بیهێنێتەگۆڕێ. هەروەک گوتم هەم ڕێفۆرم و هەم هێنانەگۆڕی ئەم مەسەلەیە پێویستن، چونکوو ئە وبزووتنەوەیە نابێ لە دەرەوە بمێنێتەوە. ئەگەر لە دەرەوەی ئەو پرۆسەیە بمێنێتەوە وەک دەڵێن لە سیاسەتدا ڕۆژێکیش مەودایەکی زۆر درێژە، زۆر شت دەتوانێ لە ڕۆژێکدا ڕووبدا. حەوتویەک تەنانەت درێژترە ، مانگێک ئەوەندەی دیکە درێژە، نابێ کات بە فیڕۆ بدرێ.

ئەوە ڕوون نییە کە ج جۆرە پێشوەچوونێک لە ئورووپا و لە سیاسەتی یەکێتی ئورووپا لە مانگەکانی داهاتوودا ڕوودەدا. ئەو سیاسەتانە ڕەنگە بەو جۆرە بن کە حکومەتی تورکیا دیسان دەستپێشخەری وەدەست بهێنێتەوە. ئێستا حکومەتی تورکیا لە ئورووپا دستپێشخەری لە دەست داوە و کەم وزۆر بەشێوەیەکی کاریگەرانە پشتی بە پشتیوانی و نییەتی چاکەی ئەمریکاییەکان بەستووە. ئەمن دەبێ ئەوە جەخت بکەمەوە کە بە باوەڕی من ئەمریکاییەکان ستراتێژییەکی تەواو دارێژراو و ڕوونیان لە ئاست تورکیادا نییە. هۆیەکانیشی ئاشکران. ئەوان بارودۆخی تورکیا دەخوێننەوە و لێی دەڕوانن و یەکجار زۆر لە درێژەکێشانی ئەو لەتوکوتبوونە دەترسێن. مەبەستم ئەو لەتوکوتبوونەی مەیدانی سیاسی تورکیایە. ئەوان دەزانن کە هێزە سیاسییەکانی ئێستا لە وزەیان دا نییە قەیرانەکە بە لایەکدا بخەن. ئەوان واتە ئەمریکاییەکان دەزانن کە ئەرتەش ڕێگە نادا بە هاسانی کۆنترۆڵی لە دەست دەربچێ. ئەوان ئەوەش دەزانن کە حکومەتێکی بێ مەشرووعییەت هەر دەتوانێ بۆ ماوەیەک و تا ڕادەیەک لە سەر کاروباری بەردەوام بێ. هەروەها ئەوان ئەوەش دەزانن ئەگەر ئەو بارودۆخە سیاسییە بیهەوێ لە قەیران دەرچێ و سباتێک پەیدا بک، ئەو تۆوانەی کە لە پرۆسەی سیاسی دەرهاوێژراون و، دەرهاویشتنی ئەوان ڕیشەی قەیرانەکەیە، ئەو تۆوانە (عونسورانە) دەبێ بهێندرێنەوە ناو پرۆسەی سیاسی. لەڕاستیدا، ئەوان هێزی پشت پەردەن و هێزی واقیعی پشت پەردەن. ئەگەر ئەوان بیانهەوێ ئیمتیاز بدەن، ئەوان دەیانهەوێ ئیمتیازی دەقیق بدەن. لە سیاسەتدا موعامەلە لە سەر هێز و دەسەڵاتە. ئەگەر دەتهەوێ ئیمتیاز بدەی ئیمتیازی دەقیق بدە. ئەمن زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر ئەوان بیانهەوێ لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی

کورد لە تورکیا سەروکاریان هەبێ داوای ئەو ڕیفۆڕمانە دەکەن کە ئەمن باسم کرد.

جابۆیە ئەمن دێمە سەر ئەو خاڵە کە پێویستی ڕیفۆڕم هەروەها لە بەر شکڵی سیاسەتی دەرەوەی بزووتنەوەی نەتەوەییش لەگۆڕێدایە، نەک هەر لە بەر پێداویستییەکانی نێوخۆیی. ئەو ڕیفۆڕمانە لەبەر پێداویستییەکانی سیاسەتی دەرەوەش پێویستن.

جا هەرکە هاتوو پێداویستییەکانی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ خاڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئورووپا لەمەڕ تورکیا یەک بگرنەوە ئەودەمی کارەکان زۆر هاسانتر دەبن . بە هیچجۆر ناکرێ مرۆڤ باوەڕی وابێ کە یەکێتی ئورووپا بتوانێ سەربەخۆ گوشار بخاتە سەر تورکیا و لەو سیاسەتەیدا سەرکەوێ، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتی ستراتێژیی تورکیا، بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندیی نێوان تورکیا و دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە لەبەرچاوگرتنی تورکیا لە ناتۆدا، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتی تورکیا لە هەلومەرجی سیاسی زۆرزۆر گرینگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، دەنگی ئەمریکا لە هەموو ئان و ساتێکی ئەو پێشوەچوونەدا دێتە بەرگوێیان و ئێمە دەبێ بە هێندی بگرین.

**● بیبوورە ئەتۆ باسی پێویستی گۆڕانی ستراتێژیی بزوتنەوەت کرد، مەبەستت چییە؟**

ــ با بێینەوە سەر پێوسیتی گۆڕانی ستراتێژیی بزووتنەوە. ئەمن هەر دەتوانم وەک کەسێکی کە لە دەرەوەڕا لێی دەڕوانێ باسی بکەم. وەک کەسێک لە دەرەوەڕا کە لە سەر سیاسەت بە گشتی دەزانێ. ئەمن ناتوانم وردە ڕیشەی ئەو گۆڕانی ستراتێژییە گەلاڵە بکەم و پوختەکەی بهێنمەگۆڕێ، چونکوو ئەمن لە دەرەوەڕا لێی دەڕانم. ئەمن لە پارسەنگی هێزەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە نازانم. ئەمن دەمهەوێ خاڵێکی زۆر گرینگ جەخت بکەمەوە و بڵێم ئەوەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی، ئەمن نەتوانم بۆچوونێکی ورد بهێنمە مەیدانێ ئەوەیە کە ئەمن نازانم پارسەنگی هێزەکان لە سەرۆکایەتی پکک دا چۆنە.

بۆپوختەکردنی گۆڕان لە ستراتێژیدا، بە شێوەیەکی لێبڕاوانە پێویستە مرۆڤ لە بالانسی (پارسەنگی) هێز ئاگادار بێ ولێی بزانێ. هیچ هێزێکی سیاسی لە جیهاندا یەکدەست نییە. ئەوە هەڵوێستێکی ئیدەئالی یە کە مرۆڤ پێی وابێ هێزێکی سیاسی بە موتەڵەقی یەکدەستە. لە هەموو هێزێکدا بەرژەوەندی جۆربەجۆر، دەستەی جۆربەجۆر، ستراتێژیی جۆربەجۆر هەن، ئەوانە لە نێوخۆی ڕێکخراوەکەدا لە ئاقار یەکتریدا لە ملەدان و لە هەر ئان و ساتێکدا ئەوان دەگەنە پارسەنگێکی جیاواز. ئەو پارسەنگە ڕێکخراوەکە بەرەو پێش دەبا. لە حاڵی حازردا، ئەمن چ ئاگام لە پێچەڵپێچی ئەو پێشوەچوونە لە نێو خۆی پکک دا نییە. مرۆڤ هەر دەتوانێ هێندێک بۆچوونی گشتی بهێنێتەگۆڕێ. ئەمن پێموایە هەنگاوی بنچینەیی لە گۆڕینی ستراتێژیدا پێشخستنی لایەن و تۆوی سیاسی لە لایەنی حەسکەری یە. لایەنی عەسکەری دەبێ ببێ بە پاشکۆی لایەنی سیاسی و، تۆوی (لایەنی) سیاسیش دەبێ بەرەو ئامانجی نوێ وەگەڕ بخرێ. لەوەش مەبەستم ئەوەیە کە ئامانجی نوێ، ئەگەر ئامانجێکی دێمۆکراتی یە، ئەگەر ئامانجێکی کراوە و ئاشکرایە دەبێ پڕۆسەیەک کە ناکرێ بەتەواوی هەر لە لایەن کادرەکانی پارتی وسەرۆکایەتی پارتییەوە بەڕێوەببردرێ، ئەو ئامانجە حەوجێی بە بەشداریی چالاکانەی ڕووناکبیرانی کوردە، حەوجێی بە بەشداریی چالاکانەی لایەنگر و کۆمەڵانی خەڵکە. ئەو ئامانجە حەوجێی بە مشتومڕ و لێدوانی چالاکانەیە، حەوجێی بە هەڵوێستێکی کراوە و ئاشکرایە لە ئاست ئەو هێزانەی کە ئێمە سەروکارمان لە گەڵیاندا هەیە و سەروکارمان لەگەڵیاندا دەبێ.

پێشخستنی لایەنی سیاسی لە لایەنی عەسکەری و کردنی لایەنی عەسکەری بە پاشکۆی لایەنی سیاسی لەو گریمانەیەڕا دەڵێم کە ئێمە بمانەوێ خۆمان بکەینەوە و دێمۆکراتیزە ببین. بەو شێوەیە کە پارتی واتە پکک وەک هێزی کۆنترۆڵکار دەمێنێتەوە و بەڵام کاناڵی بڵاوبوونەوە و هاتنی دەستەڵات لە سەرەوەڕا بۆ خوارێ دەبێ فرەلایەنە بێ، دەبێ خۆی بکاتەوە و ئاکتۆری تازە بێنە ناو پڕۆسەی سیاسییەوە. ئەو ئاکتۆرە تازانە هەم کە نێوخۆ و هەم لە دەرەوەی پکک دان. بۆ نموونە ئەمن ئاماژە بە خاڵێک دەکەم. ئەمن لەو بڕوایە دام کاتی ئەوە هاتووە و ئەمن پێموایە ئەوە زۆر گرینگە کە دەبێ پکک چاو بە پێوەندی خۆی وهادەپ (HADEP) دا بخشێنێتەوە. وەک دەزانین هادەپ هێزێکی چالاک بووە و کاری چاکی کردووە، بەڵام تا ڕادەیەک لە بەر ستراتێژیی خەباتی چەکدارانەی پکک، لە بەر هەڵوێستی پکک دەستی بەستراوە. هەروەها لە بەر پێوەندی خۆی لەگەڵ سەرۆکایەتی پکک. تا ئەو جێگەیەی ئەمن دەزانم لە هادەپ یشدا ڕێبازی جیاواز هەن، هێندێکیان دەیانهەوێ لە سەر ڕێبازی ئێستا بەردەوام بن، هێندێکیان لایەنگری ڕیفۆڕمی زیادترن و بەشێکیشیان داوای ئۆتۆنۆمی زیادتر لە پکک دەکەن، بە بڕوای من ڕێبازی سێهەم زۆر کاریگەرترە. ئەگەر هادەپ و هێزەکانی وەک هادەپ دەیانهەوێ بەشێوەیەکی پۆزیتیڤ چالاک بن، پێوەندی ئەوان لەگەڵ پکک دەبێ ڕیفۆڕمی تێدا بکرێ وەک بەشێک لەو گۆڕانی ستراتێژییە. ئەمە زۆرزۆر گرینگە.

ئێستا ئەمن دێمە سەر نوختەیەکی دیکە، ئەویش لایەنی دێمۆکراتی بوونە، ئەمن ئەوە زۆرزۆر بە گرینگ دەزانم، لایەنی دێمۆکراتیک بوون ئەوەیە کە ستراتێژی نوێ دەبێ دەستەڵات بدا بەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. نابێ سیاسەتیان پێ دیکتە بکا، دەبێ لێیان گەڕێ گوڵ بکەن وبخەملێن. دەبێ ڕێگەیان بدا و دەبێ یارمەتیان پێ بکا بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی پڕۆسەیەکی دیاریکراودا لە کاروبارەکانی خۆیاندا دەستیان کراوە بێ. یەک لەلایەنە نێگەتیڤەکان، ئەمن پێ لە سەر ئەوە دادەگرم و دەبێ بگوترێ، یەک لە لایەنە نێگەتیڤەکانی تەئسیری ستراتێژی خەباتی چەکدارانە و زاڵبوونی پکک بە سەر شانۆی سیاسی دا ئەوە بووە کە ڕێکخراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگەی کوردی لە تورکیادا زۆر بە لاوازی ماوەتەوە. ناکرێ پڕۆسەیەکی سیاسی بەبێ کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی چالاک بەرەوپێش ببردرێ. ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانە دەبێ دەستەڵاتیان بدرێتێ.

ئەوانە ئەو شتە سەرەتاییانەن کە ئەمن دەتوانم لەمەڕ گۆڕانی ستراتێژی باسیان بکەم. ئەوە ئەو شتانەن کە وەک کەسێکی لە دەرەوەڕا لە بارودۆخەکە دەڕوانێ بە زەینی من دەگەن. ئەمن دیسان پێ لە سەر ئەوە دادەگرمەوە کە ئەمن زانیاری و ئاگاداریم سەبارەت بە نێوخۆی بزووتنەوەکە نییە.

**● دوو حەوتوو لەمەوبەر کۆبوونەوەیەکی شوورای ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست لە سویس بەڕێوەچوو. وەک دەزانی چەند ساڵێکە کە ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست لە پەسندکراوێکی دا باسی ئەوەی کردووە کە دەبێ کوردەکان لە سەرزەوی ئەو وڵاتانەی کە تێیاندا دەژین جۆرە ئۆتۆنۆمییەکیان هەبێ. هاوکات لەگەڵ ئەو کۆبوونەوەیە سەرۆکایەتی بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان (پکک) بەرنامەیەکی ٧ مادەیی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە باکووری کوردستان ڕاگەیاند. بۆچوونی ئێوە لەمەڕ ئەو بەرنامەیە وەکوو پلاتفۆرمێک بۆ کردنەوەی دەرگای وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا چییە؟**

ــ لە بەشێک لەو بەرنامەیەدا، لە بەشێک لەو پلاتفۆرمەدا کە سەرۆکایەتی پکک پێشنیاری کردووە، پێشنیارێکی تاڕادەیەک ناڕوون

بۆ ئۆتۆنۆمی هاتووەتە گۆڕێ. بەشێوەیەکی زۆر گشتی هاتووەتەگۆڕێ، سەراوردی دیاری نەکراوە و ئەوەش نیشان دەدا کە دەکرێ قسەی لێوەبکرێ. ئەمن لەوەڕا دەست پێدەکەم و دەڵێم کە ئۆتۆنۆمی، ئۆتۆنۆمی هەرێمیی پلانێکی باشە، تەنیا ئەو کاتە باشە کە ئەو دەزگا ئۆتۆنۆمە دەستەڵاتی قانوونی هەبێ. واتە ئەو دەزگا ئۆتۆنۆمە بتوانێ قانوون دابنێ. دەستەڵاتی هەبێ ئەو قانوونە وەگیانخا و وەدیانبهێنێ و بە پێی ئەوان بجووڵێتەوە. ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەو ئۆتۆنۆمییە لە سەر ستروکتوورێکی فێدێرال هەڵنرابێ و ئەوەش لە ڕاستیدا دەبێ بە ستروکتوورێکی فێدێراڵ تا ئەوەی کە ئۆتۆنۆمی بێ. ئۆتۆنۆمی بە بێ دەستەڵاتی قانوون دانان گیروگرفت و موشکیلەیەکە. ئەوە مانای وایە کە بە داواکردنی ئۆتۆنۆمی بە بێ دەستەڵاتی قانوون دانان، مرۆڤ داوای بەرنامەیەکی سیاسی لانیکەم دەکا، ئەو بەرنامەیەی کە سنوورەکانی چالاکی مرۆڤ دیاری دەکا. ئەو سنوورانە مان و نەمانیان هەمیشە بەستراوەتەوە بە پێوەندی دەستەڵاتی سیاسی لەگەڵ ناوەند. ناوەند دەیهەوێ بەرتەنگی کا و ئەتۆش دەتهەوێ پەرەی پێبدەی. کەوابوو کێشەی نێوان ناوەند و بزووتنەوەی کورد بە دەوری سنوورەکانی ئەو پلانەی ئۆتۆنۆمیدا چەق دەبەستن. ئەو جۆرە پلانەی ئۆتۆنۆمی زۆرزوو لەبەریەک هەڵدەوەشێ ئەگەر لە سەر ستروکتوورێکی قانوون دانان هەڵنەنرێ، ئەگەر بە پێی ستروکتوورێکی فێدێراڵ نەبێ ولە سەر ڕیشەیەکی ئەوتۆ دانەندرێ.

بەباوەڕی من، باسی فێدێرالیزم کردن لە تورکیا زۆر دژوارە، ئەگەر محاڵ نەبێ. ئەمن پێموانییە ڕێبەرایەتی تورکیا چ ڕێی تێبچێ مل بۆ بوونی ستروکتوورێکی فێدێراڵ لە تورکیا ڕابکێشێ. ئەمن پێشم وانییە کە ساختومانی کۆمەڵایەتی تورکیا ئەوە زۆر بە هاسانی وەربگرێ. کەوابوو ئەگەر گریمان ئێمە داوای ئۆتۆنۆمی بکەین بەبێ دەستەڵاتی قانوون دانان ئەوەدەمی مانای وایە ئێمە داوای چوارچێوەیەکی بەرتەنگ دەکەین بۆ دیاریکردنی چالاکی خۆمان دەنێو ئەو هەستییەدا. ئەوە لەوانەیە هێندێک شێوەی چالاکی بۆ ئێمە دیاری بکا و لەوانەیە ئێمە بەگوێرەی هەلومەرج پێی ڕازی بین، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئەو پلانەی بۆ ئۆتۆنۆمی هەمیشە دەکەوێتە بەر قورسایی خەبات لە سەر دەستەڵاتی سیاسی لە نێوان ناوەند و هەرێمی کوردیدا، مانای وایە کە سنوورەکانی هێزی ئێمە بۆ دەستەڵاتداری هەمیشە دەبێتە هۆی کێشە و دمەقڕە لەگەڵ ناوەندا. جگە لە بناخەیەکی کولتووری کە لە هەلومەرجی ئێستادا ئەمن پێموایە زۆر گرینگە ئەمن پلانی ئۆتۆنۆمییەکی بەرتەنگ وەک ئەوە نابینم کە بتوانێ بنچینەیەکی پتەو و خۆڕاگربێ، چ بۆ پێشوەچوونی وشیارییەکی کاریگەری نەتەوەیی یان هووییەتی نەتەوەیی. جا بۆیە ئەمن هێندێک بە ئیحتیاتەوە بۆ مەسەلەی ئۆتۆنۆمی دەچم. بە تەواوی بەرپەرچی نادەمەوە، بەڵام تەنیا ئەو کاتەی قەبوڵی دەکەم کە دەستەڵاتی قانوون دانانی دەزگای ئۆتۆنۆم زۆر ڕوون و ئاشکرابێ. ڕێگە بدەن با ئێستا تەماشای نموونەی عێراق بکەین. لە عێراق ئەساسی دەستەڵاتی قانوون دانان زۆرجار لە نێوان هێزە کوردییەکان و حکومەتی عێراقدا قەبوڵ کراوە. بەڵام ڕێکەوتنەکە خۆی لە خۆیدا گرینگ نەبووە، ئەوەی کە هەمیشە لەو ڕێکەوتنانەدا گرینگ بووە، ئەوەبووە کە سنووری ئەو دەستەڵاتی قانوون دانانە چەندە بووە. جارجار گیروگرفت لە سەر سنووری جوگرافیایی بووە، جارجار لە سەر سنووری دانیشتووان، جارجار لە سەر سنووری ڕادەی کەڵک وەرگرتن لە سەر چاوان، جارجاریش لە سەر سنووری کولتووری و دەستەڵاتی بەڕێوەبەری بووە. بەڵام بە ئیحتیماللی زۆر ئەو ڕێکەوتنانە بەبێ هێزەکانی کورد کراون. ئەوەی تائێستا زاندراوە ئەوەیە کە ئەو ڕێکەوتنانە لە پاش ملە و بێ ڕەزایەتی هێزەکانی کوردییەکان بووە. لەڕاستیدا ئەوەی کە زۆر گرینگترە داوای بکرێ ئەوەیە کە دەستەڵاتی قانوون دانانی ئۆتۆنۆم (بۆ هەرێمی کوردستان) هەبێ. هەبوونی قانوون دانانی ئۆتۆنۆم بۆ هەرێمی خۆ. وەک تەجرەبەکراوە حکومەتی عێراق هەمیشە چاوەڕێی هەلومەرجێکی لەباری کردووە و کە کات هاتووە و بەپێویستی زانیوە ئەو پلانانی ئۆتۆنۆمییە بەرپەرچ داوەتەوە. هەموو فەرمانڕەوایانی ڕۆژی عێراق ئەوەیان کردووە، بەرە بەرە دەستدرێژیان کردووەتە سەر پلانی ئۆتۆنۆمی و هەر بەرتەنگ و بەرتەنگیان کردووەتەوە. جابۆیە کوردەکان لە جەغزێکی ئاستەنگدا ماونەتەوە، بەبێ دەستەڵاتی قانوون دانان،بە دەستەڵاتێکی کەمی بەڕێوەبردن و دەستەڵاتێکی کەمی کولتوورییەوە و هەرکاتێکیش داوایان کردووە کە ئۆتۆنۆمییان هەبێ، پێوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئەسپاردراوە بە فاکتۆرێکی تایبەتی ئەویش مەسەلەی دەستەڵاتی سیاسی عەسکەریی بووە. بۆیەکە لە ڕابردوودا هەموو جۆرە تەوافوقێک لە سەر ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا ناوەناوە و دستبەجێ شەڕی بەدوودا هاتووە. بۆیە ئەمن پێموایە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا و سەرۆکایەتییەکەی دەبێ زۆر بە وردی تەماشای مەسەلەی ئۆتۆنۆمی بکەن. ئەمن پێموانییە ئەوە ژیرانە بێ کە بێ هەبوونی دەستەڵاتی قانوون دانان داخوازی ئۆتۆنۆمی بکرێ. داواکردنی دەستەڵاتی قانوون دانان زۆر گرینگە. چونکوو ئەوە دەستبەجێ چوارچێوەی دەستەڵاتداری دیاری دەکا. پێوەندی نێوان تۆ و ناوەند دیاری دەکا و لەباری قانوونییەوە دیاری دەکا. چونکوو هەرکە هاتوو ئەتۆ لە چوارچێوەی ئەو هەستییەدا بووی بە حاکم، ئەتۆ بە ئاشکرایی دەستەڵاتی ئەوەت دەدرێتێ کە قانوون دابنێی. ئەوەش وای لێدێ کە هەڵوێستی تۆ لە ئاست سەروەری [حاکمییەت]ی نەتەوە دیاری دەکرێ و دەوڵەت دەبێ ئەو بابەتە لە قانوونی ئەساسیدا بە ڕوونی بگونجێنێ.

بە گوتنی ئەو قسانە، ئەمن دەبێ بێمە سەر خاڵێکی دیکە ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر دەستەڵاتی قانوون دانان باشە لە بەر ئەوەی کە هێندێک گارانتی قانوونی تێدایەو ناڕاستەوخۆ مەسەلەی حاکمییەتی دەوڵەتیشی تێدایە و دەمانگەیێنێتە ئەو فکرەی کە ئەوجۆرە داوایەی دەیکەین، ئەو جۆرە حەقەی کە دەمانەوێ، ئەو جۆرە داوایەی کە دەیهێنێنە گۆڕێ و، دەخوازین حکومەتی تورکیا موافەقەتیان لەگەڵ بکا، ئەوەدەمی گرینگن کە بەشێوەیەکی کاریگەر بکرێ لە ستروکتووری سیاسی تورکیادا دەرببڕدرێن و بگونجێندرێن؛ بەگوتنێکی دی هەبوونی ئۆتۆنۆمی بە جیاواز و لە دەرەوەی ستروکتووری سیاسی تورکیا زۆر ناژی و هەرکە قەیرانی سیاسی لە تورکیا لە نێو بچێ و حکومەتێکی کاریگەر دەستەڵات بە دەستەوە بگرێ نامێنێ؛ ئەمن لەوە بە تەواوی دڵنیام کە لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا نایهێڵن.

ئەو خاڵەی دەبێ بیڵێم ئەوەیە ئێمە هێندێک داوامان هەیە، ئەو داوایانە وەکوو داوای سەربەخۆ دەهێنینەگۆڕێ نەک لە چوارچێوەیەکی حقوقی ـ سیاسی ئۆتۆنۆمییەکدا. جا ئەگەر ئەو داوایانە لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا بۆ پلانێکی ئۆتۆنۆمی دەرنەبڕدرێن مانای وایە کە هاسانتر نییە ئەوان لە ستروکتووری سیاسی تورکیادا دەربڕدرێن و بگونجێندرێن. ئەوە زۆر دژوارە کە پلانێکی ئۆتۆنۆمی لە ستروکتووری سیاسی دەوڵەتێکی حاکمدا بەبێ پایەی ڕوونی قانوون دانان دەربڕدرێ و بگونجێندرێ.

بەگوتنی ئەوە، بەباوەڕی من، سەرۆکایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا دەبێ زنجیرەیەک داوا بهێنێتەگۆڕێ و بیهەوێ کە ئەو داوایانە دە نێو ستروکتووری سیاسی تورکیادا بەیان بکرێن. ئەو قسەیە چەند پرسیارێک ڕاست دەکەنەوە کە ئەمن پێمخۆشە ڕوونی کەمەوە. ئەویش ئەوەیە ئێمە ئەو داوایانەمان هەیە و، دەزانین ناکرێ ئەوان وەدیبێنن ئەگەر

له ستروکتووری سیاسی تورکیادا دەرنەبردرێن. ئەوەش دەمانگەیێنێتە مەسەلەیەکی دیکە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە دەزانین ناکرێ ئەو داوایانە لە ستروکتووری سیاسی ئێستای تورکیادا بەیان بکرێن، کەوابوو بۆ ئەوەی داواکانی ئێمە وەدیبێن پێویستە ستروکتووری سیاسی ئێستای تورکیا بگوردرێ و ڕێفۆڕمی تێدا بکرێ.

**● مەبەستت قانوونی ئەساسی تورکیایە؟**

ــ نەک هەر قانوونی ئەساسی، بەڵکوو ڕێکخراوی سیاسیی دەوڵەتیش دەبێ ڕێفۆڕمی تێدا بکرێ.

*** کەوابێ لەم قۆناخەدا بە بیروڕای ئێوە چ جۆرە ئامانجێکی کورتخایەن دەبێ بهێندرێتەگۆڕێ؟**

ئەمن باسی ئامانجی کورتخایەن ناکەم، بەڵکوو ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە؛ بەبڕوای من خاڵی یەکەم لەو ڕیزە داوایانەدا کە دەکرێ زەمینەیەک بێ بۆ وتووێژ دەبێ ئەوە بێ کە کوردەکانی تورکیا لەو بڕوایەدان کە ئاواتە سیاسییەکانیان، مافە فەرهەنگییەکانیان لە تورکیا بەبێ ڕێفۆڕمێکی ڕیشەیی لە سازمانی سیاسی دەوڵەتدا، بەبێ ڕێفۆڕمێکی ڕیشەیی لە ستروکتووری سیاسی تورکیادا ناکرێ وەدیبێن.

ئەو ڕیزە ڕێفۆڕمە لە تورکیادا چەند خاڵێک دەگرێتەوە. یەکەم ئەوەیە کە ئەتۆ ناکرێ بەبوونی ئەو سانترالیزمەی کە ئێستا لە تورکیادا هەیە هەروا بە هاسانی باسی وەدیهاتنی داوای کوردەکان بکەی. ناتوانی، دەبێ داوای دیسانترالیزاسیۆنی دەوڵەت بکەی. لەوانەیە هێندێک کەس پێیان وابێ ئەمن ورێنە دەکەم، لەوانەیە وایان وەبەرگوێ بکەوێ، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە هیچ پلانێکی ئۆتۆنۆمی ناکرێ لە بەرانبەر دەوڵەتێکدا کاربکا و کەڵکی هەبێ کە وەک دەوڵەتی تورکیا لەباری سیاسی و بەڕێوەبەرایەتییەوە ئەوەندە سانترالیزە بێ. بۆچوونێکی وا هەر خەونێکە، عەمەلێ ناکا. دیسانترالیزاسیۆنی سیاسی و دیسانترالیزاسیۆنی بەڕێوەبەریی مانای ئەوەیە کە تورکیا دەبێ بە هەرێمگەل دابەش بکرێ. هەرێمی وا کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دان، ئەوە چ بۆ کوردان و چ بۆ هەرێمی تورکنشین. سانترالیزاسیۆن گیروگرفتی سەرەکی بورۆکراسی تورکیایە. قسە لە سەر ئەوە نییە کە ئەو فۆرمە لە حکومەت لە هەرێمی کوردستان هەڵناسوڕێ، بەڵکوو لە هەرێمی تورکنشینیش کەڵکی بڕاوە. جابۆیە داوایەکی گەورە بۆ دیسانترالیزاسیۆنی سیاسی لە تورکیا لەگۆڕیدایە.

مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە هەرکە هاتوو ڕێکخستنی دەوڵەت دیسانترالیزە کرا ئەوەدەمی دەبێ کۆسپی ئێتنیکی ش لە سەر ڕەوتی ئۆتۆریتە و دەستەڵاتداری لە ستروکتووری سیاسیدا لابچێ. ئەوە مانای وایە ئەتۆ وەک کوردێک دەبێ بتوانی ئەوەی بکەی کە ناکوردێک لەو ڕێکخراوەدا دەیکا. بەڵام ئەوە دەگاتە پرسێکی دیکە و ئەمن پێموایە سەرۆکایەتی کورد دەبێ ئێستا داوای ئەو ڕێفۆڕمە بکا و لە پێوەندی لەگەڵ ئەودا دەبێ داوای ڕێفۆڕم کردنی هەلومەرج و کۆنسێپتی هاووڵاتێتی لە قانوونی ئەساسی تورکیادا بکا. واتە دەبێ قانوونی ئەساسی تورکیا ئێتنیسیتەی لێ بکرێتەوە، مەبەستم کۆسپی تورک، کۆسپی ئێتنیسیتەی تورکە کە دەبێ لێی لاببردرێ. دەبێ ببێ بە هاووڵاتێتی دێمۆکراتی کە مانای وایە ئەندامەتی لە دەوڵەتدا و شێوەی هاووڵاتێتی لە باری تیۆرییەوە لەگەڵ یەک بگونجێن بە ئاوایەکی وا کە بە خەیاڵ یان لە واقیعدا دەوڵەتێکی چکۆلە لە ئارادابێ. دەوڵەت داوای هێندێک بەرپرسیاری دەکا و ئەرکەکانی تۆ لە ئاست دەوڵەت دیاری دەکا. ئەگەر دەوڵەت ڕابگەیێنێ کە دەچێ بۆ شەڕ، ئەتۆ لە ڕوابگەی دێمۆکراتییەوە ڕێگەی ئەوەت هەیە دژی بی، بەڵام ئەوە دەوڵەتە کە ئۆتۆریتەی بە دەستەوەیە. دەوڵەت داوادەکا ئەتۆ ڕێوشوێن و قانوونەکانی بەجێبگەیێنی. دەوڵەت داوادەکا ئەتۆ ئەو مالیاتەی کە لە لایەن پارلمانڕا پەسندکراوە و دەکەوێتەسەرت بیدەی. دەوڵەت داوادەکا ئەتۆ سیاسەتەکانی بارهێنان و پەروەردە لەبەرچاوبگری، کاتێک ئەوان لەلایەن پارلمانڕا وەک قانوون قەبوڵ و پەسندکران. هەر لەو پێوەندییەدا دەوڵەتیش لە ئاست هاووڵاتییان ئەرکی لە سەر شانە. کەوابوو هاووڵاتێتی کۆنتراکتێکە کە ئەرک، بەرپرسیاری و دەستەڵات دیاری دەکا. لەڕاستیدا کۆنتراکتێکە کە حەدوسەدی ئازادییەکانی تۆ لە چوارچێوەی دەوڵەتدا و سنووری دەستەڵاتی دەوڵەتی لە هەمبەر هاووڵاتیان دیاری دەکا.

لە حاڵی حازردا، لە تورکیا، لە سەر بناخەی ئیدەئۆلۆژی کەمالیستی، ئەو کۆنتراکتە، ئەو پێوەندییە بەگوێرەی پرێنسیپی کەمالیزم دیاری دەکرێ. جا خاڵێک کە دەبێ ڕێفۆڕمی تێدابکرێ ئەوەیە کە هاووڵاتێتی لە چنگ پرێنسیپەکانی کەمالیزم ڕزگار بکرێ. ئەگەر ئەو هاووڵاتێتییە بیهەوێ دێمۆکراتی بێ، دەبێ لەو پرێنسیپانە ڕزگاربکرێ. ئێستا ئێمە دەتوانین قسە لەو ڕێفۆڕمانەی دیکە بکەین کە دەبێ دەنێو دوڵەتدا بکرێن. ئەگەر ئێمە داوای ڕێفۆڕم دەکەیەن دەبێ لە ستروکتووری دەوڵەتدا بکرێ. واتە ڕێفۆڕم کردن لە شێوەی ئۆتۆریتەدا کە پێوەندی نێوان تاکی هاووڵاتی و دەڵەت دیاری دەکا. هەروەها ئەو ڕێفۆڕمە دەبێ لە ڕەفتاری دەوڵەتی تورکیاشدا بکرێ.

لە دەوڵەتی تورکیادا وەک باسم کرد ڕەفتاری حکومەتی تورکیا بە پێی فکرێکی کۆنینە لە حاکمییەت کە لە زاتی کەمالیزم دایە و لەلایەن ئەوەوە پشتیوانی دەکرێ ڕێوشوێنی بۆ داندراوە. ئەو حاکمییەتە هەمیشە لە گۆڕیدایە وەکوو پرێنسیپێکی «پیرۆز» لە دەرەوەی حکومەتدا، بەڵام هەمیشە ڕەفتاری حکومەت بەڕێوەدەبا. ئاکامی ئەوەیە کاتێک حکومەت کارێکی ئەوتۆ دەکا کە لەگەڵ ئەو پرێنسیپانەی حاکمییەت یەکناگرنەوە، ئەو کردەوە و کارانە بە هاسانی وەک نامەشرووع بەنێودەکرێن. بۆ نموونە ئەگەر حکومەتی تورکیا تەنانەت بڕیار بدا بۆ قسە کردن لەگەڵ کوردەکان، لە بەر ئەوەی کە قسەکردن لەگەڵ کوردەکان، ناسین و ددانپێداهێنانی فرەئێتنیسیتەیی، فرە نەتەوەیی و فرەفەرهەنگیبوونە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە، ئەوە پرێنسیپەکانی کەمالیزم دەخاتە ژێرپێیان، حاکمییەت دەخاتە ژێرپێیان. تەنانەت حکومەتێکی مەشرووعیش ناتوانێ کارێکی وا بکا چونکوو ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتێکی ئاوا پێی دەڵێن ئەتۆ نامەشرووعی. ئەتۆ بۆ کار بەدەستەوەگرتن هەڵبژێردراوی، کەچی قانوونی ئەساسی پێشێل دەکەی. کەوابوو ئەو خاڵە دێتە پێشەوە کە ڕێفۆڕم کردن لە قانوونی ئەساسیدا دەبێ ڕێفۆڕم کردن لەو پرێنسیپانەشدا بێ کە حاکمییەتی دەوڵەت دیاری دەکەن. ئەو حاکمییەتە دەبێ بە پێی بەرژەوەندی نەتەوەیی (سەرانسەری)، یەکپارچەیی نەتەوەیی بێ و نەک بەگوێرەی مافی بەرزی دەستەڵات و ئیمتیازی مەشرووعییەتی ئێتنیسیتەیەکی باڵادەستی تایبەتی، واتە ئێتنیسیتی تورک. حاکمییەتی تورکیا حاکمییەتی نەتەوەیی نییە، تەنیا تا ئەو جێگەیە حاکمییەتی نەتەوەیی یە کە بە دەرەجەی یەکەم حاکمییەتی تورکە. کۆسپی ئێتنیکی، تەعریفی ئێتنیکیی حاکمییەت دەبێ بگۆڕدرێ. ئەوە ئاوایە دەبێ بەشێوەیەکی قانوونی و لە قانوونی ئەساسیدا بگونجێندرێ کە تورکیا کۆمەڵگەیەکی فرە فەرهەنگی و فرەئێتنیکی یە و کۆماری تورکیا ئەوەیە کە هەموو ئەو تۆوە ئێتنیکی و نەتەوەییانە لە سەریان دایە و بەگوێرەی مافی دێمۆکراتیی هاووڵاتێتی پێڕەوی لێدەکەن.

مەسەلەکە ئاوایە و ئەگەر ئەو کۆسپە وەلانەندرێ تەنانەت ئەوکاتەش کە حکومەت مەشرووعییەتی هەیە، بۆکاربەڕێوەبردن هەڵبژێردراوە ناتوانێ لەگەڵ کوردەکان یان ئیسلامییەکان بکەوێتە وتووێژەوە و قسەیان لەگەڵ بکا. ئەمن باسی نموونەی ئەوەی دەکەم کە چۆن شووڕای هێمنیی نەتەوەیی

«ڕەفاه»ی لە سەر دەستەڵات وەلادا. ڕەفاه حکومەتێکی هەڵبژێردراو بوو. بە پێی ئینتلافێک مەشرووعییەتی حکومەت کردنی هەبوو، چونکوو هەڵبژێردرابوو، بەڵام لەسەر کار لابرا و لادرا بە پێی ئەو پرێنسیپەی کە ڕەفتاری ڕەفاه حاکمییەتی دەوڵەت پێشێل دەکا. قەیوم و پارێزەری دەوڵەت کێیە؟ ئەوە ئەرتەشە. لەڕاستیدا مانای وایە کە ڕەفاه ئۆتۆریتەی ئەرتەش پێشێل دەکا، کە ئەویش ئۆتۆریتەی کەمالیزمە. کەوابوو ئەوجۆرە ڕێفۆڕمەی کە دەبێ لە ستروکتووری دەوڵەتدا بکرێ دەبێ ئاوابێ کە ڕەفتاری حکومەت نەبەسترێتەوە بەو پرێسنسیپەی حاکمییەت. واتە تەنیا پێوانە بۆ مەشرووعییەتی حکومەتێکی هەڵبژێردراو لە تورکیا دەبێ کارەکانی بێ. نەک ئەوەی کە لە دەرەوەی کارەکانی .ۆژانەیەتی واتە پرێنسیپێکی «پیرۆز» کە بە کەمالیزم نێودێرکراوە.

لەو زەمینەیەدایە کە لەوانەیە بکرێ مەسەلەی کورد بهێندرێتەگۆڕێ بەبێنەوەی کە ببێ بە مەسەلەیەکی عەسکەریی هێمننەتەوەیی وڵات. بۆیە ئەمن جەختی دەکەمەوە، هەر جۆرە پێوەندییەک، هەر جۆرە وتووێژێک، هەر جۆرە موعامەلەیەک لە گەڵ حکومەتی تورکیا دەبێ لە بناوانەوە بە دەرەجەی یەکەم پێ لە سەر ئەو ڕێفۆڕم کردنانە دابگرێ. بەبێ ئەو ڕێفۆڕمانە، هیچ پلانێک بۆ ئۆتۆنۆمی یان فێدێراڵیزم یان دەستەڵاتی هەرێمی یان هەرچییەکی دی، ماوەیەکی درێژ ناخایەنێ و کورت دەژی. کەوابوو لە لیستەی ئەوا داوایانەیدا کە بە پشتیوانی یان بێ پشتیوانی هێزی دەروە [دەوڵەتانی بێگانە] دەخرێتە بەر دەم حکومەتی تورکیا دەبێ داوای ڕێفۆڕم کردنی تێدابێ. ئەو داوای ڕێفۆڕم کردنە ئاکامێکی زۆر گەورەتری دیکەی هەیە. ئەویش ئەوەیە کە هێزی زۆر گرینگی دیکەش هەن، بەشانێک لە دانیشتوانی ناکورد لە تورکیا کە ئەوانیش داوای ئەو ڕێفۆڕمانە دەکەن، بە داواکردنی ئەو ڕێفۆڕم کردنانە ئێوە لە بناوانەوە لە سەر ئەوەش بڕیاردەدەن و ساخ دەبنەوە کە هاوپەیمانتان لە کورتخایەن یان لە نێوەی ڕێیەدا کێیە سەبارەت بە ڕێکخستنەوە و ئۆرگانیزەکردنەوەی دەوڵەتی تورکیا. ئەمە پنتێکی گرینگە.

**• دوای هاتنی سەرۆکی پکک بۆ ئورووپا، لە کۆڕوکۆمەڵی جۆربەجۆری ئورووپا و ئەمریکادا زۆرجار باس لەو مێتۆدە توندوتیژانە کراوە کە گۆیا پارتی کرێکارانی کوردستان بەکاری هێناوە. ئەمن دەمهەوێ ئەو پرسیارەتان لێبکەم، کە بەکارهێنانی مێتۆدی توندوتیژ لە پرۆسەی خەباتی نەتەوەیی لە بەرانبەر «ئەویدیکە»دا تا چ ڕادەیەک پاساو دەدرێ؟**

ـ مەسەلەی توندوتیژی و بەکارهێنان یان خراپ بەکارهێنانی زەبروزەنگ لەلایەن پکک دوە چ ڕاست بێ یان نەبێ، چ ئیدعا بکرێ یان نەکرێ، لە ڕاستیدا ئەسڵی مەسەلەکە نییە. ڕاستە بە بیروبڕوای من پکک توندوتیژی و زەبروزەنگی بەکارهێناوە، بەڵام ئەوە هەر بە نەفسی خۆی هیچ ڕوون ناکاتەوە. ئێمە دەبێ ڕوانگەیەکی دروستمان بۆ لێدوان و تاوتوێکردنی ئەو مەسەلەیە هەبێ. ڕەخنە لە بەکارهێنانی مێتۆدی زەبروزەنگ و توندوتیژی، بەتایبەتی ئەو جۆرە ڕەخنانەی کە ڕیشەیان لە جۆرێک ئەخلاقی سیاسی ئاودەخواتەوە، گشتیان ئەوە بە پێششەرت دادەنێن کە سیاسەت کارێکی ڕاسیۆناڵ و عەقلانی یە و سیاسەت بەپێی هۆکاری ڕاسیۆنالەوە بەڕێوەدەچێ، عەقڵ سیاسەت بەڕێوەدەبا و تێسرەوێنەری پرۆسەی سیاسی، عەقڵی سیاسی یە.

ڕەخنەگرتن لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ لەڕاستیدا لە سەر ئەو قسەیە داندراوە کە بارودۆخێکی ئەوتۆ لە ئارادایە کە عەقڵی سیاسی لە کارکەوتووە و کاتێک عەقڵی سیاسی لەکاردەکەوێ و بێ مەنتیقی دەستەڵات پەیدا دەکا دەگاتە شێوەی ناراسیۆناڵی کردەوەی نەخوازراو یان ئاکامی نابەدڵ. واتە توندوتیژی و زەبروزەنگ. ئەو ئیستیدلال و قسەیە ڕەنگە شیاوی پەسند کردن بێ بەڵام لە هەلومەرجێکی زۆر نۆڕماتیڤی سیاسیدا کە تێیدا سیاسەت تا ڕادەیەک یا ڕادەیەکی زۆر بە شێوەی ڕاسیۆناڵ بەڕێوەدەچێ. بەڵام ئەمن دڵنیانیم و لەڕاستیدا لەوە هەتا بڵێی دودڵم کە بکرێ قسە و ئیستدلالی نۆڕماتیڤی ئەخلاقی لەگەڵ بارودۆخی تورکیادا بگونجێ. چونکوو لە تورکیا سیاسەت و عەقڵ زۆر لەمێژە لە یەکتری دابڕاون و ڕەفتاڕی حکومەت و ڕەفتاڕی کارگێڕان و هێزەکانی سیاسی لە مەیدانی سیاسەتدا چ فڕێکیان بە سەر عەقڵ و مەنتیقی سیاسییەوە نەبووە. جابۆیە ئیستدلالی من ئەوەیە بەڵێ زەبروزەنگ بەکارهاتووە بەڵام ئەو زەبروزەنگ بەکارهێنانە ناکرێ لە چوارچێوەی ڕوانگەیەکی نۆڕماتیڤ (ئاسایی) دا داوەری بکرێ و تۆوەکانی ئیستدلالێکی نۆڕماتیڤی ئەخلاقی کە بەکارهێنانی زەبروزەنگ بە لەکارکەوتنی عەقڵی سیاسیەوە دەبەستێتەوە ناکرێ لەگەڵ ئەوبارودۆخەدا بگونجێ.

ئەگەر ئێمە بمانەوێ بە تەواوی لە ڕوانگەی حقوقییەوە بۆی بچین و ئەگەر بەڕاستی بە ئینساف بین دەبێ قەزاوەت کردنی خۆمان لەمەڕ بەکارهێنانی زەبروزەنگ لەلایەن پککەوە لە زەمینەی بارودۆخی عەسکەریی سیاسی تورکیادا بکەین کە بێمەنتیقی و ناراسیۆناڵی بەسەردا زاڵە و خەسڵەتی دەدرکێنێ. جا ئەگەر ئێمە بێین و ئیستدلالی لەکارکەوتنی عەقڵ و مەنتیق لە دەرەوەی ئەو تێڕوانینە سیاسییەدا لەبەرچاوبگرین ئەوددەمی زەبروزەنگ و توندوتیژی بەکارهێنان دەبێ لە هەلومەرجی خۆیدا ببیندرێ وتێی بڕواندرێ. بەڵام پرسیار و خاڵی سەرەکی ئەوەیە داخودا بەڕاستی تێڕوانین و مولاحەزەی ئەخلاقی ڕێنوێنی سیاسەتی تورکیایە؟ نا، ئەوە وا نییە. جا بۆیە لەوبارەیەوە ئەمن دەتوانم بڵێم هەر پێوانەیەک بۆ قەزاوەت کردن لە سەر بەکارهێنانی توندوتیژی و زەبروزەنگ، بەکارهێنانی زەبروزەنگ لەلایەن پکک یان هەر هێزێکی دیکە لە زەمینەی سیاسەتی تورکیادا دەبێ لە ڕوانگەی تایبەتی سیاسەت لەو وڵاتەدا موعامەلەی لەگەڵ بکرێ.

لێرەدا ئەمن نۆڕمە جیهانییەکانی قەزاوەتی ئەخلاقی و ئیستدلال هێنانەوە بۆ بەرژەوەندی و بە قازانجی پرۆژەیەکی دیار، یان مەسڵەحەتێکی تایبەتی بنکۆڵ ناکەم. نا، ئەوە ناکەم. هەموو قسەکەم ئەوەیە دەڵێم قەزاوەتی نۆڕماتیڤ بۆ هەلومەرجی نۆڕماتیڤ باشە و، دەبێ لە هەلومەرجی نۆڕماتیڤدا بپارێزرێ. ئەوانەی کە لە بەکارهێنان و خراپەی زەبروزەنگ لە تورکیا پەشێو و نیگەرانن دەبێ لە پێشدا ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن کە داخودا دەکرێ تۆوی شیکردنەوە و قەزاوەتی سیاسی نۆڕماتیڤ لەگەڵ هەلومەرجی تورکیادا بگونجێ؟ بە بیروڕای من ناکرێ، زۆر لەمێژە تورکیا لەوەی تێپەڕاندووە. ئێمە سەروکارمان لەگەڵ حکومەتێکە کە کاریگەرانە ڕێکخراو و دەستەی ئەو پەڕڕاستڕەو و شێوەعەسکەری هان دەدا و وەگەڕیان دەخا و دەیاننێرێتە سەر هەدەفی تایبەتی. زۆر لەو هەدەفانەش ئیتنیستی کوردییان هەیە و هێندێکیان چەپن و دەستەچەپی بوون. جا بۆیە لێرەدا حکومەتێک کە لە دەوڵەتی مۆدێرندا لە بەکارهێنانی مەشرووعی زەبروزەنگ سەرپشک بێ، لەمێژە کە لە سنوورەکانی تایبەتی بەکارهێنانی زەبروزەنگ و توندوتیژی مەشرووعی تێپەڕاندووە. جا کەوابوو ئەگەر نەکرێ ڕوانگەی نۆڕماتیڤ لەگەڵ ڕەفتاری ئەو حکومەتەدا بگونجێ، بەڕاشکاویش و بەپێی ئەو تەعریفە ناکرێ قەزاوەتی نۆڕماتیڤ لە سەر ڕەفتاری پکک تەتبیق بکرێ. بەگوتنی ئەوە، ئەمن جارێکی دیکەش دووپاتەی دەکەمەوە کە ئەمن زەبروزەنگ و توندوتیژی پەسندناکەم، پەسنی نادەم، پشتیوانی لێناکەم، بەڵام دەڵێم بەکارهێنانی پێوانەی هەڵە، بەکارهێنانی پێوانەی نۆڕماتیڤ لە سەر هەلومەرجی نانۆڕماتیڤ دەگاتە هەڵەی سیاسی زۆر پیس. ئەوە وەڵامی تیۆرێکیی پرسیارەکە بوو.

● زۆر سپاس...

ــ لە سەرەتای ئەم وتووێژە یان لە هێندێک بەشیدا باسی دێمۆکراتیزاسیۆن، باسی ڕێفۆڕم، باسی پێویستیی ڕێفۆڕم کردنمان کرد. باسی هۆیەکانی نێوخۆیی و دەرەوەیی ئەوانەمان کرد بۆ پکک و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا. ئیستدلالمان کرد بۆ دێمۆکراتیزەکردنی پڕۆسەی سیاسی نەتەوایەتی و هەروەها باسی ئەو دەورە هەراوترەمان کرد کە عونسوری زۆرتر لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەتوانن ودەبێ لەو پڕۆسەی دێمۆکراتیزاسیۆنەدا بیگێڕن.

بە گوتنی ئەوە دەگەینە سەر دەوری ڕووناکبیرانی کورد لەم پڕۆسەیەدا. ڕووناکبیرانی کورد لەبەر ژمارەیەک هۆیان دەورێکی زۆرزۆر گرینگیان لەو پڕۆسەیەدا هەیە. یەک لە هۆ سەرەکییەکان لەو بارەیەوە ئەوەیە کە ئەوان هەڵگری پێوەندییە کوردییەکانن لە کۆمەڵگەی کوردیدا و هەر ناکامێکیش لەو پڕۆسەیەدا دەرکەوێ. هەرجۆرە ڕێکەوتنێکی ئیحتیمالی بکرێ، هەر جۆرە چارەسەرییەکی ئیحتیمالی بۆ ئەو مەسەلەیە بدۆزرێتەوە هێشتا مەسەلەیەکی بنەڕەتی لە گۆڕێدا دەمێنێتەوە ئەویش دروسکردنی هوویەتێکی کوردی یە، دروستکردنی وێژدانێکی نەتەوەیی کوردی یە. ئەویش مانای ئەوەیە کە لە باری سیاسی و بەڕێوەبەریی (ئەدمینسراتیڤ) ڕا هەرچییەکی ڕووبداپڕۆسەی کولتووری مەیدانێکە کە ڕووناکبیران دەبێ ئەوپەڕی چالاک بن تێیدا و بابەتی ناسیۆنالیزمی کولتووری دەبێ بێ پسانەوە و بە بەردەوامی درێژەی پێبدرێ.

ڕووناکبیران بە دوو شێوە دەتوانن دەوری خۆیان بگێڕن. ڕووناکبیرانی سیاسیمان هەن کە دەتوانن و دەبێ لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوانەدا کە ڕێبازیان بە دروست دەزانن و پێیان خۆشە کاریان تێدابکەن دەوری خۆیان بگێڕن. بەڵام بەشی هەراوتری ڕووناکبیران بەباوەڕی من دەبێ دەست بکەن بە هەڵوێست گرتن و هێزی خۆیان ئامادەی کاربکەن و تواناییەکانی خۆیان بۆ کارکردن لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بەکاربهێنن.

کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەساسی چالاکی و کاری ڕووناکبیرانی ڕەخنەگرە. لێرەدا پێمخۆشە ئەم قسەیەش دابگرمەوە کە ڕووناکبیر توێژێکی گرینگی پڕۆسەی سیاسی یە. بەڵام ئەوەی کە زۆر گرینگترە هەبوونی ڕووناکبیری ئەوتۆیە کە بە شێوەی ڕەخنەگرانە بیر دەکەنەوە. ڕووناکبیری ئەوتۆ کە دەسەڵاتی ڕەخنەگرتنی لێ شەتەک دراوە و دەتوانی بخوێنێتەوە، دەتوانێ شیبکاتەوە، دەتوانێ فێر بکا و باربهێنێ و دەتوانێ ئۆرگانیزە بکا، بەڵام گشتی ئەوانە بە ئاوایەکی ڕەخنەگرانە.

ئەمەش گرینگە بگوترێ کە کاناڵ بۆ چالاکی ئەو جۆرە ڕووناکبیرانە جگە لەم ڕێکخراوانەی کە هەن، بەبیروڕای من، هەڵبەت زۆر گرینگتر ڕێکخستنی کۆمەڵگەی مەدەنی یە. ئەگەر دێمۆکراتی کردنی پڕۆسەی سیاسی کورد، دێمۆکراتی کردنی پڕۆسەی سیاسی نەتەوەیی لە کوردستان (تورکیا) بەکارێکی جیدی دادەندرێ، ئەگەر ئەو دێمۆکراتی کردنە دەبێ بەردەوام بێ ودرێژە بکێشێ توێژێکی سەرەکی ئەوە دەبێ پاراستن و پەرەپێدان و پشتیوانی کردن لە وەگەڕخستنی ڕێکخراوەکانی ئەو کۆمەڵگە مەدەنییە بێ. ڕووناکبیران هەم بگێڕێ ئەو وەگەڕخستنەن و هەم تێسرەوێنەری ئەم پڕۆسەیە. جابۆیە ئەمن دەڵێم مرۆڤ ناکرێ باسی چ ڕێفۆڕم، یان چ دێمۆکراتی کردنێکی گرینگی پڕۆسەی سیاسی بکا بەبێ بەشداریی چالاکانەی ئەو ڕووناکبیرانەی کە ڕەخنەگرانە بیردەکەنەوە.

بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە بیربێ کە ڕووناکبیران تەنیا دەتوانن چەکی ڕەخنەگرتن لە هەلومەرجی ئازادی و ڕێزی دێمۆکراتیدا بەکاربهێنن. بۆیە ئەو ڕێکخراوە سیاسییانەی کە تێدەکۆشن پڕۆسەکە دێمۆکراتی بکەن، دەبێ ئەو ئازادی و سەربەستییە بدەن بە ڕووناکبیران کە ڕەخنە بگرن، ڕەخنەگرانە هەڵسووڕێن و ڕەخنەگر بمێننەوە. ■

# لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی

لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی
لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی
لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی
لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی
لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی
لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی
لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی
لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی
لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی
لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی
لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی

## ٣ . ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان

### ٣ ـ ١: ڕێکخراوی سێکیولەر (عیلمانی: **secular**)ی ژنان

ئەمرۆ لە کوردستانی عێراقدا کۆمەڵێک ڕێکخراوی ژنان هەن و ژمارەشیان بەردەوام لە زیادبووندایە. دەتوانین ئەم ڕێکخراوانە دابەش بکەین بۆ سەر دوو گرووپ: گرووپی سێکیولەر و گرووپی ئایینی. مەبەست لە گرووپی سێکیولەر ئەوانەن کە خۆیان نابەستنەوە بە پەیڕەو و پرۆگرامی ئایینی و ئایدیۆلۆژیای گرووپە ئایینییە سیاسییەکان. ئەمەش مانای وا نییە کە ئەم ڕێکخراوانە یان کادیر و ئەندامەکانیان دژی ئایینن، بەڵکوو، بە پلەی جیاجیا، ئازادییەکی تارادەیەک ڕێژەیی لە بیر و بۆچوونی ئایینیاندا هەیە و دەتوانین بڵێین لایەنی دونیایی و لایەنی ڕۆحی ئایین لێک جیا دەکەنەوە. گرینگترین ڕێکخراوی سەر بەم گرووپە (تا کاتی نووسینی ئەم وتارە) بریتین لە یەکێتی ژنانی کوردستان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان، یەکێتی ئافرەتانی سۆسیالیست، یەکێتی ئافرەتانی زەحمەتکێشان، خانمانی سەربەخۆ و سەنتەری ڕاگەیاندنی ژنان.

لە رووی مێژووییەوە سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕێکخراوی ژنان لە کوردستان بە توندی بە بزووتنەوەی چەکداری کوردییەوە بەستراونەتەوە. تا ئەمڕۆکەش ڕێکخراوێکی بە تەواوی ئازادی ژنان لە دەرەوەی پارتە سیاسییەکاندا نییە. بۆیە خەباتی ژنان و خەباتی پارتەکان لە ئامانجدا یەکدەگرنەوە؛ ئەو ئامانجەش ناوی رزگاریی نەتەوەیی لێنراوە. هەرچەندە «رزگاریی نەتەوەیی» وەکوو دروشم زۆر دەبیسرێ، ئامانجی حیزبە کوردییەکان لە واقیعدا سەرکەوتنی چەکداریی و بەدەستهێنانی دەسەڵاتە. بۆیە ئامانجی ڕێکخراوەکانی ژنانیش (لە هەموو پارچەکانی کوردستان) لەم دوو خاڵەدا بەرجەستە دەبێت: سەرکەوتنی سەربازی و وەدەستهێنانی دەسەڵات.

لە رووی ڕێکخستنیانەوە، ئەم ڕێکخراوانە پێکهاتوویەکی هەرەمی و سیاسەتێکی پاترۆناژیان هەیە: واتە حیزبایەتی و خزمایەتی و دۆستایەتی پایە و پلەی لێپرسراو و ئەندامان دیاری دەکەن. زۆربەی ئەو

# ژنی کورد و ئیسلامیزم:

## باری ژنی کورد لە کوردستانی عێراق لە دوای شەڕی کەنداو

• بەشی دووهەم و کۆتایی •

نەزەند بەگیخانی

ژنانەی لەو ڕێکخراوانە کار دەکەن و پایەی بەرزیان هەیە خزم و ئەندامی خێزانی لێپرسراوە سیاسییەکانن. ئەم پەیوەندییە وا لە ژنان دەکات سەربەخۆ نەبن و ببن بە پاشکۆی پیاوەکان و دوا بە دوای ئەمەش حیزبەکان. لە ئەنجامدا ژنانی ناو ئەم ڕێکخراوانە ناتوانن دڵسۆزی بنوێنن بەرانبەر بە ئەرکی هەرە سەرەکییان کە مەسەلەی یەکسانییە. ئەمانە وا هەست دەکەن بەرژەوەندی نەتەوەیی لەسەرەوەی هەموو بەرژەوەندییەکانە و بۆیە دەیخەنە پێش یەکسانی ژێندر. بەرژەوەندی نەتەوەییشیان بە پێوەر و پرۆگرامی حیزبەکانیان دەپێون. لە ئەنجامدا چالاکی کۆمەڵایەتی ئەم ڕێکخراوانە دەبەسترێتەوە بە پێویستی خەباتی چەکداری نەک بە پێویستی پێشکەوتن، هۆشیاربوونەوەی ژن و دابینکردنی دیمۆکراسی. بۆیە ئەو ئامانجانەی لە ستاتوی دامەزراندنی ڕێکخراوەکان بانگاشەیان بۆ کراوە تەنها وەکوو وشە و بێنرخ ماونەتەوە.
بۆ نموونە: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کە لە ساڵی ۱۹۵۲دا لە ناو پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە دایک بووە، نووسیویەتی «ئامانجی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بریتییە لە پارێزگاریکردن لە مافی ژنان لە هەموو بوارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریدا».[۱۵] یەکێتی ژنانیش کە لە ساڵی ۱۹۸۹ لە ناو یەکێتی نیشتمانیدا سەری دەرهێنا، دەڵێ: «ژنان ڕێکخراوێکی سەربەخۆی دیمۆکراتیی کراوەیە بۆ هەموو ژنێک بە بێ جیاوازی ڕەگەز و ئینتیمای سیاسی».[۱۶] لە کردەوەدیاندا هیچ کام لەم دوو ڕێکخراوە نەیانتوانیوە کردەوەکانیان بهێننە ئاستی وشەکانیان.

ڕێکخراوە سێکیولەرەکانی دیکەش، هەر یەکەیان بە شێوازی خۆی سەر بە پارت و گرووپێکە. کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان سەر بە پارتی کۆمۆنیستە، ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان سەر بە یەکێتی کرێکارانە، یەکێتی ئافرەتانی زەحمەتکێشان سەر بە پارتی زەحمەتکێشانە و... هتد. زۆربەی ئەم ڕێکخراوانە لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای مارکسی دان.

هەر یەکێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان بڵاوکراوەی خۆی هەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە نێوان ئەندام و پارتیزانەکانی خۆیان بڵاودەکرێنەوە. لەم بڵاوکراوانەدا ڕۆڵی سیاسیی ژنی کورد لە مێژوودا زۆرترین لاپەڕە داگیر دەکات. لە پاڵ ئەمە، ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان و هەواڵی کوشتنی ژنان لە هەندێک لەو بڵاوکراوانە، بە تایبەتی مارکسییەکان دەورووژێندرێن. هەندێک لەم ڕێکخراوانە بە توندی ئەم کردەوانە تاوانبار دەکەن و ڕەخنە لە لێپرسراوە سیاسییەکان دەگرن. ئەو لایەنەی زیاتر ئەو ڕەوتە پەیڕەو دەکەن ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانە کە جوامێرانە بەرگری لە مافی ئافرەت دەکات و دژی تیرۆرکردنی ژن دەنگ هەڵدەبڕێت. ئەمە و زۆربەی ڕێکخراوە مارکسییەکان دەنگێکی ڕەسەنتریان هەیە لە یەکێتی ئافرەتان و ژنانی کوردستان کە سەر بە لایەنە شەڕکەرەکانن (واتە یەکێتی و پارتی). ڕێکخراوە مارکسییەکان مەسەلەی یەکسانی ماف و ئازادی ژن بە ئاشکرایی دەوروژێنن و ڕەخنە لە لێپرسراوە حیزبییە دەسەڵاتدارەکان دەگرن و داوای گۆڕینی یاسای ئەحوالی شەخسی عێراقی دەکەن. هەروەها هانی دوو ڕێکخراوە کلاسیکییەکە دەدەن دژی پەرلەمان و حکومەتە «کارتۆنییەکانی» کوردستان هەڵگەڕێنەوە. شایانی باسە، ئەم ڕێکخراوانە، داوای چاککردنی بار و ستاتوی هەموو ژنانی عێراقی دەکەن. خاڵی نێگەتیڤی ئەم ژنانە توندڕۆیی یە لە پەیڕەو و کاریاندا کە لە لێکدانەوەی ورد و مێتۆدۆلۆژی بە دوورە و زیاتر توڕەیی پێوە دیارە نەک بیرکردنەوە. گومانی تێدا نییە کە ئاخاوتن دەربارەی ئازادیی ژن و ڕەخنە گرتن لە یاسای شەخسی عێراقی کە لەسەر شەریعەتی ئیسلامی هەڵچنراوە، ئیسلامییەکان نارەحەت دەکات؛ بۆیە ئەم ڕێکخراوانە لە ژێر فشاری ئیسلامییەکان دان و ئازادیی جووڵانەوەیان دیاریکراو و کەمە.

سەرەڕای خۆبەستنەوەی سیاسییان، ڕێکخراوانی سێکیولەر لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم هەوڵیاندا باسی ستاتوی یاسایی ژن بگەیەننە پەرلەمان. ئەوەبوو لە ساڵی ۱۹۹۲دا ژنان داواکارییەکیان بەرزکردەوە بۆ گۆڕینی کۆمەڵێک بڕگە لە یاسای شەخسی عێراقی کە حکومەتی هەرێم بڕیاری دابوو بە بێ دەستکاری پەیڕەوی بکات. سەرچاوەی ئەم هەوڵە باوەڕهێنان بوو بەوەی کە یاسا دەتوانێ کار لە ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان بکات، بۆیە دەبێ گۆڕانەکان لە سەرەوە ڕا بڕیاریان لەسەر بدرێت. داواکارییەکەی ژنان بریتی بوو لە قەدەغەکردنی فرەژنی، یەکسانی لە شایەدی داندا، یەکسانی لە میراتگرتن، دانان بە مافی ژن لە تەڵاقداندا. ئەم داواکارییە لە لایەن گشت ڕێکخراوە سێکیولەرەکان (ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان ئەوکات دروست نەببوو) و ئەندامە ژنەکانی پەرلەمان و سێ هەزار و چوار سەد ژنەوە ئیمزا کرا و خرایە بەردەمی پەرلەمان. بەڵام پەرلەمانی (بەناودیمۆکراتی) کوردی کە لە تەک حەوت ئەندامی ژن، حەوت مەلای سەر بە هەردوو حیزب (پێنجیان سەر بە پارتی و دوویان سەر بە یەکێتی) ی تێدابوو دەنگی بۆ نەدا، بۆیە ئاواتی ژنان لەوکاتەوە کەوتە ژێر پێوە و مافەکانیان زیاتر و زیاتر پێشێل کران.

ئایا ژنان نەدەبوایە لەو کاتەوە تێبگەن کە ئەو پیاوە سیاسییانەی ئەوان پشتگیرییان دەکەن لە کردەوەیاندا هیچ حیسێبێک بۆ مافی ژن و مرۆڤایەتیی ژن ناکەن؛ ژن کە لە ئاخاوتنی پیاوانی سیاسی و بە ناو ناسیۆنالیستدا بایەخێکی زۆری پێدەدرێ و هەردەم بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاستێکی ئایدیالیی ئەفسانەئامێز، لە واقیعدا وەکوو مرۆڤ سەیر ناکرێ؟

لە ڕاستیدا، ناکۆکی لە نێوان ئارەزووی بەئەفسانەکردنی ژن لە ئاخاوتنی ناسیۆنالیدا و ئەو ڕەفتارەی بە کردەوە لەبەرانبەریدا پەیڕەو دەکرێت، ژنی

کوردی بەرەورووی واقیعێکی سەخت کردۆتەوە: لە بەرانبەر وشە پەنماوەکانی ئاخاوتنی سیاسیی ناسیۆنالیدا، ژنان مەست دەبن و بە دوای ئەوەدا دەگەڕێن مەبەستی سیاسی پیاوەکان تێر بکەن. بۆیە رەفتار و کردەوەیان، وتەکانیان، هەڵسوکەوتی رۆژانەیان، تەنانەت جلوبەرگ و پۆشاکیشیان دەهێننە ئاستی زەوق و پێوەری نێر. ئەمە ژنان لە مەبەست و ئامانجی خۆیان دادەبڕێنێت و دەیانکات بە ئامرازی تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی نێرینەی کورد. بۆیە لە ئاست کردەوە نامرۆڤانە و ناشیرینەکانی پیاوەکان بێدەنگ دەبن و رێکخراوەکانیشیان دەکەنە سەکۆی ئایدیۆلۆژیای سیاسیی حیزبەکانیان. ئەم واقیعە وای لە ژنی کورد کردووە چاو لە ناسنامەی تایبەتی خۆی وەکوو مرۆڤ و ژن بپۆشێت و مافە رەواکانی خۆی نەناسێت.

### ۳ ـ ۲: رێکخراوی ئایینیی ژنان

بە پێی ئەو زانیارانەی تا ئێستا دەستمان کەوتوون، نوێترین رێکخراوی ژنان لە کوردستانی عێراق بریتیە لە «یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان». دامەزراندنی ئەم رێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی ئەم چەند ساڵەی دوایی کوردستان کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد و بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی هەست و سۆزی ئایینی ـ سیاسی و گەشەسەندنی ئیسلامیزم. بۆیە دەتوانین بڵێین دروستبوونی ئەم رێکخراوە وەڵامێکی راستەوخۆی نەمانی ئەلتەرناتیڤ و ناهاوسەنگیی رۆحی و دەروونی یە.
رێکخراوی خوشکانی ئیسلامی، پرۆگرامی کار و چالاکیەکانی لە ئیسلامیزم وەردەگرێت و دەیکا بە ئایدیۆلۆژیای خۆی. لە رووی سیاسییەوە، ئەم رێکخراوە بە بزووتنەوە و یەکگرتووی ئیسلامییەوە بەستراوەتەوە کە لە رووی ئایدیۆلۆژی و داراییەوە پشتگیرییان دەکەن. ئەگەرچی ئەم رێکخراوە نوێیە، بەڵام جەماوەرێکی زۆری هەیە و چالاکییەکانیشیان زۆر بواری گرتۆتەوە. بە هۆی دەرامەتی زۆر و دیماگۆژی سیاسەتیان، «خوشکان» کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر خەڵک هەیە، بە تایبەتی خەڵکی هەژار و نائومێد کە ئەمرۆ ژمارەیان یەکجار زۆرە لە کوردستان. جگە لە چالاکییە مەیدانییەکانیان و پەیوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵ خەڵکدا، خوشکانی ئیسلامیی کوردستان بڵاوکراوەیەکی تایبەتیان بە ناوی ***«بێداریی خوشکان»*** هەیە و لە رێگایەوە ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی پەخش دەکەن و داوای گەڕانەوە بۆ رابردوو، بۆ «رەگ و ریشە» دەکەن. لە ***«بێداریی خوشکان»*** دا پارتیزانانی ئەم رێکخراوە بە هەمان چەشنی برا ئیسلامییەکانیان، پشت بە ناسنامەی کولتووریی (ترادیسیۆن، ئایین) دەبەستن و پڕوپاگەندەی دژ بە نوێخوازی بڵاودەکەنەوە. سەرچاوەی سەرەکی ئەمانە کتێبی قورئانە کە بە روانینێکی سیاسییانە و نامێژووییانە بیروڕای لێهەڵدەهێنجن. هەروەها بە ناوی قورئانەوە رەخنە لە ژنانی سێکیولەر دەگرن دژی گۆڕینی یاسای شەخسی عێراقیش دەوەستن. بۆنموونە: «یاسای میرات، لەبەرئەوەی کە دەقی قورئانی لەسەرە و بەشێوەی نیو بەشی خوشکە لە بەرانبەر برادا، ئەوا بە هیچ جۆرێک دەسکاریکردنی رێپێدراو و دروست نییە».[17]
دروشمی ***«بێداریی خوشکان»*** کە بریتیە لە **«هوشیاری، پەروەردە، خێزان»**، رۆڵی ژن بچووک دەکاتەوە بۆ ناوماڵ و گوێرایەڵی مێرد و پەروەردەی منداڵ. بە روانگەی ئەوان، مەسەلەی هۆشیاری و پەروەردە بۆ ژن بە ئەندازەی ئەوە گرینگە کە بۆ بەختەوەری مێرد و خێزان بەکاربهێنرێت، نەک بۆ گەشەپێدان و سەربەخۆیی خودی ژن وەکوو مرۆڤ. خوشکانی ئیسلامی مرۆڤایەتی خۆیان لە منداڵ خستنەوە و خزمەتی نێردا دەبینن نەک لە وەدەستهێنان و پیادەکردنی مافە مرۆڤایەتییەکانیان. ئەم ژنانە کە بە تەواوی رێبازی حیزبە ئیسلامییەکان پەیرەودەکەن، تائێستا نەیانتوانیوە مەسەلەی هەستیار لە دەرەوەی ئارەزووی ئەوان بورووژێنن. بۆیە تائێستا هیچ گیروگرفتێک لە نێوان ئەم ژنانە و ئیسلامییەکاندا نییە و پەیوەندییەکی بەهێز پێکی بەستوونەتەوە.

### ۳ ـ ۳: چالاکی ژنان دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ

شەڕی ناوخۆ تەنها نەبووە هۆی دابەشبوونی کوردستانی باشوور بەسەر دوو پارچەدا و دابەشبوونی کورد بۆ سەر دوو سەنگەر، بەڵکوو، هەروەکوو عەبدوڵلاپەشێو دەڵێت، بووە هۆی دابەشبوونی فەرهەنگ و وشەی کوردیش. لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕ، ژنان وێرای برا شەڕانگێزەکانیان لە نێوان خۆیان دابەشبوون و چوونە سەنگەری سەربازی ئەوانەوە. سەرەڕای ئەم دابەشبوونە، سەرەتا ژنان خواستی خۆیان لە ئاشتی و دژایەتی شەڕ لە هەوڵێکدا بەرجەستە کرد کە هەر زوو نشوستی هێنا. ئەم هەوڵە لە هاوینی ١٩٩٤دا دەستی پێکرد کاتێ چەند ژنێک رێپێوانێکی ئاشتییان لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر ساز کرد. ئەم ژنانە کە زۆربەیان لە یەکێتی ژنانی کوردستانەوە نزیک بوون، باوەڕی تەواویان بەوە هەبوو کە هەموو مەینەتی و چەوسانەوەکان بەندن بە بوونی شەڕەوە. بۆیە بە جۆشەوە دەنگی نارەزاییان بەرزکردەوە و بڕیاریان دا لە سلێمانییەوە بە پێ بچنە هەولێر بۆ خۆپیشاندان لەبەر دەم پەرلەمان. دەنگ و باسی ئەم رێپێوانە لە گوند و شارۆچکەکانی نێوان سلێمانی و هەولێر سەرنجی ژنێکی زۆری راکێشا کە دەنگی خۆیان تێکەڵی ئەم هەوڵە ئاشتیخوازییە کرد.

بانگەوازی ئاشتیی ژنان لە کوردستان دەنگی دایەوە و سنووری سەنگەرەکانی بڕی و ژنانی سەر بە پارتیش لە گوند و شارۆچکەکانی سەر رێگا و دەوروبەر هاتنە ناو رێپێوانەکە. دوای بڕینی ٣٠٠ کیلۆمەتر و زەحمەتێکی زۆر خۆیان گەیاندە بەردەم پەرلەمان و چەند رۆژێک لەبەردەم پەرلەمان مانیان گرت. داخوازیی سەرەکیی ئەو ژنانە بریتی بوو لە: «گەڕانەوەی ئاشتی و پەیڕەوکردنی مێتۆدی دیمۆکراتی بۆ چارەسەرکردنی گشت کێشە و گیروگرفتێک».[18] ئەگەرچی ئەم رێپێوانە لە دەزگا و رۆژنامەی زۆربەی حیزبەکان دەنگی دایەوە و چەندەها رێکخراوی جیهانیش بە فریایان هاتن، کەچی هیچکام لە سەردارانی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە پێشوازییان لێنەکردن و گوێیان لە داواکارییەکانیان رانەگرت. سەرەک وەزیر و سەرۆکی پەرلەمانیش وەکوو داردەستی حیزبەکانیان هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو.
بێدەنگی پیاوانی سیاسی لە ئاست داخوازی ژنانی رێپێوەری ئاشتی تاکە بەڵگە نییە بۆ دەرخستنی حەقیقەتی روانینیان دەرهەق بە ژن. بەڵام بۆ ژنان دەبوایە ببێت بە بەڵگەیەکی رەها و هانیان بدات واز لە خۆبەستنەوەی حیزبیان بهێنن و ئازاد و سەربەخۆیانە بۆ مافی مرۆڤ و ئاشتی و دیمۆکراسی تێبکۆشن. ئەگەر ژنان لە حیزبەکانیان هەڵگەڕابانەوە، لەوانەبو ببن بە هێزێکی گەورەی ئاشتی و دیمۆکراسی و بیانتوانیبایە کوردستان لە دۆزەخی شەڕی ناوخۆ بپارێزن و دوارۆژێکی مرۆڤانەش بۆ کورد دابین بکەن. بەڵام بە داخەوە، لەو کاتەوە رێکخراوەکانی ژنان لەسەنگەری حیزبەکانیاندا بە ناراستەوخۆیی بەرگری

لە شەڕ دەکەن. چالاکییەکانیان زیاتر بریتین لە نیمچە کاروباری پەروەردەیی و پیشەیی (بۆنموونە: بەرگدروون، چنین). ئەمەش تارادەیەک پێویستی ئابووری و سایکۆلۆژی بەشێک لە بێوەژنان دابین دەکات و وەڵامێکی پۆزەتیڤە بۆ خێزانی «شەهیدەکان!». شایانی باسە یەکێتی ژنان لە هی ئافرەتان لەسەر پێتر و چالاکترە و هەوڵیش دەدات لە سەربەخۆیی بیرورا نزیک بێت. (ڕۆژنامەی ***ژیانەوە*** ئەم هەوڵەی بەرجەستە دەکرد).

ڕێکخراوەکانی دیکەی وەک کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان و ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، بە هۆی بێلایەنی حیزبەکانیان، ڕۆڵێکی ناوەنجییان لە هەڵوێست و چالاکییاندا هەیە. ئەمانە هەروەکوو لەسەرەوە گوتمان، هەر لەسەرەتاوە رەخنەیان لە ژنانی ڕێکخراوەکانی دیکە دەگرت و داوایان لێدەکردن لە دژی حکومەتی هەرێم و سەرکردەکان هەڵگەڕێنەوە. ئەگەرچی ئەم ڕێکخراوانە و بە تایبەتی سەربەخۆی ئافرەتان لە خودی کێشەکانی تایبەت بە ژن زۆر نزیکن و لە ماف و یەکسانی ژن دەدوێن، کەچی جەماوەری ژنیان لە ڕێکخراوەکانی دیکە کەمترە. ئەمەش لەوانەیە بەند بێت بە ئایدیۆلۆژیای مارکسییەوە کە وا دەکات کار و پرۆگرامەکانیان بۆ جەماوەری ئەمرۆی کوردستان بە «ڕادیکاڵ» و توندڕەو بێنە بەرچاو. لە ئەنجامدا ڕێکخراوی خوشکان بۆتە شوێنی ئاسوودەیی دەروونی خەڵکی نائومێد و بێ ئەلتەرناتیڤی کوردستان. بە یاریکردن بە هەست و سۆزی خەڵک و قۆستنەوەی مەینەتیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ئەمرۆ ڕێکخراوی خوشکان جەماوەرێکی زۆریان لەگەڵدایە.

## ٤ . ئەنجام

### ٤ ـ ١: هەڵویستی حکومەتی هەرێم لەمەر ئەم بارودۆخە

ئەمرۆ حکومەتی هەرێم هیچ بەها و سەنگێکی نییە؛ ئەگەرچی لەسەر ئاستی ناوخۆ هەوڵ دەدات کاروباری ئیداری بڕێوەبەرێت، بەڵام لەسەر ئاستی جیهانی، واتایەکی دیاریکراو ناگەیەنێ، بە تایبەتی لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ کە دوو حکومەت و دوو ئیدارە لەم بەشەی کوردستان لەسەر پێن. جگە لەمە، پێکهاتنی ئەو حکومەتە و دروستبوونی پەرلەمان بە ڕێژەی پەنجاـ پەنجا لە یەکێتی و پارتی، هەر لەسەرەتاوە شەرعیەتی ئەو دەزگایەی کەم کردەوە و جیهانیش هەوڵی ئەدا و ئەیویست دانیان پێدابنێ. بۆیە هەروەکوو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، کوردستان بووە مەیدانی کاروباری خێرخوازی و لە سیمبۆلی ڕاپەڕین و بەرگرییەوە بووە ئۆبژێی تەکنۆکراسیی ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکان. دوای تەقینەوەی شەڕیش لە نێوان هەردوو زل هێز، حکومەت و پەرلەمان بە تەواوی لە شەرعیەت کەوتن و بوون بە سەنگەری «براکوژی». بۆیە کاتێ باسی هەڵوێستی حکومەتی هەرێم دەکەین، یەکسەر دەچینە ناو باسی هەڵوێستی یەکێتی و پارتییەوە.

ئەم دوو حیزبە هەروەکوو گوتمان کە خۆیان کرد بە خاوەنی کوردستانی وێرانبووی دوای جەنگ و ڕاپەڕین، هیچ پرۆگرامێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییان نەخستەکار بۆ چاککردنی گوزەرانی خەڵک و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە. ئەم بارودۆخە خەڵکی بەرەو ئایدیۆلۆژیایەکی ئەلتەرناتیڤ برد کە کاریگەری زۆر ترسناکی بۆ سەر دانیشتوانی ئەم بەشەی کوردستان هەیە. ئەم ئایدیۆلۆژیایە ئەلتەرناتیڤەش لە ئیسلامیزم و ترادیسیۆنالیزمدا خۆی دەنوێنێ.[19]

لێپرسراوانی هەردوو زل حیزبەکە هەڵوێستێکی دیپلۆماسی و ستراتیژییەتێکی گونجاویان لەبەرانبەر فاکتەر و نوێنەرانی ئەم ئایدیۆلۆژیایەدا نییە. لەبەرئەوەی ئەمانە لە پێناو مانەوەی خۆیان بەشەڕەوە خەریکن و مەبەستی سەرەکییان دەسەڵاتە، بە شێوازێکی دیماگۆژی رەفتار لەگەڵ توخمە ئایینی و نەریتخوازەکان دەکەن. لەم ڕەوتەدا ئەوانیش بە هەمان چەشنی گرووپ و پارتە ئیسلامییەکان یاری بە سۆز و هەست و ڕای خەڵک دەکەن و توخمە ئایینی و نەریتخوازەکان بەکاردەهێنن بۆ مەستکردن و لادانی سەرنجیان لە مەسەلە گرینگەکان و ڕاکێشانیان بۆ ناو سەنگەری حیزبایەتی. جگە لە توخمی ئایینی و نەریتخواز، ئەمانە لە ئاخاوتنەکانیاندا شکۆ لە کوردایەتیش (کە بە مانای تەسکی حیزبایەتی گوزارەی لێدەکەن) دەنێن، وەکوو فاکتەری مەستی و بێهۆشکردنی خەڵک بەکاری دەهێنن. لە ئەنجامدا ئەم دوو حیزبە نەیانتوانی گەشە بە دەزگا مەدەنییەکان بدەن و خۆیان بخەنە ژێر حوکمی یاسا.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەگەر بە وردی و بە شێوازێکی زانستی سەرنجی ڕەفتار و سترەکتوری ئاخاوتنی هەر یەک لە پارتی و یەکێتی بدەین دەرهەق بەم بارودۆخە، دەبینین جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە. لەو ناوچانەی کە لە ژێردەسەڵاتی پارتیدان (ناوچەی بادینان و هەولێر) ئیسلامیزم و ترادیسیۆنالیزم وەکوو ئایدیۆلۆژیا و پراتیک لەبرەودایە، بەڵام پارتە ئیسلامییەکان لە ڕووی سەربازییەوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بەهێزترن. ئەمە مانای وا نییە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان بارودۆخی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئەم ناوچانەدا هەیە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی ئەم ناوچانە، واتە بادینان و هەولێر، لە چاو خەڵکی نسوچەکانی دیکە، ئامادەییان زیاترە بۆ وەرگرتنی توخم و پراتیکی ئایینی و نەریتخواز. ئەمەش لەوانەیە ڕەگێکی مێژوویی هەبێت و جوگرافیاش ڕۆڵی تێدا هەبێت. ئەوەی پەیوەستە بە واقیعی ئەمڕۆ، چەند لێکدانەوەیەک هەڵدەگرێت. دەربارەی چالاکیی سەربازیی ئیسلامییەکان لە سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەریدا، دەتوانین لێکدانەوەیەکی ژیۆپۆلیتیکی بخەینە ڕوو. زانیمان زۆربەی گرووپە ئیسلامییەکان کۆرپەی ڕژێمی ئیسلامیی ئێرانن و لەویش یارمەتیی ماددی و لۆژیستیکی و سایکۆلۆژی وەردەگرن. بۆیە لەو ناوچانەی کە لە سنوری ئێرانەوە نزیکن ئەم گرووپانە بەهێز و لەسەرپێن و سەنگەری خۆشیان هەر لەوێ قایم دەکەن. بزووتنەوەی ئیسلامی کە بەهێزترین گرووپی ئیسلامی سیاسی کوردییە هەر لەسەرەتاوە لەم ناوچەیە سەریهەڵدا و (ناوچەی هەڵەبجە و دەوروبەری) گەشەی بە چالاکییە چەکدارییەکانی دا. یەکێتی کە ئەم ناوچانەی لە ژێر دەستدایە ستراتیژیەتێکی دیارکراوی بەرانبەر بەم پارتە ئیسلامییانە نییە. پێش تەقینەوەی شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی و پارتی، یەکێتی سیاسەتێکی ڕادیکالانەی دژی بزووتنەوەی ئیسلامی پەیڕەودەکرد. ڕووداوە چەکدارییەکانی نێوان ئەم دوو حیزبە لە کۆتایی ساڵی ٩٣ و سەرەتای ٩٤دا ڕادیکالیزمی یەکێتییان بەرجەستە کرد. ئەگەرچی لێدانی یەکێتی لە بزووتنەوەی ئیسلامی ستراتیژیەتێکی دیاریکراوی نەبوو: شەڕەکە ڕووبەڕووبوونەوەی دوو ئایدیۆلۆژیای دژ بەیەک نەبوو بە قەد ئەوەی شەڕی نێوان دوو سەنگەری چەکدار بوو. واتە مەبەستی یەکێتی لە لێدانی بزووتنەوە لاوازکردنی هێزی چەکداری بزووتنەوە بوو وەکوو مونافسێک نەک هێزی ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕەکەیان؛ ئەمەش زیاتر لەوەوە دێت کە

گەشەی بزووتنەوە لە رووی چەکدارییەوە هەڕەشەی لە هێزی سەربازیی یەکێتی دەکرد و جەماوەری کەم دەکردەوە و مانەوەی دەخستە مەترسییەوە. بۆیە ئەگەرچی لە دوای لێدانی ٩٤ بزووتنەوە لە رووی سەربازییەوە لاواز بوو، بەڵام لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە زیاتر گەشەی سەند و دەمارگیری زیاتری هێناکایەوە کە ئەمڕۆ لە حیزبی حەماسدا خۆی دەنوێنێ.

نەبوونی ستراتیژیەتێکی قووڵ لە دژی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیزمی بزووتنەوە، ئەمڕۆ زیاتر هەستی پێدەکرێ. واقیعی کوردستان و فاکتەری ژیۆپۆلیتیکی ئەمڕۆ یەکێتی و بزووتنەوەی لێک نزیک کردۆتەوە. جگە لە نزیکی جوگرافی، خاڵی هەرە گرینگی ئەم واقیعە ئەوەیە کە یەکێتی و بزووتنەوە هەردووکیان لایەنگیری کۆماری ئیسلامیی ئێرانن و مانەوەیان بە بوونی ئەوەوە بەستراوەتەوە. ئەم هۆکارانە، بە تایبەتی ئەوەی دواییان، وایان لە یەکێتی کردووە ئەمڕۆ هەمان هەڵوێستی رادیکالانەی جارانی نەبێت لەبەرانبەر بزووتنەوە، تەنانەت بە فەرمانی ئێران لەگەڵیشیان دادەنیشێ و پەیمانیشیان لەگەڵ دەبەستێ. ئەم پەیوەندییە دیماگۆژیەش ئەوە روون دەکاتەوە کە وەکوو زلهێزێکی دەسەڵاتدار، یەکێتی بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی کوردستان و کێشەی کورد خاوەنی پرۆگرامێکی سیاسی کۆمەڵایەتی پۆزەتیڤ نییە. ئەم لێکدانەوەیە ئەوە ناگەیەنێ کە یەکێتی لە رووی ئایدیۆلۆژیەوە لە بزووتنەوە نزیکە، بەڵکوو نەبوونی ستراتیژیەت و مێتۆدی سیاسی گونجاو هەروەها پشتگوێخستنی بەرژەوەندییە گشتی و جەوهەرییەکان لە پێناو دەسەڵات و بەرژەوەندیی کاتی و تەسکی حیزبایەتی زیاتر ئەم هەڵوێستە روون دەکەنەوە.

دەربارەی هەڵوێستی پارتی لێکدانەوەکان جیاوازن. ئەگەرچی پارتی و یەکێتی هەردووکیان پێکهاتوویەکی عەشایریان هەیە و لە دەوری یەک ئامانج دەخولێنەوە کە ئەویش لەدەست گرتنی دەسەڵاتە، بەڵام لە مێتۆد و سترەکتورجیاوازیان هەیە. سترەکتوری پارتی زیاتر بە توخمی نەریتخوازەوە بەندە؛ دینامیکی بنەماڵە و گرووپ و تەنانەت مەزهەبیش پارتی بڕێوە دەبەن. بۆیە پێوەرە کۆنەکانی بەرێوەچوون و مانەوەی گرووپ (بۆ نموونە وەک میراتگری) نرخێکی مەزنیان هەیە و پەیڕەودەکرێن. جگە لەمە، دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی رێژەیی جەماوەری پارتی، لە دەرەوەی مەرجی جوگرافی کە مافی هەڵبژاردن لەبەردەم تاک ناهێڵێتەوە و تەواوی خەڵکی ناوچەیەک ملکەچی لایەنێک دەکات، زیاتر خەڵکی چینەکانی ژێرەوەی کۆمەڵن کە ئامادەگییان بۆ ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتی ناعەقلانی و باو زیاترە لە چینەکانی تر. ئەمە مانای وا نییە خەڵکی رۆشنبیر و زانا و لێهاتوو لەناو پارتیدا نین، بەڵام لە چاو یەکێتی کە زۆربەی لێپرسراو و ئەندامانی باڵای سەر بە دەستە و چینی ناوەراستن جیاوازە. ئەم خاڵە زیاتر پێکهاتووی نێوەندیی هەردوو لایەن دەگرێتەوە، ئەگینا پێشمەرگە و خەڵکی بازنەکانی دەرەوەی مەکتەبی سیاسیی هەردوو حیزب هەمان ئاستی شارستانی و رۆشنبیرییان هەیە و خەڵکی رەش و رووتی کوردستانن. لە لای هەردوو لا بەهای گرووپ لە بەهای تاک گرینگترە. بەڵام لەبەرئەوەی یەکێتی لەسەر بونیادی بیری مارکسی دامەزراوە روانینی بۆ ئایین و ترادیسیۆن جیایە: لە کاتێکدا پارتی ئایین و ترادیسیۆن بە کولتوور و ناسنامەی حیزب و کۆمەڵەکەی حسێب دەکات، یەکێتی گرینگییان پێنادا و تەنانەت بە بێباکی رەفتاریان لە تەکدا دەکات و لە پەیوەندیکردنیش لەگەڵ ئیسلامییەکان دیپلۆماسیەت نانوێنێ. بۆیە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم توخمانە پارتی شێوازێکی شەعبی و دیماگۆژی هێمنی هەیە و دەزانێت چۆن هەڵیان سەنگێنێ و رای گشتی جەماوەریشیان پێبباتەوە. بەڵام یەکێتی ئەم شێوازەی نییە و زیاتر رادیکالانە رەفتار دەکات: یان لێیان دەدات یان لەگەڵیان رێک دەکەوێت. بە واتایەکی تر، دەتوانین بڵێین، پارتی دیماگۆژییانەترە لە یەکێتی و لە یەکێتی چاکتر سوودی لەو توخمانە وەرگرتووە و بەرژەوەندیی خۆی لەگەڵ تێکەڵ کردوون و جەماوەری خۆی پێ زیاد کردووە. ئەو جەماوەرەی لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستانیشدا تووشی ناهاوسەنگی رۆحی و سایکۆلۆژی بوون و ئەلتەرناتیڤ لە ئایین و ترادیسیۆندا دەدۆزنەوە، رەوتی پارتی پەسەندتر دەکەن. ئەفسانەی «ژەنەراڵ بارزانی»یش کە لە خەیاڵی میللیی خەڵکدا وێنەی باوکی کوردی وەرگرتووە، هاندەرێکی بەهێزە بۆ برەودان بەم رەوتە (چونکە لە خەیاڵی میللیدا گەڕانەوە بۆ باوک، واتە گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ریشە، بۆ داب و نەریت، بۆ کوردایەتی). پێویستە ئەوەش بڵێین کە هەردوو بەشی حیزبوڵڵای کوردستان لە لایەن ئەندامانی خێزانی بارزانییەوە سەرکردایەتی دەکرێن.

### ٤ ـ ٢: کۆتایی

ئەگەرچی ژن لە کوردستانی عێراق لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریدا رۆڵێکی چالاکی هەبووە، بەڵام لە سەر ئاستی یاسا حیسێبی مرۆڤێکی تەواوی بۆ نەکراوە. حاڵەتی جەنگی بەردەوام و تێکشکانی سترەکتوری کۆمەڵ لەسەر هەموو ئاستێک، کۆدە باو و کۆنەکانی ژیاندۆتەوە و لە ئەنجامدا ژنی خستۆتە بەردەم هەموو جۆرە مەترسییەک، تەنانەت کوشتنیش.

لە کاتێکدا ناسنامەی کولتووری (ترادیسیۆن، نەریت، ئایین) دەخرێتە دەرەوەی پرۆسەی مێژوو، ئەوە وەکوو پێکهاتوویەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نابینرێت. لەم بۆچوونەوە، ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا بە ناوی داکۆکی کردن لەم ناسنامەیە و گەڕانەوە بۆ «ڕەگ و ریشە» فشارێکی دەروونی گەورە دروست بووە. ئەم فشارە لە بەکارهێنانی توندوتیژییدا رەنگی داوەتەوە، ندوتیژییش جگە لە پراتیککردنی لە مەیدانەکانی جەنگ، بە پلەی یەکەم لە دژی ژن و لەسەر جەستەی ژن پەیڕەو دەکرێت. ئەم بارودۆخە پەیوەستە بە گرفتی سیاسی ـ ئابووری (ناوچەیی و کوردی) و بەردەوامی شەڕ. بە بێ کولتوورێکی دیمۆکراسی و رێزنان لە مافی مرۆڤ بە ژن و پیاوەوە گۆڕینی ئەم بارودۆخە ئەستەمە. ■

15-"Kurdish Testimonies Given at the UN Social Summit" in Copenhagen NGO Forum, 3-12 March 1995, published at the 4th UN
World Conference for Women, Beijing, Sep.1995, pp. 19-23.

١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٧- **بەیان نوری**، «یاساکانی ئەحوال شەخصی و چەند سەرنجێک»، ***بێدلریی خوشکان***، بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیرییە راگەیاندنی لقی سلێمانی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان دەری دەکات، ژمارە سفر، حوزەیرانی ١٩٩٦، ل٩.

١٨- لە کاسێتی ڤیدیۆی «رێپێوانی ئاشتی» وەرگیراوە.

١٩- ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراق (پ. ک. ک)ش جەماوەری زۆرە و وەکوو ئەلتەرناتیڤی دووەم دەبینرێ.

# مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا

لێکۆڵینەوە و نووسینی:

• «ژیلا. ف» و «تەیفور» •

بەشی چواردەهەم و کۆتایی

## باسێکی مێژوویی لە سەر مافی ژن لە کوردستاندا

لە بەشی دووهەمی ئەم وتارانەدا چەند بڕگەیەکمان لە یاسای عێراق هێنایەوە و زانیمان کە لەم یاسایانەدا هەموو پیاوانی بنەماڵەیەک دەسەڵاتیان تا ڕادەی کوشتن بەسەر ژنانی بنەماڵەکەدا هەیە.[1] دەزانین لە یاسای ئیسلامدا بۆ زینا چوار شاهید فەرز کراوە، کەچی لەم یاسایەدا پیاوە بۆ خۆی بڕیار دەدا و پێویستی بە دادگا و شایەت نییە. واتە لە یاسای عێراقدا نەریتی عەشیرەتی زاڵە بەسەر ڕوانگەی یاسادانەردا. دیارە پاش ئەو چاوخشاندنە بە مێژوودا دەزانین کە ئەم جۆرە ڕوانگە و ئەم کولتوورە کە بەسەر کۆمەڵدا زاڵە، چۆن شکڵی گرتووە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو بەشە خاکە کە ئەوڕۆ پێی دەگوترێ عێراق و دوای شەڕی یەکەم لە عوسمانی جیاکرایەوە، ئینگلیس دەستی بەسەردا گرت. وڵاتانی ئورووپاییش هەرچی لەنێو خۆیاندا پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی گەشەی کردبێ، دیسان لە وڵاتانی ژێردەستیاندا لە چین و توێژە هەرە دواکەوتووەکان پشتیوانی دەکەن و فوو بە کوانووی کولتووری کۆن و دواکەوتوودا دەکەن. وەک دەزانین لە تورکیا هەتا ئاخر پشتیوانییان لە خەلیفەی عوسمانی دەکرد و لە عێراقیش پشتیوانی بنەماڵەی فەیسەڵ بوون. واتە ئەوان ڕاگرتنی ئەو نیزامە کۆنەیان بە قازانجە و دەستی لێ نادەن یا خۆ دەبنە هۆی هەرە دواکەوتوتر بوونی.

بۆ وێنە: لە ١٩٥٢ (کاتێک کە خوێندن بۆ هەموو خەڵکی ئینگلیس بە کچ و کوڕەوە ئیجباری بووە) لە هەموو پارێزگای هەولێر ٧٥٩ و لە پارێزگای سلێمانی ١١٣٢ کچ دەچوونە قوتابخانەی سەرەتایی. لە هەولێر ٣٩ مامۆستای ئافرەت و لە سلێمانی ٤٩ مامۆستای ئافرەت بۆ دەرس گوتنەوە هەبووە.[2]

دوای ئینگلیسییەکانیش کێشەی سیاسی ناوخۆ هەتا ماوەیەکی زۆر ڕێگای نەدا کە هێمنی و، دەرفەتێکی وەها بێتە ۆڕێ کە خەڵک بیپەرژێ بیر لە یاسای مەدەنی بکاتەوە. هاتنەسەرکاری بەعس کە ڕیشەی لە نێو عەشیرەت گەریدا بوو ئەو فەرهەنگە عەشیرەتییە ئیسلامییەی، ئەوەندەی دیکە کرد بە یاسایی و زیاتر دای سەپاند.

ئێستا بە گشتی هەلومەرجی ژیان و مافی ژنان ئاوایە کە لەو وڵاتانەی کە کورد تێیدا دەژین، یان دەسەڵاتی یاسایی کۆنەپەرستانەیە کە لە شارستانییەت و کەرامەت و بیری ئینسانی ئەوڕۆیی دوورە، یان ئەگەر یاساش ڕێگا بدا کولتووری دیکتاتۆری و باوک سالاری وەها زەختی زۆرە کە نە تەنیا ڕێگا بە هاتنە گۆڕی بەرانبەریی ژنان و پیاوان نادا، بەڵکوو پێش بە هەر جۆرە باس و لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە و خەبات بۆ وەدەست هێنانی ماف دەگرێ.

دەزانین کە سەدەی بیستەم سەدەی خەباتی کورد بۆ بەدەست هێنانی چارەنووسی خۆی بووە. کەم و زۆر بە هەر ڕوانگەیەکەوە بووبێ، لە هەر حاڵەتێکدا جووڵانەوەیەک هەر هەبووە. لە شۆڕشی ئاراراتەوە بگرە هەتا ئێستا، جووڵانەوەیەکی چەکداری لە پاڵ جووڵانەوەیەکی ڕووناکبیریدا خۆیانیان هێناوەتە ئەم قۆناغە. جاری وایە جووڵانەوە ڕووناکبیرییەکە ملی بۆ هێزە چەکدارییەکە کەچ کردووە و جاری واش بووە جووڵانەوە چەکدارییەکە پرسی بە ڕووناکبیرەکانی کردووە، بەڵام پێوەندی ئەم دوو بەشە ئەوەندە نەبووە کە پێکەوە هەوڵ بدەن جێگرێک بۆ ئەو فەرهەنگ و نیزام و یاسا دواکەوتووە بکەن کە خۆیان لەگەڵ (بەشێکی دا) شەڕیان هەبوو. هەوڵ بدەن بێچمێکی دیکە جگە لەوەی کە هەیە بە کۆمەڵانی خەڵک نیشان بدەن. لەم بوارەدا ئەگەر بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، ئاکامی قسەکە دەبێتە ئەمە کە: لە هیچ ڕێکخراوێکی کوردیدا نەدیتراوە کە مەسەلەی ژنان وەکوو مەسەلەیەکی جیدی بێتە گۆڕێ و باسی لەسەر بکرێ و ڕێگا چارەیەک پیشان بدرێ. جا با دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیشی بەتەواوی نەبووبێ.

"هیچ نیشانەیەک لە بەشداریی ژنان لە ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموود و یا لە دەزگای دەوڵەتی ئەودا نییە، تەنیا ژنێک بە نێوی حەفسە خان کە لە خزمەکانی شێخ مەحموود بووە جێگایەکی تایبەتی هەبووە و سەپرستی پێڕاگەییشتن بە کاروباری ئەو ئینگلیسییانە بووە کە بە فەرمانی شێخ مەحموود گیرابوون"[3]

"هیچ نیشانەیەک بەدەستەوە نییە کە لە جمهوری مەهاباددا ژنێک سەرپەرستی کارێکی حیزبی یان هێزی پێشمەرگە بووبێ، یەکیەتی ژنان پێک هاتبوو لە ژنانی دەستڕۆیشتوو و هەر گەڕەک بەرپرسێکی هەبووە". "لە پەخشانێکدا کە سەبارەت بە"ڕێنوێنی ژنان"نووسراوە، نووسەر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ژنی باش ئەو ژنەیە کە ژنێکی مل کەچ بۆ پیاوەکەی بێ. (کوردستان ژمارە ٢٧ ، ٢٥ مارس ١٩٤٦ ل ٣).[4]

لە ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا"ڕەئیسی هیئەتی میللی کوردستان حاجی باباشێخ"دوو بڕیاری دەربارەی دوو مەسەلەی کومەڵایەتی گرینگ بڵاو کردۆتەوە: ڕەدوکەوتن و پرسەی مردوو.

ڕەدوکەوتنی کچان و ژنان قەدەغەیە.

لەسەر قەراردادی هەیئەتی میللی کوردستان هەر پیاوێک بەزۆر ژنی بە مێرد، گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە، ڕاکێشێ دەبێ بکوژرێ. بەزۆر ئەگەر کچێکیش ڕاکێشرێ دەبێ ئەو پیاوە بکوژرێ. ئەمما کچی خوازبێنی بکا و مانیعی شەرعیش نەبێ، بە مێرد نەبێ و کچەکە ڕەزای ببێ جەزای نییە وەگەرنە لە ٣ مانگەوە تا ٣ ساڵ حەبس دەکرێ" (ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٧ ، ١٣٢٤).[5]

"لە دەورەی بارزانیدا فدراسیۆنی ژنانی کوردستان پێک هات، بەڵام لە شەڕی ٧٥ دا ژنان بەشدارییەکی وەهایان نەبوو. هیچ نیشانەیەکیش نییە کە ژنان لە ڕیزی خەبات و حیزبدا دەورییان هەبووبێ.[6]


ئەم وێنانە نیشاندەری کزیی دەوری ژنانە لە جووڵانەوەکانی کوردەواریدا. هەروەها نیشاندەری ڕوانگەی بەکەم گرتنی ژنان لەو شۆڕشانەدایە کە

خۆیانیان بە پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕیش زانیوە. لە هیچ پێڕەو و پرۆگرامێکی حیزبە کوردییەکاندا نەدیتراوە کە لەسەر بەرانبەری و هاوبەشیی ژنان دوابێتن. لانی هەرە زۆرەکەی ئەوەیە کە نووسیویانە. مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو، بەلام قەت لە نووسراوە و پەخشانەکانیاندا بەرەو ئەوە نەچوون کە بلێن مەبەستییان لە یەکسانی چی بووە؟ ئایا پشتیوانی لەوە دەکەن کە پیاو و ژن وەک یەک میرات بەرن. ئایا تەلاق هەر بەدەست پیاو دەبێ و ژن دەبێ دانیشێ بزانی کەی مێردەکەی فڕێ دەداتە نێو کۆلانان؟ ئایا... ئایا...، نە هیچ کام لەمانە وەلام نادرێتەوە. پێویستیش نییە دانیشین بزانین ئەگەر ئەوان بوون بە حکومەت چ دەکەن. کردەوەی ئێستایان ڕێنوێنی داهاتوویە. هەموو ئەندامانی بەڕێوەبەریان پیاون، هەموو کاربەدەستانی دیکەش لە هێز و لە جێگاکانی دیکە پیاون، ئەگەر جاروبار ژنێک لە بەشێکی تایبەتی ژناندا بووبێتە بەرپرس ئەوە پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەل سکرێتێر یاخۆ بنەمالەی ڕێبەراتیدا هەبووە. ئەگەر بەشی ژنان، یان ڕێکخراوی ژنان دانرابێ لەبەر ئەوە بووە کە بە قەولی خۆیان"موشکیلەی ژنانمان لەکۆل بکەنەوە"نەک بۆ دانی مافی سەربەخۆیی ژن. یا خۆ هاندانی ژنان بۆ خەباتی بەدەست هێنانی مافی خۆیان. ئیتر بە کردەوە لە هەلومەرجی وەک ڕەدو کەوتن و شتی وادا، یاسا عەشیرەتییەکان کاری کردووە و بەشی ژن، کوژران بە بێ لێپرسینەوە بووە. دیارە هەر کەسێک لە بیر و تەمەنی خۆیدا دەیان نموونەی لەبیرە و پێویست بە هێنانەوەی نموونە نییە. ئەم کەم و کوڕییە لەبەر ئەوە نییە کە پیاوی کورد بە ئەنقەست نایەوێ ماف بدا بە ژنەکەی. بەلکوو هەروەک پێشتر گوتمان هەموو کۆمەلێک ڕابردوویەکی هەیە کە زەمینەی ژیان و بۆچوونەکانی ئەوڕۆی بۆ پێک هێناوە و پێوەندییەکانی کۆمەلی ئێستاشی بە پێی ئەو قۆناخە مێژووییە کە تێدا دەژی، تایبەتییەکانی خۆی هەیە و لە هێندێ سنوور تێ ناپەڕێ. بۆ وێنە ناکرێ بە خەلکی قەلادزە بلێین بۆ ئۆپێرا چێ ناکەن. یان بۆ لە سلێمانی و سنە بالێتی ژنان چێ نەبووە. ئەمانە پێویستی بە پێشکەوتنێکی هەمە لایەنەی کۆمەل هەیە.

زۆر جار هەر بە پێی ئەم چۆنیەتییە، ژنان بۆ خۆیان پشتیوانی لەو پێوەندییە کۆمەلایەتییانە دەکەن کە ئەوان دەچەوسێنێتەوە. ڕاست وەکوو پشتیوانی کردنی خەلکی ڕەش و ڕووت لە دیکتاتۆرەکانی ولات. واتە خەلک بەو قۆناخە لە ژیانی ئابووری و کولتووری نەگەیشتوون کە بتوانن هێندێ ئەرک ڕاپەڕێنن. لێرەدا ناکرێ بلێین ئەوە تەنیا خەتای پیاوانە یان خەتای ژنان خۆیانە. ئەوان هەردوو لە هەلومەرجێکدا دەژین کە ئەو پێوەندییانەی بەسەردا سەپاندوون و ئەوە بە ئاسایی دەزانن. تەنیا چارەش ئەوەیە کە هەردوو خەبات بکەن بۆ گۆڕانی هەلومەرجەکە، هەم لەباری ژیانەوە، هەم لەباری بیروبۆچوونەوە. گۆڕانی هەلومەرج تەنیا بەو مانایە نییە کە دەولەت بگۆڕدرێ یان دەولەت دابندرێ یان دەسەلاتدارەکە بگۆڕدرێ، یان دیکتاتۆرەکە بە زمانێکی دیکە بدوێ. ئەمانە گۆڕانی بێچم و قالبەکەیە و ناوئاخنەکەی هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئێمە بە کردنەوەی ئەم باسە لە مێژوودا هەولمان دا کە ئەم ڕاستییە نیشان بدەین.

با ئاماژە بەوەش بکەین کە ڕووناکبیرەکانی کورد کە زیاتر لە هەموو شتێک خۆیان بە سیاسەتەوە بەستۆتەوە، خۆیان بۆ شتی وا ماندوو ناکەن. لێکدانەوەیەکی ناسیۆنالیستی هاتۆتە گۆڕێ کە هەموو شتێک دەبەستێتەوە بە مەسەلەی کوردەوە و کوردیش دەبەستێتەوە بە فەرهەنگێکی کۆنی عەشیرەتی ـ لادێیی یەوە کە ئێستا چی دی لە مێتشک و زەینی ئەم بەناو ڕووناکبیرانەدا نەبێ لە هیچ گوندێکی ولات دا نەماوە. هەر شتێکی تازە بێتە گۆڕێ بە دوو وشەی"ئەوە کوردی نییە، فڕێی دەدەن و خۆیان لە دنیای ڕاستییەکانی مرۆڤی پێشکەوتووی ئەوڕۆ تەریک دەکەن. فەرهەنگی ناسیۆنالیستی ئەمانە دەیەوێ، ئەوەی لە تاریکخانەی مێژوو خراوە بەنێوی فەرهەنگی کوردی زیندوو بکاتەوە و هەموو بۆچوونێکی دیکە بەنێوی دژایەتی لەگەل فەرهەنگ و دابونەریتی کوردی هەتک دەکا. زاراوەی"ئەمە کوردی نییە"لە بەرانبەر هەر گۆڕانێک دا دادەنێ و ئەوەش لەوێوە دێ کە خاوەن دەسەلات نایەوێ دەسەلاتی خۆی بخاتە کایەوە و زیندوو کردنەوەی دابی عەشیرەتی و عەشیرەت بە کورد زانین و بناخەی میللی لە سەر بافتی فەرهەنگێکی بەرتەسکەوە دانان، گێلەشێوێنی کردن بۆ دەسەلاتی پیاوسالاری و چینایەتی یە. «لەڕاستیدا دژایەتی لەگەل ژنان و مافیان هەر لەو شوێنەوە دێ کە دژایەتی لەگەل دیمۆکراسی دێ بە وتەیەکی دیکە مافی ژنان بەشتێکی ئەساسی لە ڕەوتی دیموکراتی کردنی گشتی کۆمەلە».٧

ئەم بێچمە دیاری دەکا کە مافی ژن لە ڕەوتی مێژوودا چۆن و بە پێی چ دیاردەیەک دیاری کراوە:




ژن لە ڕۆژگاری ژیانی سەرەتایی مرۆڤدا دەسەلاتداری بنەمالە و کۆمەل بوو، تەنانەت خوداش بە ژن دەناسرا. لەگەل گۆڕانی کۆمەلدا پلەوپایەی ژن گۆڕدرا و پیاو جێی گرتەوە. ژن لە پێشدا بوو بە کەسی دووهەم، بەلام هێشتا شەریکەبەش بوو. دواتر بەرەبەرە دەوری کەم کرایەوە هەتا لە سەردەمی کۆیلەداریدا بوو بە کۆیلەیەکی تەواوی پیاو. لەم ڕەوتەدا یاساکانی کۆمەل لە یاسا ئایینییەکاندا خۆی دەنواند و دەسەلات لە ئاییندا بەرحەق بوونی خۆی دەدیتەوە و ماف لە یاسا ئایینییەکاندا ڕەنگی دەداوە. هاتنی کۆیلەداری و پاشان هاتنی ئایینە سامییەکان و زال بوونیان بەسەر بەشێکی زۆر لە دنیادا، ژن لە (میتۆلۆگی) بیرە ئاسمانییەکانیش وەدەر نرا و بوو بە مولکی بێ ئەملاو ئەولای پیاو. یاسای ئەم خاوەندارییەتییە وەکوو هەموو خاوەنداری و مولکییەتێکی دیکە بە پێی بەرەوپێش چوونی کۆمەل گۆڕانکاری بەسەرداهات. بەرە بەرە پیاو مافی کوشتنی ژنەکەی لەدەست دا و دواتر مافی چەوساندنەوەش سنووری بۆ دانرا و بەرتەسک تر بوو. هەتا ئەوەی کە لە سەدەی بیستەمدا بۆ بەرەوپێش بردنی زیاتری کۆمەل ناچار بوو دان بە هێندێ مافی بەرانبەر دابنێ. یەکەم مافی دەنگ دان هاتە گۆڕێ و دوایە مافی کار و مزەی

بەرانبەر لە کاری بەرانبەردا، کە هێشتاش کۆتایی نەهاتووە. باسی تەڵاق و مافی لەبەرچواندنی منداڵ و بەرانبەریی لە میراتدا لە زۆر وڵاتان سەپاوە. تەنانەت کلیسا کە ڕۆژێک ئەگەر ژن دوو قسەی ژیرانەی کردبا بە تاوانی ژنە جادو بوون دەی سوتاند، ئەورۆ ناچار بووە دان بەم مافانەدا بنێ. دیارە هەتا بەرانبەریی تەواو ڕێگایەکی دوور لە پێشدایە. چونکە دانانی یاسا بۆ خۆی گەرچی هەنگاوێکی بەرزە، بەڵام لە دانانیەوە هەتا بەڕێوەبردنی ماوەیەکی زۆر دەخایێنێ و هەتا ببێتە کولتوور زۆری پێدەچێ. وەک ئانتوان فوگ ئاماژە دەکا"مەسەلەیەک کە ئەورۆ دەبێ پێی لەسەر داگیرێ بە ئاکام گەیاندنی مافی بەرانبەریی بەدەست هاتووە، یانی دەبێ کارێک بکەی کە بەشداریی ژنان لە کۆمەڵدا بەڕاستی بێ، نەک تەنیا لەباری یاساییەوە لەگەڵ پیاوان بەرانبەر بن».[8]

هەروەک دەزانین لەم بوارەشدا وەکوو بوارەکانی دیکە، کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە یەکسانی ناڕواتە پێشێ. لە کاتێکدا کە لە وڵاتێک ژن لە بنەماڵە و کۆمەڵدا خۆی بڕیاردەری خۆیەتی، لە وڵاتێکی دیکە باب و برا و پیاوانی خزم (بە یارمەتی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا) بۆیان هەیە بشی کوژن. لە وڵاتێکی دیکە بە ڕەسمی ژن نیوەی پیاوە. بەداخەوە کوردەواری لە نێو ئەو بەشەی دنیادا هەڵکەوتووە کە هێشتا باسی مرۆڤایەتی و مافی بەرانبەریی ژن و پیاو خەونی بەتاڵە و بە کردەوە ناکرێ و قەدەغەیە. بۆیە لەسەرشانمانە کە ئەم قەدەغەیە بشکێنین و بۆ بەرانبەریی خەبات بکەین. چ لە بنەماڵەدا، چ لە کۆمەڵدا، چ دژی دەسەڵاتداری فارس، چ تورک، چ عەرەب، چ کورد. چ موسڵمان، چ مەسیحی، چ زەردەشتی، چ لائیک.

تەواو، پاییزی ١٩٩٨

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

١) گزینگ ژمارە ٦

* بڕیارێ ژمارەی ٣٨١٨ ـ جنایات ـ ١٩٧٢

قەتلێک کە بۆ بەرگری لە ئابڕو کرابێ، هۆیەکی باشە بۆ کەم کردنەوەی سزا.

«گۆڤاری"النشرەالقضائیە، ژمارەی سێهەم، ساڵی چوارەم.»

* بڕیاری ژمارەی ١٥٠، ٢٠٤، ٣٠٤، کۆمیتەی عام ١٩٧٩

برایەک کە خۆشکەکەی لەسەر ئەوەی کە لەگەڵ پیاوێک بووە وزکی پڕ بووە بکوژێ کارێکی باش وشەریفی کردووە. تەنانەت ئەگەر کوژراو پاش ئەو کارە بووبێ بە مارەکراوی پیاوەکە. لە بەر ئەوەی کە بوەتە هۆی ئابڕو چوونی بنەماڵە وخزم وتایفەکەی شایانی مردنە وکوشتنی واجبە.

«گۆڤاری"الاحکام العدلیە"ژمارەی چوار ساڵی دوهەم.»

* بڕیاری ژمارەی ٣٤٢ جنایات ١٩٧٩

قاتڵێک کە کچی مامی خۆی کوشتبێ ئەگەر کوژراوەکە لە ماڵی باوکی هەڵاتبێ ولەگەڵ کەسێک کە خۆشی ویستوە، بێ ئیزنی بنەماڵەکەی یا کەسێکی تایفەکەی مارەکرابێ.[ ڕەدوو کەوتبێ] کارێکی باش وشەریفی کردووە، چوونکە بە پێ داب ونەریت کوژراو بوەتە هۆی ئابڕو چوونی بنەماڵە وتایفەکەی خۆی. بۆیە سزای مەرگە.

«گۆڤاری"الاحکام العدلیە"ژمارەی سێ ساڵی دوهەم.»

* بڕیاری ژمارەی ٦٩٠ ـ تمیزیە ـ ١٩٧٩

ئەگەر شایەتێک بتوانێ بیسەلمێنێ کە کوژراو ژنی هەرزە کار بووە ونەمە بوەتە هۆی کوشتنی، قەتڵی ڕووداو بە کارێکی باش وشەریف دەژمێردرێ. (لەم ئاخرانەدا ئەم بڕیارە لە کوردستاندا زۆر قوربانی داوە)

«گۆڤاری الاحکام العدلیە ژمارەی دووەم ساڵی دوهەم.»

* بڕیارێ ژمارەی ١٤٨٨ جنایات ١٩٧٦

ئەگەر ژنێک کاری خراپی کردبێ ونەگەڕابێتەوە ڕێگای ڕاست، یا لە ڕێگای ڕاست لای دابێ، ئەگەر قاتڵ لە سەر ئەوە کوشتبێتی ئەم کارە بە شەریف دەژمێردرێ. تەنانەت ئەگەر کوشتنەکە ماوەیەکی زۆر دوای کردەوە خراپەکە رویدابێ.

«گۆڤاری"الاحکام العدلیە ژمارەی چوارەم ساڵی دوهەم.»

* بڕیاری ژمارەی ٦٧١ جنایات ١٩٧٦

ئەگەر بابێک کچەکەی خۆی لەبەر ئەوە کوشتبێ کە کچەکەی شەو چوەتە ماڵ کەسێکی گومان لێکراو. هەر ئەوشەوە لە ماڵەکە بیهێننە دەرێ و پۆلیس ئاگادار کرابێ، بەڵام بە هۆی بەرگری کردن لە ئابڕو کوشتبێتی ئەم کردەوە باش وشەریف لە قەڵەم دەدرێ.

«گۆڤاری الاحکام العدلیە ژمارەی چوار ساڵی حەوتەم .»

* بڕیاری ژمارەی ١٢٨ کۆمیتەی عامی دوهەم ١٩٧٥

کوشتنی ژنێک کە نزیکی جنسی کردوە بەمانای پاک کردنەوەی سەرشۆڕی لە بنەماڵە وخزمانە، وئەم کردەوە باش وشەریفە وسزای کوژەر دەبێ سووک بێ. بەڵام ئەگەر پیاو خەتای کردبێ وکوژرابێ دادگای ئاسایی پێک دێ و تەنیا بەپێ دەستوری ١٣٢ [ عەفوات ] دەکرێ سزای کوژەر کەم بێتەوە.

«گۆڤاری الاحکام العدلیە ژمارەی سێهەم، ساڵی شەشەم.»

٢) د. کەمال مەزهەر، ئافرەت لە مێژوودا ، بەغدا ١٩٨١

٣) زن در عرصەسیاست و جنگ ، سحر قهرمان، نیمه دیگر شماره ٩،ل ٤٠تا٦٢

٤) پێشوو

٥)حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا ئەمین، ل ١٥٠

٦) پێشوو

٧) ئانتوانت فوک، ٣٦٦ نقل عقل مدرن رامین جهانبگلو، نشر فرزان ، ل ٣٧٠ - ٣٦٠

٨) پێشوو

**هەڵە ڕاسکردنەوە**

لە کورتە چیرۆکی «کاتژمێر چەندە؟»(گزینگ ی ژمارە ٢١، ئەو چەند هەڵەیە ڕوویدابوو کەوا لێرەدا لەگەڵ داوای لێبوردن ڕاست دەکرێنەوە:

| شوێن | هەڵە | ڕاست |
| --- | --- | --- |
| ل٧٧ ،س١ ،د١ | دێنێ | دیتن |
| ل٧٧، س١، د ٣ | ... نامۆ | جیهانێکی نامۆ |
| ل٧٧ ،س٢ ،د١٤ | ...... ... | بە دەنگی گوێ ڕمێنی کڵێسەی ناوچە |
| ل٧٧، س٢، د ١٩ | بوو! | بن! |
| ل٧٧، س٢، د ٢٣ | ...کلاسیک | مۆسیقای کلاسیک |
| ـ س٣، د٤ خوارەوە | بێ مافی | بێ مافن |
| ل٧٨، س٢، د ٢٤ | پێشیدا | مێشکیدا |
| ل٦٨، س ٣، د ٣٤ | نابین | ناچین |

# مۆدێرنیته و ناسیۆنالیزم

**عەبباسی وەلی**

**دەقی ئەو نووسراوەیەی خوارەوە، پەیقینی کاک عەبباسی وەلی‌یە لە سمینارێکدا کە لەلایەن بنکەی چاپەمەنی ئاپێک رێکخراوە و لە رۆژی یەکشەمۆ (۹۸/ ۱۲/۱٤) پێشکێش کراوە.**

پێشەکی لازمە لە کاک عەلی و لە موئەسەسەی ئاپێک زۆر سپاس بکەم کە ئەو ئیمکانەی پێک هێناوە باسێکمان لە سەر ناسیۆنالیزم و مۆدێرنیتەدا هەبێ. وەختێک کاک عەلی پێوەندی لەگەڵ کردم، ئەمن ئەو مەتلەبەم بۆیە بە وردی ئاوا هەڵبژارد کە هێندێک مەسەلە هاتبوونەپێش سەبارەت بەو قسانەی دەپێشدا کردبوومن لە سەر ناسیۆنالیزم. بەشێک لەو قسانە باعیسی تەوەهوم ببوون، بەو شێوەیە کە من بەعزە ئیستدلالێکم هەبوو. جا ئەساسی ئەو ئیستدلالانەی ئەمن کردبووم ئەوەبوو کە نەتەوە و نەتەوایەتی دە ئەساسدا دوو دیاردەی زۆر مۆدێرن و تازەن و ئەساسیان دەگەڕێتەوە سەر ئینقلابی گەورەی فەرانسە لە ۱۷۸۹دا. پێش وی هەڵبەت میللەت هەبوون دە تاریخدا بەڵام ماهییەت و هوویەتی سیاسییان نەبووە. یەکێک لە ئیستدلالەکان مۆدێرن بوونی میللەت بوو. ئیستدلالی دووەم ئەوە بوو کە میللەت بە خودی خۆی و بە شێوەیەکی گشتی لە باری سیاسی و ماهییەتی حقوقی ـ سیاسییەوە وجودی نییە، ئەوە حەرەکەتی ناسیۆنالیستی یە کە میللەتی دروست دەکا، ئەو دوو ئیستدلالە باعیسی ئەو تەوەهومەی ببوو کە عەباسی وەلی دەڵێ میللەت وجودی نییە بە شێوەیەکی گشتی و میللەتی کوردیش هەر نییە بە شێوەیەکی تایبەتی. ئەمن هیچوەخت غەرەزم ئەوە نەبووە، مەبەستم دوو ئیسدلالی فەلسەفی ـ سیاسی بووە کە میللەت و ناسیۆنالیزم دوو دیاردەی مۆدێرنن. ئەوە میللەت نییە کە ناسیۆنالیزم بە وجود دێنێ بەڵکوو ئەوە ناسیۆنالیزمە کە نەتەوەی دروست دەکا. ئەو باسانە زۆر کراون بەشێک بە شک و دڕدۆنگی و بەشێکیش شایەد بە ئیستیقبالی گشتی و بەشێکیش ڕەتیان کردووەتەوە و قەبوڵیان نەکردووە و ئەوە گرینگ نییە. گرینگ ئەوەیە کە باس لە سەر ئەو مەسەلانە ببێ و دیارە ئەگەر فکری لێ بکرێتەوە، ئەوە موەفەق بووە و دەنا نا ئەگەر قسەی لێ نەکرێ و ڕەت ببێتەوە و قەبوڵ نەکرێ، دیارە موەفەق نەبووە.

ئەمن دەمەوێ ئەو باسەی بە شێوەیەکی دیکە درێژە بدەم کە ئەویش ئەوەیە، ئەمن کە گوتوومە نەتەوە و نەتەوایەتی دوو دیاردەی تازەن دە تاریخی ئەورۆدا، دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە ئەو تازەبوونە چییە، مۆدێرنیتە چییە کە ناسیۆنالیزم و نەتەوە ئاوا لێی بەستراوەتەوە. یا ڕابیتەی ناسیۆنالیزم و مۆدێرنیتە دە ئەساسدا چۆنە؟ ئێستا دەمەوێ باسی ئەو مەتڵەبە بکەم.

وەختێک لە تیۆری سیاسەتدا باسی مۆدێرنیتە دەکرێ، لە دیسکۆرسی فەلسەفیدا شتێکی زۆر تایبەتی یە. دروستە شتێکی تایبەتی یە، بەڵام تەعبیری جیاوازی لە سەر دەکرێ. هەر مەدرەسە و سیستمی سیاسیی تایبەتی تەعبیرێکی تایبەتی لە سەر ئەوە دەکەن. بەڵام شتێکی گشتی هەیە دەو بەینەیدا کە باسی مۆدێرنیتە دەکەین. مۆدێرنیتە دە ئەسڵدا بەتایبەتی لە پێوەندی دەگەڵ سیاسەتدا، بەو مەعنایەیە کە زەمانێک تاریخی بەشەری دێتە پێشێ، نووسراوە و فکری بەشەری بۆ لای شتێکی دێ، کە دەبێ تەعبیری دونیایە تەفسیری حەرەکەتی سیاسی و فەرهەنگی بێ دەگەڵ هەدەفێکی بەرچاودا. ئەو هەدەفە موشەخەسەش حاکمییەت و سەروەریی عەقڵی ئینسانی یە. دە هەقیقەتدا مۆدێرنیتە بەگشتی یانی سەروەریی عەقڵی ئینسانی، بەو مەعنایەی کە تەعەقولی ئینسانی دەبێتە مەدار و مێعیاری هەڵسەنگاندنی حەرەکەتی تاریخی و سیاسی و فەرهەنگی و هەروەها فکری تاریخی و سیاسی و فەرهەنگی. ئەو مەسەلەی حاکمییەتی عەقڵی یەکجار عومدەیە، مەسەلەی ئەساسی هەر تەعبیرێکی مۆدێرنیتەیە. بەڵام ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئایا دە فەلسەفە و سیاسەتدا، ئەو تەعەقولە نەبووە دە پێشدا؟ ئایا ئەوە نییە کە ئەو فیلەسوف و زانا سیاسییانە هەمیشە ویستوویانە خۆیان بە تەرتیبێکی کارەکانیان مەعقول نیشان بدەن؟ یانی بەو مەعنایە کە دە فەلسەفەیدا، راسیۆنالیزم و عەقڵ گەرایی تاریخێکی دووروردرێژی هەیە، دروستە! جا ئەگەر دورستە بۆچی دەڵێین مۆدێرنیتە یا وەجهی تایبەتی مۆدێرنیتە حاکمییەتی عەقڵە؟ مۆدێرنیتە باسی حاکمییەتی هەموو عەقڵێکی ناکا. ئەو عەقڵەی مۆدێرنیتە باسی دەکا عەقڵێکی زۆر تایبەتی یە. ئەویش ئەو عەقڵەیە کە ڕابیتەیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئازادی هەیە. جا بۆیە عەقڵی مۆدێرنیتە دەگەڵ عەقڵی یۆنانی باستان، عەقڵی سەدەکانی نێوەڕاست و عەقڵی پێش ڕێنێسانس فەرقی هەیە. دە دەورەی ڕێنێسانسی دایە کە عەقڵی مۆدێرنیتە بە عینوانی مەسەلەی سێنترالی نووسەران و موتەفەکیران لەگەڵ ئازادی پێوەندی دەگرێ. عەقڵێکی کە دە فەرهەنگ و سیاسەتدا، کاردەکا ئەگەر بە تەرتینێکی بۆ لای ئەو ئازادییە نەڕوا، ئەو عەقڵە مۆدێرن نییە. عەقڵی مۆدێرن ئەوەیە کە ڕابیتەی بەینی خرەد و تەعەقول لەگەڵ ئازادی بپارێزێ. ئەگەر ئێوە نووسراوەکانی نووسەرانی دەورەی ڕێنێسانسی ببینن، دەبینن ئەوانە دەیانەوێ بە جورێک ئەو تەعەقولەی دە خۆیاندا نیشان بدەن. ئەو تەعەقولە بە سێ جور نیشان دەدرێ کە پاشان بە تەرتیبێک ئەوە ڕوونتر دەبێتەوە: یەکیان **عەقڵی ئامرازە** (Instrumental reason) کە ئەو عەقڵە دەبێتە هۆی ئازادی و ڕەهایی و ڕزگاری، یانی عەقڵێکە کە بە شێوەیەکی وەسیلەیی یا ئامرازێک، دە حەرەکەتی سیاسی و فەرهەنگیدا ئیستیفادەی لێدەکرێ. دووەم **عەقڵی دەربڕە** (Expressive rea-son)، یانی تەعبیرێک کە لە ڕابیتەی عەقڵ و ئازادیدا دەکرێ دیاردەیەکی دەربڕە بەو مەعنایە کە دەتوانێ خۆی دە حەرەکەتەکانی سیاسی و پراکتیکەکانی ئینسانیدا نیشان بدا. حاڵەتی سێهەمیش **عەقڵی بێلایەن و سەربەخۆیە** (Disengaged reason) کە خۆی موستەقیل و سەربەخۆ ڕادەگرێ، هەرچەند لە عەینی حاڵیشدا دەتوانێ دە پرۆسەی ئیقتیسادی و سیاسی و فەرهەنگیدا چالاکانە بەشداری هەبێ، بەڵام خۆی لەگەڵ وەی تێکەڵ ناکاتەوە، یانی عەقڵێک کە دەوێدایە بەڵام ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی خۆی ڕادەگرێ. کەوا بوو بە سێ شێوە ئەوانە

دەبینین: عەقڵی وەسیلەیی یا تەعەقولی ئامراز؛ پاشان لە قەرنی ١٩ و ٢٠دا عەقڵی دەربڕ کە دە مارکسیزمدا زۆر هەیە؛ هەروەها عەقڵی سەربەخۆ، کە لە پرۆسەی سیاسی و فەرهەنگیدا حاکمییەتی خۆی دەپارێزی و ئێوە ئەوەی دەفەلسەفەی لیبرالیزمدا دەبینن. عەقڵی لیبراڵ دەبێ عەقڵێکی بێلایەن و سەربەخۆ و رەخنەگر بێ. جا دە مۆدێرنیتەدا رابیتەی نێوان عەقڵ و ئازادی کە لە دەورەی رێنێسانسدا بەرقەرار دەبێ، پەرەدەگرێ و پێشڕەفت دەکا، لە دەورەی رۆشنگەریدا یانی ئەو دەوریەی کە فەیلەسوفەکان دەستیان بەوە کرد شتێکی دیکە ئیزافە بکەن بەوەیکە ئەگەر فەیلەسوفەکانی رێنێسانس رابیتەیەکیان بەینی عەقڵ و ئازادی بەرقەرارکرد، فەیلەسوفەکانی دەورەی رۆشنگەری و دەورەی ئینقلابی فەرانسە و پاش ئیقلاب، دێنن شتێکی دیکە بەوەی ئیزافە دەکەن و دە هەقیقەتدا، ئەوە نە فەقەت سنووری بەڵکووو هەدەفی عەقڵیش دیاری دەکا. جا ئەگەر رابیتەیەک لە نێوان عەقڵ و ئازادیدا هەیە، ئەو رابیەتەیە دەبێ مەعنایەکی هەبێ، ئەو مەعنایەی کە ئەوان پێی ئیزافە دەکەن، ئەوەیە کە دەڵێن عەقڵ دەبێ بۆ لای پەرەسەندن و پێشڕەفت بڕوا، عەقڵێک کە نەبێتە هۆی تەڕەقی و پێشڕەفت، عەقڵێک کە نەتوانێ زەمینە بۆ ئازادی پێکبێنێ، ئەوە عەقڵێکی مۆدێرن نییە. کەوابوو مۆدێرنیتە یانی حاکمییەتی عەقڵێک، تەعەقولێک کە رابیتەیەکی راستەوخۆ و تێکەڵاوی دەگەڵ مەسەلەی ئازادیدا هەبێ، تێکەڵبوونی ئەوانەش وەختێک دە پرۆسەی سیاسی و فەرهەنگیدا بێ، بە تەڕەقی پێشڕەفت و تەڕەقیدا دەڕوا. ئەو بۆچوونە لە مۆدێرنیتە، لە روسۆ، مۆنتسکیۆ و جان لاک و پاشان بە تەرتیبێکی زۆر روونتر دە هێگێل دا و لەویش زۆر روونتر لە مارکس دا دەبیندرێ. ئەو تەعبیرە یانی رابیتەی نێوان عەقڵ و ئازادی، پێشڕەفت و تەڕەقی یە. ئەو بۆچوونە، ئەو فکرە دە فەلسەفەی سیاسەتدا، هەمیشە لایەکی دیکە و بەشێکی دیکەشی هەیە، ئەویش ئەوەیە پرۆژەی مۆدێرنیتە هەمیشە پرۆژەیەکی عەمەلیشی هەبووە، کە پێی دەڵێن مۆدێرنیزاسیۆن یا مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگا، یانی تێکەڵکردنی عەقڵ و ئازادی. باشە! پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆن بە وەسیلەی ئیدەئۆلۆژییەکی تایبەتی لە خودی کەلیمەی مۆدێرنیتە دەبەسترێتەوە، ئەو ئیدەئۆلۆژییە پێی دەڵێن مۆدێرنیزم. کەوابوو ئێمە سێ بەشمان هەیە: مۆدێرنیتە، مۆدێرنیزاسیۆن و مۆدێرنیزم. باشە! یانی ئێمە فکرێکمان هەیە کە مۆدێرنیتەیە، پرۆژەیەکمان هەیە کە مۆدێرنیزەکردنە و ئیدەئۆلۆژییەکیشمان هەیە کە مۆدێرنیزمە. ئەگەر تەماشای نووسراوەکانی فەیلەسوفەکانی دەورەی رۆشنگەری بکەن ئەو سێیانە هیچوەخت لێک جیاواز نین. ئەو سێیانە هەمیشە پێکەوە مەترەح دەکرێن. مەبنای ئەوانەش فەقەت یەک شتە ئەویش دەوڵەتی میللییە کە ئەوانە لێک گرێ دەدا. بە چ مەعنایەک، بەو مەعنایەی کە ئێستا دێمە سەری ـ ئەو مەعنایەش رابیتەی ئەساسی میللەت دەگەڵ مۆدێرنیزم نیشان دەدا. ئەو ئیستدلالەی ئەمن دەیکەم ئەوەیە کە میللەت یا نەتەوە فۆرمی سیاسی مۆدێرنیتەیە، میللەت لە نەزەری سیاسی و حقوقییەوە حدودو سنوورێکی موشەخەس دەکا، حقوقێک کە لە ئیرادەی گشتیی میللەت سەرچاوەدەگرێ و عەمەل دەکا، ئەو حقوقە جێگەی سوننەت و مەزهەب و ئەوانە دەگرێتەوە. لە پێوەندی لەگەڵ مۆدێرنیتەو میللەتدا ئەوەی کە گرینگە تەعەقولە، ئەوەی کە موهیممە حقوقە، هیچ شتێکی فایناڵ، غایی و ئەبەدی وجودی نییە. دە فکری مۆدێرنیتەدا، لە رابیتەی نێوان مۆدێرنیتە و ئازادی و پێشڕەفتدا هیچ غایەتێک کە لە دەردوەی فکر و عەمەلی ئینسانی ڕا بێ، وجودی نییە. بۆیە مۆدێرنیتە زاتەن سیکۆلار و زیددی مەزهەبی یە. فکری مەزهەبییە کە غایەت بۆ ژیانی ئینسانی دادەنێ. مۆدێرنیتە ناتوانێ سیکۆلار نەبێ. ئەگەر مۆدێرنیتە مەزهەبی بێ، لە پایەی خۆی دەدا. جا بۆیە مەفهومی میللەتیش مەفهومێکی سیکۆلارە، تاریف کردن و تەبیینکردنی مەفهومی مەزهەبی لە میللەت زۆر موشکیلە. چونکە نەتەوە دەبێتە مەبنایەک تاکوو مۆدێرنیتە بتوانێ دە داخلی وەیدا رابیتەی خۆی دەگەڵ پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆن و مۆدێرنیزم بپارێزێ. بۆیە فەیلەسوفەکان دەڵێن میللەتی مۆدێرن یا مەفهومی مۆدێرن لە میللەت وەکوو فۆرمی سیاسی مۆدێرنیتەیە یانی ئەتۆ بە هیچ عینوان ناتوانی مۆدێرنیتە لە میللەت جوێ بکەیەوە.

ئەتیجەکانی ئەوەی چییە؟ عومدەترین نەتیجەی کە دە مۆرنیتەدا هەیە ئەوەیە کە فکر و پرۆژە و ئیدەئۆلۆی مۆدێرنیتە یانی هەر سێکیان دەبێ پێکەوە بن، دەلیلەکەشی ئەوەیە کە ئەو عامیلەی کە وەکوو سمیت دەبێ ئەوانە لێک ببەستێتەوە و ببێتە هۆی حەرەکەت و بیباتەپێش، میللەتە. یانی دە فەلسەفەی مۆدێرنیتەدا، دە پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆندا، دە ئیدەئۆلۆژی مۆدێرنیزمدا، ئەوە میللەتە کە هەم بەدیهێنەری ئازادییە و هەم پێکهێنەری پێشرەفتە. ئەوە دە فکردا هەمیشە ئاوا بووە، بەڵام دە عەمەلدا کەمتر. دە عەمەلدا میللەت مومکینە تاحەدێکی چووبێتە لای ئازادی، بەڵام هەمیشە تا ئاخر ناچێ. وەختێکی واش چووە بەڵام لە رێگایە راوەستاوە. لە بەشێکی دیکەش دەبینین کە میللەت وەلاندراوە، ئەوە میللەت نییە، بەڵکوو دەوڵەتە ئەو کارەی دەکا. یانی بە نێوی میللەت دەیکا. باشە! جا ئەوە چۆن دەبێ؟ وەختێک تەماشای تاریخی ئورووپایە بکەین، ئەگەر لێی ورد بینەوە، ئەگەر سەرنجی بدەی و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەی، دەبینی هەروەخت مەبنای ئیقتیسادی کۆمەڵگایەک قەوی بێ، بنەمای فەرهەنگی زۆر بەهێز بێ، مۆدێرنیتە دەتوانێ ئەو کوللییەتە سێ لایەنەی خۆی بپارێزێ. یانی دەتوانێ رابیتەیەکی رێکوپێک و گونجاوی هەبێ لەگەڵ مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزاسیۆن و مۆدێرنیزم. بەڵام لە کۆمەڵگایەک کە پێشڕەفتی ئیقتیسادی و فەرهەنگی کەمە، دە کۆمەڵگایەکی ئاوادا، رابیتەی ئەو سێ لایەنە تووشی کێشە دەبێ و ئەوانە لێک دەپچڕێنەوە. بۆنموونە، ئێمە بە عینوانی کورد و ئەو دەوڵەتانەی حاکمن یان بە سەر کوردستاندا حکومت دەکەن، وەک بەشێک لە تەواویەتی خاکی ئەوانە کە لە نەزەر حقوقی بەینولمیلەلی ئاوا ناسراوە، هەموویان ئیدیعای مۆدێرنیتە دەکەن، دەوڵەتی ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا و بەتایبەت دەوڵەتی تورکیا کە ئیدیعای مۆدێرنیتەبوونی زۆر قەویترە، بە تەعبیرێک پێشتریش چووە، مۆدێرنیزمی چۆن دەست پێ کردووە، زۆری فەرق هەیە لەگەڵ ئەوەی کە لە ئینگلستان هەبووە. وەختێکی دەڵێین تەماشای ئەوێ بکەن، مەبەستم دوو شتە: یەکیان رابیتەی نێوان عەقڵ و ئازادی بە عینوانی مێعیار، یەکیشیان رابیتەی نێوان مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزاسیۆن. لە تورکیا و ئێران و عێراق و تاحەدێکیش لە سوریا ئەو میللەتی یەکگرتووی کە دەوڵەت دروستی کردووە، نەبووە کە ببێتە هۆی مۆدێرنیزەکردنی، یانی پرۆژەی مۆدێرنیتە هەمیشە پرۆژەیەکی دەوڵەتی بووە نەک پرۆژەیەک کە ئی میللەت بێ. مۆدێرنیزاسیۆنیش لە ئێران و تورکیا دەوڵەت کردوویەتی، میللەت نەیکردووە. جا ئەوە چ تەئسیرێکی هەیە لە سەر رابیتەی عەقڵ و ئازادی. ئەوە تەئسیرێکی زۆر عومدەی هەیە و تەئسیریشی لە سەر ئێمە داناوە. ئەوە بەو مەعنایەیە کە رابیتەی بەینی عەقڵ و ئازادی گۆڕاوە و فەرقی کردووە. لە تورکیا و ئێران ئەگەر دەوڵەت عامیلی مۆدێرنیزاسیۆن بووە، بۆتە عامیلی مۆدێرنیتەش، یانی دەوڵەت خۆی بە عینوانی ئولگو و نموونەی عەقڵی مۆدێرن ناساندووە. باشە! لە تورکیا پاش ١٩٢٤ و لە ئێرانیش دیسان هەر لە ١٩٢٥ تا ١٩٣٣بەولاتر، دەوڵەت خۆی بە عینوانی عامیلێکی راسیۆناڵ دادەنا کە کۆمەڵگا مۆدێرنیزاسیۆن دەکا، یانی تەجەسومی عەقڵ بوو لە کۆمەڵگادا. ئەوانەی موخالەفەت و

بەریەرەکانیانیان کرد چییان لێدەهات؟ بەوانەیان دەگوت خورافاتی، مەزهەبی و موخالیفی پێشڕەفت و پروگرێس، موخالیفی عەقڵ، وایە؟ نەتیجەی وەی چ بوو؟ کە ڕابیتەی میللەت دەگەڵ عەقڵ دەپسێ، میللەت جێگای ئەوە دەگرێتەوە و دەبێتە نوێنەر و نمایندەی مۆدێرنیتە. ئەوە چ تەئسیرێکی دەبێ؟ تەئسیری ئەوەیە کە ڕابیتەی بەینی عەقڵ و ئازادی لەبەین دەچێ. عەقڵ خاسیەتی ڕەخنەگرانەی خۆی لە دەست دەدا. وەختێک لە ئێران و تورکیا دەوڵەت دەڵێ ئەمن تەجەسومی عەقڵم، ئەمن مۆدێرنیتەی دێنم، ئەوە بەو مەعنایەیە کە ئەگەر ئەتۆ ڕەخنە لەوەی بگری، ڕەخنەت لە مۆدێرنیتە و لە عەقڵ گرتووە، ئەو عەقڵەی کە دەوڵەت دەڵێ ئەمن نمایندەی ویم، بۆخۆشی ناتوانێ لە هیچ شتێک بە نێوی ئازادی ڕەخنە بگرێ. چونکە ڕابیتەی عەقڵ و ئازادی لە چوارچێوەی پڕۆژەی مۆدێرنیزاسیۆنێک کە دەوڵەت خۆی دەیکا لە بەین دەچێ. عەقڵ حاڵەتی ڕەخنەگرانەی خۆی لە دەست دەدا. مۆدێرنیتە دەبێتە ئامرازی سیستمێکی ئۆتۆریتاریەن و سەرکوتگەر. هەرکەسێکیش موخالەفەت بکا بە نێوی مۆدێرنیتە و تەعەقول دەیکوتن. ئەوە بێ دەلیل نییە کە حەرەکەتەکانی هەوڵێی کوردی دژی دەوڵەتی سێنترالی ئۆتۆریتاریەنی تورکیا و ئێران ڕەنگی مەزهەبییان هەبووە. ئەوە زۆر گرینگە سەرنج بدەین کە بۆچی وایە؟ تەعەقولی مۆدێرنیزاسیۆنێک کە لە ئێران و تورکیادا هەبووە، ئەو حاڵەتی ڕەخنەگرانەی فەقەت و فەقەت لە سەر مەزهەب و خورافات داناوە، ئەوانی دیکەی بە ئی خۆی زانیوە، یانی لە ئێرانی ڕەزاشادا، لە تورکیای ئاتاتورکی دا عەقڵ هیچوەختێک نەیدەتوانی لە سیاسەتی ڕۆژی دەوڵەت ڕەخنە بگرێ، بێ وەیکە سەری بکوتن. بەڵام دەیتوانی لە مەزهەب ڕەخنە بگرێ. دەیتوانی لە سوننەت و دابو نەریت و فەرهەنگ ڕەخنە بگرێ. چون ئەو ڕەخنانە بەحیسابی حکومەت تەواو دەبوو. ئەو ڕابیتەی بەینی تەعەقول و ئازادی کە لە پڕۆژەی مۆدێرنیتەدا لە بەین دەچێ، وەختێک دەوڵەتی ئۆتۆریتاریەن جێگای میللەت دەگرێتەوە، ئەوە بەو مەعنایەیە کە پڕۆژەی ناسیۆنالیستیش تووشی لاڕێیی و ئینحراف دەبێ، ئەوە لە خۆڕا نییە وەختێک دەبینین ناسیۆنالیزمی تورک، ناسیۆنالیزمی فارس پاش قەدەرێکی زۆر زوو ئەو خیسلەتی ئازادیخوازانەی خۆیان لە دەست دەدەن. چ نەتیجەیەکی ئێمە لەو باسە وەردەگرین؟ ئەمن نامەوێ لە سەر مەوزوع بڕۆم، دەمەوێ بەو نەتیجەیە بگەم کە ڕابیتەی مۆدێرنیتە و ئازادی چۆنە؟ ڕابیتەی مۆدێرنیتە و میللەت چییە؟ ڕابیتەی مۆدێرنیتە و نەتەوە دەتوانێ ڕابیتەیەکی باش بێ، ئەگەر ڕابیتەی مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزاسیۆن و مۆدێرنیزم لە سەر عەقڵ دامەزرابێ. ئەمن دەزانم بەعزە کەسێک هەن لێرەدا، کە پێیانوایە عەقڵ ئەساسەن شتێکی خراپ و خەتەرناکە، ئەمن ئاگام لە مەبانی فەلسەفی و تیۆریکی ئەو باوەڕانە هەیە، بەڵام ئەمن ئێستاش باوەڕم وایە کە هیچ سیاسەتێکی ئەساسی ناتوانێ دابندرێ کە واحیدی شیکردنەوە و لێکدانەوەکەی عەقڵی ئینسانی نەبێ. ئەمن لەو سیاسەتەی کە لە دەرەوەی ئەو سیستمە بێ، بڕێک نیگەرانم، مەبەستم ئەوەیە ئەو تەرزە سیستمەی کە پێی دەڵێن پۆست مۆدێرنیزم، ئەمن عەلاقەم بە بەعزێک مەبانی تیۆریکی ئەوانە هەیە کە ڕەخنە لە هێندێک شتی کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی کۆمەڵگا دەگرن، بەڵام ئەمن ڕێگایەک بۆ دانانی سیاسەتێکی دینامیک لە سەر ئەوانە نابینم.

ئەمن باوەڕم وایە کە پڕۆژەی ناسیۆنالیستی، یان هەر پڕۆژەیەکی سیاسی لە حاڵەتی تازە و ئەوڕۆییدا ناتوانێ ڕابیتەی خۆی لەگەڵ مۆدێرنیتە و عەقڵی مۆدێرنیتەدا بپسێنێ، مەگەر ئەوەیکە شتێکی لە جێگای دابنێ. هەڵبەت ئەوە باسی ئەوڕۆی ئێمە نییە و لە سەری ناڕۆین. بابێینەوە سەر ڕابیتەی عەقڵ و ئازادی، ڕابیتەی مۆدێرنیتە و ناسیۆنالیزم. ئەوە چ مەعنایەکی هەیە بۆ ئێمە لە کوردستاندا، ئێمە چۆن دەبێ باسی ئەوەی بکەین. ئەگەر لە بیرتان بێ و ڕەنگە هێندێکتان لەوێ بوونن، لە سەفەرێکدا کە هەمبوو لە مانگی مایدا، باسێک کرا هەر لەو ستۆکهۆڵمە، لە سەر مارکسیزم و ناسیۆنالیزم، لە کۆتایی ئەو باسەدا، ئەمن باسی ئەوەم کرد کە ئێمەی کورد دەبێ وەدوای پڕۆژەیەک بکەوین ئەویش ڕۆنێسانسی فەرهەنگیی کوردی یە. ئەگەر ئەساسی وەی بگرین و بڵێین ڕێنێسانس یانی چی؟ یانی زیندووی بکەیەوە، تەجدیدی حەیاتی بکەیەوە، بی بووژێنیەوە؛ ئەو قسە یانی ئەگەر کەسێک بڵێ دەبێ پڕۆژەی ڕێنێسانسی فەرهەنگی کوردی هەبێ، بەتەرتیبێک یەکێک مومکینە ئیراد بگرێ بڵێ ئەتۆ کە دەڵێی میللەتی کورد دەبێ بە سیاسەت دروست بکرێ، چۆن باسی زیندوکردنەوە دەکەی، شتێکی کە نەبێ، چۆن زیندوودەکرێتەوە؟ ئەوە بە هیچ جۆر وا نییە، ئەمن ناڵێم ئەو شتە نییە، ئەوە هەیە، لە باری هەستی فەرهەنگییەوە دە فکری هەمووتاندا هەیە، دە فکری زۆربەتاندا هەیە، ئەوەیکە ئەمن دەڵێم، کە ئەو ڕێنێسانسە ببێتە مەبنایەکی فەرهەنگی ـ سیاسی کە بچێ بۆ عەمەلی سیاسی، بۆ لای حەرەکەت و پراکتیکی سیاسی بۆ دروستکردنی ئەو مەسەلەیە، یانی پێکهێنانی مەسەلەی میللی. ئەو پێکهێنانە بە باوەڕی من فەقەت و فەقەت دەتوانێ دە چوارچێوەیەکی مۆدێرندا بێ. بەو مەعنایە کە فکری مۆدێرنی کوردی کە وەدوای ئەو ڕێنێسانسەی دەکەوێ، دەبێ فکرێکی ڕەخنەگرانە بێ. دەبێ ڕابیتەی خۆی لەگەڵ ئازادی لە دەست نەدا، دەبێ لە سوننەت ڕەخنەبگرێ، دەبێ لە ڕەهبەری سوننەتی ڕەخنە بگرێ. دەبێ لە ئوسوڵی سوننەتی کە تا ئێستا پێشی ئەو حەرەکەتەی گرتووە، ڕەخنە بگرێ. قاڵبی چوارچێوەی ئەو مۆدێرنیتەیە دەبێ ڕابیتەی مونسەجیم بێ لە نێوان عەقڵ و حەرەکەتی سیاسی و ئازادی و پێشڕەفتدا. لە دەرەوەی ئەوە ناتوانی باسی ڕێنێسانسی کوردی بکەی، بە هیچ جۆرێک. لە دەرەوەی ئەوەش ناتوانی باسی ڕووداوێکی سیاسی بکەی بڵێی بە نەتیجەیەک دەگا. دروستە ئێستا باوە کە دەڵێن ئێمە دەبێ بەشێوەیەکی دنیایی فکر بکەینەوە، بە شێوەیەکی لۆکاڵ یا مەنتەقەیی عەمەل بکەین، ئەوە فکرێکی باشە، قسەیەکی خۆشە لە نەزەر سیاسییەوە، بەڵام لە نەزەر تیۆریکییەوە موشکلێک دێنێتە پێش کە سێسەد ساڵە هەیە کە ڕابیتەی نێوان جێنەراڵ و پارتیکلار، لۆکاڵ و یونیورساڵ چۆن تیۆریزە بکەین؟ من باوەڕم بە سیاسەتێکی نییە کە نەتوانێ تیۆریزەی بکەی. تیۆریزەش بەو مەعنایەیە، کە دەبێ شعوری ئینسانی دە ڕابیتە لەگەڵ کارایی و مەفهومی تیۆریدا کارێ بکا. ئەگەر سیاسەتێک بە قسە بێ و تیۆریزە نەکرێ، بە نەزەری من ناتوانێ بچێتەپێشێ.

جا ئەو ڕابیتەی من عەرزتان دەکەم، یانی باوەڕمان ئەوە بێ کە میللەت فۆرمی سیاسی مۆدێرنیتەیە، ئەگەر کەسێک بیهەوێ ئەو میللەتەی بە سیاسەتی ناسیۆنالیستی دروست بکا، دەبێ دە چوارچێوەیەکی فکری مۆدێرنیتەدا بێ ـ یانی ڕابیتەی پاراستنی ئەو سێ لایەنانەی لە پێشدا باسم کرد ـ هەدەفی ئەساسی ئازادی و پێشڕەفت بێ و دەبێ دەو ڕابیتەیەدا کار بکا، مونتەها بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە. فکری مۆدێرن ئەگەر لە ئیستیبداد و لە سوننەت ڕەخنەی نەگرێ، دوو فلسان ناهێنێ. فکری مۆدێرن دەبێ ڕەخنەگرانە بێ چ لە ناوەوەی حەرەکەتی سازمانیدا و چ لە دەرەوەی ویدا. ئێمە دەزانین کە بە هۆی ئەو شێوە مۆدێرنیزاسیۆنەی کە لە عێراق و ئێران و تورکیا بەڕێوەچووە، کە دەوڵەت خۆی بە عینوانی شعوری ئابجێکتیڤی مۆدێرن بە خەڵک نیشان داوە و هەروەها لە کوردستان بە هۆی ئەو شەڕ و هەڵا و مەعرەکەی کە لەوێ هەبووە، مۆدێرنیتە زۆر زۆر وەپاش کەوتووە، هەمیشە یەکبوونی مۆدێرنیتە لەو جێگایانەدا لەگەڵ دەوڵەت بەو مەعنایەی بووە کە سوننەت و ڕەهبەری

سوننەتی و ئاداب و مەزهەب لە بەینی ئێمەدا زۆر بەهێز بووە و بەهێزبوونی ئەوانەش باعیسی لاوازیی مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزم بووە.

وەختێک ئەمن دەڵێم فکری مۆدێرن و فکری ناسیۆنالیزمی مۆدێرن دەبێ ئەو ڕابیتەیەی نێوان عەقڵ و ئازادی و پێشڕەفت ڕابگرێ، بەو مەعنایە کە ئەو ڕابیتەیە دەبێ فکرێکی رەخنەگرانە بێ. لێرەدا نە هیچ جێگایەک بۆ فکری سوننەتی پێش مۆدێرن هەیە و نە هیچ جێگایەک بۆ تێگەیشتن و تەبیینی مەزهەبی لە ناسیۆنالیزمدا. ئەمن بۆچی هێندە پێدادەگرم لەوەیکە نابێ ئێمە هێندە لەسەر مەسەلەی پێش مۆدێرن و مەزهەب جەخت بکەین، ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرینگە کە هیچ ناسیۆنالیستێک نییە نەیەوێ کە تاریخێکی بۆ خۆی ساز بکا، تاریخێکی میللەت بۆ خۆی دروست بکا و بە درێژایی دروستکردنی ئەو تاریخە، ئەو ناسیۆنالیسانە هەمیشە ئەسڵێکی بۆ خۆیان دەدۆزنەوە کەئەو ئەسڵە دەچێتەوە سەر دەورانی پێش مۆدێرن. ناسیۆنالیزمی تورک، فارس، عەرەب، ئاڵمانی و ئینگلیسی وایە، ئی کوردیش وایە، ناسیۆنالیزم هەمیشە ویستوویەتی تاریخێک بۆ خۆی و بۆ میللەت دروست بکا.

ئەگەر ئەو تاریخ دروستکردن و ئەو فەرهەنگ سازکردنە تەنیا لە سەر بنەماکانی پێش مۆدێرنیتە دابمەزرێندرێ و مۆدێرنیتە نەتوانێ چوارچێوەی ئەو تاریخ نووسین و ئەو حەرەکەتە سیاسی و فەرهەنگییەی دیاری بکا وەزعی ناسیۆنالیزم زۆر پیس دەشێوێ. ئەوە بەو مەعنایەیە کە ئێمە بێین باسی رێنێسانسی فەرهەنگی بکەین و رێنێسانسی فەرهەنگی ببێتە هۆی زیندووکردنەوەی ئەو مەسەلانەی کە پێش دەورەی مۆدێرنیتە هەبووە. ئەوە لە بەینی کورداندا زۆر بەهێزە. ئێستاش ئی وا هەیە شەوێ خەون بە سەلاحەدینی ئەیوبییەوە دەبینێ. بێ وەی بزانێ سەلاحەدینی ئەیوبی کێ بووە. ئەو هەرکەسێک بووە و هەرچی کردووە، دە چوارچێوەی فکری ناسیۆنالیستی ویدا ئەو ئەرزشەی هەیە، بەڵام نازانێ و فکری لێ ناکاتەوە، ئەگەر ئەتۆ دەتەوێ مەبنا و ئەسڵێک بۆ میللەتێک لە تاریخدا دابمەزرێنی، دەبێ ئەو دامەزراندنە دە چوارچێوەی رێنێسانسێکی فەرهەنگی و سیاسیدا بێ و ئەگەر ئەو فکر و فەرهەنگەش بە ئەسڵێکی مۆدێرن، یان بە ڕابیتەی نێوان عەقڵ و ئازادی و پێشڕەفت نەبەسترێتەوە، ئەوە دەبێتە شتێکی زۆر خراپ. بۆیە هەمیشە دەڵێن ناسیۆنالیزم دوو ڕوی هەیە. ڕوویەکی دەتوانێ باش بێ و ڕوویەکیشی دەتوانێ زۆر خەتەرناک بێ. ناسیۆنالیزمێکی کە تەواو هەستی خۆی لە سەر پێش مۆدێرن دابمەزرێنێ، زۆر شتێکی خەتەرناک دەبێ. بەڵام ناسیۆنالیزم کاتێک دەتوانێ فکرێکی ئازادیبەخش بێ کە دە چوارچێوەی مۆدێرنیتەدا، ڕابیتەی سیاسی و فکر و حەرەکەتی فەرهەنگی خۆی دەگەڵ ئەو ئازادییە هەمیشە هەست پێبکا و بپارێزێ. زۆر سپاس.

**پرسیارەکان:**

**• لەبەر ئاشنایی نیسبی لە گەڵ بۆچوونەکانی مامۆستا عەبباس، پێمخۆش بوو ئەگەر بە مەسڵەحەت دەزانێ هێندێک ئەوانە زیاتر تاوتوێ بکا. یەکیان دوو مەفهومی ناسیۆنالیزمی سیڤیل و ئەوی دیکەیان چەمکی ناسیۆنالیزمی دوورمەودایە کە بێنێدیکت ئاندرسۆن باسی لێوە کردووە. بە چ ڕێگەیەکدا دەکرێ کولتووری پارچەپارچە و لەتوکوتی کورد بکەوێتە سەر ڕێبازی یەکگرتنەوە، ئایا بە بێ یەکگرتنەوەی کولتووری (لەگەڵ ڕێزدانان بۆ جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵگە کوردییەکان و لە هەمان کاتدا وەگەڕخستنی لە یەک نزیکبوونەوەیەکی وشیارانە)، تەسەوری ئەوە دەکرێ بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوومان هەبێ؟**

**• ئایا بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد (خەباتی ڕزگاریخوازی) پێویستی بە سەرۆکایەتییەکی یەکگرتوو هەیە؟**

**• ئایا دەکرێ بەکارهێنانی زەبروزەنگ و مێتۆدی سەرەڕۆیانە لە پرۆسەی نەتەوەدروستکردندا پاساوبدرێن؟**

**• ئایا دەکرێ کوردەکان حاکمییەتی خۆیان (چ نەتەوەیی بێ یان نەفسی) وەدەست بهێنن بەبێ ئەوەی سنووری «نەتەوایەتی ـ حقوقی»یەکان بگۆڕدرێن، ئەو پرسیارە گەرەک لە پێوەندی لەگەڵ شلبوونەوەی کۆنسێپتی دەوڵەت ـ نەتەوە لە ئورووپادا تاوتوێ بکرێ.**

**• ئەگەر ئیدەئۆلۆژی دامەزراو لە کۆمەڵگەی تورکیادا واتە کەمالیزم کە بە پێی وی قانوونی ئەساسی داندراوە، ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی تێدا پێکبێ کە مەسەلەی هاوولاتێتی لە کۆنسێپتی ئێتنیک و نەتەوەیی جوێ بکرێتەوە و دەوڵەتی حاکم ددان بە جۆراوجۆری کولتووریی نێو کۆمەڵگەدا بهێنێ و ڕێزی لێبگرێ، ئایا دەکرێ ئاواتی کوردەکان، ئەرمەنییەکان و ئاسۆری ـ سوریانییەکان لە شێوەی جیاوازی خۆیدا وەدی بێ؟ هەروەها ئەگەر پرۆسەیەکی ئەوتۆ وەگەڕ بکەوێ داخودا مەنتیقی دەوڵەت ـ نەتەوە لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست کە بوونی خۆی بە حاشاکردن لە «ئەوی دی» دەبەستێتەوە، دەتوانێ بمێنێ و خۆی بپارێزێ؟**

ـ وەڵامی ئەو پرسیارانە لێرەدا بە گشتی دەدەمەوە. ئەمن باسی ناسیۆنالیزمی سیڤیل دەکەم بەو مەعنایە کە ناسیۆنالیزم لە مەسەلەی پیسی ئێتنیسیتە جوێ بکەمەوە، هەتا ڕۆژێکی ئێتنیسیتە لە ناسیۆنالیزم ببەسترێتەوە، پێوەندی نێوان عەقڵ و ئازادی کەم ڕەنگ دەبێ. جا ئەو باسە دێتە پێش کە ئەتۆ چۆن دەتوانی ناسیۆنالیزم لە ئێتنیسیتە جوێ بکەیەوە. ئەوە کارێکی هێندە گران نییە و دەکرێ دابمەزرێندرێ. کورد بوون باوەڕێکە کە باری فەرهەنگی سیاسی هەیە. یەکێک کە خۆی بە کورد دەزانێ لە باری فەرهەنگی ـ سیاسییەوە، ئەوە کوردە، گرینگ نییە دایک و باوکی کورد بن یان نەبن، ئێتنیسیتە فەقەت و فەقەت گرینگیی سیاسی هەیە، ٢٠٠ ساڵ لەوە پێش ئێتنیسیتە باری سیاسی نەبووە. بۆ نموونە کوردان هیچ موشکیلەیەکیان لە گەڵ ئیمپراتوری عوسمانی نەبووە و ئەویش موشکیلەی لەگەڵ کوردان نەبووە، ئەوە مۆدێرنیتەیە کە ئێتنیسیتەی هێناوەتە نێو دیسکۆرسی سیاسی مەعنای سیاسی داوەتێ. هەرشتێکی کە دە مۆدێرنیتەیدا نووسراوە باری ئێتنیکی هەیە بە تەرتیبێک. وەختێک ئەو باری ئێتنیکییەکەی لێ جوێ بکەیەوە، ئەتۆ دەتوانی باسی عەقڵ و ئازادی بکەی. بۆیە ئەمن باسی ناسیۆنالیزمی سیڤیل دەکەم. لە ڕوانگەی خودی ناسیۆنالیستێکی تورک، ناسیۆنالیزمی تورک هیچ عەیبی نییە، لە چاوی وی دەوڵەتی تورک هیچ عەیبی نییە. بەڵام ئەتۆ ئەگەر لە چوارچێوەی تورکیادا سەروەریی گەل قەبوڵ نەکەی پێی سەیرە. ئەتۆ ئەگەر لە باری ناسیۆنالیزمی ئێتنیکەوە بۆی بچی، دەبێ هەقی بدەیەی، ئەو ئاوای دەبینێ و ئەتۆش ئاوای دەبینی. جارێ دەسەڵاتەکە دە دەست وی دایە، بەڵام ئەگەر ئەتۆ لە ڕێگەی دیمۆکراتیکییەوە بۆی بچی، ئەساسی بۆچوونی وی لە بەین دەچێ. دوو ساڵی ماوە کە سەدەی بیست خەلاس بێ و پێ بنێینە سەدەی بیست و یەک، جا لەو سەدەیەدا، ئەگەر ناسیۆنالیزمی ببینی، دەبێ سیڤیل بێ، یانی لە ئێتنیسیتەی جوێ بکەیەوە، لانیکەم لە سیاسەتدا.

ڕێگای هەوەڵی ئەوە، ناسیۆنالیزمی فەرهەنگی یە، کە دەبێ ڕۆشنبیری ناسیۆنالیست شتی وا بنووسن، باوەڕی وا بێننە پێش کە هووییەتی سیاسی خۆیان جێگیر بکەن، بێ ئەوەی باسی ئێتنیسیتەی خۆیان بکەن. یانی هەموو کوردان لەگەڵ ئێتنیسیتەی خۆیان حاڵەتێکی وەسواس پەیدا دەکەن، دەلیلی چییە، دەلیلی ئەوەیە کە پێوەندی ئێتنیک و ناسیۆنالیزم لەگەڵ تورک و عەرەب و فارسدا تێکەڵ بووە. ئەوە پێوەندییەکە کە دەوێدا پێوەندی زەبروزەنگ هەیە، سیاسەتی توندوتیژ هەیە، بەڵام تەعەقول زۆر کەمە. وەختێک دە ساختومانی هووییەتدا تەعەقول کەم بێ، وەسواس دە

ئێتنیسیتەدا دێتەپێش، ئەوە لە هەموو جێگایەکدا هەمیشە وابووە. لە ئالمانیش وا بووە، ئەتۆ ئەگەر تەماشا بکەی لە ئالمان، بە وجودهاتنی ناسیۆنالیزمێکی توند ـ دروستە ئەوە بەتەرتیبێک بەرهەمی مۆدێرنیتە بووە ـ بۆخۆی سیاسەت و فەلسەفە و فکرێکی ناعاقلانەی لەگەڵ خۆی هێناوەتە پێشێ. بۆیە ئەمن لەگەڵ ناسیۆنالیزمی ئێتنیک نێوانم زۆرخۆش نییە. کاتێک ناسیۆنالیزم توند و تیژ دەبێ، کە ئەو ڕابیتەیەی لە نێوان عەقڵ و ئازادیدا پێویستە، کەم دەبێتەوە. ئەوەیکە ئایا دە پرۆسەی دروستکردنی میللەتدا، زەبر و زەنگی سیاسی هەبێ یان نا، شتێکی زەینی نییە و ناکرێ بڕیار بدرێ هەبێ یان نەبێ.

ئەمن کە باسی تەعەقولی سیاسی (political reason) دەکەم، بەو مانایەیە کە ئەگەر باری وەی لاواز بێ لایەنی زەبروزەگ زۆر دەبێ ، وەک دەبینین لە ئێران و عێراقێ زۆرە، لە تورکیادا یەکجار زۆرە. بۆیە عەرزت دەکەم دە پرۆسەی سیاسەتی ناسیۆنالیستیدا، بەشێک لەوەی کە زەبروزەنگ دەبێ هەبێ یان نەبێ، ئەوە ئینسان بە تەرتیبێکی دەتوانێ دیاری بکا. بەشێکی دیکە، خودی پرۆسەکەیە لەگەڵ ئەوانەی کە ئێمە لەگەڵیان تەرەفی موعامەلەین. ڕەنگە ئەو پرسیارەی دە چوارچێوەی ئەورۆدا کراوە، ئەگەر تەماشای بکەی، بۆ نموونە ئەو وەزعییەتەی کە لە ئورووپایە هاتووتەپێش لە پێوەندی لەگەڵ جوولانەوەی کوردی باکور، ئەو مەسەلەی زەبروزەنگ و تێرۆریزمی زۆر هێناوەتەپێشێ. بە باوەڕی من دیتنی زەبروزەنگ و تێرۆریزمی سیاسی دەو چوارچێوەیەدا، هێندێکی ئەخلاقییە و دروست نییە. چونکە ئەو سیاسەتەی ئەوەی هێناوەتەپێشێ لەسەر بناغەیەکی ئەخلاقی دانەمەزراوە، لە سەر تەعەقولێکی سیاسی دانەندراوە، ئەو زەبرو زەنگە دەبێ دە چوارچێوەی سیاسەتی ئەورۆی دەوڵەتی تورکیادا ببیندرێ. لە هەمووی گرینگتر دەبێ لە چوارچێوەی بوحرانی سیاسی ـ فەرهەنگی هوویيەتی تورکدا ببیندرێ. ئەو هوویيەتە تووشی بوحران بووە و ناتوانێ لە ئێستای خۆی بگا کە موشکیلەی لێ پەیدا بووە. لەو وەختەوە کە مەسەلەی کورد لە تورکیا هاتووەتەپێش، مەسەلەی ئیسلامی بەو شێوەی هاتووەتەپێش، کە ئەوە دوو دانە لە ستوونەکانی ئەسڵین کە هوویيەتی تورک و میللەتی تورکی لە سەر دامەزراوە، تووشی موشکیلە بووە و عەلامەتی پرسیاریان لە پێش داندراوە. بۆیە ئەو بوحرانە سیاسییەی کە ئێستا لە تورکیا دەیبینین، سیاسەتێکی تایبەتییە، تەواوی گۆڕەپانی سیاسەتی تورکیای پارچەپارچەکردووە. سیاسەتی تورکیا سانتری خۆی لە دەست داوە. هیچ ئینتلافێکی سیاسی ئێستا لە تورکیا نایگرێ. تەنیا ئینتلافێک دەیگرێ کە دەبێ ئیسلامییەکان، یان کوردەکانی تێدا بێ و ئەوەش بۆ ژەنەڕاڵەکان موشکیلە دەخولقێنێ و قابیلی قوبوڵ نییە.

ئەو گۆڕەپانی سیاسییە، ڕێفلێکسێک نیشان دەدا، کە لە هوویيەتی میللی تورکدا هاتووەتەپێشێ. جا لەبەر ئەوە ئەمن ئەزەرم ئەوەیە دروستە مەسەلەی ئینسانی و ئەخلاقی دەبێ جێگای هەبێ و هەشیەتی، بەڵام ئەتۆ دەتوانی ئەخلاقی سیاسیت هەبێ ئەگەر تەعەقولەکە لە سەر ئەخلاقی سیاسی دامەزرابێ. وەختێک تەعەقولی سیاسی دەشکێ، یان لەبەین دەچێ، وەکوو ئەوەی کە لە تورکیا لە بەین چووە، سنووری نێوان زەبروزەنگ و عەقڵی سیاسی لەبەین چووە. لە تورکیا ئەو مەرز و سنوورە دە سالیش دەبێ لە بەین چووە. لە ئێرانیش لە بەین چووە، حەتتا لە خودی چوارچێوەی دەوڵەتیشدا لە بەین چووە. بزانە ئەو کوشتنەی دوکتور قاسملوو، بە تەرتیبێک بوحرانی تەعەقولی سیاسی لە ئێران نیشان دەدا. مەبەستم ئەوەیە ئەتۆ ناتوانی بۆ ئەو زەبروزەنگە مێعیارێکی ئەخلاقی دابنێی. ئەگەر بمانەوێ ڕەهبەری پکک ی لە باری ئەخلاقییەوە بە نێوی زەبروزەنگ و شتی وا مەحکوم بکەین، بە ئەزەری من ئەوە کۆمەگێکی بە تەعەقول و فکری سیاسی کوردان ناکا، ئەمن موتمەئینم هەرکەس کە فکر و شعووری سیاسی هەیە، لە سەر ئەو زەبروزەنگە چ ئی خۆی بێ چ ئیدیکە، دەبێ هەڵوێست بگرێ. ئەو هەڵوێستەش دەبێ لە سەر تەعەقولی سیاسی بێ، نەک لە سەر قەزاوەتی ئەخلاقی، مونتەها لەسەر ئەو عەقڵی سیاسییەی کە تا ئێستا نەشکاوە یان لە بەین نەچووە. دادگایی کردنی سەرۆکی حەرەکەتێک قابیلی قەبوڵە، کە هەموو ژنەڕاڵەکانی تورکیش بگرێتەوە. زەبروزەنگ هیچوەخت بۆ خۆی هەڵناقوڵێ، هەمیشە سەبەبی هەیە.

مەسەلەی دیکە ئەوە بوو کە باسی ناسیۆنالیزم و دەوڵەت و میللەت دەکەین لە شەرایەتێکدا کە لە ئورووپایە دەوڵەت ئەو ئەرزشە سیاسییەی خۆی لە دەست دەدا. ئەمن هێندە لایەنگری گلۆبالیزم و ئەو مەسەلانە نیم، ئەمن موعتەقیدم کە ئورووپایەکی یەکگرتووی سیاسی فکرێکی باشە، بەڵام موشکیلە پێشبینی بکەی دە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا. ئەمن فکر ناکەم حەتتا دەو چوارچێوەشدا دەوڵەتی میللی یا واحیدی میللی، گرینگیی سیاسی خۆی لە دەست بدا. دەلیلەکانی ئێمە، بەداخەوە ئێستا ئاوایە کە ئەو فاکتۆرەی کە سێنترالیەتی دەدا بە هوویيەتی میللی، دەوڵەتی میللی یە. ئەوە دەوڵەتی میللییە کە هوویيەتی میللی بە عینوانی ئەساسی ترین و سێنترالترین و گرینگترین هوویيەتی ئینسانی مەترەح دەکا، ئینسان زۆر هوویيەتی هەیە: وەک هوویيەتی فەرهەنگی، ئەدەبی، مەزهەبی، خانەوادەگی و... بەڵام ئەوەیکە باری هوویيەتی میللی لە نێوان ئەو هوویيەتانەدا دەباتەسەرێ و لە هەموویانی بەرزتر دەکاتەوە لە دونیای ئەورۆدا، هوویيەتی میللی بە شێوەیەکی حقوقی و قەزایی و سیاسی یە، کە لە ستروکتووری دەوڵەتی میللی دەبەسترێتەوە. ئەوە ستروکتووری دەوڵەتی میللی یە کە ئیقتیسادی میللی و فەرهەنگی میللی دەکاتە پایەی ئەو کارە. ئەمن دە قسەکانمدا عەرزم کردن، ئەگەر فکری مۆدێرنیتە و پرۆژەی مۆدێرنیزەکردن و ئیدەئۆلۆژی مۆدێرنیزم، هەر سێکیان دە سنوورێکی دیاریکراودا بمێننەوە، پێی دەڵێن فۆرمی سیاسی میللەت، دەبێ باوەڕمان بەوەی هەبێ کە هوویيەتی میللی وەک ستروکتووری دەوڵەتی میللی هەتا ئێستاش تا ماوەیەکی یەکجار زۆر، گەورەترین و گرینگترین هوویيەت و عامیلی تەحلیل و موحاسەبە و حەرەکەتی سیاسی بە حیساب دێ.

ئەو پرسیارەی کە کرا لە ڕابیتە دەگەڵ ناسیۆنالیزم و حەرەکەتی سیاسی لە ئێران و تورکیادا، ئەمن لە نووسراوەیەکی خۆمدا کە بەشێکی بڵاوبۆتەوە و بەشێکیشی هێشتا ماوە بڵاوبێتەوە، ئیستیدلالم کردووە ئەگەر هەر هێزێکی سیاسی کوردی بیهەوێ لە چوارچێوەی سیاسی ئەو دەوڵەتانەدا لە گەڵیان بکەوێتە موعامەلە، بێ ئەوەی داوایەکی زۆر ئەساسی هەبێ، ئەو موعامەلەیە تووشی شکست دەبێ. ئەو تەقازا ئەساسییە ئەوەیە کە ئەتۆ هەر جۆرە موعامەلەیەک بکەی، چ ئۆتۆنۆمی بێ، چ خودموختاری بێ، بۆ ڕێفۆرمی رادیکاڵی سیستمی ئەو دەوڵەتانە بن، بەبێ ڕیفۆرمێکی رادیکاڵی سیستمی سیاسی ئەو دەوڵەتانە، هیچ جۆرە موعامەلەیەک دەگەڵ ئەوانە سەر ناگرێ. تاریخ ئەوەی نیشان داوە. ئەو قسەی ئەمن دەیکەم بۆخۆم باوەڕم پێیەتی. ئەوە مەبانی تیۆریکی پتەوی لە پشتە. ئەویش ئەوەیە کە تۆ ناتوانێ لێرە واریدی هیچ مەبحەسێکی سیاسی بی،

ئەگەر لەوێ ئەو دەوڵەتە حازر نەبێ ریفۆرمێکی ڕادیکاڵ بکا. دەو ریفۆڕمە رادیکاڵەدا دەبێ بەعزە شتێک لەبەر چاوبگیرێ. بەڵام یەکێک لە عومدەترین و گرینگترینی ئەومەسەلانەی ئەمن دەستی لە سەر دادەنێم، ئەو ریفۆڕمە رادیکاڵەیە کە دەبێ رابیتەیەکی ڕاستەوخۆ و نیزیکی هەبێ دەگەڵ ریفۆرمی مەسەلەی حاکمییەتی میللی لەو چوار دەوڵەتەدا. بە چ مەعنایەکە حاکمییەتی میللی لەو دەوڵەتانەدا... دەسەڵاتی میللی مەفهومێکی زۆر تایبەتییە دە تیۆری سیاسیدا ، بێ جێ نییە ئەگەر بڵێم، مەفهومێکی زۆر عەجایب و سەیرە لە تیۆری سیاسیدا. دەسەڵاتی سیاسی مەفهومێکە لە دەرەوەی سیاسەتی دەوڵەتدا. وەختێک دەڵێن دەوڵەت حاکمییەتی هەیە، یانی لە دەرەوەی سیاسەتی ڕۆژانەیە، لە گەڵ ئەوەشدا لە ناوەوەی ئەویشدایە. بەو مەعنایە کە وەختێک دەوڵەتێک حاکمییەتی هەیە و بە نێوی ئەو حاکمییەتە کار دەکا، مەشروعیەتی خۆی لەو حاکمییەتە وەردەگرێ. بەڵام هیچ ڕەبتی بە عەمەلی ڕۆژانەی نییە، مەسەلەی حاکمییەتی میللی هیچ ڕەبتی بە کارکردنی ڕۆژ بە ڕۆژی دەوڵەت نییە، حاکمییەتی میللی سوێد هیچ ڕەبتی بە کاری ڕۆژانەی دەوڵەتی سوێد نییە، ئەوە شتێکە لەوێ داندراوە. ئەوە مەفهومێکە، بەڵام ئەو حاکمییەتە لە عەینی حاڵدا، عامیلی ئەسڵی مەشروعیەتی دەوڵەتیشە. باشە، دەوڵەتی سوێد چون دەوڵتێکی دێمۆکراتیکە، حازرە ئەوەی قەبوڵ بکا کە حاکمییەتی میللی ڕەبتێکی بەوە نییە کە دەوڵەت چ بڕیارێکی سەبارەت بە بێهداشت(لەشساغی) و خوێندن دەگرێ، یان سەبارەت بە ژنان و پیاوان، یان ماڵیات چ بڕیارێک دەدا... بەڵام دەوڵەتێکی وەک تورکیا حازر نییە ئەوەی قەبوڵ بکا.

ڕەبتدانی کاری ڕۆژ بە ڕۆژی حکومەت لە ناوەوەی دەوڵەتدا، لە مەسەلەی حاکمییەتدا بۆ کوردان نەتیجەی موسیبەتباری هەبووە، نەتیجەکەش ئەوە بووە کە هەر وەخت کوردان هاتوون داوایەکیان هەبووە، ئەو داوایە ڕەبت دراوە بە حاکمییەتی میللی ئەو دەوڵەتانە و دەستبەجێ بە مەعنای خیانەت لێکدراوەتەوە و مەحکوم کراوە و بێ ئەوەیکە مەترەح کرابێ بووەتە مەسەلەیەکی نیزامی، یانی مەسەلەی ئەمنیەتی میللی. ئەگەر داخوازییەکانی کوردان لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا مەترەح بکرێ کە سەد لە سەد لە کۆنسێپتی حاکمییەتی میللی بەسترابێتەوە، ئیمکانی نییە کە بتوانی مەسەلەی میللی بە شێوەیەکی سیاسی ببینی و ئەوانیش ڕازی بن و قەبوڵی بکەن. ئەوان حەتمەن بە شێوەیەکی ئەمنیەتی دەبینن.

جا ئەوەیکە تەغییر و گۆڕانێک لە مەسەلەی هاووڵاتێتی دەکرێ، ئەوانە نە جێگەی خۆیان دەگرن و نە دەتوانن کاربڕ بن ئەگەر ئەو ریفۆرمانە لە ستروکتووری حاکمییەتدا نەکرێن. حاکمییەتی یەکگرتوو دەتوانێ لە چوارچێوەی سیاسەتی نێونەتەوەیی ئەوڕۆدا ببێ بە عامیلی مەشروعیەت بەڵام ئەوە پێویست نییە بە عینوانی ئەسڵی حەرەکەتی دەوڵەت ببیندرێ. ئەوە زۆر مەتڵەبێکی عومدەیە کە گەلێک لە فەیلەسوفەکانی ئەوڕۆ باوەڕیان وایە تەنیا ڕێگایەک کە دەوڵەت دەتوانێ بە ژیانی خۆی درێژە بدا ئەوەیە کە هەرچی زووتر، حکومەت لە حاکمییەت جوێ ببێتەوە.

ئەو مەسەلەی حاکمییەتە ئەگەر ببێتە ئەساسی کارکردنی ڕۆژ بە ڕۆژی حکومەت، ئیمکانی نییە ئەتۆ بتوانی تەنانەت دە قانوونی ئەساسیشدا باری ئێتنیکی بەردەوامی هاووڵاتێتی لە بەین ببەی، یان بتوانی سیستمێکی دێمۆکراتیک دابمەزرێنی. جا بۆیە دە چوارچێوەی سیاسەتی ئەوڕۆی کوردیدا، دە ئوڕووپایەدا، ئەلحان ئەو مەسەلەیە هاتووەتە پێشێ کە بە باوەڕی من ئەوە یەکجار گرینگە. یانی لەو داخوازییانەی کە کوردان دەیکەن، ئەگەر بێتوو لەگەڵ تورکیا بکەونە موعامەلەوە، دوور نییە شتێکی وا بێتەپێش بەهۆی شەرایەتێک، بە نەزەری من، بێ ئەوەی کە هەوەڵین داوایان ڕێفۆرمی رادیکاڵی سیستمی تورکیا بێ، ئیمکانی پێشچوون زۆر کەمە. هەدەفی ئەساسی ئەو حەرەکەتە و ئەو ڕێفۆرمەش دەبێ ئەوە بێ مەسەلەی میللی لە مەسەلەی حاکمییەتی میللی ئەو دەوڵەتانە جوێ بکرێتەوە. هەتا ڕۆژێکی مەسەلەی کوردی، لە مەسەلەی حاکمییەتی میللی ئەوانە بەستراوەتەوە، تەنیا چارەیەکی کە ئەو دەوڵەتانە بۆ مەسەلەی کوردی دەبینن مەسەلەی نیزامی یە. جا بۆیە عەرزتان دەکەم، ئەوەی کە باسی ڕێفۆرمی هاووڵاتێتی دەکا، ئەمن باسی پلۆرالیزمی سیاسی دەکەم، ئەوانە هەموو زۆر گرینگن. گرینگتر لەوانە، مەبنای سیستمی ستروکتووری سیاسی دەوڵەتی تورکیا و ئێران دەبێ ڕێفۆرم بێ، لە ئێرانێ هەتا ڕۆژێکی حاکمییەتی سیاسی لە ویلایەتی فەقیه ببەسترێتەوە، جێگایەک بۆ شتی وا نامێنێ. بۆیە وەختێکی ئیستیدلال دەکەم کە کوردان دەبێ بێنە نێو پرۆسەی سیاسی بەو عینوانە کە ڕێفۆرمێکی وا بێتەپێشێ، نە ئەوەیکە ئەو ڕێفۆرمە هەیە یان بەبێ ئەو ڕێفۆرمە ئەوانە بە جێگایەک دەگەن. ئەمن لەسەر ئەوە پێدادەگرم هەتا ڕۆژێک هێزەکانی کوردی نەتوانن لە موعامەلاتی سیاسی خۆیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا، مەسەلەی سیاسەتی ڕۆژ بە ڕۆژی دەوڵەت و مەسەلەی هاووڵاتێتی لە مەسەلەی حاکمییەتی سیاسی جوێ نەکەنەوە، ناتوانن باسی ڕێفۆرم بکەن. تا ئەوددەمەی مەسەلەی کوردی لە حاکمییەتی سیاسی بەستراوەتەوە زەبروزەنگ هەر دەبێ و پێوەندی یەکلاکەرەوەی ڕابیتەی فارس و تورک و عەرەبیش هەر دەمێنێ. دەلیلیشی ئەوەیە هەر تەقازایەکی کورد بیکا حەتتا تەقازایەکی زۆر سەرەتاییش بێ، بە عینوانی مەسەلەی حاکمییەتی میللی و ئەمنیەتی چاوی لێدەکرێ. جا بۆیە ئێستا هێزی ئەساسی سیاسیی کوردی لە تورکیا لە شەرایەتێک دایە کە خۆی ڕێفۆرم دەکا، ئەو مەسەلەیە یانی ئەو تەقازایە بە باوەڕی من کە ئیستدلالی تیۆریکی زۆر قەوی لە پشتە، دەبێ بکرێ. کاکە پرسیارەکانم جواب دایەوە؟

**● ببورە کاک عەباس، ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیانەی هەشن، ئەوڕۆ کەوتوونەتە ژێر سوئاڵ، ئەوە لایەکی قەزییەکەیە، بەڵام ئەو سێ لایەنەی باستان کرد مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزاسیۆن و مۆدێرنیزم، غەربییەکان خۆیان دەڵێن ئەو سێیانە هاوکات لەگەڵ یەکتر نەچوونە پێش. عەقڵی مۆدێرنیتە چییە و ئێمە چۆن دەتوانین ئەو عەقڵی مۆدێرنیتە لە سەر ئەو بنەما و ئەو سوونەتی کوردییەی ئێمە هەمانە... لەگەڵ ئەو سێ دیاردەیە بیگونجێنین؟**

ــ ئەمن باسی عەقڵی مۆدێرنم کرد بەو مەعنایە کە عەقڵی مۆدێرن دەبێتە وەسیلەیەک، کە هوویەتی خۆی، دە خۆیدا ڕوون دەکاتەوە. ئەوە دەبێتە دیسکۆرس یا پراکتیس یا هەرچۆنێک بێ، ئەو عەقڵە دیارە شتێکی یەکدەست و یونیفۆرم نییە، ئەمن باسی شتێکی یونیفۆرم ناکەم، ئەمن باوەڕم بە وەی نییە و ئەگەر هەبێ دەبێ ئەو شتانەی خوێندوومن فڕێیان بدەم. نا ئەمن باوەڕم بە وەی نییە کە عەقڵی مۆدێرن شتێکە و لەوێ نووسیویانە. ئەمن عەرزم کردی لە دەرەوەی خۆی دەبێ شتێکی بۆ دابندرێ کە هەم مێعیار و سنووری وەی دیاری بکا و هەم حەرەکەتەکانی.

بۆیە ئەمن مێعیاری ئازادیم بۆ دانا. ئەوەش شتێکی بێ حەد و سنوور نییە بەو شێوەیە. ئەو مێعیارەی ئەمن بۆی دادەنێم دەقیقەن دە چوارچێوەی تیۆری دێمۆکراتیک دایە، بەڵام ئەوەش بەو مەعنایە نییە کە

به باوەڕی من تیۆری دێمۆکراتیک بێ ئیرادە، دیارە ئەو جورەی کە ماکس وێبر دەڵێ ئەوەیە کە هەمانە، لەوەی باشتر ئەگەر ئەتۆ هەتە فەرموو بیهێنە، ئەگەر نیمانە ئێمە ناتوانین هەبین و نەفەسیش نەکێشین، دەبێ سیاسەت بکەین، موشکیلەکە ئەوەیە دروست ماکس وێبر دەڵێ دنیای مۆدێرن وەک قەفەسی ئاسن وایە، بەڵام هەر ئەوەیە، پێت خۆشە ئەوەیە پێت ناخۆشە هەر ئەوەیە. باسێک لێرەدا یەکجار عومدەیە، ئەویش ئەوەیە، وەختێک باسی عەقڵی مۆدێرن دەکەم، ڕابیتەی وی لەگەڵ ئازادی دادەنێم، ئەمن دەو چوارچێوەیەی سوننەتی مۆدێرنیتەیدا، جێگایەک بۆ ئازادی دەهێڵمەوە، زۆر کەس وەک ماکس وێبر یان نیچە، پێیانوابوو ئەوە خەیاڵاتە، مومکینیشە خەیاڵات بێ، بەڵام مەسەلە ئەوەیە کە سیاسەتی عەمەلی ئەگەر چوارچێوەیەکی نەبێ ئەمن ڕێگایەک بۆ پێشەوە نابینم. کە ئەوەی دەڵێم بەڕاستی وایە، یەک ئەوەیە کە ئینسان دانیشێ و مەقالەیەکی بنووسێ، یەکیش ئەوەیە کە دەڵێی ئەورۆ چ بکەین؟ وەختێک دەڵێی ئەورۆ چ بکەین؟ دەبێ لەو چوارچێوەیەی کە هەمانە فکر بکەینەوە و بیبەینە پێش.
ئەمن، نە باوەڕم بە عەقڵی یەکدەست و یونیفۆرم هەیە و نە باوەڕم بە عەقڵی ئامراز و عەقڵی دەربڕ هەیە، دیارە تاحەدێک باوەڕم بە عەقڵی سەربەخۆ و بێلایەن هەیە، چ لە چوارچێوەی مۆدێرنیتەدا، چ ئی فکری پێش مۆدێرنیتەشدا. ئەتۆ تەماشا کە لە نووسراوەکانی سیاسی کەسێکی وەک میشل فوکۆ کە باسی گاورمێنتالیتی دەکا، گاورمێنتالیتی پرۆژەیەکی مۆدێرنیتەیە، یانی باسی عەقڵی ڕەخنەگرانە دەکا. ئەوە بەو مەعنایە نییە کە ئەو کابرایە نازانێ. دەزانێ بەڵام بە قەولی ئینگلیسیان ئێمە دەبێ ئاخرسەر دوکانەکەمان ئیدارە بکەین، هەرچۆنێک بێ دەبێ ماڵەکەمان ئیدارە بکەین. بزانە ئەو شتانەی کە فوکۆ دەیڵێ سەبارەت بە گاورمێنتالیتی و ئەو ڕەخنانەی لە تیۆری حاکمییەتی دەوڵەتدا کە من باسی دەکەم ئەساسەن لە کاری وێرا دێ، کریتیکی حاکمییەت کە من باسی دەکەم هەم دەتوانی لە عەقڵی جوێ بکەیەوە و هەم دەتوانی جوێی نەکەیەوە. بە باوەڕی من ئێمە دە شەرایەتێکداین کە ئەو تەعەقولە دەبێ لە سەر جێگای خۆی بمێنێ. مونتەها ئەمن دەڵێم دەبێ تەعەقولێکی ڕەخنەگرانە بێ. نە ئەوەیکە ئەمن نازانم ڕەخنەکان چن، دەزانم، ئەمن ئەگەر ئێستا مارکسیست بایەم دەمگوت ئەو عەقڵە حەقیقەتە، نا، حەقیقەت نییە، بەو شێوەیە وجودی نییە. ئەو عەقڵە بە تەرتیبێک ڕابیتەی دەگەڵ ئازادی و پێشکەوتن و پێشڕەفت ڕوونتر دەکاتەوە. چونکوو سیاسەت، بە بێ ئەوانە موشکیل دەبێ. دیسانیش ئەوەی دەڵێم کە ئەمن باسی ئەو سیاسەتەی دەکەم کە دەبێ چ بکەین، یانی باسی عەمەل دەکەم.

**● ببورە، ئەمن مەبەستم ئەو عەقڵە ڕەخنەگرانەیە کە لەگەڵ ئەو وەزعە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەی کورد هەیەتی، چۆن دەبێ؟**

ـ ئەگەر لە ڕێگەیەکی دیکە بۆی بچین، سەرکەوتنی سیاسی دە غەربدا زۆر بووە، دەسکەوتی زۆر بووە. بە باوەڕی من سۆسیال دێمۆکراسی غەربی، سیستمی سۆسیال سیکوریتی غەربی، فەرهەنگی پێشکەوتووی غەربی و ئەوانە، زۆر دەسکەوتێکی چکۆڵە نین. عەیبیان هەیە، موشکیلەیان هەیە، بۆنموونە ڕۆشنبیری ئینگلیسی و فەرانسەیی باوەڕیان وایە کە ئەو سیستمی هاووڵاتێتی کە هەیانبووە، باش نییە، چون ئێستا ئەتۆ ئینگلیسی ڕەشت هەیە، زەردت هەیە، ئینگلیسی سوورت هەی،ە وەکوو جاران نەماوە، باشە! ئەتۆ دەبێ سیستمێکی هاووڵاتێتیت هەبێ کە ئەو مافە سروشتییەی دە خۆیدا بگونجێنێ. دروستە کە ئێمە دەڵێین تیۆری دێمۆکراتیک ناتەواوە و ئەمن دە نووسراوەکانی خۆمدا ڕەخنەم گرتووە، بەڵام بەو مەعنایەی نییە کە ڕێگاکەی گیراوە بۆ تۆ. ئەو عەقڵەی کە فوکۆ باسی دەکا لە واقیعدا عەقڵی بێلایەن و سەربەخۆیە. ئەویش ئاخری بەو جێگایە دەگا کە باشە ئێمە ڕەخنەمان لەو سیستیمانە گرت و هەمووشمان هەڵوەشاندەوە، بەڵام ئاخری دەبێ دانیشین و نانەکەمان بخۆین، یان ماڵەکەمان ئیدارە بکەین. بۆیە ئەمن دەڵێم ئێستاش بۆ ئێمە بەتایبەت کوردان پرۆژەی مۆدێرنیتە نەتەنیا تەواو نەبووە، بەڵکوو زۆر شتی هەیە کە بە ئێمەی بدا. مونتەها دەبێ بەتەرتیبێکی ڕەخنەگرانە بۆی بچین. ڕێگاشی ئەوەیە کە تەعەقولی ڕەخنەگرانەمان هەبێ. ئەو باسەی ئەمن پارەکە کردم، هێندێک پێیان وابوو کە ئەمن حەمد و سەنای کاپیتالیزمی دەکەم. ئەمن لە موشکیلاتی کاپیتالیزم ئاگادارم، بەڵام هیچ باوەڕیشم بەوەی نییە کە ڕابیتەیەکی ڕێکوپێک و مەنتیقی هەیە لە نێوان کاپیتالیزم و دێمۆکراسیدا، نا، باوەڕم بەوەی نییە. مەبەستم ئەوەیە کە سیستمی دێمۆکراسی بە بێ ئەو دەسکەوتانەی، بەبێ ئەو مەحسولاتە فەرهەنگی و سیاسییەی غەرب کە زۆر زۆر گرینگە، عەمەلی نییە.
باوەڕم بەوانە هەیە نەک وەک ئیدەئاڵ، بەڵکوو وەک سیستمێک کە دەبێ تەکمیل بکرێ.
ئەمن باسی مەسەلەی ئیقتیسادم نەکرد بەو مەعنایە کە یەکێک لە سەبەبەکانی مۆدێرنیزاسیۆن کە لە مۆدێرنیتە جوێ دەبێتەوە، ئەوەیە کە ستروکتووری ئیقتیسادی لاوازە. لە هەر کوێیەک ئەو لاوازییە زۆرتر بێ، ئەو دووانە زۆرتر لێک جوێ دەبنەوە. ئەگەر لە پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگادا، ڕابیتە و هێزەکانی تەولیدی (بەرهەمهێنان) ڕوشدیان کەمتر کردبێ، قودرەتی سیاسی بە هێزێکی زۆرتر دێتە نێو پرۆسەی ئیقتیسادییەوە. ئەوە یەکێک لە شتەکانە، یەکێک لە ئیرادەکانە کە ئەمن هەمیشە سەبارەت بە پرۆژەی سۆڤیەت لە حیزبی تودە و فەداییانم دەگرت. یانی لەبەر وەی قودرەتی سیاسی جێنشینی هێزی ئیقتیسادی بێ، حەدێک هەیە، ئەگەر لەو حەدەی بچێتەسەر، فەقەت بە زەبروزەنگ مەترەح دەبێ. ئەوەمان لە وڵاتانی کورە و کامبۆج و ڤێتنام دیوە، لە ئەتیۆپی و ئورووپای شەرقی دیوە. وەختێک ئەمن باسی ئەوەی دەکەم کە دەبێ ئەو ئازادییە هەبێ، دیارە دەزانم کە هێزی ئیقتیسادی زۆر گرینگە، لاوازبوونی بناخە و هێزەکانی ئیقتیسادی یەکێک لە سەبەبەکانی کەمالیزم و پەهلەویزم لە تورکیا و ئێران بوو کە هێزی سیاسی کرد بە ئامرازی سەرەکیی مۆدێرنیتە، نەک چینی مامناونجی و بورژوازی؛ ئەگەرچی سەد بریا بورژوازی بوایە و هەموو کەسیشی چەوساندبایەوە، سەد بریا ئەوان بایەن لەباتی ئەو دەوڵەتەی کە هەبوو، وەزعمان زۆر باشتر دەبوو. ئەو ئیستدلالەی دەکەم و ئیمانیشم پێیەتی.
ئەمن کەسێک نیم کە باوەڕم بە هیچ ئازادییەکی موتڵەق هەبێ، ئەمن دە شتێکی نیسبیدا باسی دەکەم. یانی سیاسەت ناکرێ لە چوارچێوەی موتڵەقدا باس بکرێ. هەر شتێکی دە چوارچێوەی موتڵەقدا باسی بکەی، تووشی شکست دەبێ. ئەتۆ ئەگەر فکر بکەی تەزاد و ناکۆکی لە نێوان دوو هێزی کۆمەڵایەتی موتڵەقە، ئیدی ئەوە جێگای زۆر کەم بۆ سیاسەت دەهێڵێتەوە. جێگا بۆ شەڕێ زۆرتر و جێگا بۆ تەعەقولی سیاسی هەر زۆر کەمتر دەهێڵێتەوە. عاقیبتیش کاری سیاسەت دەبێ بە تەعەقولی سیاسی بکرێ. دروستە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیک نییە، بەتایبەت سوننەتەکەی زۆر زیددی دێمۆکراتیکە. ئێمە دەبینین

نیسبەت بە منداڵان، بە ژنان، نیسبەت بە خۆمان پیاوان زۆر نادیمۆکراتیکە. ئەمن باوەڕم بەوەی نییە کە موشکیلی کوردان هەر دەگەڵ دەوڵەتەکانی حاکم بێ، هەموو شتێک بەتەرتیبێک دێتەخوارێ، ئەگەر بمانەوێ مەبنای ئەوەی بگرین بە باوەڕی من دەتوانین باسێکی دیکە دابمەزرێنین. باسێک کە ئێمە چۆن دەتوانین لەو سیستمە پاشکەوتووانەی کۆمەڵگای کوردی رەخنە بگرین، ئەوە باسێکی دیکەیە. بەڵام ئەمن لەوە باوەڕەیدا هەم لەگەڵ تۆ، کە ئەگەر ئەو لایەی قەزییەکە چارەسەربکرێ، وا نییە کە لایەکەی دیکەی حەل دەبێ، نا.. لایەکەی دیکەی هەر مومکینە تێکیشی بدا.

سیاسەت پرۆسەیەکی ئاوەڵەیە، یانی هیچ پێوەندی بە پرۆسەیەکی تاریخییەوە (وەک لە مارکسیزمی هێگێلیدا دەڵێن) نییە. ئاخر ئەوان دەڵێن پرۆسەی تاریخی وەکوو ئەوە وایە کە لێرەڕا هەڵدەستی دەچیە لەندەن و هەر خیابانەی شتێکیان لە سەر داناوە و پێت دەڵێ ئاوا وەرە و ئاوا برۆ... نا، تاریخ وا نییە تاریخ پرۆسەیەکی کوێرە. ئەتۆ ناتوانی مەنتیقێکی رێنوێنی تێدا ببینی. بۆیە هەر سیاسەتێک کە لە مەنتیقی تاریخی برم شێوەیەببەسترێتەوە، بە باوەڕی من سیاسەتێکی زۆر خەتەرناکە. هەر ئازادییەکیش لە مەنتیقێکی موتڵەق ببەسترێتەوە، ئەو خەتەرەی هەیە.

ئاشکرایە کە ئینقلابی کەبیری فەرانسە و ئینقلابی ئۆکتۆبر و کمۆنی پاریس و پەیدابوونی فاشیزم، هەموو بە تەرتیبێک نەتیجەی جۆربەجۆری مۆدێرنیتەن. هەر ئەو جورەی کە مەسەلەن روسۆ بۆ ئینقلابی کەبیری فەرانسە، هێگێل و مارکس بۆ کمۆنی پاریس و لێنین بۆ ئینقلابی ئۆکتۆبر و پاشان بە شێوەیەکی دیکە تیۆریسیەنەکانی فاشیزمی ئیتالیا و ئاڵمان، ئەوانە بە تەرتیبێک هەموو بەرهەمی مۆدێرنیتەن. بەڵام ئەوە بەو مەعنایەی نییە کە ئەوانە بەو شێوەیە لێک دەبەسترێنەوە. مۆدێرنیتە پرۆسەیەکی زۆر بەربلاوە، مۆدێرنیتە بەو شێوەیەی کە لە ئاڵمانێ دەستی پێکرد زۆر فەرقی هەیە لەو جورەی کە لە فەرانسەی دەستی پێکردووە، یان بەو جورەی کە لە ئیتالیا دەستی پێکرد زۆر جیاوازە لەوەی ئینگلستان. مۆدێرنیەتەی ئیتالیا و ئاڵمان و ئیسپانیا وەیەکچوونێکیان هەیە پێکەوە. ئەویش ئەوەیە کە لە هەر سێکیاندا بورژوازییەکی بەنیسبەت بەهێز دەبینی کە لە ماوەیەکی کەمدا ڕوشدی کردووە، بەڵام هەتا ئاخریش هیچوەخت سەروەریی سیاسی نەبوو. لە ئاڵمان هەتا ١٩٣٣ کە هیتلێر هاتە سەرکار ئەشرافییەتی یۆنکرحاکم بوون، لە ئیتالیایەساڵی ١٨٦٠، بەو مەعنایە نەبوو کە حاکمییەتی سیاسی بورژوازی دامەزرا. ئەگەر دامەزرابایە وەزعی سیاسی وا نە دەبوو. وەختێک ئێمە باسی مۆدێرنیتە دەکەین مەفهومێکی کوللی نییە. بۆیەشە من موخالیفی وەم کە رەخنەیەکی گشتی لە مۆدێرنیتە هەبێ. ئەو رەخنانەی کە دەتوانی لە ئاڵمانی بگری، دەگەڵ ئەو رەخنانەی کە لە مۆدێرنیتەی ئینگلیسی دەگری، خاڵی هاوبەشیان هەیە بەڵام هەمووی یەک نین.

**● ئەوەیکە کوردەکان لە عوسمانی موشکیلەیان نەبووە، مەبەستت چ بوو؟ هەروەها ئەو فۆرمە شۆڕشە خۆێتاوییەی کە هەمانبووە نەدەبوو هەبێ، یانی شۆڕشێکی ئیقتیسادی پێویست بوو تا شۆڕشێکی چەکداری...؟**

ـ ئەمن نە باسی بەشێکی تایبەتی کوردستان دەکەم نە باسی هێزێکی تایبەتی کوردستان. ئەمن باسی فکری کوردی دەکەم، ئەوەی دە مێشکی ئەوان دایە باسی دەکەم. یانی کە دەڵێم ئێمە هێشتا ئیحتیاجمان بەو پرۆژەی مۆدێرنیتە هەیە، لە ئەزەر فکر و تەفەکورەوە دەڵێم. نە ئەوەیکە بڵێم ئەو شتەی لێرە هەبووە شتێکی چاکە با هەڵی گرین و بیبەین لەولای دایمەزرێنین. نا، ئەگەر فکرەکە نەبێ ستروکتوورەکەش نابێ، چونکوو تائێستا فکرەکە، زۆر کەم بووە. ستروکتوورەکە لەویش کەمتر بووە. ئەمن ئەوەی دەڵێم، باسی ئەوەی دەکەم کە فکرەکە چۆن دەتوانێ هەبێ.

ئەوە نە جێگای منە و نە ئەمن ئەو هەقەی بە خۆم دەدەم باسی پرۆژەیەکی سیاسی بکەم. ئەوە کاری من نییە. ئەمن باسی پرۆژەی فکری ـ فەرهەنگی دەکەم. پرۆژەی سیاسی کاری هێزێکی سیاسی یە. ئەمن ناتوانم پرۆژەی سیاسی بۆ کەس دانێم. ئەوە نە کاری منە و نە حدودی وەم هەیە و نەهێزی وەشم هەیە، من باسی پرۆژەیەکی فکری دەکەم.

بابێینە سەر مەسەلەی ئیمپراتوری عوسمانی، مەسەلەی ئێتنیسیتە بە بێ سیاسەت هێندە مەعنای نییە، هەمیشە وابووە، لە ئورووپایەش وا بووە، هەتا سەدەی ١٨ و ١٩ و دواتریش، ئێتنیسیتە هێندە گرینگ نەبووە. ئەوە سیاسەتی مۆدێرنە کە ئەو بارە گرینگە سیاسییەی دەدا بە ئێتنیسیتە. لە ئیمپراتوری عوسمانی ئەگەر بە یەکێکت گوتبا تورک، زۆری پێناخۆش دەبوو، تورک یانی لادێیی، بێ سەواد، بێ فەرهەنگ و ئەحمەق، پێیان ناخۆش بوو، هەقیقەتەکەی ئەوە بوو کە ئەوان خۆیان بە عوسمانی دەزانی و هووییەتی عوسمانی هووییەتێکی یونیورساڵ بوو. ئەو ئیمپراتورییە، کوردی تێدابوو، تورکی تێدابوو، عەرەبی تێدابوو، تاحەدێک حەتتا موەفەق بوو مەسیحی و یەهودیشی تێدابێ. ئەگەر لە بیرتان بێ یەهودییەکانی کە ١٤٩٢ تا ١٤٩٦ لە ئەسپانیا و پورتەقاڵ بە زەبر و زەنگ و زۆری دەریان کردن و بەشێکیشیان کوشتن، هێندێکیان چوون لە ئیپراتوری عوسمانی دانیشتن و لەوێ مانەوە؛ یان قەرەچییەکان، ئەوان ئەو موشکیلەیان نەبووە، تاوەکوو ئاخریەکانی قەڕنی ١٩ بە باوەڕی من، ئێتنیسیتەی کوردی لە ئیمپراتوری عوسمانیدا باری سیاسی و ناسیۆنالیستی نەبووە. ئەوە لە ئاخری قەڕنی ١٩ دایە کە سەبر سەبر ئەوە دێتەپێش.

دیارە سەبەبیشی ئەوە یە کە ئێتنیسیتەی تورکیش تا ئاخری قەڕنی ١٩، باری سیاسی ناسیۆنالیستی نەبووە. ئەتۆ تەماشای نووسراوەکانی عوسمانییە جەوانەکان(لاوەکان) بکە، نەک تورکە لاوەکان، کە پاش تەنزیماتی ساڵی ١٩٣٧ دەست بە کاردەکەن، هەدەفیان ئەوەبوو کە حکومەتی عوسمانی جەوان لە تورکیا دابمەزرێنن و هووییەتێکی تازەش دابنێن کە ئەو هووییەتەش هووییەتی ئیسلامی بوو، کە سەبر سەبر هووییەتی میللیشی دەهاتە نێو. ئەوە پاش وەی کە عەبدولحەمید لە ١٨٧٦، ئەو مەجلیسەی کە بە تەرتیبێک دروست کرابوو، بەستی و چۆوە سەر ئیستبدادی پێشوو، پرۆژەی عوسمانییەکانی جەوان لە بەین چوو. پاشان ئەوە، بوو بە پرۆژەی تورکەکانی جەوان کە پرۆژەیەکی ئێتنیکی ـ ناسیۆنالیستی بوو. ئەوە دەوچوارچێوەیەدا بوو کە ناسیۆنالیزمی عەرەب مەترەح بوو، نی کوردیش مەترەح بوو، لەبەر ئەوەیکە ئێتنیسیتە ئەو جێگایەی دا بەوی. ئەمن بە تەرتیبێکی ئاوای دەخوێنمەوە. مومکینە کەسێک باوەڕی وا بێ کە ئێتنیسیتەی کوردی زۆر لەمێژە باری ناسیۆنالیستی هەبووە، یەک دەڵێ لە زەمانی خانی یەوە، یەک دەڵێ لە زەمانی ئیسلامەو، یەک دەڵێ دەچێتەوە دەورەی مادەکان و یەک دەڵێ لە ئادەم و حەوا ڕا دەستی پێکردووە. ئەوانەش بۆخۆیان بیروڕایەکن کە بە باوەڕی من دروست نین، ناسیۆنالیزم سیاسەت و ئیدەئۆلۆژییەکی مۆدێرنە. زۆر سپاس. ■



# ڕەتکردنەوەی خەڵاتی دەوڵەتیی لەلایەن ڕۆماننووسی تورکەوە

وەرگێرانی: هاشمی ئەحمەدزادە

نورهان پاموک، ناودارترین ڕۆماننووسی گەنجی تورکیا، عینوانی خوازیاری «هونەرمەندی دەوڵەتی» کە ئەو مانگە پێی بەخشرابوو، ڕەتیکردەوە. پاموک ڕایگەیاند کە ئەگەر ئەوەی قەبوڵ کردبا، نەیدەتوانی «چاو لە چاوی خەڵک ببڕم، کە بەلامەوە گەینگن».

پاموک یەک لەو ٨٥ نووسەر، هونەرمەند، گۆرانیبێژ و کەسایەتییە کولتوورییانەیە، کە بۆ ئەو شانازییە لەلایەن «سولەیمان دیمیرێل» هەڵبژێردراوە. کۆمەڵێک لە هەڵبژێردراوان بە گوتنی ئەوەیکە لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکە ڕازی نین و یان خود نایانهەوێ ناویان لە ڕیزی ئەو لێستەدا لە قەراغ هێندێک ناوی تردا بێ، لە وەرگرتنی ئەم خەڵاتە خۆیان پاراست. بەڵام پاموک تەنیا کەسێک بوو کە گوتی هۆی ئەم کارەی وی سیاسی بووە.

"من بە درێژایی ساڵان ڕەخنەم لەم کۆمەڵگایە گرتووە لە بەر بۆچوونی لەمەڕ مەسەلەی کورد، لەبەر سەرنەکەوتنی لە هەنگاوهەڵێنانەوە بەرەو دێمۆکراسیی واقیعی، لەبەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و قەدەغەکردنی کتێب". ئەوە ڕاگەیاندنی پامۆک بوو لە چاوپێکەوتنێکدا. ڕووناکبیران و نووسەرانی لایەنگری کورد و تەنانەت فۆندامێنتالیستەکانیش لە بەر نووسینی کتێب و وتار لە زیندان دان. من بیرم کردەوە ئەوە کاتێکی باشە بۆ جیاکردنەوەی خۆم لەو خەڵکە کەیفخۆشە کە لە هەستی ڕەخنە لەخۆگرتن بێبەری یە و خۆی لە ناسیۆنالیزمێکی شێتانەدا خنکاندووە.

پاموکی ٤٦ ساڵە، شەوی پێش بڵاوبوونەوەی دوایین کتێبەکەی، کە چاوەڕوان دەکرێ پڕ فرۆشترین کتێبی تورکیا بێ، ئەو قسانەی کرد. یەکەم چاپی کتێبە لە ٥٠,٠٠٠ نوسخەدا، زۆرترین ژمارە لە مێژووی ڕۆمانی تورکیدا، بۆ کتێبفرۆشییەکان وەڕێخراوە. پاموک گوتی کە ئەو چاوەڕوان ناکات وەرنەگرتنی ئەم خەڵاتە ببێتە هۆی گرفت بۆ مانەوەی لێرە.

ئەگەر چاوەڕێی ئەو خەڵاتە ڕەتکراوەیەی کردبایە، بۆ لێرە ڕاوەستانییش دەبوو ئازار بکێشێ.

«ئەمن دەڵێم نا و ئەوان تەنانەت ڕۆژنامە پڕ تیراژەکانیش، ڕێز لەوە دەگرن، بەشێوەیەک ئەوان تەنانەت خۆشییان لەم هەڵوێستە دێت. تەنیا شتێک کە ئەوان نیگەران دەکات ئەوەیە کە من لەگەڵ ژۆرنالیستە بیانییەکان کە بە قسەی ئەوان، "واقیعی ئێمە ناناسایی نیشان دەدەن"، دەئاخفێم. پاموک لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ، ئەوە بابەتێکی ئەخلاقییە. ئەو دەوڵەتە دەستپاک نییە. ئەگەر مرۆڤ خەڵاتی کۆشکی سپی لە سەردەمی ڤێتنام دا قەبوڵ کردبا، ئاشکرایە مانای سیاسی پەیدا دەکرد. هەلومەرجی ئێرەش هەر شتێکی ئاوایە.

عینوانی هونەرمەندی دەوڵەتی لە ڕابردوودا بەشێوەیەکی کەم بەخشراوەتەوە. لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا تەنیا ٦٤ کەس ئەو خەڵاتەیان وەرگرتووە. نێودێرکردنی ژمارەیەکی زۆر بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە لەم ساڵەدا، ڕەنگە پێوەندی هەبێت لەگەل ویستی سولەیمان دیمیرێل بۆ بەرفراوان کردنی خۆشەویستیی خۆی لە بەرایی هەڵبژاردنی داهاتوودا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا زۆر ڕۆژنامە و ئیزگەی تەلەڤیزیۆنی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ نورهان پاموک بڵاوکردووەتەوە. ئەوان لە پلەی یەکەمدا جەخت دەکەنە سەر دوایین کتێبی ئەو، بەڵام لە هەمان کاتدا لەمەڕ ڕەتکردنەوەی خەڵاتی دیمیرێل بە بەردەوامی پرسیاری لێدەکەن. لێکدانەوە و باوەڕە بێ پەردەکانی ئەو کە زۆرجاران نێوی ئەو تورکانەش دەگرێتەوە کە بە بێتاوانی بەند کراون، بووتە هۆی هێنانەئارای بابەتگەلی ئازادیی دەربڕین و مافە دێمۆکراسییەکان لە ناو جەماوەرێکی بەربڵاودا.

زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی دیمیرێل بۆ ئەم خەڵاتە هەڵیبژاردوون، گۆرانیبێژی پاپ و ئەوانی تر کەسانێکن کە نێوبانگیان لە ناو خەڵکدا پترە لە پلەوپایەی ڕووناکبیرانەیان. بەڵام زۆر هونەرمەندی جیدیش کە لە نێویاندا هێندێکیان بە توندی ڕەخنە لە کۆمەڵگای تورکیا دەگرن، لە ناو ئەم لیستانەدان و بڕیاریان داوە ئەم خەڵاتە وەرگرن. بڕیاری ئەوان پیشاندەری ئەم ناکۆکییانەیە کە هونەرمەندان لە زۆر وڵاتان تووشی دێن کاتێک بڕیاردەدەن چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ حکومەتێک بکەن کە بەتەواوی ددانی پێدا ناهێنن.

یەک لە براوەکان دەڵێ: «ئەمن هەمیشە لەگەڵ دەوڵەتی تورکدا گرفتم هەبووە». عەلی پۆیرازئوغلو، هونەرپیشە و کارگەردانێک کە بە هۆی شێوەژیانی ڕیزپەڕ و بیروڕا سیاسییەکانی ناسراوە. «ئەمن نهێم لێکراوە و لێدراوم و لە دەست ئەو دەوڵەتە ئازارم چێشتووە. ئێستا بۆ یەکەمجار دەوڵەت دەستی دۆستایەتیم بۆ ڕادەدێرێ، من بە دڵنیاییەوە ئەو دەستە دەگوشم.» پۆیرازئۆغلو دەڵێ، ئەوانەی ئەم خەڵاتە ڕەتدەکەنەوە نیشاندەری سەربزێوییەکی ڕادیکاڵ و ڕاستەقینە نین. پۆیرازئۆغلو کە لەم دواییانەدا لە شانۆی دەرهاتوو لە نیۆیۆرکدا بە نێوی «پێرا پالاس» هاتەسەرشانۆ، هەروەها دەڵێ، "دەوڵەتەکان لە

هەموو جیهان وەک یەکن، ئەوان لە سروشتی خۆیاندا هەموو داپلۆسێنەرن و هونەرمەندان هەموو کاتێ دژ بە ئەمەن. جا کەوایە، بۆچی هێندێک بۆ وەرگرتنی خەلات بە بازدان دەچنە ولاتێکی وەک ئالمان و خەلاتی تورکیا رەتدەکەنەوە؟".

ئەگەرچی عینوانی هونەرمەندی دەولەتی خاوەنی پرستیژێکی بەرچاوە، پایەخێکی ئەوتۆی مالیی نییە، جگە بۆ ئەو کەسانەی دامەزراوی دەولەتن کە بە شێوەیەکی سروشتی مووچەی مانگانەیان بە دوای بردنەوەی ئەم خەلاتەدا زیاد دەکات.

پاموکی ٤٦ سالە، یەک لەو دوو رۆماننووسانەی تورکە کە کارەکانیان بە بەربلاوی وەرگێردراون و لە ئاستی جیهاندا پێشوازییان لێکراوە. ئەوی تریان یاشار کەمالە کە لایەنگری بێ پەردە و روونی مەسەلەی کوردە و بەرهەمەکانی وەسفی چەوسانەوەی جووتیارەکانە بە دەست ئاغاوەتە زالمەکان. یاشار کەمالیش چەند سال لەمەوبەر وەک هونەرمەندی دەولەتی دەستنیشان کرابوو، بەلام ئەویش ئەو شانازییەی رەتکردەوە.

ئەرتەشی تەرکیا ماوەی ١٤ سالە بۆ تێکشکانی شۆرشی جیاوازیخوازی کوردەکان لە ناوچەی باشووری رۆژهەلاتی تورکیا، خەریکی شەرە.

پاموک لە چاوپێکەوتنێکدا لە ژووری کارەکەی کە دەروانێتە بۆسفۆرس گوتی کە هیوادارە مشتومر لەمەر وەرنەگرتنی خەلاتەکە نەبێتە هۆی ئەوەی کە کتێبە تازەکەی: «پێم بلێ سوورە ترشی(Call me Crimson)»، بکەوێتە ژێر تارمایی. ئەم کتێبە بەسەرهاتی بیۆژنێکی سەدەی شازدەهەم دەگێرێتەوە کە لە نێو مینیاتۆریست و حاشیەنووسەکانی دەرباری عوسمانی لە مێردێکی تازە دەگەرێ. وەرگێرانی ئینگلیسیی ئەم کتێبە قەرارە لەلایەن «کنۆف»ەوە لە سالی داهاتوودا بلاوبێتەوە.

پاموک دەلێ، "ئەم کتێبە لە داهاتوودا زۆری باس لە سەر دەکرێ و ئەمن نامهەوێ کە باس لە سەر ئەم کتێبە بەهۆی ئەو مشتومرە بەراستی بێتامە، بە هیچ چەشنێک بەرتەسک بکرێت، یان تووشی ئازار بێت".

**سەرچاوە:**

International Herald Tribune, Thersday, December 17, 1998

## پێداویستی ستاندارده ئەخلاقییەکان بۆ نێو سیاسەتی کوردی

**عومەر شێخموس**

لە دوو دەیەی رابردوودا ستاندارده ئەخلاقییەکانی ناو بزووتنەوە و حیزبە کوردییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا تا رادەیەکی زۆر نزم دابەزیوە. خیانەت، هاوکاری لەگەل دوژمن، دزیی و شێوەجۆراوجۆری فەساد لە ژێر پەردەی پراگماتیزمی سیاسیدا رەچاوکراون. بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی «رێئال پۆلیتیک» لە گۆرینی هاوپەیمانەکاندا، وە بەکارهێنانی بنچینەکانی ماکیاڤێلیانەی وەک «هاوکاری کردن لەگەل شەیتان بۆ نەجاتی خۆم» و «دوژمنی دوژمنەکەم دۆستی منە»، نەک ئەوەی ریزپەر بن (یان رووداوی دەگمەن بن)، بەلکوو بوونەتە کردەوەی باو و رەواییان پێدراوە. شێوەکانی ناحەزی درۆکردنی ب ەئاشکرا و چەواشەکردنی بێشەرمانەی مێژوو، لە جیاتی ئەوەیکە بەربەرەکانییان لەگەلدا بکرێ، شانیان لێ هەلتەکاندراوە و نرخیان نەدراوەتێ. لایەنی زۆر جێگای داخی ئەو دیاردەیە پەرەگرتوویە، ئەوەیە کە هێندێک گۆیا «رووناکبیر» و خەلکی وخێندەوار لە کوردستاندا لە جیاتی ئەوەیکە لە کردەوەی وا دوورەپەرێز بن، کاری دزێو و ناحەزی ئەم یان ئەو رێکخراو و حیزبی سیاسی پاساو دەدەنەوە. ئەمە ئەوپەری گەنیویی و گنخاوییە کاتێک پێشەنگی رووناکبیریی نەتەوەیەک تا ئەم رادەیە خۆی سووک دەکات.

ئەم رێکخراوە و بزووتنەوانە و رێبەرایەتییەکانیان و هەروەها «رووناکبیران»ی پشتیوانیان لە جیاتی ئەوەیکە پێوانە پەسندکراوە جیهانییەکان و حوکمگەلی دیمۆکراتیک بەکاربێنن و رێز لە مافی مرۆڤ و سەقامگیرکردنی حکومەتی قانون بگرن، وەدوای نموونەگەلی باو و زالی سەرەرۆیی، دیکتاتۆرە عەسکەرییەکان، فاشیزمی ئایینی و سیستەمی یەکحیزبی و تۆتالیتەری ولاتانی تری رۆژهەلاتی ناوەراست دەکەون.

هەموو لێکۆلینەوە سیاسییەکان لە هەموو کۆمەلگاکاندا و لە دەورەکانی جیاوازیی مێژوودا ئاماژە بۆ لەناوچوونی یەکجارەکی ئەو حیزب و رێکخراوە و سیستەمە سیاسییانە و ئەو نەتەوانە دەکەن کە وەدوای ئەم جۆرە ستاندارد و ئاکارانە کەوتوون. سەرکەوتنە کاتییەکان تەنیا گەوە وسەرابێکن کە ئاکامیان چارەنووسێکی نگریسە. باشترین رێگا بۆ هەر نەتەوەیەک هەموو کاتێک حکومەتی راستگۆیانە و رێبەرایەتی پاکی سیاسی بووە.

کردەوەی باوی هەموو کۆمەلگا دیمۆکراتی وپلۆرالیستییەکان ئەوەیە کە سیاسەتمەداران و کاربەدەستانی ئیدارەی گشتیی، خزمەتکاری خەلکی خۆیان و لە بەرانبەر خەلکدا بە هۆی دامودەزگا نوێنەرایەتییەکانەوە حیسابیان لەگەل بکرێت. ئەگەر کاربەدەستی دایرەیەکی گشتیی درۆ بکات، پارە بدزێت، کەلکی خراپ لە دەسەلاتی خۆی وەرگرێ یان کردەوەی غەیری ئەخلاقی رەچاوکات، ئەو کەسە بە ئاشکرایی و لە بەر چاوی خەلک بێ ئابروودەکرێ و لە سەر کار وەلادەندرێ. ئەمە لە رابردوودا لە ناو کۆمەلی کوردەواریشدا کردەوەیەکی باوبوو، بەلام بەداخەوە ئێستا وا نییە.

ئەگەر خەلکی ئێمە و بزووتنەوە سیاسییەکان و رێبەرایەتییەکانمان بیانەوێ خۆیان رزگار بکەن و ئامانجەکانی خۆیان بە دەست بێنن و هەروەها بۆ ئەوەیکە لەبەرچاوی جەماوەرەکەیاندا ئیعتیباری خۆیان وەدەست بهێننەوە و ببنە نموونەی باش بۆ جیلی داهاتووی نیشتمانپەروەرانی کورد، دەبێ بگەرێنەوە سەر ئەو راستییە ساکار و سەرەکییانەی بەکارهێنانی ستاندارده بەرزە ئەخلاقییەکان لە کار و رەفتاری رۆژانەیاندا. بەمجۆرە ئەوان لە بەردەم کۆمەلگای نێونەتەوەییشدا رەواییەکی زۆرتر وەدەست دێننەوە و پەسنددەکرێن.

بە بروای من، بردنەسەری ئاستی ئەخلاقی لە کردەوەی سیاسی (یان هەر جۆرە کردەوەیەکی تر) و رەفتاری تاکەکەس و بە کۆمەل لە هەموو بوارەکانی ژیانی کوردییدا، تەنیا رێگای هاتنەدەر لە زلکاوی ئەم هەلومەرجەیە کە هێندێک لە حیزبەکان خەلکی ئێمەیان تووش کردووە.

ستۆکهۆلم ـ مایسی ١٩٩٨

# «حیزبی ئازادیی کوردستان»
# و
# عەزیزوڵڵاخانی زەندی

● حەسەنی قازی ●

سەبارەت بە کار و خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە سەردەمی حوکمی ڕەزاشای پەهلەویدا ئەو زانیارییانەی تاکوو ئێستا بلاوبوونەتەوە پچڕپچڕ و ئالۆزن، تەنێ لەو سالانەی دواییدا بزووتنەوەی سمکۆ لە ڕوانگەیەکی نادوژمنانەوە لە چەند کتێب و نووسراوەدا تاوتوێ کراوە.
یەک لەو ڕەوتانەی کە زۆری لە سەر نازانین حەولێکە بە نێوی «حیزبی ئازادیی کوردستان»، کە لێرەولەوێ بە کورتی ئاماژەی پێکراوە. بە خۆشییەوە لە سالی ١٣٧٦ی هەتاوی (١٩٩٧) لە تاران ـ ئێران کتێبێک بە نێوی: «اسناد احزاب سیاسی ایران» (بەلگەکانی حیزبە سیاسییەکانی ئێران) لەلایەن"سازمان اسناد ملی ایران ـ پژوهشکده اسناد"بە کۆششی بێهروز تەیرانی بلاوکراوەتەوە کە چەند بەلگەی لەمەڕ «حیزبی ئازادیی کوردستان» تێدایە. ڕێکخەری ئەو کتێبە چ بۆچوون و لێکدانەوەیەکی لە سەر بەلگەکانی ئەم حیزبە بە دەستەوە نەداوە. لە یەکێک لەو بەلگانەدا دەردەکەوێ کە دامەزرێنەر و دەمڕاستی ئەو ڕێکخراوەیە کەسێک بوە بە نێوی «عەزیزی زەندی» کە لە موکریان نێوبانگی بە «عەزیز ئەلمانی» ڕۆیشتووە. سەبارەت بە ژیان، کەسایەتی و بەسەرهاتی عەزیز ئەلامی لە نووسراوەی کوردی، فارسی و ئینگلیسیدا هێندێک ئاماژە و ئیشارە هەیە کە لێرەدا دەیانگێڕینەوە و ئەو بەلگانەش کە باس کران وەردەگێڕینەوە سەر زمانی کوردی.
ئەمیری حەسەنپوور لە وتارێک دا: «بەسەرهاتی دوکتور مستەفای قازی» (گزینگ، ژمارە ١٤، زستانی ١٩٩٧) دەنووسێ: میسیۆنێکی مەسیحی لووتری بوو کە لە سالی ١٩١٠ هەتا ١٩٣٨ لە شاری سابلاغ نەخۆشخانەی دامەزراندبوو و بۆ پەرەپێدانی ئایینی مەسیحی چالاکی دەکرد. ناوی میسیۆنەکە ئاوا بوو:

The Inter-Synodical Ev. Lutheran Orient Mission Society.

... میسیۆنەکە چاپەمەنییەکی زۆری بە زمانی کوردی و ئینگلیسی بلاوکردووەتەوە. ئەو کتێبە کوردییانەی ئەمن چاوم پێکەوتوون ئەوانەن...، *کتاب ارشاد المذنبین*(١٩٤٥، ٢٤٨ لاپەڕە). کتێبی *ارشاد المذنبین* وەرگێڕەکەی «عەزیززندیە مشهور بە المانی»یە کە لە ٧ی شەوالی ١٣٤٤(١٩٢٦) بە خەتی خۆی نووسینەوەی تەواو کردووە بەلام بیست سال دوایە لە ئامریکا چاپ کراوە. عەزیزی زەندی خەلکی سابلاغ بوو و دەورێکی گرینگی بوو لە فێرکردنی زمانی کوردی بە میسیۆنێرەکان و وەرگێڕەکانی ئەدەبیاتی ئایینیان(گزینگ، ژمارە ١٤، زستانی ١٩٩٧، ل ٤١).
«گۆڤاری توودە»"ارگابن سازمان انقلابی حزب توده ایران در خارج از کشور"یش لە ژمارە ١٩(تیرماه ١٣٤٩) دەنووسێ: «لە سالانی ٣٩-١٩٤٢ ڕێکخراوێکی پچووک بە نێوی «حزب آزادی کردستان» بە ڕێبەریی دوکتور عەزیزی زەندی پێکهات. لەو ڕێکخراوەیە جگە لە بەیاننامەیەک بە بۆنەی هاتنی ئەرتەشی سوور بۆ سەرووی ئێران، کە لەودا پیرۆزبایی کردووە لە ڕزگاربوون لە فاشیزم و داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد دەکا. چ سەنەدێکی دیکە بە دەستەوە نییە» (بە گێڕانەوە لە گۆڤاری گزینگ، ژمارە ١٧ پاییزی ١٩٩٧. ل ٣٩).
غەنی بلوریان لە بیرەوەرییەکانیدا هێندێک باسی چالاکییەکانی «عەزیز زەندی» دەکا و دەنووسێ:"... «عەزیز زەند» مەهابادی بە جێهێشت و چووە تەورێز و لەوێ نیشتەجێ بوو. ناوبراو دەگەل چەند هاوفکری سیاسی خۆی لقی حیزبی توودەی لە ئازەربایجان دامەزراند. بەلام بە دوای دروستبوونی «فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان» لە تەورێز، عەزیز زەند و هەڤالانی نێوی ڕێکخراوەکەیان گۆڕی و تێکەلی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان بوون. ئیتر ئەوسا عەزیزی زەند کاری نەما وچووە تاران و لەوێ مایەوە. ئەو ڕەوتە پیشان دەدا کە «فەفووری مەحموودیان» و «عەزیز زەند» سەر بەو بیرە سیاسییە بوون کە «هاشم ئوف» ویستوویەتی. (ئالەکۆک. ل ٥٥)
ئەردەشیر ئاوانێسیان یەکێک لە کەسایەتییە کۆمۆنیستەکانی ئێران لە سەردەمی ڕەزاشا و یەک لە دامەزرێنەرانی «حیزبی توودەی ئێران» لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسی ڕێکخراوێک دەکا بە نێوی «سازمان زحمتکشان آذربایجان» و دەنووسێ:"ڕێبەرانی ئەمان خەلکی بەدۆلابو فێلباز و لە باری سیاسیەوە نەخوێندەوار بوون کە هیچ ئامانجێکیان نەبوو جگە لە پڕکردنی گیرفانیان نەبێ، کەسی هەرە سەرەوەیان بە دەرەجەیە یەکەم کابرایەک بوو بە نێوی قولیف کە مەعلووم نەبوو لە پێشوودا چکارە بووە. ... سەرۆکەکەی دیکەیان کەسێک بوو بە نێوی زەند کە بە ڕەچەلەک کورد بوو و پێشتر لای ئالمانییە فاشیستەکان کاری کردبوو. زەند تەنانەت جاسووسی ئالمانییەکانیش بووە. ... بەهەرحال وابزانم لە نێوەڕاست سالی ١٩٤٢دا بوو کە ئەم ڕێکخراوەیە لە بەریەک هەلوەشا"(خاطرات اردشیر آوانسیان، ل ٢١٠، ٢١١).
تا ئەو جێیەی ئەمن بزانم لە سەرچاوەی دیکەشدا باسی **«عەزیزی زەندی»** هاتووە. جەمال نەبەز لە سەرەتای چاپکردنەوەی شەش ژمارەی «نیشتمان» هێندێک زانیاری نادروست بە دەستەوە دەدا (بڕوانە پەیوەستی ٤)، هەروەها کۆنسوولی بریتانیا لە تەورێز لە چەند ڕاپۆرتێکدا کە لەمەڕ بارودۆخی ئازەربایجان لە مانگەکانی مارس و ئاوریل و مای ١٩٤٢دا بۆ سەفیری بریتانیای مەزن لە تاران ـ ئێرانی ناردووە لە چەند جێدا باسی **«عەزیز زەندی»** دەکا (بڕوانە پەیوەستی ١، ٢، ٣ی ئەم نووسراوەیە).
بە پێی نووسراوەی گۆڤاری "The Kurdistan Missionary" (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: گزینگ، ژمارە ١٤، زستانی ١٩٩٧،ل ٤١-٤٥)، دوکتور «هێرمان شالک»ی ئالمانی لە ئاخر و ئۆخری سالی ١٩٢٣دا گەیوەتە سابلاغ و بەگوێرەی نووسراوەیەکی دەستخەت لەوێ **«عەزیز زەندی»** دەبێتە گزیر و بەردەستی دوکتور شالک. جا چونکوو خەلک ئەو کارەی بە چاک نازانن هەلبەستێکی وەهای بۆ دادەنێن:"شەزیز

ئەلمانی، توخمی شەیتانی ـ بۆ پەنجا تمەنی، بوو بە هەرمەنی". هەر ئەو نووسراوە دەستخەتە لێی زیاد دەکا...

«دوکتور شالک، زەندی لەگەڵ خۆی بردە ئاڵمان، وە نزیک بە ساڵێک لەو وڵاتەدا مایەوە، جا سەیر لەوەدا بوو کە دەیگوت لەو ماوە کورتەدا هەم دوکتورای حقوقی وەرگرتووە و هەم لە گەڵ ستالین و هیتلێردا لە باری سیاسییەوە باس و وتووێژی کردووە و زۆر جار دەیگێڕایەوە...

دوکتور شالک(ی) مەسیحی بۆ ئەم وڵاتە. نازناوی عەزیزەڵاخانی بە خۆی دابوو و لە پاش گەڕانەوە لە ئاڵمان نازناوی«دوکور»ی هەڵبژارد.

خودالێخۆشبوو زەندی خوێندەوارییەکی کەمی هەبوو، بەڵام لە سەر دەرکی خانووەکەیدا کە لە شەقامی سەلسەبیل، چوار ڕێی هاشمی تاراندا بوو تابلۆیەکی گەورەی هەڵناوەسیبوو کە تێیدا نووسرابوو: دوکتور عەزیزی زەندی پارێزەری زانای دادگوستەری»... یەکێک لە کارەکانی ئەو خودالێخۆشبووە کە زۆرتر بە لای خەڵکەوە سووکی کرد و بووە هۆی تووڕەیی و ئاڵۆزی هەموان ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا کچێکی خۆی لە پێناو هەزار تمەندا دا بە [مەئموورینی] ک. گ. ب، ئەو کچە چووە باکۆ، ماوەیەکی لەوێ بوو، بەڵام لە گەڕانەوەیدا بۆ ئێران ئاغایەکی کوردی تورکیا ڕفاندی. ئەو ئێستا لە تورکیایە و بووە بە هاووڵاتیی ئەوێ؛ ئەو بەسەرهاتە بۆ خۆی بۆ نووسەری ئەو دێڕانەی گێڕاوەتەوە...» (بەشێک لە نووسراوەی دەستخەت).

ویلیام ئیگلتن کوڕ لە کتێبەکەی(The Kurdish Republic of 1946)دا بە کورتی هێما دەکا بە بردنی ئەو کیژە و کوڕێکی دیکەی سابڵاغی کە ڕووسەکان مەبەستیان بووە وەکوو «جاسووس»ی خۆیان پەروەردەیان کەن (ل ٨٥).

لە سەرچاوەیەکی دیکەی دەستخەتدا، وێڕای پەسنی زۆری «عەزیز ئەلمانی» ئەو چەند زانیارییانەیان دەست دەکەوێ:"عەزیز زەندی ساڵی ١٢٧٧ی هەتاوی لە دێی (قالوێی زەندان) لە دایک بووە، لە ساڵی ١٢٩٥هاوتووەتە سابڵاغ و خەریکی کەوشدورین و پینەچییەتی بووە. لە ٢٠ی تیری ١٣٢٦ی هەتاوی چووەتە تاران ... لە ٢٤ی تیرمانگی ١٣٥١ی هەتاوی لە تاران لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی «بەهەشتی زەهرا» قەتعەی ٣، ڕەدیفی ١١٩ نێژراوە".

لە بەڵگەکانی «سازمان اسناد ملی ایران» کە لە سەرەتای ئەم نووسراوەیەدا ئیشارەی پێکرا، ناوی «حیزبی ئازادی کوردستان» دوو جۆر هاتووە: «حزب آزادی کردستان» و «حزب آزادیخواهان کردستان» بەڵام بە لێوردبوونەوە و بەراوردی فاکتەکان دەردەکەوێ کە ئەو دوو شتە هەر یەکن و لەبەر بێ دیقەتی نێوەکە دوو جۆر باس کراوە. ئەو سەنەدانە وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی. ژمارەی بەڵگەکان بۆ چاکتر لەیەککردنەوەیان لەلایەن نووسەری ئەم باسەوە داندراون.

***

**پەیوەستی١**

ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [E 2185/163/34]

کۆپی‌ژمارە٨

٨ی ئاوریلی ١٩٤٢

بەشی دوویەم

نامەی کۆنسوولی بریتانیا لە تەورێز کووک (Cook) بۆ سەفیری بریتانیا لە تاران ـ ئێران سێر. ئار، بولارد(sir R. Bullard)

(ژمارە ٧ نهێنی)

تەورێز ٩ی مارسی ١٩٤٢

گەورەم

١- ..........

٢- ..........

٣- کلووب و کۆمیتەی «پڕۆلێتارییەکان» هەر بەردەوامن لە ترس و پەژارەپێکهێنان لە نێو بیروڕای گشتی تەورێزدا، ئەگەرچی نیشانەی ئەوتۆش بە دەرەوەیە کە پەرەسەندنی لە پڕی چالاکییەکانیان خەریکە دادەمرکێ، بەشێک لە بەر دەستتەنگی ماڵی و بەشێکیش لە بەر ئەوەی ئەوان چاوەڕێ دەکەن بە زوویی [هێز]ای پۆلیسی ئێرانی لێیان وەخۆکەوێ. ئێستا ڕوون بووەتەوە کە کلووبێکی سەرەکی هەیە کە بووە بە نێوەندی سەرەکی دەرزینێکی بە شاتوشووتی دێماگۆک (خەڵک هەڵخەڵەتێن). ئەوانە تەقریبەن گشتیان ناوی ڕووسی ـ ئازەربایجانیان هەیە کە بە «ئۆف» کۆتایی دێ، بەڵام لە ژێر کۆنترۆڵی پارێزەرێکی گومانلێکراوی کورددان بەنێوی «زەندی» و لە گەڕەکە جۆر بەجۆرەکانی شاریدا چوار یان پێنج کلووبی سەر بەو نێوەندە سەرەکییە هەن. ئەوانەی لەو کلووبانەدا نێوی خۆیان دەنووسن هەر ٥ ڕیاڵ حەقی ئەندامەتی دەدەن و، ئێرانییەکان بە خێراییەوە دەڵێن کە خەرج و مخاریجی ئەم ڕێکخراوەیە ناکرێ بە بێ یارمەتی لە سەرچاوەی دیکەوە هەڵسووڕێ ـ هەڵبەت ئەوان مەبەستیان، لە شوورەوییەکانە. هەروەها دەنگۆی ئەوەش هەیە کە ئەندامان کارتێکیان دەدرێتێ کە بەهەبوونی ئەو کارتە دەتوانن سەهمییەیەکی زیادتری قەند لە دوکانێکی تەعاونی وەرگرن کە لەلایەن کاربەدەستانی شوورەوییەوە پشتی دەگیرێ. ڕاستی وا وەبەرچاودێ ئەوە بێ کە کاربەدەستانی شوورەوی کاروباری دارایی ئەو کۆمیتەیە دابین دەکەن، بە ڕێگەیەکی ئاوادا کە چ خەرجێک بۆ خۆیان هەڵناگرێ. بەرپرسی کاروباری بارزگانییان لێرە قەند ی داوە بە ڕێکخەرانی کلووبەکە بە قیمەتی عومدەفرۆشی [و بێ ئەوەی چ قازانجی بخاتەسەری] و، ئەوانەش ئەو قەندە بە قیمەتی ئاسایی بازاڕ [بە زێدەکردنی قازانج] بە ئەندامانیان دەفرۆشنەوە و قازانجەکەی بۆ ڕاپەڕاندنی خەرج و مخاریجی کلووب (و بێگومان بۆ خەرج و مخاریجی شەخسیش] بەکاردەهێنن. لەبەر هێندێک هۆ ڕووسەکان لەو دوایییانەدا ئەو ئیمتیازانەیان کێشاوەتەوە و زەندی ئێستا پێی لێدەنێ کە لە باری داراییان زۆر لاوازە و بۆ ماوەیەکی درێژ پێی ناژین. ئەمن لە ڕاپۆرتی ژمارە ٦ی خۆمدا وەرگێڕاوی بەرنامەی بەرزەفڕانە و هەتا بڵێی چەوت و چەوێڵی کلووبی سەرەکی [نێوەندی سەرەکی] م بۆ ناردن، کە بە دڵنیاییەوە دەکرێ و دەبێ لەلایەن ڕێبەرانی ناوچەییەوە گەڵاڵەکرابێ (و مرۆڤ دەتوانێ بڵێ) بە بێ یارمەتی «قەوقازییەکان». ئەمن چەندین جار باسی ئەو کلووبانەم لە گەڵ هاوتا شوورەوییەکەی خۆم هێناوەتەگۆڕێ (دیارە، هەڵبەت، هەبوونی هەر جۆرە پێوەندییەکی شوورەوی لەگەڵ ئەوان بەرپەرچ دەداتەوە) و باسی کەسایەتی لێنەوەشاوەی زۆر لە ڕێبەرەکانی ئەوان و نوتقە گەوجانە گێچەڵاوییەکانیانی بۆ کردم کە ئەوان بۆ ئەندامەکانیانی دەکەن. لەکاتێکدا ئەوم وشیار کردەوە و پێمگوت ئەوانە درەنگ یا زوو گێچەڵێکی زۆر لێرە سزدەکەن. ئێم کولاگێنکۆڤ (M. Koulagen-kov) گوتی، ئەگەر پۆلیسی ناوچەیی بەڵگەی ڕاستی لە سەر ئەوان بە دەستەوەیە، دەبێ سەرۆکە ئەسڵییەکانی ئەوان بگرێ، ئەمن لە وەڵامدا پێمگوت، ئەمن دەزانم پۆلیس کارێکی ئەوتۆ ناکەن ئەگەر لەوە دڵنیا نەبن کە ڕووسەکان بەوە ڕازین و، چەند ڕۆژ دواتر ئەو پێی گوتم لەگەڵ سەرهەنگی فەرماندەری ڕووسی لێرە قسەی کردووە، کە ڕایگەیاندووە ئامادەیە پشتیوانی لە کاربەدەستانی ئێرانی بکا ئەگەر ئەوان داخوازی پشتیوانییەکی ئەوتۆ بکەن. حەوتوویەک لەمەوبەر ئەمن هەم ئوستاندار و هەم سەرۆکی پۆلیسم لەو بارەیەوە ئاگادار کرد، بەڵام ئەوانم زۆر ڕاڕا هاتە

بەرچاو و وابزانم لەوە دەترسێن هەنگاوێکی لێبڕاوانە هەڵبهێننەوە. وام وەبەرچاودێ سەرۆکی پۆلیس بییەوێ کارێک بکا، ئەگەرچی ئەو دەزانێ کە پۆلیسەکان یەکجار زۆر ترسەنۆکن و جێی باوەڕ نین. بەڵام ئوستاندار لەبەر ئەم و ئەو هۆ کات بەسەردەبا و نایەوێ هیچ بکا. ڕەنگە ئەوان بیانەوێ خۆیان بپارێزن بێتوو ڕووداوێکی تەنگەتاو بێتەگۆڕێ چ لە ژێر پەردەی کاربەدەستانی شوورەوی یان بە خۆشاردنەوە لە پشت ئەم کۆنسوولخانەیەدا. چەند ڕۆژ لەمەوبەر پەیامنێرێکی نارەسمی ئوستاندار هاتە لام، پێی گوتم پێی خۆشە هێندێک بگیرێن و دەیەویست بۆچوونی من لەوبارەوە بزانێ. ئەمن هەر دەکرا ئەوەی پێشتر گوتبووم دووپاتەی کەمەوە. هەر ئەوەندەم لێی زیاد کرد کە کات هەروا ڕادەبرێ بەبێ ئەوەی هەنگاوێک هەڵگیرێ. ئەوەش سەرەڕای نارازی بوونی بەردەوامی ئێرانییەکان لەو کلوبانە. دواتر ئەمن ئاگادار بووم ئوستاندار پێی وایە هەڕەشەی گرتن دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمیتە خۆی بشارێتەوە و کلووبەکانیش دابخرێن.

I have &c. F. A. G. Cook

**پەیوەستی ٢**

ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [E 2880/163/34]
کۆپی‌ژمارە٨
٨ی مای ١٩٤٢
بەشی دوویەم
نامەی کۆنسوولی بریتانیا لە تەوریز کووک (Cook) بۆ چانسێری(Chancery)
(ژمارە ١٠ نهێنی)
تەوریز ١٤ی ئاوریلی ١٩٤٢

گەورەم

............
............

وا وەبەرچاودێ کلووبە «دیمۆکراتەکان» لە حاڵی ئاویلکەدان دابن، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە دوو لە سەرۆکە کانیان ئاخرەکەی دەردەست کراون وگیراون ــ یەکیان بە تاوانی دزێتی و وەرگرتنی ماڵی دزێتی. پارێزەری فشەکەر(sea-lawyer)ی کورد **زەندی**، دوای ئەوەی کە ڕووسەکان دەم لە پشوویان کردووە، ئێستا وە حەولەوەلا کەوتووە و لە بەر کاربەدەستەئێرانییەکان و تەنانەت پیاوە ئایینییەکانی هەرمەنی دەست پان دەکاتەوە و سواڵیان لێدەکا. وەکی باس دەکرێ فکری هەرە نوێی وی ئەوەیە کە کوردەکان و هەرمەنییەکان لە برایەتییەکی فەرهەنگی و سیاسیدا بە یەک بگەیێنێ بەڵام ئەو سووکەڵەیە (bantam) قەت لێرە خۆی ناخاتە شەڕەوە.

F. A. G. Cook

**پەیوەستی ٣**

ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [E 3166/163/34]
کۆپی‌ژمارە٨
٢٠ی مای ١٩٤٢
بەشی دوویەم
نامەی کۆنسوولی بریتانیا لە تەوریز کووک (Cook) بۆ سەفیری بریتانیا لە تاران ــ ئێران سێر. ئار. بولارد(Sir R. Bullard)
(ژمارە ١١ نهێنی)
تەوریز ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٢

گەورەم

١- ..........

٢- بزووتنەوەی گۆیا «کلووبە دیمۆکراتییەکان» ئێستا لە تەوریز لە بەر چاوان ون بوە و نەماوە، پاش خۆدەرخستنی کەم و پەککەوتووانە و نابەدڵانەی پۆلیسی ناوچەی ئێرە. دوای ئەوەی کە ڕێگەیان دا سەرۆکە ئەسڵییەکانی ئەو کلووبانە خۆیان دەرباز کەن و خۆیان بشارنەوە، کاربەدەستان ئەندامێکیان گرتووە، کە دەمانچەیەکی بە خەڵکەوەنابوو، ئەوان [پۆلیس] ئەوەندەیان غیرەت وەبەرخۆی نا کە تابلۆتازە ڕەنگکراوەکەی کلووب داگیر کەن. بۆ نارەزایی دەربڕین لە دژی ئەوە چەندین ئەندام لە نێو خۆی کلووبەکەدا تەقەیان لە خۆیان کرد و، پۆلیس بۆ چەند سەعاتان لە دەرەوە چاوەڕێی دەکردن. دوایە دەستەیەک مۆڵەت دران لە خانووی کلووب بێنەدەرەوە و ئەوانیش (کە سەرتاپا پڕ چەک بوون) بەرەوکۆنسوولخانەی گشتی شوورەوی چوون بۆ ڕاوێژ و داوای یارمەتیکردن، بەڵام هاوتا شوورەوییەکەی من دەڵێ کە ئەو ئەوانی وەرنەگرتووە و دەستی لەوە گێڕاوەتەوە بیان بینێ. «دیمۆکراتەکان» دوای ئەوەی کە هەست پێدەکەن چیدی دەفەیان دەنگ نادا، بڵاوەی لێدەکەن و، ڕووناکایی سەرەکی و ڕابەر، پارێزەرێکی فشەکەری پەستی کورد بە ئێوی زەندی لەلایەن ئوستانداروە هێندێکی پارە دەدرێتێ کە ناوچەکە بەرەو ڕەزاییە بەجێبهێڵێ، بە مێهرەوانییە ئوتوبۆسێکیشی لە بەردەست دەنێن بۆ ئەوەی دوژنەکان و هەژدە مندالەکانی خۆی پێ بگوێزێتەوە.

٣- دوایە ئەو چیرۆکە بە شاریدا بڵاوبووەوە کە کۆنسوولی گشتی شوورەوی وتوویژی لەگەڵ «دیمۆکراتەکان» کردووە و پێی گوتوون ئەو ناتوانێ یارمەتییان پێبکا چونکوو کۆنسوولی بریتانیا لە دژی کلووبە و پێکێشی دەکا دەبێ دابخرێ. بەو ڕێگەیەوە کاربەدەستە ئێرانییەکان لە پێشدا بە تاوانبار کردنی کاربەدەستانی شوورەوی لە بەر ئەوەی نەیانتوانیبوو بە شێوەیەکی کاریگەر لەگەڵ خەسڵەتە نابەدڵەکانی کلووب بجووڵێنەوە بۆ ئەوەی لە چاوی تاکوتەرای چینی مامناوەنجیدا خۆیان بپەرێننەوە، ئێستا بەڕواڵەت لە حەولی ئەوەدابوون هەموو جۆرە خەتایەک لە چاوی تاکوتەرای لیبراڵ و چینی کرێکاردا لە سەر خۆیان وەلابەرن بە تاوان وەپاڵدانی داخرانی کلووبەکە بە هێزێکی لاوەیی تر، واتە بریتانیاییەکان ئەویش لە بەر ڕەفتاری تەپ و نیوەچڵی خۆیان بۆ داخستنی کلووبەکە.

F: A. G. Cook

**پەیوەستی ٤**

جەمال نەبەز: گۆڤاری «نیشتمان» چاپکردنەوەی بنکەی ئازاد ١٩٨٥؛ نەبەز دەنووسێ و قسەکەی وەڕاست دەچێ:"ئیگلتن لە لاپەڕەی ١٣٣ی کتێبەکەیدا لیستەیەکی دامەزرێنەرانی «ژێکاف»ی کردووە کە لە نێو ئەوانەدا دوکتور عەزیزی زەندییشی تێدایە. ئەورەحمانی زەبیحی کە خۆی لەو کۆبوونەوەدا بەشداربووە، لە لای من باسی ١١کەسی کرد، کە لە نێو ئەوانەدا نە عەزیزی زەندی تێدا بوو، نە میرحاج". (ل ٣٢)

دیسان نووسەر درێژەی پێدەدا و دەڵێ: گۆڤاری «ڕۆژی نوێ»٨٩ لە ژمارەی ١٠ی ساڵی یەکەم (١ی کانوونی دووەمی ١٩٦١دا) و لاپەڕەی٦ دا لە بارەی دامەزرانی «کۆمەڵەی ژێکاف»ەوە دەبێژێ:"کاتێ کە لەشکری ئینگلیز هاتە (سنە)وە، وە لەشکری سووریش هاتە مەهاباد و ناوچەکانی

کەی کوردستانەوە... حیزبی ئازادیخوازی کوردستان بڕیاری دا کە بەرنامەی خۆی بگۆڕێ، وە نەک هەر ئەوە بەڵکوو ناوی خۆشی گۆڕی و ناوی خۆی نا (ژ. ک) ژیانەوەی کورد". کەی لەشکری ئینگلیز هاتووەتە سنە و، کەی لەشکری سوور هاتووەتە مەهاباد، «ڕۆژی نوێ» باسی نەکردووە. بەڵام ئێمە ئەوە دەزانین کە هەر دوو لەشکرەکە لە ئابی ١٩٤١دا هاتنە ئێرانەوە، وەک لەمەوبەر باسمان کرد. لە بارەی «حیزبی ئازادی خوازی کوردستان»ەوە کە حیزبێکی نهێنی بووە، زانیاریمان زۆر نییە، هەر هێندە دەزانین کە ئەم حیزبە بە سەرۆکایەتی دوکتور **عەزیزی زەندی**٩٠ لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣٩دا لە نێوچەی موکریان دامەزرێنراوە. ئەم حیزبە هەتا مانگی ئابی ١٩٤١، واتە ئەو کاتەی کە لەشکری سۆڤێت هاتە ئازەربایجان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوەهەر مابوو. چونکە بەیاننامەیەک لەم حیزبە بە جێ ماوە کە بەخێرهاتنی لەشکری سۆڤێت دەکا بۆ کوردستان، کە ئەمەش هەر لە مانگی ئابی ١٩٤١دا بووە. پاش ئەمە «حیزبی ئازادی خوازی کوردستان» بە جارێک نێوی نەماوە. ئەورەحمانی زەبیحی، کە خۆی یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی «کۆمەڵەی ژێکاف» و بەڕێوەبەری گۆڤاری «نیشتمان»، لە پەنجاکاندا پێمی گوت کە گوایە عەزیزی زەندی بە هۆی ئەوەوە کە هێندێک لە هاوکارەکانی بە «ناپاک»یان داناوە، دوورکەوتووەتەوە لێ و، بەوە «حیزبی ئازادی خوازی کوردستان» تێکچوون... (ل ٣٠).

پەراوێزی ٨٩: گۆڤاری ڕۆژی نوێ گۆڤارێکی مانگانە بوو لە سلەیمانی لەلایەن پارێزەر جەمال چاڵی یەوە دەردەچوو. یەکەمین ژمارەی لە نیسانی ١٩٦٠دا دەرچوو و ، دوا ژمارەشی کە ژمارە ٦ی ساڵی دووەمی بوو، لە ئەیلوولی ٦١دا دەرچوو. بە هەمووی ١٨ ژمارەی لێ دەرچوو، ئەوجا ڕژێمی قاسم دایخست. ڕۆژی نوێ یەکێک بوو لە گۆڤارە باشەکانی کورد. شایابی باسە ئەو ووتارانەی لە بارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە ڕۆژی نوێ دا بڵاو دەکرانەوە؛ بە زۆری لەلایەن ئەو کورە هەڵاتووانەوە دەنووسران کە پاش کودەتای قاسم (لە ١٤ / ٧-١٩٥٨)دا ڕایان کردبوو سلەیمانی. وەک سمایلی (عەبدوڵلا دروستە) ئیسحاقی (ئەحمەد توفیق) کە یەکێک بوو لە سەرکردە چالاکەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا و یەکێک لە ناحەزە سەرسەختەکانی قاسملوو.

پەراوێزی ٩٠:"دوکتور **عەزیزی زەندی** لە بنەڕەتدا لە بنەماڵەیەکی کوردی کرماشانی بوو، کاتی خۆی لەگەڵ گەشتگەرێکی ئەورووپایی کە ڕێ ی کەوتبووە کوردستان چووبوو بۆ ئەورووپا و لەوێ خوێندنی دەورەی دوکتورای تەواو کردبوو. ئەو ئینجیلانەی کە لەلایەن میسیۆنارەکانەوە پەنجا ساڵێک لەمەوبەر بڵاوکراونەتەوە وەرگێڕانی عەززی زەندین. عەزیز باوکی میدیای زەندی یە کە ژنی گۆرانیبێژی ناسراوی کورد بەهەشتی حەسەن زیرەک بوو".)ل ٦٩ و ٧٠)

وەک لە دەقی ئەم نووسراوەیەدا ئاسمان کرد هێندێک لەو زانیارییانەی جەمال نەبەز بێ باسکردنی دەستاوێژ دەیانگێڕێتەوە نادروستن، بۆ وێنە «دوکتور»بوونی **عەزیزی زەندی** و وەرگێڕانی ئینجیلەکان، وەک ئەمیری حەسەنپووریش ئیشارەی پێکردووە «عەزیز زەندی» لە وەرگێڕاندا یارمەتی داوە و ڕێی تێناچێ بە مانەوە ساڵێک یان دوو ساڵ لە «ئاڵمان» دوکتورای وەرگرتبێ، بەڵام ئەو زانیارییەی کە نەبەز بە پاڵپشتی نووسراوەکەی «ڕۆژی نوێ» سەبارەت بە نێو گۆڕینی حیزبی ئازادی خوازی کوردستان [حیزبی ئازادیی کوردستان] بۆ «کۆمەڵەی ژیانی کورد» بەدەستەوەی دەدا، بۆچوونی نووسەری ئەو دێرانە لەمەڕ تاریخی دامەزرانی «ژێکاف» دادەگرێتەوە! ■

---

□ لە وەڵامی وتاری «ئاشتی لە ڕێی فەرهەنگەوە» کە لە ژمارە ٢١ی گزینگ دا، چاپ کرابوو، کۆمەڵێک نووسراوەی جۆراوجۆرمان پێگەیشتووە، کە بە گوێرەی لەبەرچاوگرتنی بارستایی گۆڤارەکە و هەروەها گرینگیی وتارەکان لە باری تێخوێندنەوەی نۆڕمی نووسین و پرێنسیپی وەڵامدانەوە، دوو لەو نووسراوانە پێشکێشی خوێنەرەوانی بەڕێز دەکەین.

گزینگ

# ئاشتی دەگەڵ کێ؟

**حەمەسەعید کەریم**

برای زۆر بەڕێز و هێژا کاک هێرش سەرنووسەری گۆڤاری گزینگ ی سەرکەتوو.

لەگەڵ ڕێز و سڵاو، پێم باش بوولە پێشدا لە بارەی کردنەوەی ئەم لاپەڕەی کە بۆ تێڕوانینی خوێنەران کردووتانەتەوە پڕ بەدڵ دەستخۆشانەتان پێ بڵێین و سوپاستان بکەین. هەروەک لەم لاپەڕەدا دەخوێنینەوە بیر و ڕای کاک حوسێن کوردنەژاد و کاک سەلاحوددین موهەتەدی و بەڕێز دوکتور عەبباس وەلی و... بێ سانسۆر چاپ کراون. جێگای خۆشحاڵییە کە بەڕێزتان ئاوا بە دڵفراوانی و سەخاوەتەوە ئەو گۆڕەپانەتان خوڵقاندووە بۆ ئەوەی خاوەن ڕوانگە، بیرو ڕای خۆی تێدا بنووسێ و تێڕوانینی یەکتری هەڵسەنگێنن. ئەوەی ڕاستی بێ نازانم ڕوانگەی هەموو لایەک وەردەگیرێ، یان هەر نووسراوەی هاوڕێ و دۆستی خۆتانن وەڵامی پۆزیتیڤیان پێدەدرێتەوە و چاپ دەکرێن؟

منیش لە بارەی چۆنیەتی ئێران و مەسەلەی کورد و تێڕوانین لە سەر هێندێک گۆڕان لە مەسایلی سیاسیدا کە ئەوڕۆ هاتۆتەپێش، پێمخۆشە بە کورتی عەرزی خوێنەرانی بەڕێزی بکەم. جا هەرکەس و هەر خوێنەرێک چۆنی هەڵدەسەنگێنێ و چی لێ هەڵدێنجێ ئازادە. هیوادارم ئەو هەلە بە کەڵک و باشەی بۆ هەموو نووسەرێک ڕەخساندبێ.

مەبەست لە ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی بیروڕا و لێکدانەوە ئەوە نییە کە هەموو بیر و تێڕوانین و هەموو نووسینێک بە دڵی هەموو کەس بێت و هەموو کەس تەئییدی بکات. پێمواپە تا ئێستا لەم جیهانە پان و بەرینەدا شتێکی وا نییە و نەبووە. مەسەلە ئەوەش نییە کە ئەوەی من نووسیومە ڕاستە و دەبێ بە دڵتان بێ. من کوردم و بێشک وەک کوردێک بیردەکەمەوە و وەک کوردێک ڕوانگە و تێڕوانینم لە نووسراوەکەمدا ڕەنگدەداتەوە. پێموایە مرۆڤ نابێ ئیدەو و بیروڕا و چۆنیەتی بۆچوونەکان و ا بنرخێنێ و پێی وابێ کە ڕوانگە و تێڕوانینی خۆی لە ئی هەموو کەس باشتر و ڕاستترە.

شوکر بۆ خوا کوردی خاوەن بیروڕا و ڕەوانگە گەلێکن. کوردی وا هەیە و پەیدا بووە کە ئێمەومانان بە کوردیش نازانێ و لە نووسین و بیروڕاشدا کوردێکی ئێرانی یە! کوردی واش هەیە ڕەنگبێ کەم کەس حیسابی لە سەر بکات. بەڵام کوردێکە لەگەڵ ئەوەیدا خۆی بە دۆستی گەلان دەزانێ و باوەڕی بە ئیحتیرامی دوولایەنە هەیە. خۆی بە ئێرانی و عێراقی، یان تورک و عەرەب نەبەستۆتەوە. واتە کاتێک دەوڵەتی ئێران، یا تورکیە و عێراق و سوریە، بەرنامەی درێژخایەنیان بۆ لەناوبردن و تواندنەوەی کورد هەیە، چۆن دەکرێ و دەبێ دوای ئەو هەموو کوشت و بڕ و کوشتارەی کە لە گەڵ نەتەوەی کوردیان کردووە چاو بچووقێنین و (بۆ تەوجیە)ی ئیدەی

خۆمان نێوی لێ بنێین ئاشتی فەرهەنگی! ئاشتی دەگەڵ کێ؟ لەگەڵ ئێرانێکی کە لەوکاتە تەنگەی کە بۆی هاتۆتەپێش، ئێستا شتێکی ئاوا و بیر و ڕایەکی ئاوای گەرەکە و پێویستییەکی هەرە گرینگی بەو کار و درۆشمەیە.
لەگەڵ ئەوەیدا نووسراوەی دوکتور عەبباسی وەلی بێ کەم و زیاد تەئیید دەکەم و بە ڕێبازی پێناسەی کوردی دەزانم، پێموایە بۆ ڕزگاری کورد لە ژێردەستی، دەبێ خۆ باوێینە ئەو کاناڵە نەتەوایەتییە.
بەو تاریفەی دوکتور عەبباسی وەلی وەک بنچینە نووسیویە و ئاماژەی پێکردووە، لەمێژە کاتی ئەوە هاتووە ئەو بیر و ئیدەیە پێڕەو بکرێ.
بەڵام داخوا تێبینی و تێڕوانینێکی کە کاک سەلاح موهتەدی نووسیویەتی و ئاماژەی بە ئاشتبوونەوەی فەرهەنگی کردووە، داخودا بە تەوسییەی دۆستانی خۆی وەرناگیرێ؟ ڕەنگبێ بۆ کابرای ئێرانی و کوردی خۆ بە ئێرانی زان، پێشنهاد و نوسخەیەکی باش و بە کەڵک بێ، بەڵام کوردێکی کە دوژمنەکانی ناسیوە و نیشتمان و گەلەکەی لە ژێر بەرنامەی تواندنەوەی داگیرکەرانی کوردستاندا دەبینێ، ئەو پێشنهادە بە نوسخەیەکی تەسلیم بوونەوە و بێ بەرنامەیی دەزانێ و بە یارمەتی بوحرانی ڕێژیم دادەنێ.

بەڕێز و سوپاسی دووبارە: حەمە سەعید کەریم
٩٨/١٠/٢٨

## ئاشتی لە ڕێی فەرهەنگەوە؟!

کوردان کەریم مەحموود

**پێشەکی:**
ئەم چەند دێڕەی کە وا کەوتۆتە بەرچاوی خوێنەرانی هێژای گۆڤاری گزینگ‌ەوە، لە لایەک قەت قەت بەمانای کوتانەوە و شکاندنەوە و لەنرخ خستنی هیچ دین و ئایینێک نەنووسراوە و، لەبەرێکی ترەوە ببڕای ببڕا دژ بە بەرهەمی سەفەرە گرانبارەکەی کاک سەلاحودینی موهتەدی ـ ش بۆ ئەمەریکا، بە قەڵەم دانەهاتووە. چونکە هەموو ئەو کەسانەی کە چەند پیتێکیان لە زانستی مێژووی مرۆڤ خوێندۆتەوە و لە فەلسەفەی ئایین و ئایینزاکان تەلاشێکیان داتاشیوە، دەزانن کە ئۆل و ئایینەکان لفەدوانەیەکن و دەگەڵ مرۆڤ، پێکەوە لەدایکێک زاون. تەنانەت دەور و نەخشی مێژووییشیان ڕووت و خۆیا و ئاشکرایە و هیچ پێویست بە هەڵوێستی قەڵەمی من ناکا. هەروەها سەفەرە سیاسییەکانی دوێنێ و ئیمڕۆی هێژا کاک سەلاح ـ یش، کە زۆربەیان هاوتەرازی سەفەری سەرۆکانی مەزنی سیاسین و بۆ کوردی بێ ئەرشیڤ گەلێکیان پیت و بەرهەم بەدیاری هێناوە، ئەوەندە بەرز و بەباڵان، کە باڵی پەلەوەری قەڵەمی کزی ئێمەمانانیان ناگاتێ، هەربۆیە خۆم لە قەرەی هیچکامیان نادەم. بەتایبەت کە ئایین ماشێنێکی پڕتوانا و تووڕەیە و کاک سەلاح ـ یش خاوەنی دنیایەک ئەزموونی سیاسی و عیلمی و کۆمەڵایەتی یە؛ کەوایە داگژانی ئەم دووە بۆ منێکی تاککەوتووی بێ پەسیو، دەتوانێ ئەگەری خەتەرێکی مەزن و گران بەبار بێنێ. بەڵام ئەوەیکە کۆرپەی قەڵەمی هێناوەتە گڕوگاڵ و هەرگیز ناکرێ بەرۆکی سوکناییمی لە مست بستێنمەوە، هەڵسەنگاندن و نرخاندنی دوێنێ و ئیمڕۆیە. ئەوەیکە دوێنێ چۆن بووین و ئیمڕۆ چۆنین و لە دوێنێکەوە تا بە ئیمڕۆ دەسکەوتمان چی بووە و چیمان لەدەست داوە! دوێنێ تا بەئیمڕۆی ئێمە ئەوا دەبێتە بیست ساڵ؛ واتە کۆرپەیەکی کە دوێنێ بەناچاری لە وڵات جێمان هێشتووە، ئیمڕۆ بووەتە گەنجێکی بیست ساڵانە و ئێمەیش بیست ساڵە لێی دوورین. لەماوەی ئەم بیست ساڵەدا ئەو چی بەسەر هاتووە و چی بینیوە و چی نۆشیوە و چۆن ڕسکاوە و چۆن و بە چی پەروەردە کراوە، کەم تا کورتێک لێی بێخەبەرین. ئەو لە گۆڕەپانێکی ڕەبەق و ڕاستەقینە دا ئامبازی دەرد و کەسەری کۆمەڵگاکەی خۆیەتی و ئێمەیش لێرە، لەژێر ئاسمانی دێموکڕاسییەتی ڕۆژئاوایی دا، دەگەڵ فاکتەرە خەیاڵییەکانی خۆمان خەریکی گەپ و گاڵتەین. بیست ساڵ لە دەربەدەریدا پیر بوون دەردێکی فرە تاڵ و خەفەتبارە. لە پیری و زورهانیی دەمی دەربەدەریش تاڵ و خەفەتبارتر، بیرهێنانەوەی دوێنێ و ئیمڕۆیە. دوێنێ شاکوڕێک بووین و ئەستێرەی سووری خەباتی بێ سرەوتی چینایەتیمان بە تیرەگی هەرە پێشووی شەپقەی لاسەرمانەوە چەسپاندبوو، ئیمڕۆ بۆ خەباتێکی ئەهوەنی بێ دەردەسەری ئاشتیخوازانەی لە ڕێی فەرهەنگەوە سەر و دەست دەشکێنین. بارستایی و قەبارە و نرخی ئەم دابەزینە و ئەم نشوستە و ئەم بچووک بوونەوەیە بۆ منێک کە پێم وایە لاگر و لایەنگری شۆڕشم، بەرامبەر و هەمبەر و هەمسەری مەرگە. خۆزگە پیاوێکی وەکی کاک سەلاح ـ کە سەر و سەردەمێک سەرمەشق و ئۆڵگۆی دەیان و سەدان کەسانێک بوو کە ئێستێ نەماون ـ هەرگیز خۆی لە قەرەی ئەم تاقیکارییە نەدابایە و ئەم زامە بەسۆیەی دەرزی ئاژن نەکردبایە و لێی گەڕابایە زەمان بەسەریدا تێپەڕیبایە و بە داوەرینی خۆڵەمێشی زەمان، تراژیدیای خەسارە مەزنەکانی ئەم بەرەیەی کە ئیمڕۆ لە جەهەندەمی وڵات دەژین، لە ژێر قورسەکی زەماندا گوم و گۆڕ بوویایە. یان هیچ نەبا، ئەم ئەرکەی خستبایە ئەستۆی ئەوکەسانەی کە هەزاران ڕەنگن و شانیان هەمووشتێک هەڵدەگرێ.
کاک سەلاح لە بیست و هەشتەمی ژوونیەی ساڵی ١٩٩٨، لە کۆنفڕاسی ئەنیستیتووی کوردی واشینگتن دا وتارێکی پێشکەشی مێژووی سەردەمی نوێ کردووە، کە گۆڤاری □گزینگ لە پاییزی ١٩٩٨دا هەمان گوتاری لە ژمارەی بیست و یەکەمی خۆیدا هێناوەتەوە. جێی خۆیەتی سپاسێک لە سەرنووسەری گزینگ بکەین کە هەم ڕێی سۆئێد و واشنگتنی بۆ کورت کردووینەتەوە و هەمیش نەی هێشتووە وتارەکەی کاک سەلاح لەسەر کاسێت بمێنێتەوە و بۆی لە کاغەز کردووین.
کاک سەلاح دەڵێ: «ئەگەر ئەو کۆنفڕانسە دوو ساڵ یا تەنانەت ساڵ و نیوێک بەر لە ئێستا بەسترابایە من نەمدەتوانی ئەو بەرنامە و پێشنیارانە پێشکەش بکەم.»
(ئەگەر)ی کاک سەلاح لە وتارەکەیدا ڕوون دەبێتەوە و دەردەکەوێ کە هۆی پێشکەش کردنی بەرنامە و پێشنیارەکانی کاک سەلاح لەو کۆنفڕانسە دا، پێوەندی بەو گشتە ئاڵوگۆڕانەوە هەیە کە لە سیستەمی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا پێک هاتووە و ئەو، واتە کاک سەلاح نەک بەچاوی سەر، بەڵکە لە دوورەوە و بەچاوی عەقڵ بینیوێتی. کاک سەلاح ئاڵوگۆڕەکانی ڕێژیمیشی بەو خەباتە توند و تیژانەی خەڵکی ئێرانەوە گرێ داوە کە لە بەهاری ١٩٩٧دا چەخماغەیان داوە!! بەڵێ لە وتارەکەیدا دەردەکەوێ کە کاک سەلاح ئەو بەرنامە و پێشنیارانەی هەر پێ بوون، بەڵام بەداخەوە هەلێکی ئەوتۆ لەباری بۆ ئەڕەخسابوو کە دایان بەزێنێ و پێشکەشیان بکات و باری قورسی شانانی پێ سووک بکاتەوە. داخەکەم، کاک سەلاح ئەو هەلە زێڕینانەی کە دوێنێ لە گۆڕەپانی خەباتی جەماوەریی کوردستاندا بۆی هەڵکەوتبوون، هیچیانی بە هەلی گونجاو دانەنابوون، هەربۆیە گەرای ئەم بەرنامە و پێشنیارانەی لە هەگبە دا هێشتبۆونەوە و، سەرەنجام ئیمڕۆ لە بەردەرگایەک دایناون کە گەلێک هومێدی لێ خنکێندراوە. خەساری مەزن بۆ دوێنێی لەدەست چوومان و هاواری سامناک بۆ ئیمڕۆی بەخەسار!!
ئەگەر سەرێک لە ئەرشیڤخانەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بدەین و

ڕووداوە سیاسییەکانی ئاخر ڕۆژانی دەسەڵاتی پەهلەوی شاهی بخەینەوە بەرچرا، بێشک دەبینین کە پێوەندگرتن و تەماسی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڵ هەڵسووڕاوانی سیاسیی کورد لە کوردستانی ئێراندا، بەڕێز کاک سەلاح ـ یش دەگرێتە بەر. تەنانەت من پێموایە حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا حیسابێکی مەزنیشیان لەسەر جەنابی کردووە و بە ماڵێکی مەزنیشیان زانیوە. بەتایبەت کە کاک سەلاح وەک ئەندامێکی حیزبی، لە زیندان و لە مەیدان و لە گۆڕەپانی شۆڕشی چەکداری کوردستانی عیراق دا، هاوشان دەگەڵ خەباتگێڕانی دێموکرات خۆی نیشان داوە. ڕەنگە هەر بۆیەش بێ، کە پاش دەیان شەڕ و پاش هەزاران نەشایست و نەبایست گوتنی حیزب و کۆمەڵە بەیەکتر، شادڕەوانان دوکتور قاسملو و دوکتور شەرەفکەندی و بەشێکی هەرە مەزنی ئەندامانی زیندووی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی ئێران، لــە ماوەی شازدە ساڵی ژیانی کاک سەلاح لە ئەورۆپا دا، لەم سەر و لەو سەر، ڕێگایان بە ماڵی کاک سەلاح دا هاتووە و هەر بەوێشدا تێپەڕیون.
باڵی دووهەمی بزووتنەوەی شۆڕشی چەکداریی کوردستانی ئێران، واتە کۆمەڵە ـ بەر لەوەی ببێتە باڵی چەکداری حیزبی کمونیستی ئێران!! ـ ماوەیەکی زۆر بەکۆنترۆڵ لە ڕێگای دوورەوەی کاک سەلاح هەڵسوکەوتی کرد؛ جگە لە حیزب و کۆمەڵە، کەسایەتیی مەزنی کوردستان، واتە(مامۆستا شێخ عیزەددین)یش هەمیشە و هەردەم ئامادەی وەرگرتنی هەموو پێشنیارەکانی بەڕێز کاک سەلاح بوون. سەبارەت بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانی پاش کز بوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیش نازانم بڵێم چە!! ئەرێ یەکێتی نیشتمانی کاک سەلاح بوو، یان کاک سەلاح یەکێتی نیشتمانی یە. ئەگەر شاشێتیم نەکردبێ، پارتی کرێکارانی کوردستان(پ.ک.ک)یش، دەستی دۆستایەتییان بۆ لای کاک سەلاح ڕاداشتووە. ئەگەر جێگە و پێگەی کاک سەلاح لە پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراقیش بێنمە بەر باس، قەدر و قوتبی ئەو مەزنەپیاوە لە لای سەرکردەکانی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراقی دەبێ دەستی لێنەدرابێ و هەر بە بارستایی سەردەمی خوالێخۆشبوو بارزانی مابێتەوە. وە ئەگەر بەشوێن ورتکە ڕێکخراوە و هۆز و تایفە و کەسایەتییەکانیشدا بگەڕێین و گشتیان بە خەت بکەین، لەسەرجەمی هەموویان ئەوتۆ ژمارەیەک دێتە دەست، کە مەگەر خودا بۆ خۆی بزانێت. ئاخر ئەگەرم لە پاشکۆی سکاڵاکەمدا دەخەمە بەرچاو و دەڵێم، ئەگەر من لەجێی هێژا کاک سەلاح بوویایەم، ئەو گشتە هەلە زێڕینانەم بە باوەشێکی گەرمی ئاواڵەوە دەقۆزتەوە و هەرچی پڕۆژە و پڕۆگرامی بەخێر و بێری کە هەمبوون، لە هەلی بەجێ دا لە بەر دەرگایەکم دادەنان کە جێی بوو لێیان دابنێم. بەڵام ئەگەر ئەو هەلە لەبارانە بە هەلی مێژوویی نەیەنە حیساب، دەکرێ بڵێین هەر تیرێک کە لە تاریکانیی ئەنگوستە چاودا بتەقێنرێت، ئامانج پێکاندنی تیرەکە دەبێ حیسابی تیری کوێری لە سەر بکرێت.
کاک سەلاح دەبێژێ: «هیچ سیاسەتمەدارێک ـ ئەگەر ڕیالیست بێ ـ بۆی نییە خێراتر لە مێژوو بڕواتە پێش و ئێمە تەنیا دەتوانین لە چوارچێوەی مومکیناتدا پلان و پڕۆژەکانمان داڕێژین و پاشان پیادەیان بکەین.»
کێ لە کوردستاندا دەنکە جۆیەکی سیاسی خواردووە، کاک سەلاح بە پیاوێکی لێهاتووی سیاسی دەناسێ؛ منیش وەکی ئەوانم. بەڵام من هەرگیز و قەت قەت لە ڕێئالیستەکەی کاک سەلاح تێ ناگەم. مێژووی مرۆڤ لە دەرەوەی مرۆڤدا هیچ مانایەکی نییە. مێژووی مرۆڤ، مرۆڤی مێژووساز دەینووسێ. لە مێژووی مرۆڤدا هەلی بەجێ هەڵدەکەوێ و مێژووسازان لەو جێیەدا نەخشی دیرۆکیی خۆیان لە بەردەنووسی مێژوو هەڵدەکەنن. قازی محەممەد و جەعفەری پیشەوەری دوو ڕێبەر بوون. ئەویان مێژەر بەسەرێکی مەلازادەی کوردەواری و ئەوی تریان تێئۆریسییەنێکی مارکسی لێنینی و گەڕیدەی دەر و ژووران بوو. لەکاتی تێکشکانی لەپێشدا دیاریکراویاندا، ئەویان ناوی خۆی و گەلەکەی لە بەردەنووسی مێژوو هەڵکەند و سەربەرزانە و بەشانازی مەرگی هەڵبژارد و قەت نەمرد. بەڵام ئەوەی تریان ڕێی هەڵاتن و خەڵک جێ هێشتنی گرتەبەر و بۆ هەتا هەتایە بۆی چوو.
کاک سەلاح سیاسەتوانێکی بەتوانایە. بەڵام لە هیچ دەورەیەک لە مێژووی ژیانی سیاسیی خۆیدا قەت قەت نەیتوانیوە پلان و پڕۆژەکانی بەکاتی بەجێ دابڕێژێ و پیادەیان بکا. کاک سەلاح دوێنێ لەدەستی دەهات، لە نێوان شەڕی حیزب و کۆمەڵەدا ـ کە نە شەڕی چینایەتی بوون و نە شەڕی حاکمییەت ـ خۆ بخاتە نێوانیان و گێرمە و کێشەکە سووک بکاتەوە و شەڕەکە ئەوەندە کز بکات، کە بەرهەمەکەی نەبێتە هۆڕە و پوازی داقەڵەشینی خەڵکی ڕاپەڕیوی کورد. کاک سەلاح لەدەستی دەهات لە جیاتی گوێڕایەڵی کردن لە مام جەلالی تاڵەبانی، حیزبی دێموکرات بکاتە بەردی بناغەی چارەسەرکردنی گێرە و کێشەکانی ناوخۆیی و ببێتە پردێکی پتەوی نێوان حیزب و کۆمەڵە. کاک سەلاح لەتوانای دا هەبوو مامۆستا شێخ عیزەددین وەک حیکەم و دادوەرێکی بێلایەنی سیاسی و چەشنی باوکێکی ڕوحانی بۆ خەڵک بهێڵێتەوە و، لە ڕاکێشانی ئەو بۆلایەک و گرێدانی بەلایەکی ترەوە، بەڕێزیان لە پلە و پایەی ڕێبەری شەرعی و ئایینی دوور نەخاتەوە و دەستی بەیعەتی خەڵکانی لێ نەکا. کز بوونی جێگە و پێگەی مامۆستا شێخ عیزەددین لەهەلێکی مێژووییدا و لە وڵاتێکی ئایین سالاری دا، زەربەیەکی هەرە سامناک بوو کە لە کورد درا. کاک سەلاح لەتوانای دابوو، کۆمەڵە لە بێ خەتی ڕزگار بکات و نەهێڵێ لەبەر بێ خەتی بەسەر خەتێکی نادیار، لەبەر بێ دەستی و لەبەر بێ دۆستی، دەستێکی نامۆ و دۆستێکی حەزیای دەستگیر بێ. کاک سەلاح گەلێکی هەلی بەجێ بۆ هەڵکەوتن و لە هەموو هەلەکانیش دا بوار و ئیمکانی ئەوەی هەبوو کە پلان و پڕۆژەکانی دابڕێژێ. بەڵام نەیکرد. بۆچی نەیکرد و هۆی نەکردنەکەی چی بوو ؟! دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵێک کە کاک سەلاح نیوەی گوتووە و پێچەوانەکەشی کە ڕاستە، قرتاندوویەتی. کاک سەلاح دەڵێ: «سیاسەتمەدار ئەگەر ڕیالیست بێ، بۆی نییە خێراتر لە مێژوو بڕواتە پێش.» بەڵام لەڕاستیدا سیاسەتمەداری ڕیالیست کەسێکە، کە نەخێراتر لەمێژوو بڕوا و نە لەمێژوویش دواکەوێ. کاک سەلاح گەلێک خۆی لەمێژوو پاش داوە و نایهەوێ ئاماژەی بۆ بکا؛ کەوایە کاک سەلاح سیاسەتوانێکی بەتوانایە، بەڵام نارێئالیستە. کاک سەلاح مەلەوانێکە و هەردەمیش کە مەلەی کردووە، ڕووکاری هەرە سەرووی ئاوە ئەهوەنەکەی کردۆتە جێی باسک هاویشتن و قەت قەت سەری خۆی لە شەپۆل درین و خوڕێنک بڕینان نەخستۆتە ژان. لە هەر گۆم و چۆمێکیشدا کە مەلەی کردبێ، قەت قەت نەیخواستووە بزانێ گۆماوەکە بارستایی چییە و لە تەرک و تەندوراوی چۆم و گۆمەکە دا چی ڕادەبرێ.
کاک سەلاح لە گوتارەکەی دا پەنجەی هەرە بەهێزی بۆ مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرەک کۆمار و بەشداربوونی میلیۆنەها ئێرانی لە بەهاری ١٩٩٧ دادەگرێ و لە فەلسەفەی سیاسیی خاتەمی، کە گۆیا بەر و باری لەباری پێوە دەبێ و ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدوادا دێ، دەدوێ و دەڵێ: «ئەو حەرەکەتە جەماوەرییەی بەهاری ١٩٩٧ پەیامێک و سیگناڵێک بوو هەم بۆ بەشێک لە کاربەدەستانی توندڕۆی پاوانخوازی دەسەڵاتدار لە تاران و هەم بۆ ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار و بێ چەک لە دەرەوەی وڵات!»
سیستەمە سیاسییەکان، پارتی و ڕێکخراوەکان، دەسەڵاتدار و حاکمییەتەکان، عێل و هۆز و ئۆل و ئایینەکان و تەنانەت تاکە

کەسەکانیش لەماوەی بوون و ژیانیاندا ناچارن دەگەڵ هەل و مەرجەکانی سەردەمی خۆیاندا هەڵس و کەوتێکی بابەتی ڕۆژ بکەن؛ ئەگەر نەیکەن و هەر وا بە ڕەقی و زەقی بمێننەوە، خەتەری نشوست و داکەوتن و تەنانەت تێداچوون هەڕەشەیان لێدەکات. دیارە هەلسوکەوت کردن دەگەڵ نرخی ڕۆژیش قەت ئەم مانایە نابەخشێت کە بەڵێ فلانە سیستەم لە نووک و بنەوە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەر داهاتووە و ئیتر دەور دەوری حەمەی میهدی یە و، گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە. کۆماری ئیسلامییش وەکی حاکمییەتی هەموو وڵاتانی سەر ئەم زەوینە خڕ و گەڕۆکە تووشی قەیران دەبێ و بە داهاتنی قەیران ئەشێ ماڵ هەڵوەژێردرێ. مەنجەڵی پڕلەئاوی سەر ئاگرنریاو لە کاتی کوڵیندا ئەگەر دەربیجۆکێکی نەبێ، بێشک بەچەشنێک دەتەقێ، کە نە لە مەنجەڵ نیشانێک دەمێنێ و نە لە ئاو و ئاگر و ئاگردان ئاسەوارێک. لەناوەوەی وڵات، خەڵک خواست و ویستیان هەیە، خواست و ویستی خەڵک ناکرێ هەتا سەر بەردی سەت پووتی لەسەر دابندرێ. کەم و کوڕی ناوەوە دەبێ چارەسەر بکرێ، گەر نەکرێ و هی تر و هی تری بەسەردا بباری، دەبێتە کەهەنگێکی سیاسی و مشت و ماڵی گەرەک دەبێ. پێوەندگرتن و سات و سەودا دەگەڵ دەرەوەی وڵاتیش نەزم و زاکونێکی ئەمڕۆیی پێویستە و ئیلا و بیلا دەبێ هەر هەبێ؛ ئەگەر نەبێ، هیچ خاوەن سامانێک سەرمایەی خۆی لە ئاو ناکا؛ گەر سەرمایە و سامانیش پێشی پێ بگیرێت و سنوورەکان بە ڕووی دونیای دەرەوە دابخرێن، پشتی دارایی و دراو و شانی ئابووریی وڵات پێکەوە دەشکێت. ئەوانە و گەلێکی تریش کە ناوبردنیان ڕەنگە ببێتە مایەی ژانی سەری خوێنەر، بێتوو دەستێکیان بەسەر دانەیەت و بۆیەیان بەسەر دانەکشێ و نەشاردرێنەوە، قەرقەش و هەرای لێ هەڵدەستێ و بۆ دامرکاندنەوەیان تانک و تۆپ و فڕۆکەی پێویست دەبێ. حاکمییەتەکان وریاتر و شارەزاتر و بەئەزموونتر لە ئێمەمانانن و دەڵێن کەروێشک بە عەرابە دەگرن.

کاک سەلاح لە گوتارەکەیدا دەستی پیرە خەیاڵەکەمان دەگرێ و دەمانخاتەوە سەر بیر و یادی یەکەمین ڕۆژەکانی بەهاری ئازادی و (تەب و تاب) و (توندی و تیژی)یەکانی سەرەتای شۆڕشمان بیر دێنێتەوە، بەڵام بەداخەوە نە ئاماژەیەک بەکانگای(تەب و تاب)ەکان دەکات و نە لە سەرچاوەی (توند و تیژی)یەکانیش دەدوێ. سەت بریا کاک سەلاح، واتە ئەو سیاسەتوانە، یادێکی لە خەڵکی تورکمەن سەحرا، بەلووچستان، کوردستان و... بکردایە و دەستی لەملی بدابایە و بیگوتبایە کە بەڵێ کانگای (تەب و تاب)ەکان لە سەرەتای بەهاری ئازادیدا هەر ئەوخەڵکە ڕاپەڕیوانە بوون کە پاش تێکدانی نەزمی کۆن، ئارەزوومەندی هەڵمژینی شنەی بەهاری ئازادی بوون، کەچی (توندی و تیژی)و نامیهرەبانییەکی ئەوتۆیان لەگەڵدا کرا، کە گۆڕخانەکانیان جێی دەرزی هەڵاویشتنی نەما.

ئەگەر لەبەر هەندە شتێک باسی مۆتۆڕی توندی و تیژییەکانیشی نەکردبایە، چ قەیدی نەدەبوو.

کاک سەلاح بە هومێدی گۆڕانکاری و ڕێفۆرمی کەس نەدیدە، دەستی مێشکمان دەگرێ و دەمانباتە مزگەوتێک کە مەلا محمدباقری مەجلیسی بەدەستێک قانوونی قورئانی پێیە و بەدەستێک شمشێرێکی دوودەمی جەوهەردار. بەڵام بەر لە بردنمان بۆ مزگەوت، لە دەرەوەی مزگەوت، دەکرا دەگەڵ (خوالێخۆشبوو دوکتور عەلی شەریعەتی، ڕەحمەتی موسا خەیابانی و جەنابی مەسعوودی ڕەجەوی)بەرنامەی دیتن و کۆبوونەوەیەکی لەبۆ ترتیب بداباینایە. چونکە ئەگەر بەشوێن ڕێفۆمیست و ڕێفۆرمەتۆران دا بگەڕێین؛ ئەمانەن، نەک مەلای مزگەوتان. بەڵام بەرلەوەی لە دەرەوەی مزگەوت دەگەڵ ئەو ڕێفۆرمیستە ئایینداڕانە یەکتر ببینین، وا باشە چەند لاپەڕەیەک لەمێژوو هەڵدەینەوە و کارنامەی کاری مەزنترین ڕێفۆڕمەتۆری ئایینی واتە (لۆتەر) بێنینەوە بەر چرا. لۆتەر دژی کلیساکان ڕابوو. بە ڕابوونی ئەو، خەڵک بەگشتی و هەژار و بەلەنگازەکانی ناو کۆمەڵی ئووڕووپای سەردەمی لۆتەریش بە تایبەتی هەستانە سەرپێ و داوای مافی پێشێلکراویان کرد. لۆتەر لە بەرنامەکەی خۆیدا سەرکەوت. ئایینزای (پڕۆتەستان)، کە قەشەکانی سەربەست تر و دەست ئاواڵەتر و ئیمڕۆیی تر لە قەشەی ئایینزای کاتۆلیکن، بە هیمەتی لۆتەر ساز کرا. بەشێکی هەرە مەزنی هەژارانی لادێ و شاریش بە هومێدی ڕزگاری و گەیشتن بە نان و ئەنوایەک ڕاپەڕین و لە سەرەتادا دەیان دەسکەوتیشیان کەوتە دەست. بەڵام (لۆتەر)ی سەرکەوتووی ئاییندار، کە لەڕاستیدا کلکی دەوڵەتداران و ستەمکاران بوو، دەگەڵ شاهان پێک هات و تاڵەسێرێکی لە خەوی هەژاران هێنا، کە بەشی حەفتا وەچەی دواییێنیشیانی کرد.

کاک سەلاح کە دێتە سەر مەسەلەی کورد و باسی کوردستان دەکا، دەڵێ:«من لەبەشی هەرە زۆر و گرینگی ئەو کۆبوونەوە ڕەسمیانەدا و لە نووسین و فۆڕمۆلەکردنی مەتنی پێشنیار و داخوازییەکانی گەلی کورد دا بەشدار بووم، بۆیە ئەو مافە بەخۆم دەدەم کە دوای نزیک بە بیست ساڵ، بەوردی و ڕوونی ڕاستگۆیانە هەڵیانسەنگێنم.»

هەڵسەنگاندنە ڕاستگۆیانەکەی کاک سەلاح لە هەشت خاڵدا جێ دراوە و لە هەر هەشت خاڵەکانیشدا(حەقیقەت) و (واقعییەت)ی مێژوویی بەچەشنێک لێک دەدات کە لێک ناکرێنەوە. کاک سەلاح دەڵێ: «... کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە تیرەیە، بەدرێژایی مێژوو فارس وکورد و ئازەری و بەلووچ و تورکمەن و سەردەمێک ئەفغان و تاجیک و هیدیش پێکەوە ژیاون یا پێکەوە پێوەندیدار بوون. هەرجارەش بەگوێرەی هەڵکەوت پاشا یا بنەماڵەی فەرمانڕەوا لە تیرە و تایفەیەک بووە کە دەسەڵاتی لە پایتەختێ بە دەستەوە گرتووە و... »

بەڵێ وایە، بەڵێ لە ئێرانی کۆندا شا و شاگچکەی کورد و تورک و لۆڕیش لە حکوومەت دا هەبوون، بەڵام خۆزگە کاک سەلاح گوتبایەی کە لە سەردەمی نادرشای بە ڕەچەڵەک کورد، کەریمخانی لۆڕ و... دا، خەت و زمانی فەرمی و ڕەسمی مەملەکەت چ زمانێک بوو؛ یان کورد و فارس و ئازەری و... جگە لە ماڵوێرانی چییان پێ بڕا! کاک سەلاح قانوونی مەشرووتییەتی ساڵی ١٩٠٦شمان دەخاتەوە بیر و بەند و خاڵە هەژار بلاوێنەکانیمان بۆ باس دەکات، بریا کاک سەلاح دەنکێک لە هێشووی بەر و بەرهەمی ئەو یاسا هەژار بلاوێنەی بۆ دەسنیشان بکردایەین کە کورد، ئازەری، ئەرمەن، گیلەک، بەلووچ، عەرەب و... چی پێ بڕاوە! بەڵام ئیتر کاک سەلاح بۆی نییە باسی قانوونی نوێی ئێرانیمان بۆ بکا، چونکە هەموومان لە بەر و بەرهەمەکەمان چێشتووە و دەزانین تامی چییە. تەنانەت بۆ درۆ و ڕاستی، ئەوەتا هەر ئەو خۆا لێخۆشبووەی کە (لەبیەیک)ی بە یاسای نوێ گوت، دەکرێ کاکە پێمان بڵێ لەسەرچی ئەو دەردەیان بەسەر هێنا و بۆچ وایان لێکرد؟!

لەکۆتاییدا، هەر وەک کاک سەلاح بە داو دۆزینەوەیەکی کەس پێنەزان دا کەوتبێ، زۆر بەپەلە، بەشاڕەت و فتواکەی یەکجێ و لەیەک کاتدا ڕادەگەیەنێت و ئەوسا دەرگای غەیبی و گاڵەدراوی دیالۆگ بە ڕووی ڕۆڵەکانی کیشوەری کۆنەساڵی خاوەن شارستانییەتی لەمێژینە دا دەکاتەوە؛ بۆچی؟! بۆ ئاشت بوونەوەی هەموو چین و توێژەکانی ئێرانی مەزن. واتە ئەوەیکە لەسەردەمی نیزامی شاهەنشاهی دا پوختەتر هەمان بوو، بە شەلی و بە پاشکستەیی بۆی داکشێینەوە.

کاک سەلاح ئەمەی کردۆتە ئامانج و پەیامی «سەنتەری ئاشتی و فەرهەنگ»، سا بەکوێ دەگا، هەر خۆی و خوداکەی دەیزانێ.

٩٨/١١/٢٦

# نامۆیی لە تاراوگەدا

هاشم ئەحمەدزادە

نووسەران و شاعیران دەستەیەکی بەرچاون لە نێو ئەو پەنابەرانەی کە لە دەست هەلومەرجی نالەباری سیاسی و ئابووری سەری خۆیان هەڵدەگرن و ڕوو لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکەن. سکاڵا لە بەستێنی تازەی ژیانی ئاوارەیی و مەیلی دۆزینەوەی هێمنایەتی لە زەمەنی ڕابردوو و شوێنی بەجێهێشتراودا، ئەگەر هەموو ناوەرۆکی بەرهەمی ئەم نووسەرانە پێکنەهێنێ، لانیکەم بەشێکی بەرچاوی ئەزموونی نوێی ئەوانە لە نووسیندا. بە پێی ئەوەی ئەم نووسەرانە سەر بە جیلی یەکەم یان دووهەمی ئاوارەبووەکاندا بن، ڕادەی ڕەنگدانەوەی ڕابردوو لە کارەکانیاندا جیاوازە. لە کاتێکدا کاریگەری و شوێنی وڵاتی پێشوو لە بەرهەمی نووسەرانی جیلی یەکەمدا بە ئاشکرایی و بە شێوەیەکی زەق خۆی دەنوێنێ، جیلی دووهەمی نووسەران شتێک پتر لە خەیاڵ و دیمەنی لێڵی وڵاتی دایکوبابیان لە خۆیاندا شک نابەن کە بیکەن بە هەوێنی نووسراوە ئەدەبییەکانیان. من لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم گرفتی خۆسازدانی ۆەنابەران لە گەڵ کۆمەڵگای تازەدا، بەم جۆرەی لە دوو ڕۆمانی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و هەروەها ئاسەواری ڕابردوو لە نووسینی دوو نووسەری کورددا دەستنیشان بکەم. دەبێ بڵێم هەڵسەنگاندنی ئەم دوو ڕۆمانە لە باری ڕۆمانێتی و جوانیناسیی هونەری، مەبەستی من نییە و ئەوە کارێکە، بە بڕوای ن، دەبێ بکرێ بەڵام لە شوێنێک وزەمەنێکی تردا.

ئەم نووسەرانە هەردووکیان سەر بە جیلی یەکەمی پەنابەرانی کوردن کە لە ئورووپا نیشتەجێ بوون. ئەگەرچی ئەوان ڕۆمانەکانی بابەتی ئەم وتارەیان لە ئورووپا نووسیوە، مرۆڤ بە هاسانی دنیایەک هێما و ئاماژە و فلاشبەک بە وڵاتی ئەوان واتە کوردستانەوە دەبینێ. ڕیشەی ئەو گرفتانەی کە پاڵەوانەکانی ئەم دوو ڕۆمانەیان گەمارۆ داوە لە جیاوازیی پێشینەی کولتووریی ئەوان لە گەڵ ڕەوشت و شێوەی ژیانی ڕۆژئاواییدایە. لێکۆڵینەوەی چلۆنایەتی ئەم گرفتانە و کارتێکەرییان لە سەر ژیانی پەنابەران لە هەنگاوی یەکەمدا بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵام ئەگەر قەرار بێ ئەدەبییات لانیکەم، ڕۆڵێکی لە پێناسەکردن و باسکردنی گرفتەکانی مرۆڤدا هەبێ، ئێمە دەتوانین شێوەی ڕەنگدانەوەی ئەم گرفتانە لە بەرهەمی ئەدەبیدا بخەینە ژێر باس. چوونە ناو دنیای واقیع، وەک بەشێک لە ئەرکی ئەدەبییات، بێگومان، هەلی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ ڕادەی بەربلاوی و هەمەچەشنەیی گیروگرفتەکانی ژیانی ئەو کەسانەی لە زێد و نیشتمانی خۆیان ڕاگوێزراون و لە فەزایەکی تەواو تازەی کولتووریدا خۆیان گرتووەتەوە، ببینین. ڕەنگە دیمەنێک کە نووسەر لە پاڵەوانەکانی خۆی بە دەستەوەی دەدات و شێوەیەک کە ئەو ژیانی ئەوانی پێدەناسێنێ، هیچ چارەیەک بۆ گرفتەکان مسۆگەر نەکات. بەڵام، خۆیایە، دۆزینەوەی سنووری گرفتەکان، لە دەرمان کردنیان کەم بایەختر نییە.

دەکرێ تەنگژە و گرفتەکانی خۆسازدان و ڕاهاتن لەگەڵ هەلومەرجی ژینگەی نوێ و پرۆسەی تێکەڵاوبوونی پەنابەران لەگەڵ کولتووری تازە و جیاوازی ئەم وڵاتانە لە ڕوانگە و ڕەهەندی جیاوازەوە بخرێتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە. گرفتی سەرەکی لە یەک لەو ڕۆمانانە دا («کۆمەڵە شاخێکی بەرز...» بە قەڵەمی کوردان کەریم) بابەتێکی ئەخلاقییە کە بەر لە هەموو شتێک دیاردەی ژێندر و بەتایبەتی سێکسی کچ بەر لە زەماوەند دەگرێتەوە. تێمی ناوەندیی ڕۆمانی دووهەم («ڕاوە ماسی» بە قەڵەمی فازیل کەریم ئەحمەد) گێژاوەی فکریی پەنابەرێکە کە بە جەستە لە ئاڵمانە بەڵام بە بیر لە شاری لەدەستچوو و ونبوو، لە وڵاتی خەیاڵیی ڕابردوودا دەژی.[1]

ئەگەرچی جۆرەکانی ئاوارەیی و پەڕیوەبوون لە سەر بنەماکانی ئامانج، مەسیر و هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دابەشدەکرێن، بەڵام لە هەمووی ئەم جێگۆڕکێیانەدا گیروگرفتی بەراوردکردنی «ئێرە» و «ئەوێ»، ئێستا و ڕابردوو و تەنانەت داهاتووش پێکهێنەری ماشەری ئاڵۆزبووی ژیانی تاراوگە پێکدێنن. ئەو ئەدەبەی باس لە تاراوگە و خەڵکانی تاراوگە دەکات، چ نووسراوی مرۆڤی تاراوگە خۆی بێ، یان خود لە سەر مرۆڤی تاراوگەیی بێ، زانیارییەکی بەکەڵک لە سەر ژیانی تاراوگە و هەندەران بەدەستەوە دەدات. ئەم زانیارییانە کە لە دەقی ئەدەبییەوە وەدەست دێن، دەتوانن بەشێوەیەکی نێوان بابەتییانە، بناخەیەکی باش بن لە دەست زانستە بەربڵاوەکانی کۆمەڵایەتی و ئینسانیدا بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی دوورە وڵاتیدا. بەرهەمی نووسەرانی بە ناوودەنگی وەک ئۆسکار وایلد، سامۆئیل بێکت، جەیمس جۆیس، سەلمان ڕوشدی، فرانس کافکا و ژۆزێف کۆنراد کە خۆیان لە تاراوگە ژیاون، ڕادەی کارتێکەریی حاشالێنەکراوی دەقی ئەدەبی لە باری سروشتی بەربڵاو و هەمە لایەنەی ژیانی مرۆڤ نیشان دەدەن. دیاردەی ئەدەبی تاراوگە لە هەلومەرج و پێریۆدی زەمانیی جیاوازدا، خۆی ب ەشێوەی جۆراوجۆر ئاراستە دەکات. هێندێک لە شارەزایانی ئەم بوارە، ئەدەبی تاراوگە لە هێڵێکی بەروپێشچووانەدا، لە ساکارەوە بەرەو پێچەڵپێچی کەڵەکە دەکەن. مۆدێلی کینگ، کۆنێل و وایت[2] هەوڵێکی لەم چەشنەیە بۆ کەڵەکەکردنی جۆرەکانی جیاوازیی ئەدەبییاتی تاراوگە.

ئەگەر ئەدەبی تاراوگە بەگشتی ڕەنگدەرەوەی ناسنامەی مرۆڤی تاراوگەیە، بۆ مرۆڤی پەڕیوەی سەر بە نەتەوەی بێدەوڵەت دەبێتە بەڵگەیەکی تەواو بۆ گوزارەکردن لە هەستی سەرکوتکراوی نەتەوەیی لە «ئەوێ» و هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەم هەستەی لە«ئێرە». «دێلوز» و «گوتاری» لە وتارێکدا ئەم ڕاستییەی ڕوون دەکەنەوە کە هۆشیاریی نەتەوەیی کە ئاگاییەکی نادڵنیا و سەرکوتکراوە، دەتوانێ تەنیا بە هۆی ئەدەبییاتەوە بوونی خۆی بسەلمێنێ.[3] لە چوارچێوەی ئەدەبی کەمایەتیدا، زمان وەک ئامرازێکی گرینگی ناسنامە و هوویەت دێتەئاراوە و دیاسپۆرا دەبێتە مەیدانی گەشەی ئەم زمانە.[4] ئەگەر ئەم باوەڕە بە شێوەیەکی گشتی ڕاستە، لەمەڕ ئەدەبی کوردی لە دیاسپۆرادا ئەوە بەتایبەتی ڕاستە. پێوەندیی بەرهەمی ئەدەبی و دنیای دەرەوەی ئەدیب بەشێوەیەکی دیالێکتیکی لێکبەستراونەوە و بڕیاردەریی و کارتێکەریی ئەوان لە سەر یەکتر لە لێکۆڵینەوەی دەق و بنەمای مێژوویی ئەم بە ئاشکرایی خۆ دەردەخەن. هەڵبەت ئەم پێوەندییە ڕاستەوخۆ نییە و بەرهەمی ئەدەبی بە سانایی لاساکردنەوە و کۆپیکردنی واقیع نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی واقیعە لە زەینی هونەرمەنددا کە ئەویش واتە هونەرمەند بە نۆرەی خۆی، لە پرۆسەیەکی پێچەڵپێچدا کاری لە سەر دەکات و ئاڵوگۆڕی بە سەردێنێ.[5]

جا هەربۆیە، لێکۆڵینەی گرفتەکانی مرۆڤی تاراوگەیی لە ئەدەبدا، بەستێنێکی لەبارە بۆ پشت پێوەبەستن و دەکرێ بگوترێ ئاوێنەیەکە لە هەمبەر واقیعی کۆمەڵ.

بەرەوڕووبوونەوەی پەنابەری ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ کولتوور و کۆمەڵی

ڕۆژئاوایی، خۆی لە خۆیدا، بەرەوڕووبوون لەگەڵ کۆمەڵگایەکە کە تێیدا مۆدێرنیتە سنوورەکانی پرۆژەی خۆی بەزاندووە. کاتێک مرۆڤ لەبەر هۆکاری دەرەکی و دەکرێ بڵێین بە تۆبزی، لە کۆمەڵگایەکی لە زۆربابەتەوە پێش موۆدێرن (بێبەری لە پێداویستییەکانی زەینی و مادیی مۆدێرنیتە) دەگاتە کۆمەڵگایەکی کە زۆر لە مێژە ئەم قۆناخانەی تێپەڕاندووە، بەرەوڕووی جۆرێک هێمنی و ئاسایشت دەبێتەوە کە شادی هێنەر و دڵخۆشکەر نین. لێرەدا شەڕی خۆپاراستن یان توانەوە، هەموو کاتێ دنیای نێوان «ئێرە»و «ئەوێ» لێڵ دەکات.

بە لەبەرچاوگرتنی کێشەی هەوڵی پاراستنی کولتوور و دابونەریتی خۆیی لەلایەک و داواکارییەکانی کۆمەڵی نوێ بۆ خۆ سازدان وەک شەرتی ڕاهاتن و سەرکەوتن لەگەڵ ئەم کۆمەڵە لەلایەکی ترەوە، دنیای مرۆڤی تاراوگە گۆڕەپانی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک گرفتە کە من هەوڵ دەدەم هێندێک لەوان لە دەقی دوو ڕۆمانی کوردیدا دەستنیشان بکەم. ئەم کۆمەڵە گرفتانە بریتین لە: ١) دوانەییەکی بەردەوام ٢) پرسی ئەخلاق و ڕەوشت ٣) پرسی ناشارەزایی لەگەڵ یاسا نەنووسراوەکانی کۆمەڵی تازەدا ٤) هەستی تەنیایی و خۆ لە دەرەوەی کۆمەڵ زانین ٥) پرسی زمان و پێوەندی و، ٦) باوەڕی گەڕانەوە.

**ڕاوەماسی**

ڕاوەماسی ڕۆمانێکی ٩٢ لاپەڕەیی یە لە بارەی بەسەرهاتی پەنابەرێکی کورد لە ئاڵمان. چیرۆکەکە لە ڕوانگەی سێهەم کەسەوە نووسراوە و نووسەر لە هەموو کەلێن و قوژبنی بیر و کردەوەی پاڵەوانەکانی ئاگادارە. زۆر جاران سنووری ڕوانگەی سێهەم و یەکەم کەس تێکەڵاو دەکرێ. غەیری دوو لاپەڕەی یەکەم و لاپەڕەی ئاخیر کە نیشان دەدەن شوێنی چیرۆکەکە ئاڵمانە، هەمووی کتێبەکە بریتی یە لە ئاماژە و گەڕانەوە بۆ تاکبێژی و کۆمەڵە دیالۆگێک کە لە کوردستان ڕوودەدەن. هەروەک روشدی دەڵێ:"ئەوە ئێستای من [نووسەر]ە کە نادیارە و، ڕابردوو ماڵە، هەڵبەت ماڵێکی ونبوو لە شارێکی ونبوو لە بوومەلێڵی زەمەنێکی ونبوودا."٦ جاروبار چیرۆکبێژ بە ئاماژە بە هەڵکەوتی فیزیکی و جەستەیی پاڵەوانی سەرەکی وەبیر خوێنەرەوە دەخاتەوە کە شوێن و کاتی ڕووداو یان ڕووداوەکان کوێن.

نەبەز خەریکی ماسی گرتنە، لە ڕووباری «ماینز». ئەو ماوەی حەوتوویەک خەریکی ئەم کارە بووە، بێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێکی هەبووبێ و لە ڕاستیدا هەوێنی هەموو گرفتەکانیش لێرەوە سەرچاوە دەگرن کە بۆچی دەبێ ئەو نەیتوانیبێ لە گرتنی تەنانەت ماسییەکدا سەرکەوتوو بێت. دیمەنی ناشارەزا و بێگانەی ئەو کەسانەی بە تەنیشت نەبەزدا دێن و دەڕۆن و بە سەیرەوە دەیڕوانن، دەبنە هۆی ئازاری ئەو، بە شێوەیەک کە توانای خۆڕاگرتنی تێدا ناهێڵن. بیرەوەرییەکان لە مەودای هەزاران کیلۆمیترەوە لە گوندێکی بچووکی قەراخ سیروانەوە، هرووژمی بۆ دێنن و بەستێنی سکاڵا فراوانتر دەکەن.

بۆچی هیچ ماسییەک بە قولاپی نەبەزەوە نابێ؟ تۆ بڵێی ئەو چۆمە زەبەلاحە هیچ ماسی تێدا نەبێ؟ لەوانەیە لە بیری چووبێتەوە چۆن ماسی بگرێ، یان خود ڕەنگە شێوەی ماسیگرتن لێرە جیاواز بێ! ئەمجۆرە پرسیارانە نەبەز گەمارۆ دەدەن. لە خوراوگەی بیری بڵاوی نەبەزدا، پرسیار، بەراورد و وەڵامی سەیروسەمەرە جێ بەیەک چۆڵ دەکەن. ناهومێدی هۆی دژایەتی و لۆمەکردنە لە هەموو شتێکی شوێنی ئێستای ژیان، ئاڵمان.

> خواردنی ئێرە هیچ تام وچێژێکی تیا نیە، ئەمانە هەموو ماسی برژاندنێکی سەر ڕووباری سیروان ناهێنن. تازە هەمووم لە دەست چوو، قەت ناگەڕێمەوە مایەکەی جاران، من وئەم ژیانەیان کەی ووتوە؟٧

وەک دەبینین نەبەز توانایی خۆی لە سازدان و ڕێکخستن لە گەڵ شێوە ژیانی هەندەرایەتی دەباتە ژێر پرسیار. لە لێکدانەوەی ئەوەیکە بۆچی لێرە گیرساوەتەوە و هۆی ئەم جێگۆڕکێیە لە ژیانی ئەم دا چییە، وەڵام بە سانایی دەدۆزرێتەوە. سیاسەت و سیاسی بوون هۆی هەڵداشتنی ئەمن لە وێرا بۆ ئێرە."ئاخ سیاسەت لە کوێوە منت بۆ کوێ هێنا ؟"

ڕۆژانی ژیانی قەراخ سیروانی دێتەوە بیر. ماسیگرەکان، بابی، هەواڵەکانی و ئەو پیاوە زاڵمانەی کە دەهاتن و ماسییان لێدەکڕین. چ باسکەلێکی قووڵیان لە سەر سیاسەت و بزووتنەوەی نوێی کوردیدا دەکرد! جاران کاتی ماسیگرتن لە قەراخ سیروان بە زەینیدا دەهات وڵات بەجێبهێڵێ و بەرەو ئورووپا ملی ڕێگا بگرێت، بەڵام زوو بۆی دەرکەوتبوو:

> ژیانی ئەوێش لێرە چاکتر نیە. بڕوا بکە هەموو پارچەکانی ئەم سەرزەمینە لە یەک ئەچن. وڵات گۆڕین شادی و ئاسوودەیی ناهێنێتە کایەوە...٨

دەرمان و چارەی برینە قووڵەکانی بوون بە پەنابەر کامانەن؟ بەراوردی دابونەریتی کولتووری خۆی لەگەڵ شێوە ژیانی ئورووپایی بە ئەنجامی زۆر خۆخوازانەی دەگەیەنێ.

> بەڕاستی ئەم ئورووپاییانە سەیرن، دراوسێ ئاگای لە دراوسێ نیە، کەس مەرحەبای کەس ناکات، هەموو ووشک ولووت بەرزن، حەز لە تێکەڵاوی ناکەن، سارد و سڕن، سۆز و خۆشەویستی پووکاوەتەوە، ڕەوشت نەماوە، خێزان هەڵوەشاوەتەوە، پەیوەندی خوشک و برا، مناڵ و دایک و باوک، هۆز وتایەفە، کەوتۆتە کێشە. تەنیایی ژیانی ئێرەی لە قاڵب داوە، تکایە من حەز ئەکەم بە تەنیا بم، من تاوانبارم یان ئەوان؟٩

لێرەدا هیچ شتێک ناتوانێ ببێتە هۆی ڕەزامەندی ئەو و هیچ شتێک سێبووری نادا بە نەبەز. بەڵام تەنیا یەک شت حاشای لێناکرێ و ئەویش ئیمکانیاتی زۆری ئورووپایە بۆ مناڵان. نەبەز هیچ هۆیەک شک نابا بۆ پاساودانی خۆڕاهێنان لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایە، جگە لەو ئەوینەی بۆ مناڵەکانی هەیە. بەڵام لە ڕاستیدا گرفتی هەرە گەورە بۆ نەبەز هەر ڕاست مناڵەکانێتی. مەترسییەکان دروست لێرەوە هەڵدەقوڵێن. هەر ئەوەندە بەسە ڕۆژێک کچەکەی بێ و بڵێ:

> ـ بابەگیان لەگەڵ دەنکەکەمدا بۆ دیسکۆ ئەڕۆم.
> ـ دیسکۆ چییە؟
> ـ شوێنێکی زۆر خۆشە. بە دەنگی بەرز مۆسیقا لێ ئەدرێ، کوڕوکچیش پێکەوە سووڕ ئەدەن...
> ـ مزگەری؟
> ـ بەڵێ مزگەری.
> ـ کچێ حەیامان ئەچێ، لە بنەماڵەی ئێمەدا تیاترۆ و لۆتی و بەڕەڵڵا هەڵنەکەوتووە چاک بیر بکەرەوە و بزانە کچی کێت پێ ئەڵێن...
> ـ بۆ هەموو کچانی قوتابخانەکەمان ئەڕۆن و من نەڕۆم؟
> ـ ڕۆڵە ئێمە زۆر جیاوازین.١٠

ئێستا پرسیاری سەرەکی بۆ نەبەز ئەوەیە کە ئایا ئەو بە ڕاستی دەتوانێ لێرە مناڵەکانی بپارێزێ؟ نەبەز نیگەرانە و هەست بە مەترسییەکی تەواو لەمەڕ مناڵەکانی دەکات. ئەگەر ڕۆژێک خەباتی کچی بێت ولێی بپرسێ کە دەتوانێ لەگەڵ دۆستە کوڕەکەی بچێتە دیسکۆیەک، دەبێ هەڵوێستی

ئەو چ بێت؟ لەوەش خراپتر، وابزانە شەوێک خەبات لای هەواڵەکانی بمێنێتەوە و نەگەڕێتەوە ماڵێ. نەبەز چ دەکات ئەگەر بێتوو خەباتی ببینێ بە نوێژی نیوەڕۆیە لە نێوەڕاستی بازار خەریکە کوڕێکی ئاڵمانی ماچ دەکات؟

نەبەز دیسان بە دوای هۆکارەکانی لێرە گیرسانەوەیە، ئەگەر شێخ مەحموود لە ئینگلیسییەکان شکستی نەخواردبا، ئێستا دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیمان دەبوو و ئەو کات چ حەوجێ بوو نەبەز لێرە بوایە. بیروخەیاڵاتی لە پسانەوەنەهاتووی نەبەز، بۆ دۆزینەوەی دەرەتانێک و ڕێی نەجاتێک لە دنیای تاراوگەدا، بە شوێن هەموو کەلێن و قوژبنێکی ڕابردوودا وێڵن. بەڵام هەموو کاتێ ئەوە تاراوگەیە لە تاراوگەدا، کە نامۆیی ئەم بە خۆی و بە مەڵبەندی تازە زیاتر دەکات. لە خۆی دەپرسێ تۆ بڵێی پردێک لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا هەبێ؟ پێی وایەر ئەگەر پردێکی ئەوتۆش هەبێ، دەبێ بتەقێندرێتەوە. «ئێمە دوو دنیای جیاوازین.» بەراوردی ئێرە و ئەوێ دەستبەرداری خەیاڵاتی نەبەز نین.

دابونەریتی زەماوەند و شێوەی خوازبێنی کوڕێک لە کچێک بە زەینیدا تێدەپەڕێ. ئێرە و ئەوێ لەم بارەوە چەند جیاوازن. لەوێ تۆ قەت بە خەیاڵیشتدا نایە لەگەڵ کەسێک لە خۆت هەژارتر یان دەوڵەمەندتر زەماوەند بکەی. دەبێ جۆرێک لە هاوشانی لە ئارادا بێ. ساڵانی دوور و درێژی ژیانی پێشمەرگایەتی و باسە پەیتاپەیتاکانی ناو کۆڕی هەواڵانی دێتەوە بیر. یەک لە هەواڵە کۆنەکانی، ئاشتی، ئێستا لێرەیە و لەگەڵ کچێکی ئاڵمانی، مۆنیکا، دەژی. مۆنیکا پێی لەسەر ئەوە داگرتووە لەگەڵ ئاشتی بچێتە کوردستان. سەیرە! کەس لەهەلومەرجی ژیانی خۆی ڕازی نییە. بۆچ دەبێ مۆنیکا داواکارییەکی ئاوای لە ئاشتی هەبێ، لە کاتێکدا دەزانێ چ پردێک و چ پێوەندییەک لە نێوان ئێرە و ئەوێ نییە؟ ڕەنگە مۆنیکا لای وابێ ئەوان دەتوانن پردێکی ئاوا سازکەن. ئەوە بە بڕوای نەبەز خەیاڵی خاوە و شتێکی نامومکینە. مۆنیکا و ئاشتی هەرکام بە شێوە ژیانێک ڕاهاتوون. ئەوە شتێکی بەدەر لە توانای نەبەزە کە بتوانێ ببیسێ کچەکەی لە قوتابخانە فێری ئەوە دەکرێ چلۆن لەگەڵ پیاو سێکسی هەبێ و ئیزیکیی کوڕو کچ بە فیلم و ڕەسمی ڕەنگاوڕەنگ بە وردی شی بکرێتەوە. سێکس و باسی ئەم بە ئاشکرایی، هەموو کاتێ بۆ کولتووری نەبەز تابو بووە. لێرە، «ئەم سەگبابانە لەبێ ئەخلاقی بەولاوە منال فێری شتێ ناکەن.» [11]

لە ئاوەندی ئارەزووەکانی نەبەزدا داهاتووی منالەکانی لە هەموو شتێک گرینگترە. ئەوە تەنیا منالەکانن کە بۆی دەمێننەوە. نەبەز لە وەدیهێنانی کۆمەڵگای ئایدیالی خۆی که بە درێژایی ساڵان خەباتی بۆ کردووە،سەرکەوتوو نەبووە. ڕاستە ئەو ئێستا لە ناو ئورووپاییاندا دەژی، بەڵام ئەو نایەوێ لاسایی ئەوان بکاتەوە. ئەو دەبێ دەسەڵاتی بە سەر منالەکانیدا هەبێ و بە گوێرەی پێوانەکانی ڕەوشت و ئەخلاقی کوردەواری گەورەیان بکات، دەنا ئەوانیشی لە کیس دەچێت. لەو ناوەدا گرفتی سەرەکی خەباتی کچێتی.

> ڕزگار کوڕە هەرچی بکات، قەی ناکا هیچ قسەیەکی نایەتە سەر، خەبات کچە بەبێ چەند و چوون ئەبێ شوو بکات، ئەبێ خۆشم پیاوەکە زۆر چاک بناسم، بەتەواویش هەڵیسەنگێنم و دڵنیا بم کە دەستی کچەکەم نابڕێ وشەرەفم ناشکێنێ... من لە ژیانی ئێرە تێناگەم، ژن هێنان مۆدێلی نەماوە، کیژ وکوڕێک خانوویەک پێکەوە ئەگرن، پێکەوە ئەژین، بە بێ داواکردن و خوازبێنی وشەکراو خواردنەوە و مارەیی و شیربایی و هەڵپەڕکێ ودەهۆڵ و زوڕنا! ئەی باوک ودایکیان چۆن ڕازی ئەبن؟ چۆن بە تەور و پاچ تێیان بەر نابن؟ من لەم مەسەلەیە سەرم دەرناچێ!... من بە وە ڕازی نابم کەچەکەم بە ئارەزووی خۆی پیاو بهێنێتە ماڵەوە،... [12]

نەبەز لە داوکارییەکانی ئەم کۆمەڵگایە ئاگادارە. ئەو دەزانێ لێرە ڕووناکبیران گوێ لە سەمفۆنیای بێتهۆڤێن، موزارت، باخ و چایکۆڤسکی دەگرن. مۆسیقای دڵخوازی منالەکانی نەبەز لێرە جیاوازە. نەبەز هەرچەند دەیهەوێ گوێ بگرێتە مۆسیقایەک کە منالەکانی پێیان خۆشە، ناتوانێ. ئەو تەنانەت لەم جۆرە مۆسیقایانە هەر حاڵی نابێت و دەنگی ئەوان خەو لە چاوانی دەبڕن. ئەو بە سەر منالەکانیدا حوکم دەکات کە دەبێ ئەوان گوێ لە مۆسیقای کوردی و گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی وەک ماملێ و زیرەک و... بگرن.

پێوانەی جوانییش لەم وڵاتەدا جیاوازە. لێرە ژنی کز لە ژنی قەڵەو زیاتر سرنج ڕادەکێشێ ولەوێ شتەکە بە پێچەوانەیە. ژیانی ئێرە بووەتە هۆی لاوازبوونی هەستی نەبەز تەنانەت بە ژنەکەشی و پێی وایە دەبێ ژنەکەی خۆی کزکاتەوە. هەموو شتێک وا دەنوێنێ کە ئەو دەبێ بەر لەوەیکە لەناو بچێ ئەم وڵاتە بەجێبهێڵێ. هەست بە تەنیایی دەکات. عیسا مەسیح هەقی بوو لە دەست تەنیایی خۆی سکاڵا بکات. «خوایە، خوایە بۆ بە تەنیا جێت هێشتووم.» [13] ئەم تەنیاییە دێوەزمەیەکی گەورەیە و خراپترین شتە کە دەتوانێ بە زەینی مرۆڤ بکات. «هەستی ونبوویی لە تاراوگەدا لە هەموو هەستێکی تری ونبوویی جیاوازە. ئەو هەستە وەک ئەوە وایە کە تۆ بەشێک لە دەروونی خۆت و بەشێک لە جەوهەری خۆت لە دەست بدەی.» [14] مەترسی ئەوە هەیە کە ژنەکەشی کە لەم دواییانەدا کەوتووەتە ژێر کارتێکەریی کولتووری ڕۆژئاوا لە دەست بدا. ژنەکەی ئێستا باسی ژیانی سەربەخۆ و ئازادبوون لە هەبوونی پێوەندی لەگەڵ هەرکەس خۆشی لێبێت، دەکا. نەبەز پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی یە و قەبوڵی شتێکی لەم چەشنە بۆ ئەو هەرگیز ئیمکانی نییە.

نەبەز حەوت ڕۆژە خەریکی ماسی گرتنە بێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێکی هەبووبێ و ئاشزانێ بۆ. کەس سرنجی لێنادات. ئەو خەڵکانەی بە لایدا تێدەپەڕن بێ ئەوەی هیچ بڵێن تەنیا مۆڕەیەکی لێدەکەن. پیرەژنێک کە وێڕای سەگەکەی خەریکی پیاسەکردنە هەوڵ دەدات تێیبگەیەنێ ماسی گرتن لێرە مومکین نییە. پتر لە ۳۰ – ٤۰ ساڵە هیچ ماسییەک لەم ئاوە ژەهراویکراوەدا نەژیاوە. کچێکی گەنج هەوڵ دەدات هەر ئەم شتەی بە دەمێکی بەخەندەوە پێبڵێ.

> ئەم ئاوە ماسی تێدا ناژێ، گەر حەزت لە ڕاوەماسیە بۆ وڵاتەکەی خۆتان بەگەڕێرەوە. لەوێ ماسی گەورە زۆر هەیە... ئاوی پاک و خاوێن و شیرینی هەیە... هێشتا ئەوێ وەکو ئێرە بۆگەنی نەکردوە... [15]

**،کۆمەڵە شاخێکی بەرز...،**

گۆڕانی شوێنی ژیان، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا وەدی دینێ. ناسنامە و پلەی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە ئاکامی ئاوارەبووندا دەبنە سۆژەگەلێک کە دەکەونە ژێر کارتێکەری بێ ئامانی شوێن و شێوەی تازەی ژیان. لە سێ لاپەڕەی سەرەتای ئەم ڕۆمانەدا، خوێنەرەوە لەگەڵ مرۆڤێک ئاسیوی پەیدا دەکات، کە بە بەردەوامی و نەپچڕاوەیی گوێ لە گۆرانییەکی کوردی دەگرێ، گۆرانییەک کە وەسفی کێوەکانی کوردستان دەکات. دیوارەکانی ژووری ماڵی ئەم مرۆڤە بە وێنەگەلی کێوەکانی کوردستان ڕازاونەوە. لە قولینچی ژوورەکە تفەنگێک هەڵپەسێردراوە. پەردەکان دادراونەوە. هاوکات لەگەڵ بیستنی مۆسیقاکە، کابرا جاروبار تۆزێک پەردەی پەنجەرەکە لادەدات و دەڕوانێتە پارکی شار، ژوانگەی کوڕوکچی گەنج. ئێرە شارێکی کوردستان نییە، بەڵکوو شارێکە لە ئاڵمان و ئەم پیاوە نیگەرانەش، نەک پێشمەرگە بەڵکوو پەنابەرێکی کوردە لە ئاڵمان. تفەنگی قوژبنی ژوورەکەش بۆ

شەڕ لەگەڵ دوژمن نییە، بە سەرسووڕماوییەوە بۆ کوشتنی کچی کابراکە خۆیەتی. ئەو ساڵێکە لێرە بۆسەی بۆ کوشتنی جگەرگۆشەکەی خۆی داناوەتەوە. کورتەیەک لە چیرۆکەکە، تێگەیشتن لە چلۆنایەتی ئەم بڕیارە سەیر و سەمەرەمان بۆ ئاسانتر دەکات.

چەند ساڵێک بەر لە شۆڕشی ئێران، فەخرە دانیشتووی کوردستانی ئێران هاوکاریی لەگەڵ شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراقدا دەکات و هەر بەم هۆیەوە لە لایەن ئەرتەشی ئێرانەوە دەگیرێ. فەخرە لە زیندان ڕادەکات و خۆی دەگەیەنێتە «ئەودیو». ئەرتەش خێزانی فەخرە بە بارمتە دەگرێت و مەرجی بەردانی تەنیا خۆ بە دەستەوەدانی فەخرەیە. بەڵام تەسلیم بوون بۆ فەخرە شتێکی بیر لێنەکراوە. درێژەدان بە خەبات لە ڕیزی شۆڕشدا، تەنیا مەبەست و ئامانجی ئەوە. لە شەڕێک لەگەڵ ئەرتەشدا فەخرە مەجبور دەبێت تەقە لە خێزانی بکات. هۆی ئەم کارەش تەنیا ئەمەیە کە فەخرە دڵنیا بێت دوژمن زەفەر بە ژنەکەی نەبات. لە نەبوویی فەخرە و نەمانی دایک، «هەنار»ی ساوا لە لای باپیر و نەنکی

دەگیرسێتەوە. دوای چەند ساڵان، هەلومەرجی نالەباری شۆڕشی کورد و شەڕی ناوخۆ فەخرە دێنێتە سەر ئەو باوەڕو بڕیارە کە دەبێت کوردستان بەرەو وڵاتێکی ڕۆژئاوایی بە جێبێڵێ. فەخرە و هەناری چاردەساڵانە دوای دووساڵ چاوەڕوانی ئیجازەی نیشتەجێبوونیان لە ئاڵمان پێدەدرێ. لە سەرەتادا پێوەندییەکی باشیان هەیە. فەخرە لە فابریکەیەکدا ئیشێک دەدۆزێتەوە و هەنار مل لە خوێندن دەنێ. ماوەی ڕۆژانی هێمنی ژیان زۆر ناخایەنێت، ئەوکاتەی هەنار دەستدەکات بە هاتوچۆی کوڕێکی ئاڵمانی، سەرەتای ناکۆکیی دنیای کولتووری و فکریی فەخرە لەگەڵ شێوە ژیان و کولتووری ئورووپایی دەست پێدەکات. ناکۆکییەکان لە پێوەندیی باب وکچدا ڕەنگ دەدەنەوە و هەنار بابی بە جێدێڵێ و دەچێتە لای کوڕە ئاڵمانییەکە.

خەونەکانی فەخرە بۆ پەروەردەکردنی هەنار لە سەر بنەماکانی داب و نەریتی کوردەواری وەڕاست ناگەڕێن. تەنیا چارەیەک بۆ ڕزگاربوون لە دەست ئەم قەباحەتە و پاراستنی شەرەف، کوشتنی هەنارە. بەدوای کوشتنی هەناردا، هیچ ئەنگێزەیەک بۆ فەخرە نامێنێتەوە کە درێژە بە ژیانی بدات. چەند دەقیقە دوای دەنگی تەقەی یەکەم کە بوو بە هۆی کوشتنی هەنار، حەشیمەتی سەرسوڕماوی خڕبۆوە لە دەوری جەستەی بێگیانی هەنار، گوێیان لە تەقەیەکی تر دەبێت کە لە ژوورێکی دووکەلاویی نزیک پارکەکەوە دێ. فەخرە و هەنار ئیتر تەنیا چیرۆکێکن.

دنیای"کۆمەڵە شاخێ بەرز و ..."پڕە لە دوانەیی (ambivalence) لە ئاست ئێستا و ڕابردوودا و ئەوەش سەلماندنێکی ترە بۆ نیشاندانی ئەوەیکە"تایبەتمەندییەکی هاوبەشی زۆربەی پەنابەران و کولتووری پەنابەری دوانەییە."[١٦] بەدرێژایی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە دیاردەکانی"ئێرە"و"ئەوێ"بە بەردەوامی لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکرێن و لە سەر چاکی و خراپییان بڕیار دەدرێت و زۆرجاران ئەوە"ڕابردوو"یە کە پێی هەڵدەکوترێ. هەنار لەسەرەتادا سکاڵا لە خەڵکی ڕۆژئاوا و شێوە ژیانی ئەوان دەکات."خۆزگە قەت نەهاتبامە ئەم وڵاتە."ئەو پێیوایە خەڵکی ئێرە هیچ پەرۆشییەکیان نییە و بە غەم و دەردی یەکترەوە نین. لێرە دایک و باب و منداڵەکان هیچ بەیەکترەوە ماندوو نین، بەڵام لە وڵاتی ئەو خەڵک لەمەڕ یەکتر و دایک و باوکیان غەمخۆرن. کاتێک عاشقی"هێلموت"ی ئاڵمانی دەبێ، قسەکانی باوکی دێتەوە بیر کە چۆن گوزارە لە خۆشەویستی لە کولتووری کوردەوارییدا دەکات. بۆ هەنار مەوداگرتن لە دنیای باوکی، لەسەرەتادا، دژوارە."هیچ شتێک ناتوانێ لەڕێ لارم کاتەوە و ئاواتەکانم لەدڵ بستێنێ."[١٧] بەڵام ئەم خۆڕاگرییە دەتوانێ چەندە بخایەنێ؟ شێوەژیانی ڕۆژانەی ئێرە بەهێزتر لە پەند و ئەندەرزەکانی باوکن بۆ هەنار. زەینی هەنار لەبەردەم کارتێکەریی واقیعی سەرسەختی ئێرەدایە و قوتاربوون لەدەست قورسایی ئەم واقیعە و شوێنە دیارەکانی لە دنیای هەناردا، ئاسان نییە. هەنار دوای ماوەیەک شەڕ لە گەڵ هەستە ناکۆکەکانی خۆی بڕیار دەدات دنیای ئایدیالی باوکی بەجێبهێڵێ و خۆی بخاتە باوەشی دنیای هێلموت. ئەو ناتوانێ ئارەزووۆکانی باوکی وەدیبێنێ. ئەمە بڕیارێکی بەژانە و هەنار لەم بارەوە خۆی سەرکۆنە دەکات. سەردەمی وەفاداری بە ڕابردوو بۆ هەنار کۆتایی دێت:"لەسەر من حیسێب مەکە!"مەوداگرتن لە دنیای خەیاڵاتی باوک و هەنگاونان بۆ ناو دنیای تازەی پڕ لە ناڕوونی و نادیاریی، گرفتی پێناسەیی زەق دەکاتەوە. پرسیاری «ئەمن کێم» سەرهەڵدەدات و دوانەیی لەمەڕ پێناسە و سنوورەکانی، مێشکی هانار گەمارۆ دەدەن. وەڵام لێڵە، هوورییەتی تۆ بە گۆڕانی بنەماکانی پێناسەکردن لە درێژەی زەماندا، دەگۆڕێ. کاتێک هەنار لە خۆی دەپرسێ «ئەمن کێم»و چم؟» ئەو خۆی لە دنیایەک لە نێوان ئێستا و ڕابڕردوودا، لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، دەدۆزێتەوە و پێویست بە گوتن نییە کە لە ڕاستیدا ئەم دنیایە چەندە لێڵ و نادیارە.

کاتێک فەخرە بیر لە شێوە ژیانی ئێستا و ئازار و پەرۆشەکانی دەکاتەوە، ئەمە «ڕابردوو»و «وڵات»ن کە هێوری دەکەنەوە. ئەو لێرە تەنیایە و کەس شک نابا ڕووی تێکات و لەگەڵی بدوێ. ئەو نیگەرانی هەنارە و ئاواتەخوازە کە هەنار کوڕ بوایە.[١٨]

> دار و دیواری ئەم وڵاتانە بۆم نامۆن. کۆمەڵگاکەشیان دەگەڵ دڵ و دەگەڵ هەست و دەگەڵ هەناسەم یەک ناگرنەوە و یەکتر ناخوێننەوە. ئەو لا چ خۆش بوو! هەژارییەکەی، ماندووبوونەکەی، شەڕوکێشە و مردنەکەشی هەر خۆش بوو. هیچیشت نبوایە و بە هەژاریش شەوت بە ڕۆژ گەیاندبایە، بەس نەبوو هاودەنگ و هاودڵێکی ڕوو ڕاستت شک دەبرد و بە کاتی پەژارە و خەمان پەنات بۆ دەبرد؟ لێرە، خۆماڵییەکانیشمان تێکچوون و لە بنو بناخەوە گۆڕاون... خۆزگە و سەدبریا هەنار کوڕ بوایە! چەند خۆش بوو هەنار کوڕ بوایە و بە کەرامەتەکەی خۆییم بئەسپاردبایە و خۆم لەم سەگ بە حەسارە ڕزگار بکردایە... بەڵام ئافرەت بۆ دەس لێ بەردان و جێهێشتن نابێ.[١٩]

کاتێک فەخرە بۆ یەکەم جار هەنار لەگەڵ کوڕێکی ئاڵمانی دەبینێ، بە دڵ ئارەزوو دەکات ئەوەی بە چاوی خۆی دەیبینێ ڕاست نەبێ و هەوڵ دەدات خۆی گێل بکا تا تاڵیی ئەم «قەباحەتە» لە خۆی ولە ژیان بێزاری نەکات. ئەگەر ئەم دیمەنە ڕاست بێ «...نامێنم ... دەمرم، بە خوای دەمرم و نامێنم! خوا نەکا ئەمەی بە چاوانم بینیم ڕاست بێ، خوا بکا هەڵەم بینیبێ...» فەخرە نایهەوێ هوورییەت و ناسنامەی تازەی هەنار، وەک کچێکی ئازاد، کچێک کە دابونەریتی کوردەواری خستووەتە پشت گوێ، قەبوڵ بکات. وەفاداری بە وڵات و بایەخەکانی، بەرپرسی لەمەڕ چارەنووسی نەتەوەی خۆت وخەبات هەتا ترۆپکی ڕزگاری، ناهێڵن ئەتۆ وەک ڕۆژئاناواییەک هەڵسوکەوت بکەی. فەخرە هەوڵ دەدات وەبیر هەناری بێنێتەوە کە ئەو لەمەڕ گەلە «حاشالێکراو»ەکەیدا بەرپرسە و پێی دەڵێ کە ئەوان دەبێ نەک بۆ خۆیان بەڵکوو بۆ نەتەوەکەیان بژین. بەڵام بۆ هەناری گەورەبوو لە کەش وفەزای ڕۆژئاوایی و کولتووری جیاوازدا، ململانێی نێوان داخوازییە تاکە کەسییەکان و ئەرکەکانی نەتەوەیی، بەوجۆرەی باوکی بە دابونەریتی کوردییەوە گرێیان دەدات، بە قازانجی داخوازییە تاکە کەسییەکاندا دەشکێتەوە.

دوانەیی تەنیا بەستراوەی ڕابردوو و ئێستا نییە. دوانەیی دەتوانێ ڕوو وە داهاتووش بێ. دوانەیی لەمەڕ ڕابردوودا زۆرکاتان بە هۆی جێنشینکردنی جۆرێکی تر لە دوانەیی لەمەڕ ئافراندنی"ئەفسانەی گەڕانەوە"دا هێوردەکرێتەوە. هەوڵی فەخرە بۆ هاندانی هەنار لەمەڕ نیشتمان و

ئەتەوەکەیدا تێکەڵاوە بە وەعدە شیرینەکانی ئەم لە سەر داهاتووی ڕوونی وڵات و گەڕانەوە. "لێ بگەڕێ با زانکۆکەت بە ئاخر بگات و بە ئارەزوو بگەین، سا ئەودەم سەدان شۆڕە لاوی کوردەواری قەزای چاوت بەدڵ دەکرن کچم. چەلێ زووە هەنار... زۆر زووە!..." بەڵام هەنار جۆرێکی تر دەفکرێ و هەموو ئەو شتانەی باوکی لەبارەی وەفاداری و شێوەی ئەوینی دایکی بۆی باس دەکات، کاری تێناکەن. ئەوینی خالیس و مرۆڤایەتی پڕ شکۆی وڵات لای هەنار شتگەلی نامۆن. چەمکی «ئێرە» و «ئەوێ» بۆ هەنار وەدیهێنەری سەرەگێژەن. لە کاتێکدا فەخرە ئاواتی ئەوەیە دوای تەواو بوونی خوێندنی هەنار بگەڕێنەوە «ئەوێ» واتا کوردستان و لەوێ هەنار بتوانێ وەک مامۆستایەک یارمەتیدەری بارهێنانی مناڵانی کورد بێ، هەنار لە سەرمانەوە لە «ئێرە» پێدادەگرێ. ئەگەر گەڕانەوە بۆ وڵات لە باری «فەزا»وە مسۆگەر نییە و فەخرە بە کردەوە ناتوانێ هەر ئێستا بچێتەوە «ئەوێ»، ئەوە گەڕانەوە لە ڕەهەندێکی «کات» و «زەمەن»دایە کە دڵخۆشکەری ئەون. چەندە خۆش بوون ڕۆژانی بوون لەگەڵ خێزانی باوەفا و چەندە خۆش بوو هەناسەکێشان لە وڵاتی خۆت. ئەوە جۆرێکە لە لەخۆگەڕان و پەنابردن بۆ نۆستالژی بە یارمەتی گەڕانەوە لە میانەی «زەمەن»دا. بۆیە دەبێ هەنار گوێ بداتە فەخرە، فەخرەیەک کە هەموو شتێکی ژیانی لە دەست چووە، غەیری هەنار نەبێ. "... مەهێڵە ئەو ئاخر ئاواتەشم هەر بە دەردی بەفیڕۆچووەکانم بچێ... لەم وڵاتە باردەکەین و دەگەڕێینەوە وڵاتە ئازیزەکەی خۆمان." [20] بۆ فەخرە تەنیا گەڕانەوە بۆ ئەوێ چارەی دەردە و سارێژگەری برینەکان. "ئەو کەسەی لە تاراوگە دەژی هەر دەم لەم بیرەدا کە تەنیا گەڕانەوە بۆ وڵات دەتوانێ هەستی ناکامڵ بوون لە ناوبەرێ و کۆتایی بە لە دەستچووەکان بینێ و ناوەوەی خۆ دووبارە کۆکاتەوە" [21] بەڵام ئەگەر فەخرە ئاوارەیەکی لەم چەشنەیە، هەنار دڵنیایە بە ڕێی باوکیدا ناچێ.

ئەوەی لە"کۆمەڵە شاخێ بەرز..."ڕوودەدات بە تەواوی بەسەرهاتێکە لە چەشنی ئەوەی لە «چارشێوی بێدەنگی»دا[22] دەقەومێ. «چارشێوی بێدەنگی» نووسراوەی گورانیبێژێکی ئەلجەزایری یە. لەم ڕۆمانەشدا خوێنەرەوە بەسەرهاتی کچێکی ئەلجەزایری دەبیسێ کە سەر بە بنەماڵەیەکی پەنابەرە لە فەڕانسە. کچێک کە دوانەیی و گرفتەکانی خۆسازدان لەگەڵ شوێنی تازەی ژیان ئازاری دەدەن و جیاوازی «ئێرە» و «ئەوێ»، کولتوور و پێوانەکانی کۆن و نوێ گەمارۆی دەدەن. کچە ئەلجەزایری و مێردە فەڕانسەییەکەی بە دەست برای کچە دەکوژرێن. مێردکردن بە فەڕانسەییەک دەبێتە هۆی لەکەدارکردنی شەڕەفی براکان ودەبێ ئەم پەڵەیە بە خوێن بسڕێتەوە. هەنار و جورا [کچە ئەلجەزایرییەکە] سەمبولی «گێژاوەی پێچەڵپێچی نەوەیەکن کە لە نێوان هوورییەت و ناسنامەی جیاوازدا خۆیان گرتووەتەوە و ئەزموونی پەنابەرێکن کە ئاواتی پاراستنی ڕیشەی کولتووری لە لایەک و توانەوە لە کولتووری تازەدا لەلایەکی ترەوە، هەڕەشەیان لێدەکات". [23] ئەگەر تاراوگە و شوێنگۆڕین لە زۆر تێم و ناوەرۆکی ئەدەبیدا وەک ئیستیعارەیەک بۆ مەرگ بەکارهاتوون («هێشووەکانی تووڕەیی»: جان شتاین بەک و «کاتێک دار گۆرانی دەڵێ»: ستراێتس هاڤیاراس)، "کۆمەڵە شاخی بەرز و..."نموونەیەکی ترە لەو ئەدەبەی کە تاراوگە و مەرگ وەک دوو چەمکی هاومانا لە قەوارەی ڕۆمانێکدا ئاراستە دەکات.

### دەرەنجامێک

کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە دنیای تاراوگە، پێواژۆیەکی نوێ لەمەڕ خۆسازدان لەگەڵ هەلومەرجی تازەی ژیان دەست پێدەکات. ئەم پێواژۆیە وەک پێداویستییەک بۆ وەدەستهێنانی سەرکەوتوویی لە فۆڕم و ناوەرۆکی تازەدا، گرێدراوی زۆر فاکتۆری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییە. ئیمکانیاتی تاراوگە لەگەڵ ئاوات و ویستەکانی مرۆڤی تاراوگە یەکدەست نین. پرسیاری پێناسەی نوێ و جیاواز لە هی پێشتر خۆی لە خۆیدا کۆمەڵێک گرفت دەخوڵقێنێ. ئەدەبییات دیسکۆرسێکی گرینگە بۆ ڕەنگدانەوەی ئەم گرفتانە، بەتایبەتی لایەنی ناوخۆیی گرفتەکان. ئەم دوو ڕۆمانە کوردییەی لەم وتارەدا ئاماژەیان بۆ کرا، بەڵگەن بۆ نیشاندانی چلۆنایەتی هەڵسوکەوتی مرۆڤی کورد لە تاراوگەدا و شێوەی ڕووبەڕووبوونی ئەوان لەگەڵ نۆرمەکانی کۆمەڵگای تازەدا. ئەم ڕۆمانانە هەروەها ئاوێنەی جیاوازیی جیل و ژێندری کوردیین لە پێواژۆی خۆسازدان لەگەڵ هەلومەرجی نوێ. پرسیاری سەرەکیی مرۆڤی تاراوگە کە ئایا دەبێ خۆی لە کارتێکەریی نۆرمەکانی تازەی ژیانی پەنابەری بپارێزێ، یان خود بەرەو پیریان بچێ، لەم دوو ڕۆمانەدا بە جوانی خۆی نواندووە. ئەوەیکە ئاکامی ئەم دوو ڕەوتە جیاوازە چ دەبێ، لەم ڕۆمانانەدا تاڕادەیەکی زۆر خۆی دەرخستووە. "لک و پۆپی، هەم ڕوحی و هەمیش بە کردەوەی، بەرپەرچدانەوەی ڕاهاتن لەگەڵ بیروکردەوەی ڕۆژئاوایی کامانەن؟ لکوپۆپی وەرگرتنی ئەم بیر و کردەوانە کامانەن؟..." [24] فەخرە و بەربەرەکانیی ئەو لەگەڵ ویستی هەنار بۆ ڕەچاوکردنی شێوە ژیانی ڕۆژئاوایی، ئەنجامێکی تراژیک و پڕکارەسات بەباردێنێ. ئەبەز هێشتا دوچاری دوانەیی یە لەمەڕ داهاتوو و ئەفسانەی گەڕانەوە.

### پەراوێزەکان


١) ناسنامەی بیبلیۆگرافیانەی ئەم دوو ڕۆمانە کوردییە بەم جۆرەیە:
- کریم ئەحمەد، فازیل، *راوەماسی*، بنکەی هەنگاو بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کوردی، ١٩٨٦.
-کوردان، *کۆمەڵە شاخێ بەرز و* ....، سوێد، ١٩٩٣.

2) R. King, J. Connell, P. White, *Writing Across World, Literature and Migration*, Routledge, London, 1995, xi-xxi.

٣) دێلوز و گوتاری، ادبیات اقلیت چیست؟، وەگێڕانی بۆ فارسی: بابک احمدی لە کتێبی سرگشتگی *نشانەها*، مانی حقیقی، نشر مرکز، ١٣٧٤، لاپەڕەی ٢١٦-٢١٥.

٤) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ٢١٨.

5) Sudipta Kaviraj, *The Unhappy Consciousness*, Oxford University Press, Delhi, 1995, 10.

6) Rushdie, Salman, *Imaginary Homelands, Essays and Criticism 1981-1991*, Granta Books, London, 1991, 9.

٧) راوەماسی، لاپەڕەی ٧.
٨) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ١٥.
٩) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ١٨.
١٠) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ١٩.
١١) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ٤٦.
١٢) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ٤٨-٤٧.

13) Matthew, 27: 46.

14) Jabra Ibrahim Jabra, *A Celebration of Life*, Ministry of Culture, Baghdad, 1988, 130.

١٥) راوەماسی، لاپەڕەی ٩٢.
١٦) سەرچاوەی ٢، لاپەڕەی ٣.
١٧) کۆمەڵە شاخێ بەرز و ....، لاپەڕەی ٥٥.
١٨) ئاواتێک کە ئەبەزیش لە"راوەماسی"دا هەیەتی.
١٩) کۆمەڵە شاخێ بەرز و ....، لاپەڕەی ٦٩-٦٨.
٢٠) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی٨٧.
٢١) سەرچاوەی ١٤، لاپەڕەی ١٣.

22) Djura, *The Veil of Silence*, London, Qurtet, 1993.

٢٣) سەرچاوەی ٢، لاپەڕەی ١٢.
٢٤) سەرچاوەی ٦، لاپەڕەی ١٨.

# سیاسەت لە ڕوانگەی شێعرەوە

● سەلاحی عەبباسی ●

١

ئەم وتارە لێکۆڵینەوەیەکە لە سەر چۆنیەتی پێوەندی شێعری نوێی کوردی بە سیاسەتەوە. لەم وتارەدا زۆرتر سرنج دراوەتە سەر شێعری شێرکۆ بێکەس لە ڕادەی یەکەمدا و، عەبدوڵلا پەشێو و ڕەفیق سابیر و لەتیف هەڵمەت لە ڕادەی دووەهەمدا کە بێگومان ئەم چوار شاعیرە نەک وەکوو شاعیرانی شێعری نوێی کوردی بەڵکووو وەکوو شاعیرانێک کە زیاترین ڕادەی تێکەڵاوییان لەگەڵ سیاسەتدا بەدیدەکرێ، هەڵبژاردراون. هەڵبەت تا ئێستا ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی زیاتر سرنجی داوەتە سەر لایەنی سیاسی شاعیرانی شێعری نوێ و ئەم شاعیرانەش زۆرتر لە ڕووی هەڵوێستی سیاسییەوە ناسراون و سیاسەت بووتە هۆی ناسیاوبوونیان لە ناو ئەدەبی کوردیدا. واتە ئەو شاعیرانەی کە خۆیان لە قەرەی سیاسەت نەداوە و لە ماڵی خۆیان دانیشتوون و شێعریان نووسیوە، قەت نەیانتوانیوە ناووناوبانگێکی بەردەوام دەربکەن و درەنگ یا زوو فەرامۆش کراون. ئێمەش لەم وتارەدا لە سەر دابی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی دەڕۆین و ڕەخنەیەکی سیاسی پێشکەش دەکەین. دەبێ بەداخەوە ئەوەش بڵێین کە لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا، جێگای ڕەخنەی ئەدەبیی بەتاڵە!!

بێگومان ئەدەبییات زمانێکە بۆ دەربڕینی کێشەکانی مرۆڤ و، ئەدەبی بەرەنگاری دەتوانێ ببێتە خاوەنی سیمایەکی ستاتیکی و هونەری. ئەدەبی بەرەنگاری ناتوانێ ببێتە خاوەنی سیمایەکی هونەری مەگەر ئەوەی کە لە بازنەی فۆلکلۆری خۆماڵی وناوچەیی هاتبێتەدەر و لەگەڵ ئەدەبی وڵاتانی دیکە کەوتبێتە گفتوگۆ و شت لێوەرگرتن، واتە شێوە تێڕوانین وشێوەتێگەیشتنەکانیان لێوەرگرێ و لەهەمووی ئەوانە گرینگتر: کێشەکانی مرۆڤ بە زمانێکی ڕەخنەیی بخاتە بەرباس نەک ئەوەیکە خۆی بەشێک بێ لەو کێشەیەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە. کەوابوو، ئەوکات ئەدەبییات دەتوانێ تەنها لە ڕوانگەی ئانترۆپۆلۆژیکییەوە سرنجڕاکێش بێ، چونکە نابێتە ڕوانگەیەک لە سەر ئەو کێشەیەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە، بەڵکووو دەبێتە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی خەسڵەتە کولتوورییەکان و لە سەر دابونەریتەکان بنیات دەنرێ. بۆ نموونە گرینگی نووسەرێکی وەک یاشار کەماڵ لەوەدایە کە چۆنیەتی دابونەریتەکان نیشان دەدات. کەچی ئەو نووسەر و شاعیرانەی کە خۆیان بەشێکن لەو دابونەریتانە نەک هەرنایانخەنە ژێر ڕەخنە، بەڵکووو لە بەرهەمەکانیاندا لایەنگری لە باوکسالاری دەکەن، دژی مافی ژن بەتایبەتی و مافەکانی مرۆڤ بەگشتی دەوەستن، سەر بەو لایەن یان ئەم لایەنی سیاسی یان ئایینین، یان نووسەری حیزبین و لە خزمەت پیاوانی سیاسی دان.

شێعر لە هەمان کاتدا کە ئەزموونەکانی کۆمەڵگا دەخاتەبەرباس، ڕەخنەکانی خۆشی ئاراستە دەکات. بەڵام گرینگە ئەوە بزانین کە شێعر ئەم ڕەخنەیە لە زمان شاعیرەوە دەردەبڕێ، واتە ئەگەر شاعیر ملکەچی باوکسالاری و دەسەڵات بێ، ئەوکات شێعر ناتوانێ ئەرکە ڕەخنەییەکانی خۆی بە جێبگەیەنێ و لە باشترین حاڵەتدا تەنها دەتوانێ هاوارێکی هەقخوازانە بێ لە دژی زۆردار و داگیرکەری بێگانە و لەهەمان کاتدا دەبێتە پێداهەڵدەری زۆردار و ملهوڕی خۆماڵی. شێعر هەروەکوو چۆن لە کۆمەڵگا و ئەزموونەکانی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێ، هەر بەم شێوەیەش دەتوانێ کار بکاتە سەر کۆمەڵگا و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەور ببینێ لە پەرەپێدان بە مافە مرۆڤایەتییەکان.

ئەگەر چاوێک بە سەر شێعری کلاسیکی کوردیدا بخشێنین، دەبینین کە جیهانبینی زۆربەی شاعیرەکان زیاتر لایەنی عیرفانی و ئایینی هەیە لە حاڵێکدا شێعری کوردی بە تێکڕایی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا، زیاتر لایەنی میللی و ناسیۆنالیستی بە خۆیەوە گرتووە و لە ڕووی زمانەوە بەرەو زمانی پەتی و یەکگرتوو هەنگاوی ناوە. دەتوانین بڵێین ئەوە داواکارییەکانی مۆدێرنیتەیە کە بەم جۆرە لە شێعر و ئەدەبی کوردیدا ڕەنگ دەداتەوە.

کەشفکردنی جیاوازیی جیهانبینی شاعیران لە ڕێگای شێعرەکانیانەوە دەتوانێ یارمەتیمان بدات لە ناسینی خۆمان ومێژووی خۆماندا. جیهانبینی شاعیرانی کورد بەرەو پرسیاری فەلسەفی و ڕەخنەییمان ڕاناکێشێ، پرسیارە فەلسەفەییەکان زۆر سادە و ساکارن و شێوەی هاتنە ئارایان ئاناگایانەیە و بە هەڵکەوت لە دێڕێک یان لە بڕگەیەکی شێعرێکدا دەردەکەون. بەپێچەوانەوە، جیهانبینی سیاسی لە کاری شاعیرانی کورددا ڕەگ و ڕیشاڵێکی قووڵی هەیە و شێعری کوردی پڕە لە هاواری هەقخوازانە و دەربڕینی نارەزایی.

دیارە لەم باسەدا ئێمە باسی چوار شاعیری ناوداری کورد، هەڵوێستی سیاسی و خاسییەتی سیاسی شێعری و پێوەندییان لەگەڵ وشەگەلی شۆڕش و شەهید و نیشتمان دەکەین، نەک شێعری نوێی کوردی بە گشتی. بۆ نموونە کاتێک ڕەفیق سابیر دەیەوێ پێوەندییەکانی خۆی لە گەڵ ئەم وشە گەلە بسڕێتەوە یان ئاوەژوویان کاتەوە، لەوە دەچێ کە بە دەسکارییەکی ئاسایی بخوازێ مێژووی شێعری و سیاسی خۆی پاک بکاتەوە و بەڵگەیەکی زیندوو (یان کوردانە) بۆ وتەکەی میلان کوندێرا دێنێتەوە کە دەڵێ: «مرۆڤ دەخوازێ ژیاننامەی خۆی سەر لەنوێ بنووسێتەوە، نەک هەر دەیەوێ ڕابردوو لە بیر خۆی بەرێتەوە بەڵکووو دەخوازێ ئاسەوارەکانیشی بکوژێ، هەرچی بە دڵی نەبوو لە جێگای خۆی لای بات و شتێکی تری لە جیاتی دابنێ و بەم جۆرە جێ پێی خۆی پاک بکاتەوە».

ئەم وتارە دیتنێکە لە چوارچێوەی وشەگەلێکی دیاکراودا وەک شۆڕش، شەهید، نیشتمان، شاخ، هەڵۆ، برایەتی، ئازادی و چەند وشەیەکی تر. هەروەها شێعری ئەم چوار شاعیرە لە چەند شوێندا لەگەڵ یەک بەراورد دەکرێن، بەڵام مەبەست لە بەرئاوردکردنیان ئەوە نییە کە پێناسە بدرێ بە شێعری نوێی کوردی، چونکە شێعری نوێی کوردی گەلێک دەنگی دیکەی تێدایە کە لەم وتارەدا باسیان لێ نەکراوە. ڕۆژێک شاعیرێکی لاو پێی گوتم: «شاعیری ڕەسەن میکانیزمی دیتن دێنێتە گۆڕین، بە جۆرێک کە دوای خوێندنەوەی شێعرەکانی، ناتوانین وەکوو جاران چاو لە شتەکان بکەین». بێگومان ئەمە یەکێک لە داواکارییەکانی هونەری مۆدێرن بە گشتی و شێعری نوێ بە تایبەتی یە، ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە چاو لە شێعری نوێ بکەین دەبێ بڵێین کە نوێبوونی شێعر لە ڕواڵەتدا نییە، گەلێک شێعری بە ڕواڵەت نوێ لە ڕاستیدا هیچ شتێکی نوێیان تێدا نییە: نە بیرێکی نوێ و نە ڕوانگەیەکی نوێ و هیچ چەشنە میکانیزمێکی

باو ناهێننەگۆڕین. واتە لێی دەگەڕێین خوێنەر هەروەکوو خۆی (چۆن بوو) بمێنێتەوە و هەر بە شێوەی داسەپاوی پێشوو چاو لە شتەکان بکات و بیریان لێ بکاتەوە. ساڵی ١٩٩٣شێعرێکی لەتیف هەڵمەتم دەخوێندەوە کاتێک گەیشتمە ئەو دێڕە کە دەڵێ: «شەهید پەیژەی پیاوی سیاسین»، بیرم لە وشەی شەهید کردەوە، بەڵام نەمتوانی وەکوو پێشوو بیری لێ بکەمەوە و ئیتر هەرگیز وەکوو پێشوو بیرم لێ نەکردەوە.

٢

ساڵی ١٩٨٩ شێرکۆ بێکەس خەریکی کۆکردنەوەی سەرجەمی شێعرەکانی خۆی بوو، بەرگی یەکەمی شێعرەکانی لە هەمان کاتدا بەچاپ گەیاند و لە پێشەکییەک کە بۆ دیوانەکەی نووسی، خۆی بە شاعیری هەموو گەل و پێشمەرگەی کوردستان دانا.
پاش ئەوەی لە ئەنجامی چەندین هەلی مێژووییدا و بە هۆی ڕاپەڕینی جەماوەری کوردستانی باشووڕ، ساڵی ١٩٩١ ئۆمێدی ڕزگاربوونی ئەم بەشەی کوردستان لەناو خەڵکدا پەرەی سەند، شێرکۆ گەڕاوە بۆ کوردستان تا درێژە بە ئەرکە شۆڕشگێڕانەکەی خۆی بدات: کوڕی فایق بێکەس بوو، شانۆی کاوەی ئاسنگەری نووسیبوو، لە شێعرەکانیدا بە باڵای شۆڕشی هەڵگوتبوو، شینی نیشتمانی داگیرکراوی گێڕابوو. لە هەمووی ئەمانە گرینگتر، شێرکۆ بەسەرهاتی مێژوویەکی تری شاخی لە شێعری خۆیدا نووسیبوو. بەشێک لەو بەسەرهات و ڕاوڕاوێن و تەقوتووقەی کە لە شاخەکانی کوردستاندا، ڕوویاندابوو، ڕاستەوخۆ لە شێعری شێرکۆ دا ڕەنگیان دابۆوە. شێرکۆ شێعرەکانی وەکوو ئاوێنەیەک لە بەرانبەر سەردەمدا ڕاگرتبوو، ئاوێنەیەک کە بە چاوی شێرکۆ ڕووداوەکانی دەدیت و بە بیری شێرکۆ دەرکی پێدەکردن. شێرکۆ شاعیری چیا، لە ئاوێنەی یەکێتی نیشتمانی و شۆڕشی پاش ئەیلوولەوە بەسەرهاتی مێژووی شاخی دەنووسی و سەیری نیشتمانی داگیرکراو و زامداری دەکرد: نیشتمان شیرین بوو، خەبات ڕێگای دژواری بێستوون و یەکێتی نیشتمانی فەرهاد.
شێرکۆ لە شێعری داستانی هەڵۆی سووردا گەلێک ڕەخنەی بە جێی لە شۆڕشی ئەیلوول و هەڵە مێژووییەکانی ئەم شۆڕشە گرت، کەچی دواجار لە بەرانبەر هەڵە مێژووییەکانی شۆڕشی پاش ئەیلوولدا بێدەنگ ڕاوەستا و تەنها پاش کارەساتە ژەهراوییەکان، لە شێعری ژەهردا کە بەهاری ٨٩ و چەند مانگێک دوای ئاشبەتاڵی ٨٨ نووسیبووی بەوەندە ئیکتیفای کرد کە بنووسێ: دەبێ سەرمان بگۆڕین و سەرێکی تازەی لە جێ دابنێین.
لەم شێعردا شێرکۆ هەموو هۆیەکانی تێکشکان و هەرسهێنانی خستە پاڵ هێزەکانی دەسەڵاتدار و خاوەن پارە و نەوت و دەڵێ: هەتاکوو دێوەکان ئاسمانی کیمیایی خۆیانیان ڕانەگواست بۆ سەر من، سەنگەری بە پێوەوەستاوم هەموو ڕۆژێ لەو چیا و دۆڵەدا، وەک چەقڵ مردنیان ڕاو ئەنا... و چەکی کیمیایی بە هۆی تێکشکانی شۆڕشەکە و لە بارچوواندنی لە قەڵەم دەدا. هەر لەم شێعرەدا شێرکۆ باسی تاوانە ڕیسواکانی پاش کارەساتی هەڵەبجە دەکات ودەڵێ: منارە کورتە باڵاکان، کفندزانی ـ مەولەوی ـ زۆڵە گوللە، بە مردوویی بازنی دەست وموستیلەی عەنبەر خاتوون دابکەنن، بە مردوویی ئەقیمی چاوی هەڵەبجە دەربهێنن... تاوانە ریسواکان دەخاتە پاڵ هێزە دەرەکییەکان و هێزە ئیسلامییەکانی ئێران و کورد. بێگومان لایەنی تریش لە تاوانە ریسواکانی هەڵەبجەدا دەستیان هەبوو، کە شێرکۆ لەم شێعرەدا باسیان ناکات. لە هەمان شێعری ژەهردا دەنوسێ: بەغدا کاتێک زانی سەنگەر دوای سەنگەر وەکوو لاولاو خێراخێرا باڵانەکەم وشەقام بە شەقام، کۆڵان بە کۆڵان و ماڵ بە ماڵ بووم بە گڵۆپ، ئەو سا ئیتر هەوای ژەهراوی قەرز کرد. ئیتر خەزانی ناو وخەزانی گیان دەستی پێکرد و ئەمە سەرەتا و کۆتایی مێژوویەکی تری شاخ بوو. بەڵام چلۆن مێژوویەکی تری شاخ دەستپێدەکاتەوە؟
شێرکۆ لە شێعری ژەهردا دەڵێ: چاوەڕوانی کام زریانی ژەهرکووژی ئەفسانە بین؟ چاوەڕوانی موجیزەی کام فریشتە بین؟ پاڵ کەوین و چاوەڕوانی کفن و گۆڕ و دارەمەیتی ئایندە کەین؟ لە ناو ئەشکەوتی گریانا بە دیار تەرمی خۆمانەوە هەڵترووشکێین؟ بۆ کوێ بڕۆین؟ بێگومان شێرکۆ، مەبەستی تەرمی شۆڕشی پاش ئەیلوول و کۆتایی مێژوویەکی تری شاخ رستەیەکە کە لە جێگای وشەی هەرەس یا ئاشبەتاڵ دانراوە، لە جێگای تەرمی ئاشبەتاڵی ٨٨، تەرمێک کە هێشتا ناوی شیاوی خۆی نەدۆزیوەتەوە.
شێرکۆ، دیسان پرسیارەکەی خۆی دووپات ناکاتەوە، بەڵام ئەم پرسیارە هەر لە گوێماندا ەزرینگێتەوە: بۆ کوێ بڕۆین؟ شاعیر وەڵامەکە دەدۆزێتەوە، هەروەکوو وەی لە ناکاو پەری شێعر پێی ئیلهام کردبێ دەڵێ: سەرمان، سەرمان، ئەبێ ئەم سەرە گەنیوە لە خۆمان دوور بخەینەوە، بیگۆڕین و سەرێکی نوێی لە جێ دابنێین. خۆمان تاوانبارین و بەرهەمی هەڵەکانی خۆمان دەدرووینەوە. شێرکۆ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لە خۆی و لەو شۆڕشە دەگرێ کە خۆی شاعیریەتی: فەرهاد لە ئاوێنەی مێژوویەکی تری پڕ لە زەبروزەنگی شاخدا دیمەنێکی دزێو و ناشیرینی بە خۆوە گرتووە.

٣

کاتی خۆی عەبدوڵلا پەشێو دژی ئەوانەی باسی برایەتییان دەکرد، لە شێعرێکدا نووسیبووی: قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن کێرد و پەنیر برای یەکن... پاشان ڕەفیق سابیر لە شێعری لاوکی هەڵەبجەدا بە شێوەیەکی تر گوتبووی: پێویستە پێوەرێکی نوێ بۆ برایەتی بدۆزینەوە... گەلێک جار دەکەوتە بەرگوێ کە نەک هەر حکوومەتە ملهوڕەکان بەڵکووو خەڵکەکانیشیان حەز لە چاری کوردان ناکەن. کەوابوو کام برایەتی؟
شێعرەکانی عەبدوڵلا پەشێو زوو دەنگیان دایەوە و بەتایبەت لە ناو هەڵگرانی بیری نەتەوایەتیدا پێشوازییان لێکرا، چونکە ڕک و تووڕەیی شاعیریان دەردەبڕی سەبارەت بە ناوەرۆکی برایەتی و هاوکاری دوو جوڵانەوەی فەلەستین وکورد و دوو نەتەوەی لە قسان برای کورد و عەرەب. بەڵا ئەمە بەتایبەت لە دوای هەڵوێستی عەرەفات و داکۆکی کردنی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین لە سەددام و ڕێژیمەکەی بوو کە دژایەتی لەگەڵ ئەم ڕێکخراوەیە لە ناو بەشێک لە ڕۆشنبیران و خەڵکی کوردستاندا پەرەی گرت. عەبدوڵلا پەشێو شاعیرێکە کە هەموو لایەنە نەتەوەییەکان بە دڵیانە، بۆ نموونە گۆڤارەکانی پاسۆک لە ڕابردوودا زیاتر لە شێعری هەموو شاعیرێک شێعری ئەویان بڵاو کردووەتەوە. پەشێو زوو لە کوردستان وەدەرکەوت و کاتی خۆی لە مۆسکۆ شێعری نەتەوەیی ڕەوانەی کوردستان دەکرد و شێعری پۆشکینی وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی کە زۆربەی شێعرەکانی نەتەوەیی یە و باسی خۆشەویستی زێد و ئازادی و سەرفرازی مرۆڤ و جوانی و ناسکی ژن دەکات. پەشێو کاتێک لە کوردستان بوو کتێبە شێعری «ڕۆژ نییە لێتان توورە نەبم»ی بڵاوکردەە و پاشان لە غوربەتدا کتێبەشێعری «شەو نییە خەوتان پێوە نەبیبنم».
چاوخشاندنێکی گشتی بە سەر ناو و ناوەرۆکی شێعرەکانی ئەم شاعیرەدا ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە هەمیشە لەگەڵ بیری نەتەوەیی کورد و مافە زەوتکراوەکانی هاودەم وهاونشین بووە و دەتوانین وەکوو یەکێک لە دەگمەن شاعیرانی نەتەوەیی کورد ناوی بێنین.
پەشێو لە شێعرەکانیدا، زۆر خۆ لە شتی نادیار و لێڵ و تەماوی نیزیک

ناکاتەوە، بەڵکوو لۆژیکێکی دیاریکراو ڕەچاو دەکات و تێدەکۆشێ هەموو مێتافۆر(ئیستیعارە)ێک لە ساختومانی خاوەن مانای ڕوون و ساکاردا بگونجێنێ. لە دوایین شێعرەکانی خۆیدا، پەشێو لە هەڵوێستێکی کوتوپڕدا کۆمەڵێک شێعری لە دژی ئەو کەسانە خوێندەوە کە خەریکی ریسواکردنی بیری نەتەوەیی کورد بوون. هەڵبەت ئەمە هەڵوێستێکی چاوەڕوانکراو بوو لە شاعیرێکی نەتەوەیی لە بەرانبەر کەسانێکدا کە گەورەترین زەربەی سەدساڵی ڕابردوویان لە بیری ناسیۆنالیستی کوردی دا. لەم کۆمەڵە شێعرەدا پەشێو، باسی ماچەکەی بەغدا و خەیانەتی سەرکردە کوردەکان بە خوێنی شەهیدان دەکات. لەوانەیە ئەم کۆمەڵە شێعرە لە ڕووی داڕشتن و جەوهەری شێعرییەوە نەگاتە پلەی شێعرەکانی پێشووی و شاعیریش لە چاوپێکەوتنێکدا (گزینگ: ژمارە...) گوتی: مەبەستی من هەڵوێستە نەک شێعر... دیارە پەشێو تەنها ڕێگای بەرەنگاربوونەوە لە ئاست ئەو کەسانەی کە خەریکی ریسواکردنی بیری نەتەوەیی کورد بوون لە هەڵوێستێکی تووڕە و بێ پێچ پەنادا دیبوو.

٤

شێعری شێرکۆ وەکوو شێعری هەموو شاعیرێکی تر لایەنی جۆراوجۆری هەیە. لە هێندێک جێدا شاعیر وەسفی خۆر و خاک و شەڕ و هێز و زۆرداری و چەک و هەڵۆ و شێر و پڵنگ و... دەکات ولە هێندێک شێعری تریشدا ئاوڕ لە جوانی و ناسکیی ژن و خەرامان ولەنجە و لاری دەداتەوە. شێرکۆ لە هێندێک شێعردا داکۆکی لە مافە زەوتکراوەکانی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواریدا دەکات و داوایان لێدەکات لە بەرانبەر چارەنووسیاندا تەسلیم نەبن و ڕاپەڕن. شێرکۆ لە یەک کاتدا هەم ڕەخنە و هەم خۆشەویستی خۆی ئاراستەی کۆمەڵگای کوردەواری دەکات، دوو جەمسەر کە بە ڕواڵەت لێک دوورن لە کەسایەتی شێرکۆ دا یەک دەگرنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا، چ ئەو کاتەی لە کۆمەڵگای کوردەواری ڕەخنە دەگرێ و چ کاتێک دەکەوێتە مەتح و پێداهەڵگوتنی ئەم کۆمەڵەگایە و قارەمانەکانی، لە هەردوو حاڵەتدا شێوەیەکی کلێشەیی و دروشم ئاسا بەکاردێنێ. شێرکۆ هەر بە هەمان شێوە و لە هەمان قاڵبدا توندترین ڕەخنەی ئاراستەی کۆمەڵگای کوردەواری کردووە. بێ حیکمەت نییە کە بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان کە ماوەیەکی درێژ ددانیان بە جەرگەوە نابوو و لە بەرانبەر زەندەقە و هەڵیت وپڵیتی خوانەناسانەدا شتێکی ئەوتۆیان نەگوتبوو و بۆنموونە هەرگیز فتوای کوشتنی کەسێکی وەکوو «عەبدولخالیق مەعروف» یشیان بە ئاشکرا ڕانەگەیاندبوو، دوای ساڵەها سەبری ئەیوب، کاسەی کەرامەت و حیلم و عیلمیان لێوڕێژ بوو، شێرکۆ بێکەسیان هەڵبژارد و فتواکەیان بە ناوی ئەوەوە دەرکرد.

وەک دەیانگوت شێرکۆ یەکێک لە دەگمەن وەزیرانێک بوو کە هیچ حەرەس و پارێزەری نەبوو و هەموو کەس بۆی هەبوو بچێتە دەفتەرەکەی و لە نیزیک کورسییەکەی دابنیشێ. لەو کاتەدا هێزە ئیسلامییەکان لە شێرکۆ بێکەس موستەحەقتریان پێ شک نەدەهات، ئەوە لە سەردەمێکدا بوو کە یەکێتی نیشتمانی کەوتبوە سەرکوتکردنی هێزە ئیسلامییەکان و نێوانی لە گەڵ ئێران تێکچووبوو و پارتی بە یارمەتی تۆپخانەی ئێران هێرشی دەبردە سەر بەرزاییەکانی شاری هەڵەبجە و یەکێتی لە ڕاگەیاندراوەکانیدا دەینووسی: هەڵەبجە ڕزگار کرا. جگە لەمە شێرکۆ بەهانەیەکی زەقی دابوونە دەست و کەسی تر لە مەیدانا نەبوو کە بەهانەیەکی وەها گەورەی دابێتەدەست. بەتایبەت بەهانەکە لەگەڵ ئەقڵییەتی بەشێک لە کۆمەڵگادا بە باشی دەیخوێندەوە: شێرکۆ لە شێعریکیدا لە زمان منالێکی بۆیاخچییەوە پرسیبووی: ئاخۆ قۆنەرەکانی خوا ئەبێ چەندە گەورە بێ؟

کاتێک شێرکۆ گەڕاوە بۆ کوردستان پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد، بەپێچەوانەی مەسعود مەحەمەد کە کاتێک لە بەغدا گەڕاوە کوردستان، سەرکردە سیاسییەکان ڕوویەکی خۆشیان پێ نیشان نەدا و خۆیان لە دیتنی پاراست و ئەویش گوتی: کورد بۆ ئەوەی کەسێکی وەک من وەلابنێ دەبێ بە سەر گەلێک قۆناخی گرینگدا تێپەڕێ (یان بە تەواوی لە سەردەمی فیۆدالیزم دابڕابێ). ڤیان بە باوەشی ئاوەڵاوە وەرگرت و بۆ ئەندامی پارلمان و وەزیری ڕۆشنبیریی هەڵیان بژارد، ئەو ڕۆشنبیرییەی کە لە میحرابی بەر قاچی شێرکۆ دا خوێنیان ڕژاند.

شێعری شێرکۆ هاوپێ لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکان وەرێدەکەوێ و ئەگەر چاوێک لە کاتی نووسرانی شێعرەکان و ڕووداوی ڕووداوەکان بکەین تووشی سەرسوڕمان دەبین. شێعری شێرکۆ هەمیشە لە مەیدان دایە و قەت پۆستی خۆی بە جێ ناهێڵێ. شێعری شێرکۆ شێعرێکە کە باسی ڕووداوە مێژووییەکان دەکات، خۆیان لەگەڵ هاوجووت دەکات و بە زمانی شێعر ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و هاوپێوەندییەکی مێتافۆرمیک (ئیستیعارەیی) لە نێوان شێعر و مێژوودا پێکدێنێ.

ئەم چەشنە شێعرە دەتوانێ لە قاڵبی ژۆرنالیستیشدا دەربڕدرێ، واتە بە زمانی جیا لە زمانی شێعریش دەتوانێ مەبەستەکانی خۆی بگەیەنێ. شێعری شێرکۆ، زمانی شێعری دەخاتە خزمەت دروشم و پڕوپاگەندە و ڕوانگەی تایبەتی سیاسییەوە. هەڵبەت مەبەست ئەوە نییە کە شێعر نابێ خۆی لە قەرەی ڕووداوی مێژوویی بدات، یان نابێ ببێتە هاوارێکی هەقخوازانە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە شێعر ئەم ئەرکە لە قاڵبی دروشمدان و ڕاگەیاندراو دەرکردندا بە ئەنجام ناگەیەنێ. شێعری ڕاستەقینەی مێژوویی خۆی ناکاتە داردەستی لایەنێک یان ڕوانگەیەکی سیاسی، بەڵکوو بەرەو ناخی مێژوو شۆڕ دەبێتەوە و مانای نەبینراو و و لەبیرکراوی تێدا دەدۆزێتەوە.

ئەگەر شێعرە درێژەکانی شێرکۆ بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە، بە ئاشکرا دەبینین کە هەرکام لەم شێعرانەدا بۆ دەربڕینی مەبەستێک یان چەند مەبەستێکی سیاسی تەرخان کراون. هەڵبەت جاری وا هەیە کە مەبەستە سیاسییەکان لەگەڵ مەبەستی کۆمەڵایەتی تێکەڵاون. بۆ نموونە ئاوڕێک لە شێعری بەیان دەدەینەوە کە تەرخان کراوە بۆ دەربڕینی بیروراڕاکانی شاعیر لە سەر مافی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواریدا. شێعرەکە ئاوا دەست پێدەکات:

ئەم کیژەمان وەکوو بیری چاوی زیت بوو/ گشت شەوگاری لە ژێر لێفەی کون کونەوە/بە قەد ژمارەی ئەستێرەی شەوی هاوینانی ناو دێ/ ئەورووژان و تا بەربەیان نەیانهێشت چاو لێک بنێ/ئەم بۆ ئەژی/ئەو بۆ ئەمرێ؟/ بۆچی ژن و مامرەکونج/ لە ماڵەوە لای پیاو دێ/ ڕێزیان وەک یەک لێ ئەگیرێ؟

لەم شێعرەدا، شێرکۆ مەلای مزگەوتی دێ بە قەلەمونی شلەژاو دەشوبهێنێ و لە مەلای مزگەوتی دێ ڕا دێتە سەر مەلاکانی ئێران و دەڵێ:

ئێستە ئێران وەکوو جبەی ئاخوندەکان ڕەش دەنوێنێ/تاران پایتەختی سێدارە و مزگەوتێکی گەورەی مەرگە/قیرەی مەلای قەلەڕەشکە/ لەسەر منارەی هەزار ساڵ پێش ئێستاوە/ بانگ بۆ تاریکی ئەدات و/ لە مێحرابی ژێر قاچی دا/ خوێنی ئازادی ئەڕێژێ/پەنجەرەی بەر هەتاوی بیر/ بە ریشی تۆبزی ئاخوند ئاخنراوە/ ئێستە ئێرانی ئاخوندە/ پاپۆڕێکە پڕ لە تاوان/ ڕووی کردۆتە قیبلەی جادوو.

وشەگەلی دەنکە تەزبیح و نزای مەلا و وێردی ناوی ئەڵلا و تاتەشۆر و تابووت و پرسە و تلیاک و گۆشتی بەراز و ئیمامی تەوری ریشدار و

شەوی ئاخوند و دەیان وشەی لەم بابەتە نووکی ڕەخنەی شاعیریان گرتووەتە سەر کۆماری ئیسلامی و، مۆڕەی خەنجەر و تیلەی چاوی بە غەزەبی باوک و برا و خزم و ئاشنا و ژن و مانگا زەرد و... نووکی ڕەخنەی گرتووەتە سەر ئەو داب ونەریتە داپڵۆسێنەرانەیەی کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ژن سەرکووت دەکات. کەوابوو شێرکۆ ، مانا و مەبەستی لە پێشدا دیاریکراو بە زمانی شێعر دەردەبڕێ و ئەم شێعرەی بۆ دەربڕینی چەند مەبەستێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی تەرخان کردووە.

٥

کاتێک ڕەفیق سابیر دیوانەشێعرەکەی بڵاوکردەوە، لە پێشەکی دیوانەکەیدا ئاکاری ڕژێمی بەعس و شۆڕشی لەگەڵ یەکتر بەرناورد کرد و بەو ئاکامە تاڵە گەیشت کە ئاکار و کردەوەی ڕێژیمی بەعس ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی هەبووە لە ناو شۆڕشی ڕزگاریخوازیدا و ڕەگ و ڕیشاڵێکی قووڵی لە ناو کەسایەتی و ڕوحی مرۆڤی کورد داکوتاوە. ڕەفیق لە پێشەکی دیوانەکەیدا دەڵێ: ئێمە لە ساتە وەختێکی خەفڵەت و بێ ئاگاییدا خوو و خسڵەتی دوژمنەکانمان بە خۆوە گرتبوو و جۆرەها میتۆد و ڕەفتاری ئەوانمان بە بەرهەم دێنایەوە.

هەڵبەت مەحاڵە شێرکۆ دیوانی شێعر چاپ بکات و لە پێشەکییەکەیدا بەم ئەنجامە بگات. عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت هەرکام بە شێوەی خۆیان بەم ئەنجامە دەگەن و بەرئاوەژووبوونەوەی ئامانجە ڕزگاریخوازەکانی بزووتنەوەی کورد و پێشێلبوونی مافی مرۆڤ لەم بزووتنەوەیەدا دەکەنە هەوێنی شێعر، بەڵام شێرکۆ کە لە سەرتاپای دیوانە چەند هەزار لاپەڕەیەکەیدا ڕووناکی و تاریکی، زوحاک و کاوە، فەرهاد و کێوی بێستوون، بە شێوەیەکی کلێشەیی و لە قاڵبێکی سواو و دوور لە داهێناندا لە بەرانبەر یەکدا وەستاون، بەرگێکی پیرۆز لە شێعر دەبڕێ وبە باڵای پێشمەرگە و سەرکردە و شۆڕشیەوە دەدووریٚ، شۆڕشێک کە تەنها یەک ڕێکخراو خاوەنێتی. ئەو شێرکۆ یەی کە چەپکێ شێعری خۆی دەخاتە ملی ئانەوای مەڵبەند و هەموو ئەو هاوڕێ ڕیش ئارداوییانەی نان بۆ پێشمەرگە دروست دەکەن. یان شێرکۆ یەک کە شێعری خۆی پێشکەشی پیاوێکی بەهەیبەتی وەکوو مامە ڕیشە (کە فەرهادی سەردەمی ئێمەیە، ماوەیەکی درێژ تامی چەرمەسەریی و زەبروزەنگ و ئاوارەیی چێشتووە) دەکات، کەسێک کە شێعری ڕەفیق سابیر و زۆر شاعیری دڵناسکی ترهەر ناوێرن خۆی لێ نیزیک کەنەوە.

لەوانەیە ڕەفیق لە دیوانەکەیدا باسی چەند هاوڕێیەکی شەهید بکات، بەڵام ئەوانە وەکوو کەسایەتی داوێتە ناو شێعر، نەک وەک سیبمۆلێک بۆ وشەی شەهید. لای شێرکۆ فەرق ناکات شەهید کێیە، چ شەهیدێکی تایبەتی بێ و چ نەبێ، هەموو کەس بۆی هەیە ببێتە شەهید. لە ئەدەبی کوردیدا بە ناوبانگترین شێعر لە مەدحی شەهیددا شێعری شێرکۆیە کە دەڵێ:

شەهید ئەمرە وەکوو داروگوڵ و گیا و بەفر و...

کاتێک باسی سیاسەت لە شێعردا دەکەین، ناچارین باسی ئەوەیش بکەین کە کام سیاسەتمان مەبەستە؟ ئەوە چ سیاسەتێکە کە بۆ نموونە دوو هەڵوێستی دژ بە یەک لە سەر مانای وشەی شەهید لە شێعری شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت دەخولقێنێ؟ ئایا لە کات وسەردەمی پیرەمێرد دا وشەی شەهید هەرئەو مانایەی هەبوو کە ئێستا هەیەتی؟ باری کۆمەڵایەتی و سیاسی چ ئاڵوگۆڕێکی بە سەردا هاتووە؟ مانای وشەی شەهید بە چ بارێکدا شکاوەتەوە؟ ئەم وشەیە چەندە لە فەرهەنگی ئیسلامی و ناسیۆنالیستیدا دێتە ئافراندن و گۆڕاندن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە تەنها لە مێژووە کۆنەکانی شاخ و ڕوونکردنەوەی مانای ڕووداوەکانی ئەو سەردەم و هەروەها ئەم سەردەمەدا (مێژووی هاوچەرخی شاخ) شی دەکرێتەوە.

هەروەکوو باسمانکرد، ڕەفیق سابیر پاش چەند ساڵ و لە ئەنجامی چەندین ئەزموونی مێژووییدا ددانی بە سەر شێعرە بە ناوبانگەکەی عەبدوڵڵا پەشێودا هێنا و، لە شێعری لاوکی هەڵەبجەدا بە شێوەیەکی هێواشتر گوتی: ئەبێ پێوەرێکی تر بۆ برایەتی بدۆزینەوە.

ڕەفیق سابیر لە شێعری ڕێناس دا لاسای پەشێو دەکاتەوە، بەڵام لەم کارەدا سەرناکەوێ. بێگومان شێعرە مێژووییەکەی پەشێو کە بە وشەی «سەدان ساڵە» دەست پێدەکات لە هەموو ڕوویەکەوە شێعرێکی سەرکەوتووی مێژوویی یە و، ئەوە نیشان دەدات کە پەشێو خاوەنی ڕوانگەیەکی ژیرانەتر و دڵسۆزانەتر و زیاتر لە شاعیرانی سەر بە ڕاست و چەپ هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات لە بەرانبەر نەتەوەکەیدا. هەروەها نەتەوەکەی لە درۆ و دەلەسەی ڕاست و چەپ ئاگادار دەکاتەوە و هەموویان بە قەحبە لە قەڵەم دەدا.

ئاستی تێگەیشتن و ڕۆشنبیری شاعیر یا نووسەرێک ئەوە دیاری دەکات کە ئەم شاعیرە یا نووسەرە کام بیروڕای فەلسەفی ـ سیاسی و کۆمەڵایەتی وەئەستۆ دەگرێ و کام چەشنە بۆچوون و لێکۆڵینەوە دەردەبڕێ و لە کێ داکۆکی دەکات و بەرەنگاری کێ دەبێتەوە. بەڵام گرینگ ئەوەیە کە نووسەر یا شاعیر لە کاتی پێویستی خۆیدا بیر و بۆچوونێک دەردەبڕێ کە لە خزمەت نەتەوەکەیدایە، نەک دوای پەند و ئەزموونی مێژوو بەو بیروبۆچوونە بگات. هەربۆیە هەڵوێستی شاعیرێکی وەکو پەشێو زیاتر شایانی ڕێزە.

ڕەفیق سابیر لە شێعرەکانیدا دنیایەکی تایبەت بە خۆی دەخولقێنێ، شێعری ڕەفیق شێعرێکی بێ ناوونیشان نییە بەڵکووو مۆری تاکە کەسێکی تایبەتی پێوە دیارە و لۆژیکی ئەم شێعرانەش تایبەتە بەو دنیایە کە شاعیر خولقاندوویەتی. لە کتێبە شێعرەکانی ڕەفیق دا وشەگەلی وەکوو خۆڵ و ڕوح و نهێنی و ئەشکەوت و تارمایی و سەراب و درەختی خۆڵ و کتێبی خۆڵ و... گەلێک وشەی تری لەم بابەتە بەردەوام دووپات دەبنەوە کە هەر کام مانای شاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە و لەم شێعر وە ئەو شێعری ڕەفیق دا و بە گشتی لە هەموو کتێبە شێعرییەکانیدا بە دیدەکرێ. ڕەفیق جیهانێک دەخولقێنێ کە پێویستە خوێنەر کەشفی بکات و یاسا و پێوەرەکانی ئەم جیهانە و مانای شاراوەی سیمبۆلەکانی بدۆزێتەوە. هەر بۆیە ناتوانین شێعری ڕەفیق بە شێعرێکی سووریالیستی لە قەڵەم بدەین.

ڕەفیق سابیر کە سەردەمێک هەموو دنیای لە ناو شیوعییەتدا دەدیت و ئێستا هەموو دنیا لە ناو کوردایەتیدا دەبینێ، بە دوای تێکچوونی وڵاتانی سۆسیالیستیدا بە سەر قۆناخێکی فیکریدا تێپەڕی و هاتە ڕیزی ئەو کەسانەوە کە داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکەن، واتە ناسیۆنالیستن و لە نەبوونی ناسیۆنالیزمی یەکگرتووی کورد بە پەرۆشن.

ڕەفیق لە چاپی تازەی بەرهەمەکانیدا وشەگەلی پێشووی هێنانە گۆڕین و لە هەر شوێنێک وشەی وەک ئیمپریالیزم یا بۆرجوازی بەکارهێندرابوو، کرا بە داگیرکەر بە بێ ئەوەی ڕابگەیەنێ کە وەختی خۆی وای نووسیوە و ئێستا گۆڕیویەتی. بێگومان هەموو شاعیرێک مافی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی لە شێعری خۆیدا هەیە، بەڵام پێویستە شاعیر ئەوە دەست نیشان بکات کە بە هۆی بیروڕای ئێستا ئەو کارەی کردووە، نەک ئەوەی کە دیمەنێکی نادروست لە بەرهەمە کۆنەکانی خۆی بخاتە پێش چاوی خوێنەرەوە. دیارە مەبەستی ڕەفیق لەو کارەدا ئەوەیە کە وەها نیشان بدا کە هەمیشە خەریکی کوردایەتی بووە و لە شێعرە کۆنەکانیەوە تا ئێستا یەک ڕەوت و ڕێبازی درێژە پێداوە.

کاتێک ڕەفیق لە شێعری ڕێناس دا دەڵێ: ئەوان کێرد و ئێمە برین/ ئەوان ڕق و ئێمە ئەوین... هەمان شێوە داڕشتنی پەشێو بە دەستەوە دەدات و جگە لەمە زوحاک و کاوەی شێرکۆش دێنێتە ناو مەیدانی شێعر و بەمجۆرە لە ڕەسەنایەتی شێوەی پەشێو دووردەبێتەوە.

٦

لەتیف هەڵمەت، کە تەواو بەپێچەوانەی شێعرە بە ناوبانگەکەی شێرکۆ سەبارەت بە شەهید دەدوێ، لە شێعرێکیدا دەڵێ: شەهید پەیژەی پیاوی سیاسین... لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا دەورێکی گرینگی هەبووە لە ڕەوتی شێعری نوێی کوردیدا. هەڵمەت چ لە شێعری بەرەنگاری ومیللیدا و چ لە شێعری دڵداریدا دەستێکی باڵای هەیە و لە کۆمەڵە شێعری «پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان وکوێستانمە» و هەروەها کۆمەڵە شێعرییەکانی دیکەیدا وەکوو «ئەو نامانەی دایکم نایانخوێنێتەوە» و تەنانەت لەو بەرهەم وپەخشانە شێعرییانەی کە بڵاوی کردوونەتەوە، هەست وسۆزێکی کەم وێنەی نواندووە. هەرچەند ساڵەهایە لە خامۆشی و دوورەپەرێزیدا دەژی و ئەوەندەی من ئاگادار بم، لەم چەند ساڵەی دواییدا هیچ کتێبە شێعرێکی تازەی بڵاونەکردووەتەوە.

هێندێک لە شێعرەکانی لەتیف لە لووتکەی شێعری میللی و نیشتمانپەروەریدا خۆیان دەبیننەوە. لە شێعری ئەودا، نیشتمان قەت لە یەک تاکەکەس یا لە یەک ڕوانگەدا خۆ نانوێنێ. نیشتمان لە یەک ئاوێنەوە نابیندرێ، بەڵکوو هەموو دیمەنێک ئاوێنەیەکە و نیشتمانیش ئاوێنەیەکی گەورەیە کە کارەساتەکان نیشان دەدات. نیشتمان ئاوێنەیەکی کۆیە کە بست بە بستی وڵات دەگرێتەوە. نیشتمان لە شێعری لەتیف دا بۆمبێکە دەتەقێتەوە و هەموو لایەک هەپروون بە هەپروون دەبن. عەداڵەت لە شێعری لەتیفدا منداڵێکە دەیەوێ بخەوێ و هەموو پادشایانی جیهان ئاگادار دەکرێنەوە. کەچی نیشتمان لە شێعری بێکەس دا ڕێکخراوێکە ڕێبواری ڕێگەی فەرهاد کە هەوارازی دژواری بێستوونی لە سەر ڕێیە. فەرهاد ئەگەر ئەم هەورازە ببڕێ بە شیرین دەگات، واتە دەبێ بە خاوەنی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی. لە شێعری شێرکۆدا فەرهاد پێشمەرگەیەکی خۆڵ لێنیشتووی ماندوویە، ئازاد هەورامی یە، مامە ڕیشەیە، نانەوا یان مامۆستای قوتابخانەیە و بەگشتی هەرکەس کە لە خزمەت ڕێکخراوە تاکانەکەی شێرکۆدا بێ فەرهادە. هەرکەس ئامانجی فەرهاد وەبیر شێرکۆ بخاتەوە و داوای کوردستانی شیرین بکات فەرهادە. بەڵام هەرکەس دیمەنی واقیعی فەرهاد لەگەڵ دیمەنی خەیاڵیی ئەودا نەگۆڕێتەوە، بە دژی نیشتمان دەردەچێ. لە شێعری بێکەس دا مامەڕیشە ڕەشەبایەکی تووڕەیە، زریانە، تۆفانە و نیشتمان چاوەڕوانە شۆڕەسوارێک سواری ئەسپی ئەفسانەیی بێ و ڕزگاری بکات.

پێوەندی نێوان شێرکۆ و سیاسەت و شێعر، پێوەندییەکی کۆنە و هەم لە سەردەمی ئێمەدا و هەم لە سەردەمە کۆنەکاندا، پادشا و هێزە دەسەڵاتدارەکان و گروپە شۆڕشگێرە سیاسییەکان، هەرکام خاوەنی شاعیری بارەگایی بوون. خاڵی لاوازی ئەم چەشنە شێعرە لەوە دایە کە مرۆڤ و شان و شکۆی مرۆڤایەتی دەخاتە خزمەت دەسەڵاتەوە و لە بەرانبەر دەسەڵاتدا لە کەسایەتی وشان و ڕێزی مرۆڤ داکۆکی ناکات.

شێعری ڕاستەقینە تێدەکۆشێ ڕێز و حورمەتی لە کیسچووی مرۆڤ بپارێزێ و یان بیگەڕێنێتەوە سەر جێی خۆی: زۆربەی بزووتنەوە شێعرییەکانی سەدەی بیستەم لە گەڵ دەسەڵات و پاوانخوازی و ئایدیۆلۆژی بەرتەسک و سێکتاریزم و دوگماتیزمی سیاسی لە کێشەدابوون؛ لە حاڵێکدا بەپێچەوانەوە،زۆربەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان و هێزە سیاسییەکان، چ سەرکەوتوو و چ سەرنەکەوتوو، خەریکی بەربەستکردنی بیروڕای ئازاد و تۆقاندن و لەناوبردنی نەیاران و بێدەنگکردنی بیردۆزان و نووسەران و ڕەخنەگران بوون. لێرەدا دژایەتی نێوان هونەر و سیاسەت بە زەقی خۆی نیشان دەدات و زۆربەی نووسەران و شاعیران لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا خۆیان دەدۆزنەوە: ناتوانن هەم لایەنگریی لە دەسەڵات بکەن و هەم حورمەت وئازادیی مرۆڤ بپارێزن.

لە شێعری لەتیف هەڵمەت دا پرسیارەکان قووڵترن. کاتێک شەڕ بەر پادەبێ شێرکۆ بێ ئەوەی کە بۆ ساتێک لە خۆی بپرسێ: «ئەو شەڕە بۆ بەرپا بوو؟ ئایا بە قازانجی نیشتمان بوو؟ ئایا چارەنووس و داهاتووی نیشتمان و بەختەوەری کۆمەڵگا ناخاتە ژێر پرسیاری گومانەوە؟ ئایا دەستی ناحەز و مامەڵەی ژێر پەردە لە گۆڕێدا نییە؟ ئایا گاڵتە بە چارەنووسی گەل ناکرێ؟» لە پێشەوە دەست بە وەسفی مەیدانی شەڕ و پێداهەڵگوتنی قارەمانەکانی دەکات و پاشان پرسەی شەهیدەکان. دروشمی شێرکۆ بێکەس ئەوەیە: نیشتمان بۆ یەکێتی، یەکێتی بۆ نیشتمان، بەڵام یەکێتی نەک بە مانای یەکگرتنی هێز ودەنگەجۆراوجۆرەکان بەڵکوو بە مانای یەک هێزی سیاسی دیاریکراو. ئایا سەرکردەکان ئازادیخوازن؟ یاسا و ڕەوشتی مرۆڤایەتی دەپارێزن؟ ئایا هێزە سیاسییەکان لە میحرابی ژێر قاچیاندا خوێنی ئازادی نارێژن؟ ئایا ئەو سەرکردانەی کە چارەنووسی میلیۆنەها خەڵک دیارۆ دەکەن کەسانێکن شیاوی متمانە؟ ئایا مڵهوڕ و ساختەچی و فێڵباز نین و لە سەر خوێنی خەڵک مامەڵە دەکەن؟ شێرکۆ کاری بەم پرسیارانە نییە، تەنها داخوازی شێرکۆ ئەوەیە: مەیدانی شەڕم نیشان بدەن و ناوی شەهیدەکانم پێ بڵێن تا فرمێسکی شێعرییان بەسەردا هەڵوەرێنم.

شێرکۆ بێکەس لەگەڵ دەسەڵاتی یەکێک لە هێزە خۆماڵییەکان خۆی هاوجووت دەکات و بەهەموو شێوەیەک دژی دەسەڵاتی غەیری خۆماڵی و تەنانەت هێزە خۆماڵییەکانی دیکەش دەوەستێت. شێرکۆ لایەنگری لە بەهێزترین حیزبی ئۆپۆزیسیۆن دەکات و ڕەخنە لەم هێزە وئاکارە سیاسییەکانی ناگرێت. هەر بۆیە کاتێک پێشمەرگەی حیزبێکی دیکە دیوانەکەی شێرکۆ دەخوێنێتەوە خۆی تێدا نادۆزێتەوە و دەڵێ: من شێعری شێرکۆ ناخوێنمەوە، ئەبوایە شێعری بۆ پێشمەرگەی ئێمەش بووتایە.

شێعری لەتیف هیچ دەسەڵاتێک قەبوڵ ناکات، لەوانەیە بۆخۆی سەربازیی (عەسکەریی) بۆ حکومەتی بەعس بکات، بەڵام ئێمە هیچ نیشانەیەک نابینین کە تەنها بۆ ساتێک شێعری خۆی خستبێتە ژێر حوکمی دەسەڵاتەوە. شێعری لەتیف شێعرێکی ئازاد و ڕەهایە.

ئەوکاتەی کە شێرکۆ شاری بە جێهێشت و ڕووی لە مەڵبەندی بێستوون کرد، لەتیف هەڵمەت لە شاری سولەیمانی خانەنشین کرابوو. ناچار ببوو لە سەربازخانەیەکدا عەسکەریی بکات و حوکمی میری بە جێبهێنێ. ئەستێرەی شێعری کوردی نەیدەتوانی بە بێ ئیجازە لە شار دەرکەوێ یا لە پۆستەکەی دوورکەوێتەوە ، مەترسی ڕەوانەکردن بۆ بەرەکانی پان و بەرینی شەڕی ئێران و عێراق هەڕەشەی لێدەکرد.

کاتێک شێرکۆ بێکەس و چەند شاعیرێکی دیکە، بزووتنەوەی ئەدەبی «ڕوانگە»یان دامەزراند، لەتیێف هەڵمەت ئاگاداری چالاکییەکانی ئەوکاتی مەیدانی شێعری نوێی کوردی بوو، بەڵام ڕاستەوخۆ لەم بزووتنەوەیەدا بەشداری نەکرد و تەنانەت دواتر لە چاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاند کە: ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو، هیچی لێ نەکەوتەوە.

کاتێک شێرکۆ بێکەس، بوو بە وەزیری ڕۆشنبیری، لەتیف هەڵمەت شاعیرێکی ڕووت و هەژار بوو و ساڵەهابوو لەگەڵ شێرکۆ یەکتریان نەدیتبوو. لەتیف هەڵمەت عەرزوحاڵێکی لەلایەن خۆیەوە پێشکەش بە شێرکۆ کرد بەو هیوایە کە بۆی جێبەجێ بکرێ و پشت گوێ نەخرێ. لە عەرزو حاڵەکەدا باسی دۆخی ناهەمواری ئابووریی خۆی کردبوو، هەروەها

باسی ئەو مووچەیەی کردبوو کە دەبوایە بە پێی یاسا پێی بدرێ، کاتێک لەتیف بینی کە تەنیا سێ دینار واتە پارەیەکی یەکجار کەم و بێ کەڵک بە مووچەکەی ئیزافە کراوە، زۆر تێکچوو و لە ساتە وەختێکی هەڵچووندا نامەیەکی بۆ گۆڤاری ماۆستای کورد نارد و نووسی: شێرکۆ کورسی وەزارەتەکەی بەهەزار چنگ گرتووە، ئەو منداڵانەم بیردێتەوە کە بە بێ ئەوەی بزانن سەیارەکە بۆ کوێ دەچێ خۆیان بە پاشقەلییەوە هەڵدەواسن و پاشان لە شوێنێک خۆیان هەڵدەدەنەخوار و دەمولووتیان بریندار دەبێ. شێرکۆ لە وەڵامدا بەڵێنی پێدا کە لەم تاقیکردنەوەیەشدا بێ ئەوەی خوێن لە لوتی بێ دەرباز دەبێ و ئێستاش تەنیا بە مەبەستی خزمەتکردن لە سەر کورسییەکە دانیشتووە و لەکاتی لەباردا زۆر بە هێواشی پۆستەکە بە جێ دێڵێ. لە قسەکانی شێرکۆڕا وا دەردەکەوت کە خۆی بە سەروەری شێعری نوێی کوردی دادەنێ و بۆ ئەو کورسی شێعر گەلێک لە کورسی وەزارەت مەزنترە. بەڵام ئەوەی کە لە نامەکەی لەتیفدا جێگای سرنج بوو شوبهاندنی حکومەتی هەرێم لەگەڵ سەیارەیەکدا بوو کە کەس نازانێ بۆ کوێ دەڕوا. جگە لەمە لەو چەند نامەیەدا، گەلێک باسی گرینگی تریش هاتنە گۆڕێ، شێرکۆ لە نامەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە لە جیاتی وەی وەکوو لەتیف سەربازی بۆ حکومەتی بەعس بکا لە ژێر هەوای شۆڕش و لە ناوچەی رزگارکراودا ژیاوە و شان بە شانی هێزی پێشمەرگە خەریکی خەبات وتێکۆشان بووە. لەتیف هەڵمەت لە وەڵامدا گوتی: من لە جیاتی وەی کە وەکوو شێرکۆ ئاگری شەڕی براکوژی خۆش بکەم، لە ماڵی خۆم ماومەتەوە و فەرمانی حکومەتم بە جێ گەیاندووە. ئەوەیکە شێرکۆ بە ناوی ژیان و خەبات لە هەوای شۆڕشدا ناوی لێدێنێ لای لەتیف بریتی یە لە خۆشکردنی ئاگری شەڕی براکوژی. لەتیف شاعرێکی دڵناسکە بەتایبەت لە بەرانبەر شاعیرێکی دیکەدا، بەڵام شێرکۆ شاعیرێکی خەیاڵی لەگەڵ هیچ شاعیرێکی ڕاستەقینەدا ناگۆڕێتەوە، واتە شێرکۆ لە بەرانبەر وێنە یان کتێبی شاعیرێکدا دڵی ناسک دەبێ نەک لە بەرانبەر کەسایەتی  خودی شاعیرەکەدا. شیرکۆ کاتێک کە چاوی بە منداڵێکی بۆیاخچی دەکەوت دڵ ناسک نەدەبوو، بەڵام کاتێک بیری لە منداڵێکی بۆیاخچی دەکردەوە، هەروەکوو ئەوەی مانگەشەوی دڵڕفێنی هاوینی دیبێ دڵی ناسک دەبوو.

هەر بەم جۆرەیە هەڵوێستی شێرکۆ لە بەرانبەر ئانەوای مەڵبەند یان تەتەری ناوچەدا. شێرکۆ کاتێک بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەم تەتەرە بە سەر گەلێک کەند و لەند دا ڕادەبرێ و گوللە و پریشکە ئاسنی وێڵ بە لایدا تێدەپەڕن، دڵی ناسک دەبێ و  تەنانەت کوڵی گریانی هەڵدەستێ. بەڵام لە بەرانبەر تەتەرێکی واقیعیدا تەنها گۆشت و پێستی مرۆڤێک دەبینێ. شێعری لەتیف هەڵمەت بە دوای ناموەکین دایە. کاتێک فەرمان بە ڕەشەبایەکان دەدات کە ڕابوەستن بۆ ئەوەی نەرگسێک بپشکوێ، ئەوەی کە هەستی لەتیف دێنێتە خرۆش و دڵی ناسک دەکات ناموەکین بوونی ویستی عەداڵەتخوازانەی خۆیەتی. سروشت گوێ ناداتە وەی کە ئاخۆ نەرگیسێک دەپشکوێ یان نا، ئەگەر ڕەشە با هەڵیبکا بە کەس ڕاناوەستێ، جوابی تکا و ڕەجای هیچ شاعیرێک ناداتەوە. یان کاتێک داوا لە هەموو پادشاکانی جیهان دەکات کە بیدەنگ بن چونکە منداڵێک دەیەوێ بخەوێ، لەوەیکە دەزانێ قەت پادشایانی جیهان بێدەنگ لە دەوری جێ خەوی منداڵێک ڕاناوەستن، هەستی دێتە خرۆش و دڵی ناسک دەبێ.

٧

مامۆستا هەژار لە چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری «کەیهانی فەرهەنگی»دا کاتێک سەبارەت بە شێعری نوێی کوردی پرسیاریان لێکرد گوتی:

عەبدوڵلا پەشێو شاعیریکی زۆر باشە و من شێعرەکانیم زۆر بە دڵە. پاشان گوتی: ئەگەر بە دەست من بوایە ئەو خەڵاتەی درا بە شێرکۆ بێکەس دەمدا بە عەبدوڵلا پەشێو. دیارە مەبەستی مامۆستا هەژار خەڵاتی «تۆخۆلۆسکی»یە و هەڵبەت ئەمە هەڵوێستێکی چاوڕوانکراو بوو.

ئەگەر ڕۆژێک بەراوردێکی رەخنەیی لە نێوان ئەو شێعرانەی کە شێرکۆ بێکەس و مامۆستا هەژار دەربارەی شۆڕشی ئەیلوول و سەرکردایەتی ئەم شۆڕشە نووسیویانە، بکردرێ، لەوانەیە پەردە لە سەر هێندێک لایەنی تەماوی ـ فکری ئەو بزووتنەوەیە هەڵبدرێتەوە. شایانی سرنجە ئەگەر لەوە بفکرین کە ئەم دوو شاعیرە شۆڕشی ئەیلوول و ئاشبەتاڵی ١٩٧٥و سەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی شۆڕش لە قاڵبی یەکێتی نیشتمانیدا چۆن لێک دەدەنەو؟ جیاوازییەکانیان لە چیدایە؟  شێرکۆ شۆڕشی دوایی بە شۆڕشێکی ڕاستەقینە و لەدایکبوونێکی پیرۆز لە قەڵەم دەدات. ئاڵایەکی تر شەکاوەتەوە، مێژوویەکی تری شاخ دەستی پێکردووە، فەرهادی کوردستانی شیرین خەریکی هەڵکەندنی کێوی مەحاڵە.

لەپڕ قارەمانانێک هاتوونە نێو مەیدانی چۆڵی مێژوو، شانۆیەکی تازەیان هێناوەتە سەر پەردە، لاپەڕەیەکی دیکەیان هەڵداوەتەوە. لە ڕوانگەی مامۆستا هەژارەوە ئەمانە کەسانێک نەبوون کە بتوانین هۆمێدیان پێ ببەستین. وەختی خۆی هەر ئەوانە بوون کە نەیاندەهێشت سەرۆک بارزانی بە ئاسوودەیی شۆڕش ڕێبەرایەتی بکات.

مامۆستا هەژار شۆڕشی ئەیلوول بە شۆڕشێکی ڕاستەقینە و مەلا مستەفا بە سەرکردەی واقیعی دەزانێ و شۆڕشی دوایی بە ئاڵایەکی نوێ و جێگای هۆمێد لە قەڵەم نادات. هەردووک شۆڕش لە ڕووی مێتۆدی سیاسی و نیزامی و شێوەی پێوەندییان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی کورددا، وێکچوونیان گرینگتر و بەرچاوترە لە جیاوازییەکانیان. بێ لەوەش، لە سەردەمی مەلا مستەفاوە تا ئێستا هیچ ئاڵوگۆڕێک لە ئەرک و ڕۆڵی سەرۆک و مانای ئەم دیاردەیە لە شۆڕشەکانی کورددا پێکنەهاتووە.

ئەگەر خوولی مێژوو وەها سووڕا کە بەشێکی گەورەی کوردستانی باشوور کەوتەوە دەست بەرەی کوردستانی، لە ڕاستیدا ئەمە  نە ئاکامی لێوەشاوەیی  شۆڕشەکە و هێزە سیاسییەکانی بوو و نە بەرهەمی بەرنامە و پلانەکانی کە خەباتی لە سەرەمەرگدا زیندووکردەوە. ئەمە دیاردەیەک بوو کە بەپێی هەلومەرجی نێونەتەوەیی وەهای کرد کە دەسەڵاتی سەددام حوسێن لە سەر بەشێکی گەورەی کوردستانی باشوور وەلابچێ. لە ڕووی مێژووییەوە  ناتوانین شۆڕشی دوای ئەیلوول بە شۆڕشێکی سەرکەوتوو لە قەڵەم بدەین، هەروەکوو شێرکۆ بێکەس لە شێعری ژەهردا کە سەرەتای ٨٩ نووسیبووی: نە خواوەند و نە زریانی ژەهرکوژی ئەفسانە و نە موجیزەی فریشتە نەیدەتوانی ڕزگاری بکات. ئەبوایە بە دیار تەرمی خۆیەوە هەڵترووشکێ و چاوەڕوانی کفن و گۆڕ و دارەمەیتی ئایندە بکات.

شێرکۆ بێکەس هەرچەند دەیان شێعری بە لایەنگری لە حیزبێک و دەیان شێعریشی لە دژی حیزبێکی تردا گوتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەیان شێعریشی بۆ سنە  و مەهاباد و دیاربەکر و پێشەوا قازی و سولەیمانی موعینی و شۆڕشگێڕەکانی پارچەکانی تر نووسیوە. مامۆستا هەژار لەگەڵ ئەوەشدا کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دایک بووە، بەڵام لە کردەوەدا بڕوای بە سنوورە دەستکردەکان نەبووە و بەشێکی درێژی تەمەنی لە گەڵ شۆڕشی کوردستانی باشوور تێپەڕاندووە و لە ڕاستیدا مامۆستا هەژاریش سەرەڕای ئەو هەموو شێعرەی پێشکەش بە کوردستانی کردووە، وەکوو شێرکۆ بێکەس شاعیری شۆڕشی خۆی بوو و لە خزمەت بارەگای تاکە شۆڕەسوارێکی سیاسیدا بوو. کەوابوو نە مامۆستا هەژار و نە شێرکۆ

بێکەس هیچکام شاعیری نەتەوەیی کورد نین، بەڵکوو هەرکام شاعیری بارەگای شۆڕشی خۆیانن.

٨

وەختی خۆی سەید عەلی ساڵحی شاعیری لوڕی ئێرانی کە خۆی بە خزمی کورد دەزانێ، وتارێکی بڵاوکردەوە لە سەر شێعری نوێی کوردی. بێگومان وتارەکەی سەید عەلی ساڵحی لە ڕوانگەیەکی دڵسۆزانەوە نووسراوە و مەبەستی نووسەر ئەوەیە کە گۆشەیەک لە ژان و ئازاری میللەتی کورد نیشان بدات: «بە دیتنی ئەم هەموو بەسەرهاتەی کە کورد لە مێژووی پڕ لە هاواری خۆیدا دیتوویەتی پێم سەیر نییە ئەگەر لە هەر بنەماڵەیەکی کورددا ریتسوس ێک لە دایک ببێ (ریتسوس شاعیری گەورەی یۆنانی)». ئەم وتارە بۆچوونی بە کەڵکی تێدایە، بەڵام بێ بەری لە هەڵە نییە، چونکە بۆچوونەکانی ساڵحی لە ڕوانگەیەکی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی سەرچاوە ناگرن، بەڵکوو زیاتر لایەنی زانیارییان هەیە. لە وتارەکەدا شێرکۆ بێکەس لەگەڵ ئەحمەدی شاملوو هەڵسەنگێنراوە و هەروەها تایبەتمەندی سووڕیالیزمی سەرکێش بۆ شێعری ڕەفیق دانراوە کە لەگەڵ کاراکتێر و شێوەی دەربڕینی شێعرەکانی وی نایخوێنێتەوە. واتە نە شێعری ڕەفیق شێعرێکی سووڕیالیستی یە و نە شێعری شێرکۆ لەگەڵ شێعری شاملوو دێتە بەراوردکردن. بەڵام بۆچی شێعری ڕەفیق سووڕیالیستی نییە؟ سووڕیالیزم بزووتنەوەیەکی ئەدەبی بوو کە دەیوسیت دەسەڵاتی نووسەر بە سەر نووسراوەدا لە ناو بەرێ. واتە سووڕیالیستەکان لەگەڵ هەموو چەشنە پلان و شێوەیەکی لە پێشدا دیاریکراو و داڕێژراو دژایەتییان دەکرد. شاعیر جیهانبینییەکی شێعری گشتی و تایبەتی هەڵنابژێرێ و بە پێی یاسایەکی دیاریکراو بەرهەمەکانی خۆی ناخولقێنێ. بەڵکوو تێدەکۆشێ دەرگایەک بەرەو جیهانی ناوەوەی خۆی بکاتەوە، واتە بەرەو نائاگایی و گوێ لە نائاگایی وخەون ڕادێرێ و بیان نووسێتەوە. شێعری ڕەفیق سابیر ڕواڵەتێکی سووڕالیستییانەی هەیە، بەڵام کاتێک چاو لە سەرجەمی شێعرەکانی دەکەین، دەبینین کە سووڕیالیزم بۆ ڕەفیق بۆتە شێوازێکی تایبەتی، شێوەیەکی داڕێژراو و دیاریکراو. هەر بۆیە جیهانی شێعری ڕەفیق پڕە لە ڕەمز و نهێنی، بەڵام ئەم ڕەمز و نهێنییانە وەکوو یاسایەکی جوانیناسانە و هەروەها وەکوو مانایەکی لە پێشدا دیاریکراو کە شاعیر لە ڕێگای وشەگەلێکی تایبەتییەوە دەریان دەبڕێ، خۆیان دەردەخەن و ستروکتوری شێعری وی پێکدێنن.

شێعری شێرکۆ بێکەس شێعرێکە کە خوێنەر تووشی سەر لێ شێواوی ناکات. مەبەستی شێعرەکان، شێوازی داڕشتن و پێوەندی نێوان کەرت و گشت و هەروەها شێوەی بەکارهێنانی سیمبۆل و میتافۆر لەم شێعرانەدا قاڵبێکی بێ گرێ و گۆڵی هەیە. خاڵی لاوازی شێعری شێرکۆ ئەوەیە کە بە سادەیی شتەکان بە سەر باش و خراپدا دابەشدەکات. بۆ نموونە لە هەمان شێعری بەیان دا لە سەرەتا وەسفی ئەو گوندە دەکا کە بەیانی لێ دەژی و پاشان دێتە سەر وەسفی بەیان خۆی. لەش سپی و سۆڵ وەک مراوی/چاوی وەکوو ترێ ڕەشکە/ بۆنخۆش وەکوو پۆنگەی گوێ ئاو... پاشان دێتە سەر وەسفی هەمووی ئێران و دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامی و دەکەوێتە درۆشم دان و بە شێوەی خۆی تاریکی و ڕووناکی لەبەرانبەر یەک دادەنێ. لە لایەک میحراب و لە لایەکی تریش پەنجەرەی بەر هەتاوی بیر و منارەکە بانگ بۆ تاریکی ئەدات. دوای ئەوە هەردووک لایەنی شەڕ(ئێران وعێراق) مەحکوم دەکا و پەنجە بۆ دەغڵ و دانی هەژاران ڕادەکێشێ کە لەم شەڕەدا دەسووتێ و دوو لاپەڕەی تریش وەسفی کوردستان و ئێران و شەوگار و ڕۆژگار و ژیان و قوربانی و پەنا و پەناهندە... دەکات. ئینجا دێتەوە سەر وەسفی بەیان و دەڵێ: کچە هەناری لادێیی/ باڵای کردووە واپێ گەیی/ ماکە کەوی خاڵ لە ملم/ کەوتە چینە/ لە سەر گڵە سووری دڵم/ ئێستە کەنیشکی ئەو دێیە/ دێت و دەڕوا قسەی پێیە... دیسان دێتەوە سەر باسی ئێران و دوای چەند دێڕێک وەبیر بەیان دەکەوێتەوە و دەڵێ: وەک کەنیسمەی باڵ ڕەنگاوڕەنگ/ تینوو بۆ خوێندنی سەربەست/ وەک سوێسکەی عاشقی بەرد/ وەک قەقنەسی ئاشقی گڕ/ لە سەر درەختی ناو دێوە/ ڕۆی هەڵفڕی... بەم جۆرە بەیان دەبێتە پێشمەرگە و شاعیر دەڵێ: بەیان زەنگێکە بۆ لە خەو ڕاپەڕاندنی ژنانی وڵاتەکەم. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شێعری بێکەس ئەوەیە کە تەواوی ئەو پێشمەرگە و ئاسنگەر و نانەوایانەی کە دەیانبینین هیچکامیان خۆیان نین، بەڵکوو لە هەموو حاڵەتێکدا لەگەڵ وێنە خەیاڵییەکانیان ڕووبەڕووین. بۆ نموونە بەیان کەنیسمەیە، قەقنەسە، سوێسکەیە، ماکەوە و هەر وشەیەکە کە شاعیر بە قشت و لەباری دێتە پێش چاو، بەڵام بەیان بۆ خۆی کێیە؟ شێرکۆ کاری بە پرسیاری لەم چەشنە نییە، بۆ شێرکۆ کلێشەی هەزار جار دووپاتکراو و وشەی ڕەنگاوڕەنگ و خەیاڵ فریو لە هەموو لێکۆڵینەوەیەک گرینگترە.

شێرکۆ تاکە کەسێکی واقیعی هەڵدەبژێرێ و وێنەیەکی خەیاڵی لێ دەکێشێتەوە. جا چ کاتێک تاجی شێعری خۆی دەخاتە ملی جەبار فەرمان یان مامەڕیشە یان ئۆلوف پالمێ. تەنانەت کاتێک شێرکۆ باسی مەیدانی شەڕیش دەکات وێنەیەکی خەیاڵی لێ دەکێشێتەوە، کۆمەڵێک شێر و پڵنگ لەلایەک و چەقڵ و لاشخۆر لە لایەکی دیکە.

ئەگەر شێعری شێرکۆ لە ڕووی هونەرییەوە سەرکەوتوو نییە، هۆیەکەی ئەوە نییە کە هەڵوێستی سیاسی هەڵەی گرتووە، شاعیرێک لەوانەیە لە ڕووی هەڵوێستی سیاسییەوە تووشی هەڵە بێ، بەڵام لە ڕووی شێعرییەوە تووشی هەڵە نەبێ و شێعرەکانی سەرکەوتووبن. شێعری شێرکۆ کلێشەی هەمەڕەنگی تێدایە: لە سەر مرۆڤ، لە سەر هەژاری، لە سەر ئازادی، لە سەر ئایین، لە سەر سروشت، لە سەر مافی ژن، لە سەر جوانی و... لە هەمان شێعری بەیان دا: بەیان چاوی وەکوو ترێ ڕەشکەیە، بۆنی خۆشە وەکوو پۆنگەی گوێ ئاو، لەنجەولاری وەکوو مراوی یە و... ئەمانە هەموویان بە ڕواڵەت جوانن، بەڵام دەکرێ ئەوانە لە سەر هەموو ژنێکی جوان بگوترێن و هیچ شتێکیش لەمەڕ ژنێکی تایبەتی ڕوون نەکەنەوە. ئەم جۆرە شێعرە تەنها بۆ فریودانی خوێنەری ئاسایی بە کاردێ. ئەگەر بە وردی سرنجی شێعرەکانی شێرکۆ بدەین لە هەموویاندا هەمان شێوە داڕشتن بە دیدەکەین، شێوەیەک کە لە سەر کلێشەی فیکری ـ وەسفی دامەزراوە و دەتوانین کتێبێک لە سەر فەرهەنگی کلێشەیی شێرکۆ بنووسین، بەڵام دەستنیشانکردنی خەسڵەتی سەرەکی شێعرەکانی شێرکۆ کیفایەتە. لە وەسفەکانی شێرکۆ بێکەس دا دوو نموونە بەرچاو دەکەون. لە نموونەی یەکەمدا تاریکی و ڕووناکی لە بەرانبەر یەکدان و شێرکۆ شەڕی ئەبەدی ئەو دوو نەیارە وەسف دەکات. نموونەی دووهەم پێوەندی بە بابەتێکی دیاریکراوەوە هەیە و شێرکۆ دەکەوێتە وەسفی بە سەر هاتێک یان کەسێکەوە. شێعری شێرکۆ تێکەڵاوێکە لە حیکایەت و بەسەرهات و وێنەکێشان. زیاتر لەوەی کە ڕوو لە ناوەوەی شاعیربکات، ڕوو لە دەرەوەی شاعیر دەکات و پەنجە بۆ چوار دەورەی شاعیر واتە شار و گوند و دوند و کەسایەتی و ڕووداو ڕادەکێشێ. شێعری شێرکۆ زۆربەی کاتەکان شێعرێکی ژۆرنالیستی یە، واتە وێنەی ڕووداوەکان دەکێشێتەوە، یان شێعرێکی ئایدیۆلۆژی یە، واتە بانگەشە بۆ بیروڕایەکانی شاعیر دەکات و واقیع دەخاتە خزمەت حەز و ئارەزوو و مەرامی شاعیرەوە... شێعری شێرکۆ دوور لە هەر چەشنە قووڵبوونەوەیەک لاسای ڕووداوە مێژووییەکان

پاشماوە لە لاپەڕەی ٧٠

# له پێناوی پارێزگاری نۆرمه شارستانییەکان له نووسیندا

گۆران قەرەداغی

**ماوەیەک لەمەو پێش وتارێکی ناشیرین بە ناوی (پڕماناترین بێدەنگی) یەوە، بە ئیمزای ڕێبوار ناوێکەوە، لە ژمارە ٢٠ی ڕۆژنامەی «هەتاو»دا و پاشان لە ژمارە ٢٤ی گۆڤاری «ڕابوون»دا بڵاوکرایەوە. ژمارەیەک لە نووسەر و ڕۆشنبیران دەنگی نارەزایی خۆیان لە دژی ئەو وتارە و بڵاوکردنەوەی، لە گۆڤار و ڕۆژنامەدا، بەرز کردەوە. من لە هەمان کاتدا کە بە توندی دژی وتاری (پڕ ماناترین بێدەنگی)دەوەستمەوە، شێوازی هەندێ لە دەنگە نارەزاییەکانیشم پێ شکاندنی دابونەریتی نووسین و ڕۆژنامەگەرییەکی مۆدێرنە. بە پێی توانا و ڕادەی فراوانی وتارێک هەوڵدەدەم دەربارەیان بدوێم. جا لە بەر بێلایەنی گۆڤای «گزینگ»، کە لەو ڕووەوە هیچ وتارێکی تێدا بڵاونەکراوەتەوە، بە گشتیش بایەخێکی زۆر دەدات بە پەیڕەوکردنی دابونەریتی ڕۆژنامەگەریی و بە تەنگەوە هاتنی هەست و نەستی هەم نووسەران و هەم خوێنەران، «گزینگ»م بە باشترین جێگا زانی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم وتارە.**

**- نووسەر -**

١

کـوردەواری، هەم وەک خــاک و نەتەوە، هەم وەک کولتـور و مێـژوو، دیاردەیەکی دەگمـەنی لەبەریەک هـەڵوەشـێنراوە. تەندروسـتیی بزاڤی رزگاریخوازی کوردسـتانیش لە خودی کـوردەواری چـێتر نییە. مێـژووی ئەم بزاڤە سـەرەڕای قوربانی و گیانفیداییەکی هێکجار زۆر، سەرەڕای کۆڵنەدان و سـووربوون لەسـەر تێکۆشـان، پڕە لە هەرەس، لە رووخان، پڕە لە دەبەنگیی سیاسی، لە رەنجبەفیڕۆدان. هەندێ جار هەر هیچ نەبێ بە هۆی بوومەلەرزەیەکی مێژووییەوە، کە رۆڵی راستەوخۆی خودی بزاڤەکەشی تێدا نەبووە، لە بارترین دەرفەتی بۆ رەخساوە. وەلێ بەهۆی نەبوونی زرنگیی سیاسییەوە، یان کەڵکی لێوەرنەگیراوە و بەفیڕۆچووە، یاخو دەرفەتەکە بە تەنگانە و قەیران لێکدراوەتەوە و ئاوەژوو رەفتاری لەتەکدا کراوە. دەنا چۆن ئەو دەرفەتە بێوێنەیەی جەنگی ئێراق ــ کوێت لە ساڵی ١٩٩٠ دا، پاشان راپەڕینی کورد لە کوردستانی باشوور، ئەنجا کۆڕەوە مێژووییەکەی دوو میلیۆن کورد، سەرباری وانیش ئەو پاڵپشتییە بەرینە جیهانییەی کە لەو دەمەدا بۆ بزاڤەکە رەخسا، بە چوونە بەغدا و ماچوموچێکی هەرزان و شەرمەزاری - هێنەر، لەگەڵ فاشیستێکی سووک و ئابڕووتکاودا، دەشکێتەوە؟ دەنا چۆن حکومەت و پەرلەمانی فیفتی فیفتی دادەمەزرێ، شەڕی کوردکوژی هەڵدەگیرسێ و بەغداد دەهێنرێتەوە هەولێر؟

خولاندنەوەی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لە بازنەیەکی داخراوی بێسەرەنجامدا، بەر لە هەموو شت دەگەڕێتەوە بۆ خەوشی سەری سەرانی بزاڤەکە خۆی، نەک خەڵکی کورد. ئەوەندە نەبێت کە ئیدی کورد دەبوو لەو خەوشە بەدەنگبهاتبا و چیدی لە رێبازی سیاسی مارویەیژەییانە چاوی نەپۆشیبا. ئەم بازنە بێسەرەنجامە

کە مێنتالیتێی - ئەقڵیەتی - خۆخۆری و گیانی تۆڵەسەندنەوە، رۆڵێکی کاریگەری تێدا دەبینن، وەک ژێرخانێکی لەرزۆکی کۆمەڵگای کوردەواری، بۆتە هۆی درزبردن و لەبەریەکهەڵوەشانی سەرخانەکانی کۆمەڵ، بە نۆرم و پێودانە کۆمەڵایەتی، کولتووری، رۆشنبیری و مورالییەکانیشەوە.

نکوولی لەوە ناکەم، لە کۆمەڵگایەکی وەک ئەوەی ئێمەدا، لە هەڵچوون و خرۆشانێکی خۆڕسکی هەست و سۆزی کورددا .. دژی ڕژێمێکی فاشیستی بەکۆمەڵکوژ، ئەنفالکەر و نامرۆڤانەی وەک بەعس، لە سەردەمێکدا کە کولتوورێکی سیاسی دزێو، دامەزراو لەسەر بنچینەی کێبەرکێیەکی ناشەرەفمەندانە و بەرژەوەندی تەسک و تایبەتی ئەم حیزب، ئەو دەستە و ئەم خێڵ، بووبێتە کولتووری باو و مۆتەکە ئاسا، خۆی بەسەر سەرجەمی بوارەکانی ژیاندا سەپاندبێ .. رەنگە بۆ ماوەیەک دیاردەی دزێوی شڕەخۆری، تالانوبڕۆ و تەنانەت زۆڵە پرینسیپی وەک"ئۆخەی ئۆخەی .. هەرکەس بۆ خۆی"یش لەگەڵ خۆدا بێنێتە گۆڕێ. بەڵام ئایا لەم ئاخۆران و بخۆرانەدا، لەم پاشاگەردانی و هەرکەس بۆ خۆیەدا، دەبێ رۆڵی ئەدیب و رۆشنبیران چبێ؟ نابێ بەرلەوەی دیاردە دزێوەکان بینە نەریت، ببنە نۆرم، ببنە موراڵ و کولتوور، بە شێوەیەک لە شێوان، گرووپێک، چەند کەسێک هاوارێک، داد و بێدادێکیان لێبەرزبێتەوە؟

بەلای منەوە ئەدیب و رۆشنبیران یەکەم دەستەن، کە دەبێ بەر لە هەمووان بێنە دەنگ و ئەو بەرەنگارییە لە ئەستۆبگرن، کەواسووری بەر لەشکر بن. بە تایبەتی ئەدیب و رۆشنبیرانی کورد لە هەندەران، کە"کەواسووری بەر لەشکربوونیان"نەک هەر ژیانیان ناخاتە مەترسییەوە، بەڵکە تاکە پارووە نانێک لەسەر گەنجینەی بژێوی خۆیان و خێزانەکانیشیان ناکەوێت.

کەچی مخابن، کولتوورە نارەسەن و گەندەڵەکەی بازنە داخراوەکە، کەم تا زۆر خەریکە دزەدەکاتە نێو ئەدیب و رۆشنبیرانیشەوە، لەوانیشەوە بۆ ناو ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی، وتار و نووسین، گۆڤار و رۆژنامەکان. تەنانەت لێرەش، لە ئەورووپای شارستانی و دیموکراسی و ئازادی بیروڕادەربڕیندا.

ئێمەی کورد زۆربەمان هەم بە گەورەیی و هەم بە ناچاری وڵاتمان جێهێشتووە و لە ئەوروپا گیرساوینەتەوە. با هەندێکیشمان بەهۆی رادەی هۆشیاری و رۆشنبیریمانەوە، لە دوورەوە لایەنگری ئازادی بووبین، چراخانی دیموکراسیمان پێخۆشبووبێ، وەلێ لەبەر ئەوەی لە کەش و پەروەردەیەکی فیزیکی و سایکۆلۆژی هێندە تەڵخدا چاومان هەڵهێناوە و پێڕەوکە بووین، هیچ سەیروسەمەرە نییە، ئەگەر لێرە، لە دونیای شارستانی و دیموکراسیدا، ــ لە پڕێک نەبین بە کوڕێک ــ و لە چراخانەکەیدا بەشەوارە بکەوین و سەروبەری لێدەرنەکەین. نموونەیەکی سادە و گچکە بۆ ئەو بەشەوارەکەوتنە دەهێنمەوە:

کەسانێک لە کوردستان شەوانە تا درەنگ لە باخچەی ماڵەکانیاندا، لەتەک خێزان و میوانەکانیاندا، بەدیار تەلەڤیزیۆنەوە دادەنیشن و رازی باسوخواس دادەدەن، بێ بیرکردنەوە لەوەی کە رەنگە دراوسێکانیان گەلێک پێویستییان بە ئارامی و خامۆشی شەو هەبێ، بێ ئەوەی دراوسێکانیش ئارامی شەو بە مافی خۆیان بزانن، هۆمەڵغەزای شەوگار، وەک مافێکی سادە و بچووک و بەڵگەنەویستی خۆیان تێدەپەڕێنن. ئەو کەسانە کاتێک دێنە وڵاتێکی ئەورووپایی وەک سوید و پێیانڕادەگەیەنن کە شەوانە لە دوای سەعات نۆوە دەبێ رێز لە خامۆشی شەو بگرن، تەنانەت نابێ ئاوێکیش بکەن بەخۆیاندا. یەکسەر نیگەران و قوشقی دەبن، هەرچەند دەکەن و دەکۆشن، ئەو سنووردانانەیان لە بیابانە بەرین و

پانوپۆڕە دیموکراسییەکەی مێشکی خۆیاندا، بۆ جێنابێتەوە. گەلێک لەو کەسانە، لە سەرەتاوە ئەو سنووردارییەی دیموکراسی، لە گەلێک بواردا بە رەفتاری رەگەزپەرستانەی ئەوروپاییەکان بەرامبەر بە بێگانە لێکدەدەنەوە. چونکە لە کولتووری باوی ولاتی ئێمەدا، ئازادی و دیموکراسی بە پاوانێکی بێسنووری ئارەزووەکانی مرۆڤی بۆلواو دەناسرێن. لە کولتووری شارستانیشدا، بریتین لە هارمۆنیای ــ گونجانی ــ نێوان ئەرک و مافەکانی هەر تاکێکی کۆمەڵ، لە لایەک و ئەرک و مافەکانی تاکەکانی تر و کۆمەڵگا، لە لایەکەی دی. واتە پیادەکردنی ئازادی لەژێر کۆنترۆڵی هەست بە لێپرسینەوەکردندا، لەبەرامبەر ئازادی خەڵکانی دی. بۆیە گەلێ جار ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە مافێکی سادەی مرۆڤ لێکدەدرێتەوە، لە کۆمەڵگا شارستانییەکاندا بە شاتاوڵبردنە سەر ئازادی خەڵکانی دی دەناسرێت. هەر وەک گەلێ جاریش ئەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکی وەک ئەوەی ئێمەدا لێی دەسڵەمێتەوە و بە هیچ کلۆجێ بە مافی خۆی نازانێ، لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا مافێکی سادە و بەڵگەنەویستی گشت مرۆڤێکە.

کەوابێ، جوێکردنەوە و بەگژیەکدانەکردنی ئازادی خۆ و کەسانی تر، دابینکردنی مافی خۆ و پێشێلنەکردنی مافی خەڵکانی دی، بۆ ئێمەومانان هێکجار وا سووک و هاسان نین. تا ئەو دەمەی لە روانگەی کولتووره سەقەتە سەپاوە باوەکەوە بڕوانینە ژیان، جیهان، دیاردەکانیان و هەر شتێکی دی، لە دیمەنێکی تەڵخ و تەماوی بەولاوە چیتر بەدیناکەین. تەنانەت پرۆسەی پراکتیزەکردنی ئازادی خۆ، بێ پێشێلکردنی ئازادی خەڵکانی دی، دابینکردنی مافی خۆ، بێ مافنەخواردنی کەسانی دی، لە کۆمەڵگا شارستانییەکانیشدا هاسان و بێ گرێوگۆڵ نین. وەلێ لەو کۆمەڵگایانەدا بە نەفەسێکی درێژەوە کار لەو بوارانەدا دەکەن. ئەوان کە کرۆکی دیموکراسی و شارستانی بە دادوەری دەناسن، وەک ئێمە بە پەلە، بە کێشانی هێڵێکی راست و چەپ، یان ئافەرین و داوەشینێک، خۆیان لە سەختی و دژواری پرۆسەی لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە نادزنەوە.

هەندێ جار دیمۆکراسیخوازی و شارستانی بوونیش لایەنی نێگەتیڤیان دەبێ، کە مرۆڤی دیموکرات پێویستە بۆی قووتبدرێ. وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێ: چەند ساڵێ لەمەوبەر دادگایەک لە سوید دوو گومانلێکراوی بەردا. دادگاکە بە بەڵگەوە دڵنیابوو، ئەو دوو کەسە پێکەوە مرۆڤێکیان کوشتۆوە، بەڵام بەڵگەی لەسەر ئەوە نەبوو کە کامیان رۆڵی سەرەکی بکوژ و کامیان رۆڵی یاریدەدەری بکوژی لە تاوانەکەدا هەبووە، دادگاکە خۆی لە قەبلاندن و رێژەی ٥٠ ٪ ی بە هەڵە حوکمدانی یاریدەدەری بکوژ لەجێی بکوژ، یا پێچەوانەکەی، بە بەردانی هەردووکیان پاراست. لە بارودۆخێکی ئاوادا، لۆژیکی دیموکراسی وای پێ چێترە تاوانبارێک وەک بەرزەکی بانان بۆیدەربچێ، نەک بێتاوانێک سزابدرێ، یان تاوانبارێک بە سزایەکی گەورەتر لە تاوانەکەی خۆی مەحکوم بکرێت. ئەمەیە لایەنە نێگەتیڤەکەی دیموکراسی، کە لەهەمان کاتدا پۆزەتیڤ دەکەوێتەوە و تەندروستییەکی باش بۆ دیموکراسی و دادوەری مسۆگەردەکات. وەلێ بەپێی لۆژیکی دیکتاتۆری، ئەگەر تاوانبار وەگیرنەکەوت، یان تاوان لەسەر گومانلێکراو ساغنەبووەوە، دەکرێ تاوانبارێک پەیدابکرێ، یان بەڵگەی بێ چەندوچوون بۆ گومانلێکراوەکە داتاشرێ، حوکمێکی قەرەقوشییانەی بەسەردا بسەپێنرێ و سووک و هاسان سلاواتی لێبدرێ.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەدیب و رۆشنبیرە کوردەکانی ئەوروپا، کە زۆربەیان، رێز و خۆشەویستییەکی بەکوڵ سەبارەت بە دادوەری و پرینسیپە دیموکراتی و شارستانییەکان، لە بوارە گشتییەکاندا دەردەبڕن، تا چ ڕادەیەک، لە پراکتیکدا وەفاداری ئەو پرینسیپانەن ؟ هەر بە هەمان رێز و خۆشەویستییەوە مامەڵە لەگەڵ پرینسیپەکاندا دەکەن، ئەگەر بوارەکەش گشتی نەبێ و بۆخۆیان تیایدا لایەنبن؟

٢

لە ژمارە ٢٠ ی ١٩٩٨ی رۆژنامەی هەتاودا، کورتە وتارێک بە ناونیشانی (پڕماناترین بێدەنگی) لە لایەن رێبوار ناوێکەوە بلاوکراوەتەوە. رێبوار، کە ناکرێ بە بەڵگەوە بناسرێ کێیە، لە وتارەکەیدا، لەلایەک ستایشێکی زۆری (برایەکی شاعیر) ی ناونەهێنراو دەکات. لە لایەکی دیشەوە بە شێوەیەکی تووڕە و ناشیرین ، هێرشێکی هێکجار تۆند دەکاتە سەر نووسەرێکی ناونەهێنراو. گوایە ئەمیش پێشتر هێرشی تۆند و ناپەسەندی کردۆتە سەر (برایە شاعیرەکەی). رێبوار، جگە لە نووسەرە ناونەهێنراوەکە، کەسوکارەکەیشی لە هێرشە بێماناکەیەوە ئالاندووە. رێبوار لەکاتێکدا داوای دڵفراوانی و بێدەنگییەکی پڕمانا، واتە خەسڵەتێکی شارستانی لە برا شاعیرەکەی دەکات، بۆ خۆی کەمجیقەلانەیی و دەنگەدەنگێکی زۆر بێمانا هەڵدەبژێرێ. رۆژنامەی هەتاویش کە بانگاشە بۆ رێبازێکی دیموکراتی و پلۆرالیستی دەکات، کە داوای ئاشتبوونەوە، تەبایی و پەیڕەوکدنی مێتۆودی دیالۆگ لەجێی شەڕەجنێو و پێکداهەڵپژان،لە حیزب و دەستە سیاسیەکانی کوردستان دەکات، وتارێکی شەڕەنگێزانە و داخلەدڵی وەک "پڕماناترین بێدەنگی" بلاودەکاتەوە، نووسەرەکەشی لەژێر چەتری ناوێکی خوازراودا حەشاردەدات.

گۆڤاری رابوون، کە پێشتر رەفیق سابیری سەرنووسەری لە چەند بۆنەیەکدا، کەوتۆتە بەر نەشتەری رەخنە و تانەی حەمەسەعید حەسەن، رەنگە رەفیقی لە رۆڵی (برا شاعیرەکە)دا بینیبێتەوە. دەنا وتاری "پڕماناترین بێدەنگی" کەی هێندە پڕمانایە، کە سەرەڕای بلاوبوونەوەی لە هەتاودا، لە ژمارە ٢٤ ی ١٩٩٨ یشدا بلاویبکاتەوە. رابوون، کە بە گۆڤارێکی نیشتمانپەروەر و خاوەن هێڵێکی دیموکراتی و خەمخۆری چارەنووسی نەتەوە ستەمدیدەکەمان ناوبانگی دەرکردبوو، بەهۆی بلاوکردنەوەی ئەو وتارەوە، کۆمەڵێ رەخنە و سەرزەنیشتی هێنایە سەر خۆ و چەندین نووسەر و رۆشنبیر لێی بەدەنگهاتن.

چاونەپۆشین لە لادانی رۆژنامە وگۆڤارەکان لە داب و نەریتی رۆژنامەگەری، لە کردنیان بە مەکۆی شاتاوڵی ئەم نووسەر بۆ سەر ئەو نووسەر، یان لە رێزلێنەگرتنی هەستی خوێنەران، مایەی دڵخۆشییە، هێمایەکە هەم بۆ وریایی و هەم بۆ خەمخۆریی نووسەر و رۆشنبیرەکانمان. بریا ئەم وریایی و خەمخۆرییە دەبووە پێوانەیەکی گشتی و هەموو دیاردە نەزۆک و دزێوەکانی دونیای نووسین و رۆژنامەگەرێتی، چوونیەک دەگرتەوە. خۆزگە رەخنە تەنێ لە رێگەی دیالۆگ و بەڵگە و فاکتەرەوە، بە مەبەستی بەهۆشهێنانەوە و راستکردنەوە، یا دەولەمەندکردن و رێخۆشکردن بۆ داهێنان بنووسرابا، نەک بۆ تۆڵەکردنەوە، یا سەرکوتاندنەوە و تێکشکاندن. بریا رەخنەلێگیراوەکە دەرفەتێکی لە بەردەمدا بمابایەتەوە، کە بێ هەستکردن بە ناچاری چنگقژکردنەوە، بیتۆانیبا بەرگری لە خۆی بکات، یان بێ هەستکردن بە شەرمەزاری و سووکایەتی، پڕکێشی بکردبا رەخنەکە بسەلمێنێ و بەخۆیدابچێتەوە. بریا کەموکوورییەکانمان بە چاوی ویژدان سەرنجبدابان، ئەوەکانی خۆمان بە گچکە و هی خەڵکانی دیمان بە قەبە وەبەرچاو نەهاتبان. لۆژیکی ساغ و ویژدانمان بزرنەکردبان، کەش و هەلومەرجی سەرهەڵدان و بلاوبوونەوەیانمان فەرامۆشنەکردبان، ئەوەمان لە یادنەچووبا کە رۆشنبیر، نووسەر و ئەدیب، پەیامێکی پیرۆزیان لە ئەستۆدایە، دەبێ لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی رەش و سپیدا، رێگای بەڵگە و فاکتەر بگرنەبەر نەک

رملّێدان، له بابەتی نووسینەکانیان لانەدەن، نەهێڵن خەیاڵپڵاوی و نارەزووی تۆڵەسەندنەوە لە نووکی خامەکانیانەوە برژێن و هەڵسەنگاندنەکانیان بقەبڵێنن. بریا پۆشاکە خاوێنەکانمان نەدایە لە ناراوی چڵکنەکانەوە، تەڕ و وشکمان پێکەوە نەسووتاندبان. جا ئەو دەمە دەکرا هێدی هێدی کولتوور و مێنتالیتێی زەبروزەنگ و خۆخۆری، هیچ نەبێ لەنێو رۆژنامەگەری و ئەدەبی کوردیدا بنبڕبکرێن. دەکرا مافی کەسێک، هەمان مافی کەسێکی دی پێشێلنەکات. دەکرا لە گشت بوارێکدا پووزی رەش و سپی نووسینەکان لێکجوێبکرێنەوە، بێ ئەوەی خوێن لە لوتی وشەیەکیش بێت.

لەم وتارەدا بەپێی تۆانا و بۆچوونی خۆم هەوڵدەدەم بە کورتی لەسەر هەندێ لایەنی وتارەکەی رێبوار "پرماناترین بێدەنگی" و رەخنەی ئەو کۆمەڵە نووسەر و رۆشنبیرانە بدوێم. تا بزانین ئەو نووسینانە تا چرادەیەک دەکەونە، یان ناکەونە خانەی رەخنەیەکی تەندروستەوە.

بەر لە هەموو شتێک پێویستە بڵێم، مەبەستم لە نووسینی ئەم وتارە، هێرشکردنەسەر و لەسەرکردنەوەی هیچ کەس نییە. ئەمن بۆخۆم نە ئێرەیی بە کاک رێبوار دەبەم، نە بە رۆژنامەی هەتاو و گۆڤاری رابوون، سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی وتارەکە. وەلێ پێمخۆشە لەکاتی سەرهەڵدانی وتارێکی وەک "پرماناترین بێدەنگی" دا، نووسەر و رەخنەگرەکانمان، تەنانەت ئەوانەش کە راستەوخۆ دەکەونە بەر شاتاولی ئەو جۆرە وتارانەوە، لە وەلامدانەوەیاندا، ئارامی لەدەستنەدەن، ئەدەب، نووسین و رۆژنامەگەری مەیدانی تۆڵەسەندنەوە و برژاندنەوەی دەروون نین. بۆ ئەو مەبەستانە دادگا و یاسا بۆ مرۆڤی شارستانی، پێچوپەنا و لاکۆلانەکانیش بۆ ئەوانی دی لە خزمەتدان.

وتاری "پرماناترین بێدەنگی" و بڵاوکردنەوەی لە لایەن هەتاو و رابوونەوە، کارێکی هێندە بەدە، بە هیچ شێوەیەک بەرگری لێناکرێ، تاڵە دەزوولەیەکیش بە جیهانی نووسین و رەخنە و رۆژنامەگەرێتییەکی مۆدێرنیەوە نابەستێتەوە.

دەنگهەلبڕینی نووسەر و رۆشنبیران:

کاک بەرۆژ ئاکرەیی لە ژمارە ١٠ ی ١٩٩٨ ی رۆژنامەی پەیام ـ لەندەن ـ دا، لەمەڕ بڵاوکردنەوەی وتاری "پرماناترین بێدەنگی" ، هەم تووڕەیی و هەم پەستی خۆی بەرامبەر گۆڤاری رابوون دەردەبڕێ. چونکە نایەوێ سووکایەتیکردن لە دەڤەری نووسیندا ببێتە داب و نەریت. چەند رەخنەیەکی رەوایە ! ئەمنیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی وی. کەچی بە بڵاوکردنەوەی هەمان وتار لە رۆژنامەی هەتاودا، نە تووڕە دەبێ و نە پەست. دیارە ئەو رەخنەگرتن لە هەتاو بە ئاسنی سارد کوتان دەزانێ و نەیگەرەکە پەیڤی خۆ لە بەرد بدات. بەو پێیە رەخنەکەی بەرۆژ ئاکرەیی لە رابوون، هاوکات ستایش و بڕوانامەیەکی پۆزیتیڤە بۆ رابوون. جا ئەگەر تووڕەنەبوون و پەستنەبوونی بەرۆژ ئاکرەیی لە وتار و رەخنەی "پرماناترین بێدەنگی" ـ ئاسای دی و ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی بڵاویاندەکەنەوە، لە هەمان لۆژیکی ئاسنی سارد نەکوتانەوە رێچکەیان گرتبێ، ئەوا ئەز تەنێ یەک تێبینیم لەمەڕ رەخنەکەی هەیە. بەرۆژ ئاکرەیی لە هەمان سەرچاوەی سەرەوەدا دەنووسێ: «... گوایە شاعیرێک ـ کە لێرەدا مەسڵەحەت وایە بنووسم نازانم کێ ـ بەر رەخنەی رەخنەگرێک کەوتۆوە، ـ دیسان مەسڵەحەت وایە نەزانم کێ! ـ دواتر (رێبوار) ێک ـ دیسان مەسڵەحەت! ـ ویستۆویەتی دڵی برای شاعیر بداتەوە.» بەرۆژ ئاکرەیی دەیەوێ بە خوێنەر بڵێ، ئەو بۆخۆی لەوسەری تەلیسمەکەوە دێتەوە و پەچەی لەبان رووی گشت ناسنامە رووپۆشەکان هەڵداوەتەوە، وەلێ لەبەر "مەسڵەحەت" ئاشکرایان ناکات. دەکرێ هەر کەس گومان و هەڵهێنانی خۆی دەربارەی هەر دیاردەیەک هەبێ. وەلێ لە ئالی هەڵسەنگاندن و ساغکرنەوەدا، لایەنی کەم نووسەران و رۆشنبیران، بەتایبەتی کاتێ لە رێگای خامەکانیان و رۆژنامە و گۆڤارەکانەوە دەدوێن، دەبێ گومان و هەڵهێنان وەلانێن، تەنیا لە بڵندگۆی فاکتەر و راستیی بەڵگەنەویست و بۆچوونی بێ چەندوچوونەوە بێنە گۆ.

کاک برایمی کاکەحەمە لە ژمارە ١٠ ی ساڵی ١٩٩٨ ی پەیام ـ لەندەن ـ دا، لە نامەیەکدا بۆ رەفیق سابیری سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری رابوون، دەنووسێ: «کاتێ دەستم بە خوێندنەوەی رابوونی ئەمجارە کرد، نەمدەزانی بڕوابکەم ئەمە رابوون بێت، یان بە هەڵە لاپەڕەی گۆڤارێکی دیکەی تێکەڵ بووە !.». برایم دەنگی لە دژی وتارەکەی رێبوار بەرزکردۆتەوە، گلەیی زۆریشی لە رابوون و سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانیش کردووە. رەنگە هەندێ فانتازیا و بۆچوونی تایبەتی خۆیشی لەمەڕ نووسەر و قارەمانەکانی وتاری "پرماناترین بێدەنگی" ش هەبێ، بەڵام مافی خەملاندن و هەڵهێنانی کەسێکی بە خۆی نەداوە. بەلای منەوە کارێکی چاکی کردووە.

کاک ئاسۆ لە ژمارە ٩ ی ١٩٩٨ ی گۆڤاری هانا ـ سوید ـ و ژمارە ٨ ی ١٩٩٨ ی رۆژنامەی پەیام ـ لەندەن ـ دا، لە هەمان"لە پەراوێزی بێ ماناترین بێدەنگی دا"دەنووسێ: «پوختەی ناوەرۆکی "پرماناترین بێدەنگی" لەم چەند رستەیەی خوارەوەدا کۆدەبێتەوە: دۆستێکی گیانی بە گیانی شاعیرێک، داوا لە شاعیری هاورێی"برای"دەکات: لە بەرانبەر ئەو کەسەی رەخنەی لێگرتۆوە، بێدەنگی هەڵبژێرێت، چونکە:"قەت بێدەنگ بوون لەم جۆرە بێدەنگییە پرماناتر نابێت". یانی بە کورتی: شاعیری رەخنەلێگیراو خۆی نایەوێ وەڵامی رەخنەگرەکەی بداتەوە و لە رێگەی زمانی کەسی سێیەمی تاکەوە، لە "پرماناترین بێدەنگی" دا بە خشکەیی دەنگ هەڵدەبڕێ.».

ئاسۆ بێ هیچ سڵەمینەوەیەک تەلیسمی نهێنییەکان بۆ خوێنەر دەشکێنێ، بە دڵنیاییەوە پێیان دەڵێ: شاعیری رەخنە لێگیراو کەسێکی دووسەرە و ترسنۆکە، بۆ خۆی ناوێرێ، لە کەولی"رێبوار"ێکدا هاتۆتە مەیدان و تۆڵەی خۆی دەکاتەوە. من بەش بە حاڵی خۆم پێچەوانەی ئەو خەملاندنەم بۆ ناسەلمێندرێ، پێویستیش بە سەلماندن ناکات. بەڵام ئایا ئەو چۆن پرکێشی دەکات، بەو دەنگە زوڵاڵەوە، لە دوو بڵاوکراوەدا، لە ئەورووپادا، بێ سەلماندن، پەت بۆ گومان شلبکات و وەک راستییەکی بێ چەندوچوون بەسەر خوێنەرانیدا ساغبکاتەوە؟ ئەمە لە کاتێکدا کە خۆی لە هەمان وتاردا وای پێباشە خوێنەر «بڕیاربدات، تاکو بزانێت نووسەری "پرماناترین بێدەنگی" چەند رەچاوی پرەنسیپەکانی ئازادی رادەربڕین دەکات؟»، کەچی هەر خۆیشی بێ رەچاوکردنی ئەو پرینسیپانە، تەنیا بە سەلیقە و زەین، چەکوشی بڕیاردان لە مێزی دادپەروەری دەدا و"شاعیرە رەخنە لێگیراوەکە"هەم بە تاوانی ترسنۆکی و دووسەرێتی، هەم بە تاوانی نووسینی وتاری "پرماناترین بێدەنگی" مەحکومدەکات. وەکوتر رەخنە وتارەکەی"ئاسۆ"م ـ بێ لەو دووخاڵەی ئاماژەم بۆ کردن ـ، بەدڵبوو.

کاک کەمال جەمال موختار لەژمارەی ٩ ی ١٩٩٨ ی رۆژنامەی پەیام ـ دا، رەخنە وتارێکی بە ناونیشانی"دیدار و بەرزفڕین"ەوە، لەسەر"دیدارێک لەگەڵ شاعیر و بیرەوانی گەورەی کورد دکتۆر رەفیق سابیر" بڵاوکردۆتەوە. دیدارەکەی رەفیق سابیر بە ئیمزای پەیامنێری هەتاو لە سوید، لە ژمارە ٢٢ ی ١٩٩٨ ی رۆژنامەی هەتاودا بڵاوکراوەتەوە. کەمال پاش هەندێ ئامۆژگاریکردن لەمەڕ چۆنێتی دیدارکردن و روونکردنەوەی ئەرکەکانی پەیامنێری رۆژنامە ـ کە ئەز شتێکم دەربارەیان نییە ـ، دێتە سەر ئەوەی کە: « ئەمڕۆ، لەکاتێکدا میللەتی کورد بە دەست

هەوڵ و تەقەلای گەورەیی و خۆبەزلزانینی سەرە سیاسییە کوردەکانەوە دەناڵێنێت و لە نێوان ئەم کێشەیەدا هەزاران قوربانی داوە و مەترسی تیاچوونی تەواوەتی لێ دەکرێت، بۆ دەبێت ئەدیب و نووسەر و بە ناو رۆشنبیرەکانمان دەرس لەمە وەرنەگرن و بەپێچەوانەوە هەوڵ بدەن هەمان خۆبەزلزانین لە بواری ئەدەبەکەشدا دووبارە بکەنەوە ؟». پاشان دەنووسێ: « نووسەرێک بە فەنتاسی ئیمپراتۆریەتێک بۆ خۆی دروست بکات، خۆی بە گەورە و بچووکیشی بۆ خەڵک دانابێت و وەک گەورەیەکی مەزن و پیرۆز دیداری بکرێت نەک چاوپێکەوتن، ئیدی ئەو نووسەرە چۆن دەتوانێت پشتگیریی لە مافی ئەو خەڵکە چەوساوانە بکات و داوای سەربەستی و قسەی خێریان بۆ بکات، کە خۆی لەسەرەتاوە بچووکی کردبنەوە و ئەو مافەی لێ سەندبنەوە !؟»

پەیامنێری رۆژنامەی هەتاو دیدارێکی واتە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رەفیق سابیردا ئەنجامداوە. ئەگەر کەمال پێی وایە کە رەفیق لەو دیدارەدا، زیاد لە قەوارەی خۆی بە"گەورە و مەزن و پیرۆز"چوێندراوە، بە خاوەن ئیمپراتۆریا ناسێندراوە، دەبوو رووی زاری رەخنەکەی تەنێ لە هەتاو و پەیامنێرەکەی بکردبا، نەک لە نووسەرەکە کە رەفیق سابیرە. رەفیق لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا، خۆی بە گەورە و خەڵکی دی بە بچووک باسنەکردووە. یان ئەگەر چۆنێتی دارشتنی پرسیارەکان ئەو بۆنەیان لێدێ، دیسان دەبوو کەمال لە رەفیق بگەرابا و یەخەی هەتاو و پەیامنێرەکەی گرتبا. خۆ ئەگەر کەمال دڵنیایە لەوەی کە پەیامنێرەکەی هەتاو خودی رەفیق سابیرە، با بەڵگەکانی دەربخستبانایە و هێندە خوێنەرانی تووشی سەرەگێژە نەکردبایە. دەنا لەغز و تانە و تۆانج، جگە لە هۆمەڵغەزا چیدی لێ سەوزنابێ.

سەرنووسەری رۆژنامەی هەتاو کەمال میراودەلی، لە ژمارە ٢٣ ی ١٩٩٨ ی دا، لە روونکردنەوەیەکدا بەرپرسیاری هەتاو، لە ستایشی رەفیق سابیر و دارشتنی پرسیارەکان و ناونیشانی دیدارەکەش، بۆ خوێنەران و کەمال جەمال موختاریش دووپاتدەکاتەوە. ئیتر بۆ دەبێ رووی دەم لە رەفیق بکرێ و پێی بوترێ: « لەو بڵندییەوە داڵە شیعرەکانتان، لەخوارەوە هەر لاشە دەمێنێتەوە بەسەریانەوە بنیشنەوە!» ؟

دیارە کاک حەمەسەعید حەسەن، خۆی لە هێرشەکەی رێبوار "پرماناترین بێدەنگی" دا بە پێکراوی دەبینێتەوە، ئازار هەراسانیدەکات، بەدەنگهاتنی کۆمەڵێک نووسەر و رۆشنبیر لە دژی وتارەکەی رێبوار و رۆژنامەی هەتاو و گۆڤاری رابوون، هیچ دادێکی نادات و بێدەنگی لا دەبێتە کارێکی مەحاڵ. هەڵبەت داکۆکی لەخۆکردن مافێکی ئاسایی هەموو مرۆڤێکە، بە مەرجێک جڵەوی تۆڵەکردنەوە شلنەکرێ، سنوور نەشکێنرێ و نەکرێتە پاساوی دەستدرێژییەک، تەڕ و وشکی پێکەوە تێدا بسووتێ.

جا بابزانین ئەسپی داکۆکیکردنی حەمەسەعید، لەمەیدانی پرینسیپ و پێودانە ئەدەبییەکاندا نەرمەغاردەکات، یان شێلگیرانە سنوورەکان دەشکێنێ و خودی حەمەسەعید ـ یش هەڵدەگرێ. بەدەنگهاتن و داکۆکییەکەی حەمەسەعید حەسەن، لە نامیلکەیەکی ١٦ لاپەڕەیی قەوارە A5 دا جێی خۆی کردۆتەوە. ناونیشانی نامیلکەکە «بەدەم چاوەڕوانی نیشتنەوەی شاعیرێکی بەرزەفڕەوە»، سەرنج بۆ فۆرمی گاڵتەجاڕییانەی ناوەڕۆکەکەی رادەکێشێت. زۆربەی دێڕ و پەرەگرافەکان بریتین لە هێرشـ داکۆکییەکی بێبەزەییانە بەڵام سەرنەکەوتوو، بۆ هێنانەوە سەر سفری رەفیق سابیر. بەلای منەوە ئەو جۆرە بەدەنگهاتنەی حەمەسەعید، نەک هەر قورساییەکی نەخستۆتە سەر بەدەنگهاتنەکانی دی، بەڵکوو لە بڵندی ئەوانیشی کەمکردۆتەوە. نە هەڵە بە هەڵە چارەسەردەکرێ، نە تۆمەتیش بە دژەتۆمەت رەتدەکرێتەوە. تاووتۆو و بەراوردکردنێکی هەڵسەنگاندن و بۆچوونەکانی پێشووتری حەمەسەعید لەگەڵ ئەوانەی نامیلکەکەیدا، لە مەڕ رەفیق ـ وەک شاعیر ـ، بەسە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەم و نا ئۆبژێکتیڤی نامیلکەکەی حەمەسەعید. بەڵام نە ئەم تاووتۆوە لە وتارێکدا دەکرێ، نە منیش گەرەکمە خوێ بکەمە برینەکانەوە. تەنیا چەند نموونەیەک دێنمەوە و سڵاواتی لێدەدەم.

حەمەسەعید حەسەن لە لاپەڕە ١ ی نامیلکەکەیدا دەنووسێ: «دەمزانی "ینک"ـ واتە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ـ نووسەر ـ هەرچی بکا، رەفیق سابیر دەنگی نارەزایی هەڵنابرێ و هەر جارەی بیانوویەک دەبینێتەوە، بیانووی ئەم جارەی ئەوە بوو"کاری هاوبەش لەگەڵ نووسەری ئەم دێڕانە ناکا،" منیش سووک و باریک بەرەی ئەو بیانووەم لە ژێر پێی راکێشا، ئیدی ئەوە بوو گوشاریان بۆ هێنا، پاکانەیان پێ نووسی و لە رادیۆ و رۆژنامەی"ینک"ەوە بڵاویان کردەوە». هەڵبەت رەفیق سابیر ـ یش وەک زۆربەی زۆری ئەدیبەکان، لە هەموو بۆنەیەکدا، لەگەڵ هەموو سنوورشکاندنێکی رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا، لەوانە"ینک"، هەڵوێستە شیعر، یان وتارێکی بڵاونەکردۆتەوە. رەفیق پتر شاعیرە لەوەی نووسەرێک یان تۆێژەرەوەیەکی سیاسی بێت. راستە، شاعیریش دەبێ هەڵوێست لەمەڕ ئەو مەسەلانە وەرگرێت، کە پەیوەندییان بە داهاتووی نەتەوە و وڵاتەکەیەوە هەیە. وتاری"دیاردەکان لەشێوەی خۆیان دژەکانیان دێننە بەرهەم"ـ رەفیق سابیر ـ رابوون ـ ژمارە ١٢ ـ ١٩٩٤، وتاری"ئانەمەیە تاوان" دەربارەی کوشتنی محەمەد حەللاق و هاوڕێکانی ـ رابوون ـ ژمارە ١٥ ـ ١٩٩٥، لەگەڵ چەندین وتار و سەروتاری ژمارەکانی گۆڤاری رابوون، کە بەناوی دەستەی نووسەرانەوە کە رەفیق تیایدا سەرنووسەرە، بڵاوکراونەتەوە، بەڵگەن بۆ ئەو هەڵوێستەی کە لە شاعیر و نووسەرێکی وڵاتپارێز داوادەکرێت. بەڵگەن بۆ ئەوەی کە ئەو نە سەربە"ینک"ە، نە لە ئاستی سنوورشکاندنەکانیاندا کشوماتە. ئەو تۆمەتانە بەڵگەی سەلمێنەری بێ چەندوچوونیان گەرەکە، نەک تاودانی ئەسپی خەیاڵ و ئارەزوو. رەفیق لە روونکردنەوەکەیدا کە حەمەسەعید بە پاکانە ناویدەبات، هەڵوێستی خۆی لە دژی گوشارەکەی"ینک"بۆسەر نووسەرەکان پاراستووە، دەڵێ: «لە کاتێکدا هەر جۆرە هەڕەشە و فشارێک بۆ سەر نووسەرانی کورد، لەلایەن هەر دەسەڵات و رێخراوێکی سیاسی و چەکدارییەوە بێت، مەحکوم دەکەم لە هەمان کاتدا من لەو نامەیە بێ بەریم کە بەناوی منیشەوە بۆ رۆژنامەی (القدس) نێردراوە و لەوێدا بڵاوکراوەتەوە.». من هەرگیز داکۆکی لە خۆکشاندنەوەکەی رەفیق سابیر، لە هاوارنامە هەرەوەزییەکەی دژی هەڕەشە و گوشاری"ینک"، بۆ سەر چەند نووسەرێکی کورد، ناکەم. ئەمن بۆخۆم یەکێکم لە ئیمزاکەرانی هاوارنامەکە، سەرەڕای قرتاندنی دوو دێری سەرەتای هاوارنامەکە، لەکاتی وەرگێڕانیدا، کە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتدارێتی لە کوردستاندا بەگشتی مەحکومدەکات، ئەنجا ناردنی بۆ رۆژنامەی"القدس العربی"، من کشاندنەوەم نەک هەر بۆخۆم، بۆ رەفیق سابیر ـ یش پێ باش نەبوو.

حەمەسەعید لە لاپەڕە ١٥ ەی نامیلکەکەیدا دەڵێت: «بڕوای بە حشع ـحیزبیی شیوعی عێراق ـ نووسەر ـ نامێنێ و تا تەواوکردنی خوێندنی باڵا و وەرگرتنی کرێی سەفەر بێدەنگیی هەڵدەبژێرێ! جنێو بە هاوڕێ دێرینەکانی خۆی دەدا! لەتکردنی حشع لە ینک بە قۆنتەرات دەگرێ!». ئەم تۆمەتانە هێندە بێبنچینە و بێتامن کە قسەڵۆکی کات بەسەربردنی بەر بەرۆچکەکان دێننەوە یاد.

حەمەسەعید لە لاپڕەی ٣ ی نامیلکەکەیدا دەنووسێت: «رەفیق بەدرێژایی ساڵانی حەفتا هانای بۆ بەعس دەبرد، ئێستاش دەست بە داوێنی (ینک)ەوە دەگرێ، ئایا ئەو دوو لایەنە رۆژێ لە راژەی

سەربەخۆیی کوردستاندا بوون یان دەبن؟ کەسێ هێندە عاشقی وڵاتی خۆی بێ، چۆن دەبێژێ:(هەموو کوردستانم لەسەر تاپۆ بکەن تێیدا نامێنمەوە.)(٢)». ئەگەر هانا بۆ بەعس ـ بردنەکەی ساڵانی حەفتای رەفیق، ئەندامبوونی بێ لە پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا کە ئەو دەمە لەگەڵ بەعسدا لە بەرەدا بوو، ئەوا حەمەسەعیدیش چەند ساڵێکی بەردەکەوێ. ئەگەر بە جۆرێکی دیکەیە، با بۆ خوێنەرانی ئاشکرابکات .. بەڵام بە بەڵگەوە. پێموایە دەست بەداوێنگرتنی"ینک"یشەوە، پتر پێویستی بە روونکردنەوە و سەلماندن هەیە. بە پێی سەرچاوەی ژمارە ٢، کە حەمەسەعید بۆ خوێنەران ئاماژەی پێکردووە، دەبێ سەرۆ قادر لە گۆڤاری گوڵانی ژمارە ٣٥ دا ـ١٩٩٤ـ هەولێر، گەواهی لەسەر رەفیق دابێ کە وتوویەتی: «هەموو کوردستانم لەسەر تاپۆبکەن تێیدا نامێنمەوە». لە مەیان ئاگادار نیم و ناکرێ هیچ دەربارەی بڵێم.

حەمەسەعید لە لاپەڕە ٥ ی نامیلکەکەیدا دەنووسێت: «رەفیق سابیر بە ناوی خوازراوی (رێبوار) ەوە لە: (پڕماناترین بێدەنگی) دا دەنووسێ: (من شاعیرێکی بەرزەفڕ و نووسەرێکی داهێنەرم، ئەویشی رەخنەی لێ گرتووم: گزگلە، داخ لە دڵە، فاشیلە،»... تاد. لە لاپەڕە ١٣ شدا دەڵێ: «لە ل: ١١ ی هەتاوی ژ: ٢٢ دا رەفیق سابیر بە ناوی (پەیامنێری هەتاو لە سوێد)ەوە کە خودی خۆیەتی، دیدارێکی لەگەڵ خۆیدا سازکردووە و هەر خۆی ئەم ناونیشانەیشی بۆ هەڵبژاردووە: (دیدارێک لەگەڵ شاعیر و بیرەوانی گەورەی کورد دوکتۆر رەفیق سابیر.) هەر لە و (دیدار)ەدا خۆی لە ستایشی خۆیدا دەڵێ: (لە مەیدانی شیعردا هەنگاوی گەورەم ناوە، خاوەنی رێبازێکی تازە و تاکم لە شیعری کوردیدا،»... تاد. پێشتر لەم وتارەدا، دەربارەی گومان و خەملاندن، یەقین و سەلماندن دواوم و چیدی پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات. ئەوەندە دەڵێم، مرۆڤ چەند بەتوانابێ، بیر چەند تیژبێ، سەلیقە و زەین چەند لۆژیکدار و دروستبن، بەبێ فاکتەر و بەڵگەی سەلمێنەر، گومان هەر گومانە و ناگاتە مەنزڵی یەقین . کە نەگەیشتە خانەی یەقین، پێی دەگوترێ بوختان. بوختانیش بەپێی یاسا تاوانە و سزای تایبەتی بۆ دانراوە.* لە جێیەکی پێشتری ئەم وتارەدا ئاماژەم بۆ روونکردنەوەکەی سەرنووسەری هەتاو، کەمال میراودەلی، لە مەڕ دیدارەکەی هەتاو لەگەڵ رەفیق سابیردا، کردووە. شایەنی باسە کە بڵێم روونکردنەوەکەی کەمال میراودەلی، بەر لە بڵاوبوونەوەی نامیلکەکەی حەمەسەعید، لە ژمارە ٢٣ ی هەتاودا بڵاوکراوەتەوە.

حەمەسەعید لە لاپەڕە ١٢ ی نامیلکەکەیدا دەڵێت: «رەفیق تا پار هاوینیش جنێوی نەدەنارد، دیاری دەنارد، کە لە ٢٨ - ٧ -١٩٩٧ دا ژووانی روو‌ناکی چاپی سوێدی بۆ پۆست کردبووم لێی نووسیبوو: (برای بەڕێز کاک: ....) کە لە ٢٥ - ٤ - ١٩٨٩ دا لاوکی هەڵەبجەی لە شامەوە بۆ ناردبووم لێی نووسیبوو: (برا و هاوڕێی شاعیرم کاک ...) کە لە ٦ - ٨ - ١٩٩٠ دا کاروانسەرای بۆ رەوانە کردبووم لێی نووسیبوو: (هاوڕێی هێژام کاکە ...) کە لە ٢٤ ی - ٥ - ١٩٩٣ دا وەرزەبەردینەی بۆ هەناردبووم لێی نووسیبوو: (برای بەڕێزم کاک ...) لە ل: ٩١ ی یەکەم ژمارەی رابووندا، بەهاری ١٩٩١ نووسی بووی: (خەرمانە دەرچوو، برادەری شاعیر حەمەسەعید حەسەن سەرنووسەرێتی.) کەواتە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩ - ١٩٩٧ دا: هاوڕێ، برا، برادەر، کاک، کاکە، هێژا،بەڕێز و شاعیریش بووم، کەچی ئەوە چەند مانگێکە بووم بە: (حوساڵە، کۆلکە شاعیر، نووسەرۆکە و چل جنێو و ناتۆرەی تریش،)». بڵێی حەمەسەعید بە درێژایی ئەو ساڵانە هەر هیچ نەبێ وەک دەستیاو، دیاری بۆ رەفیق نەناردبێ و کاک، برا یان بەڕێزی بۆ لێ نەنووسیبێ ؟ تەنیا رەفیق و حەمەسەعید دەکارن لە وەڵامی ئەو پرسیارە دڵنیامکەن.

بەڵام بۆخۆم لەوە دڵنیام کە حەمەسەعید لە لاپەڕە ٤٨ ی"ناوەڕۆک و شێوە لە چیرۆکی کوردیداـ سوید ـ ١٩٩٢"، دەربارەی رەفیق دەنووسێ: «مەگەر جاروبار رەفیق سابیر و عبدالله پەشێو بە تووڕەییەوە بەڵام راستگۆیانە رمی شیعریان لە سنگی بۆرژوا و داگیرکەرانی کوردستان چەقاندبێت.» . کە حەمەسەعید ئەمەی شکدەبرد، چۆن پرکێشی کرد بڵێ «بە درێژایی ساڵانی حەفتا هانای بۆ بەعس دەبرد»؟ یان بە پێچەوانەوە.

حەمەسەعید، لە ژمارە ٩ ـ ١٠ ی گۆڤاری وان ـ سوید ـ ١٩٩٤، لاپەڕە ١٦٧ لە"ئەدەبی کوردی لە مەنفادا"ـ ئامادەکردنی هیوا قادر ـ لە وەڵامی پرسیارێکی هیوادا دەڵێ: «لە هەمان کاتیشدا هەندێ لایەنی واشیان تیایە کە بەڕاستی بێویژدانی و بێئینسافی پێوە دیارە. بۆ نموونە. کە رووبەڕووی شاعیرێکی گەورەی وەک رەفیق سابیر دەبنەوە، هەندێ پرسیاری واتان کردووە وەک بۆ لەجیاتی (برجوازی) (داگیرکەر) بەکارهاتووە یان وشەی (فەهد) بۆ گەورەبووە و بچووک کراوەتەوە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی من رێزم بۆ هەوڵدانەکانتان هەیە و لایەنە گەشەکانی گەلێ زیاترن.». لە لاپەڕە ١٦٩ ی هەمان سەرچاوەدا، لە وەڵامی پرسیارێکی تری هیوا قادردا دەڵێ: «هەموو شاعیرە گەورەکانی کورد"رەفیق سابیر، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵلا پەشێو"و تەنانەت "حەمە عمر عوسمان و قوبادی جەلی زادە"هەموو ئەو شاعیرانەی جێپەنجەیان هەیە لە شیعری کوردیدا کەم و زۆر بە شێوەیەکی جیاواز ئەو بار و زروفەی کوردستانی پیا تێپەڕ دەبێت لە بەرهەمەکانیاندا رەنگ دەداتەوە.». کەچی حەمەسەعید ٤ ساڵ دواتر لەسەر بڵاوکردنەوەی وتاری"پڕماناترین بێدەنگی "لە رابووندا، تا سەر ئێسک تووڕەدەبێ و لە لاپەڕە ١٤ ی نامیلکەکەیدا دەڵێ: «رەفیق شاعیرە، بەڵام دەستی کەڵەگەترین شیعری ناگاتە داوێنی شیعرە جوانەکانی محەمەد عومەر عوسمان، قوبادی جەلیزادە، جەمال غەمبار، ئەوزاد رەفعەت، کەریم دەشتی و ئاراس عەبدولکەریم.». من ناڵێم رەفیق گوناهبار نییە و شایستەی رەخنە نییە، بەڵام تو ویژدان خوێنەرانی ئازیز، ئەمە"عوزر لە قەباعەت خراپتر"ەکەی هەیاسی خاس نەبێت چیترە؟

حەمەسەعید لە وتاری"پاشای عەرشی کەلاوەدا ـ گۆرانییە باڵنەکراوەکان ـ ستۆکهۆلم ـ ١٩٩٤، لە لاپەڕە ٥٨ دا، لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەی ئاڵای ئازادیدا دەربارەی رەفیق سابیر دەڵێ: «رەفیق سابیر، ئەو شاعیرە داهێنەرە، ئەگەرچی لە ژیانی رۆژانەیدا زێتر سەرقاڵی سیاسەتە وەک لە شیعر، کەچی جێگەی سەرنج و مایەی خۆشییە کە رەشەبای سیاسەت نەیتوانیوە گوڵی بەهرەی بژاکێنێ،» سەیرە، لە کاتێکدا کە خودی حەمەسەعید لە چەندین بۆنەدا، بە وشەی"گەورە و داهێنەر"ستایشی رەفیق دەکات، بۆ دەبێ هەمان ستایشی رۆژنامەیەک یان پەیامنێرێکی،لەمەڕ هەمان رەفیق بۆ قووتنەچێ، روونکردنەوەی رۆژنامەکەشی بە گوێدا نەچێ و ئیستەرەدم .. ئیستەرەدم بڵێ ئەوە خۆیەتی ستایشی خۆی دەکات. بڵێی حەمەسەعید حەسەن، دوای خۆی مافی چێژلێوەرگرتنی بەرهەمەکانی رەفیق و ستایشکردنی رەفیق، تەنیا بە خودی رەفیق سابیر رەواببینێ!؟

حەمەسەعید لە لاپەڕە ١٥ دا دەنووسێ: «کێشەی نێوان من و ئەو، کێشەی نێوان دووکەس نییە، کێشەی نێوان دوو هەڵوێست، دوو گوتار، دوو روانگەی جیاوازە، کەچی رەفیق وا دەپەیڤێ، وەک کێشەی تایبەتیمان لە نێواندا هەبێ !». پێموایە هەنووکە سروشتی کێشەکە ئاشکرایە. بەلای منەوە هەردوو جۆرەکەی کێشە ئاساییە و هەمیشە هەن و دەشبن. ئەوەی کە جێگەی داخە و من بە ئاسایی نازانم، خراپ رەفتارکردنە لەگەڵیاندا، تێکەڵاوکردن و ئاڵۆزکردنیانە، ئەوەیە کە کەس بە

**پاشماوە لە لاپەڕەی ٧٠**

شێعر:

# ئاوێنەیەک لە بری سەمای ئاگر

هەندرێن

زمانێک بە گێڕانەوەی ئەو هەموو بورجانەی کات و
پەیامە سەرابییانەی هەوەڵ کۆچ، سرتدەکا و
بە گێژەنی پلووسکدانەکانی؛

دەتنووسێتەوە،

هەڵتدەگرێ و

لە بیناییدا دەتمەێنێ،

جا سەوداسەر بە زمان یەکتدەخات.
مەزاری گوندەکان، وەردییانی دیرۆکێکە و
غەریزەی یادوەریش، لە مەوتەنی خەوننامەیەکدا،
ئەستێرەیەکی کلکدار.
بە تەمتومانی ئەو کێوە بێوەژنانە سووڕیدەخوارد؛
دادگیرساو
باڵیدەگرت.
لەوێرا، چەکدارەکانی قەدەر بە دەستە ئەهریمەنەکانیان،
چەپەری هێرشیان واڵادەکرد لەبەردەم لەشکری رەشەبایەک.
سەگەکانیش، بەر لە خانەخوێییەکانمان، بەدەم بانگی کێوەکانەوە،
لە هەڵمژینی تەمێکی تاراوە بەرەو دامێن تەمێکی تر،
بەنێو گوللەکانی سەرکەوتن دەبەزین و
بەدیار تەرمەکان دەیانقڕوسکاند.
ئەوەتا، خاکێکی هەناسەسوار و خێڵێکی هەڵتڕوشکاو،
هەوایەکی ئیفلیجیش لە جەستەماندا تەشەنەدەکا.

ئا ئەمە، نەوەیەکی زیندووش، میرەوانی شارێکە،
سەربازەکانی لە مێژوویەک کفن سواڵدەکەن و
بە گۆڕەکانیانەوە بەرەو دیلێتی رێدەکەن.
ئەلف و بای نەفرەتی ئاگریش لە ئاگردانی ماڵەکانمانەوە دەڕسکێ.
دۆستی قوربانی و هاوسێیە تاقانەکەی نەبوون، ئێمەین؛
ئێمەین، ئەو تابووتە هەڵواسراوانەی ئاسمان،
پێغەمبەرەکان دوا نوێژ بۆ ئەم بوونە کاڵەمان دەکەن.
منیش دەچمەوە سەر درەختێکی ئاوسی نەزۆک و
تیرەیەکی دێرینەی کەڤر.
رووتییەکەشم بەدترە، لە تینووێتی هاروت و ماروت*.
لەناو سوارە بێ تێشووەکانی ئەم ئەفسانە ناولێنراوەدا،
من باڵدارێکی پیرۆزی بێ ناوم و لە کۆچڕەوێ،
بەدوای کۆتاییەک، پێشبینی سوورگوومیەکم دەکرد.
دەمزانی مەرگ بوێرانەتر، لە من و زایەندە پیرۆزکراوە جوانەمەرگەکەم،
قوفڵەکان، بەسەر پەشیمانبوونەی چارەنووسماندا، دادەخا.

من وێنەی ئەم ئاوەم، بەرەو کەندەکانی ئەمدیو تۆڕەکانی شەو،
هەنگاو دەنێم.
ئاوەکان لەوێ دابەشدەکرێن.

ژنەکانیش لەوێ بە دڵە گۆزەییە سەوزەکانی سەرشانیان و
بە تیشکە تکاوەکانی چاوە گەواڵە نشینەکانیان،
بە رووتا دەتریقێنەوە.
ئیتر من ناتوانم لە شەقامەکانی ئەم تاراوگە دووانەییەدا،
بەبێ ئەو بیرەوەرییانە، لەگەڵ ژیان زاوزێ بکەم.
بە من چی، گەشتی ئەو سەرهاتە دەمارگیرانە.
چی لە من دەوێ، ئەم ئاسیاوەی کە شەوانە بۆ دواجار،
نامەیەکی ماڵئاوایی لەسەر سەرینەکەم، وەک نووشتەیەک، بەجێدێڵێ و
جارێکی تریش، وەک بەیادهاتنەوەیەکی راچڵەکاو،
بە زەمبیەلەیەکی پڕ لە گوڵنەستێرەی خەواڵوو،
جووتە کەروێشکێکی سپی ساواوە دەگەڕێتەوە؟!
لە هەموو هانا هێنانێ، من هەست بە دەستێکی سارد دەکەم.

لە پێشوازی هاواری شارێکدا، هێوریی هەورێکم پۆشیووە،
کە تەنیاییەک لە رۆناکیەکانی دەڕژێ و
رازەکانی تەمەننایەکە لە چاوەکانم بەردەگرن،
رەنگەکانیشی لە مندا ریشاژۆیە.
بەخۆشم میوانی منێکم؛

بە کەشکۆڵێکی وجود و
بە دەفتەرێکی هەرەس و
بە ئەلبومێکی گومانەوە،

لە باخچەی عەدەمدا وانەی زمان لەگەڵ مەزهەبەکان دەخوێنم.
بەدەم باسی فەلسەفەوە، منداڵێک لە ناخمدا،
لە زەردەپەڕەکانی مانگی پووشپەڕ،
بەرەو قوتابخانە؛

تل دەخوا و
تل دەبێتەوە،

بە قامکەکانی باران،
فیت فیتە بە وشەکانم لێدەدا.

لە شارێکی چۆڵ نشیندا،
دەستێک تەوقە لەگەڵ نادیارییەک دەکا،
ئاخۆ ئەمە ماڵئاوایی ئەو رێبوارە بەخشندەیە بێ؟
تەنیاییەک دەبینم، لە رۆژانی پشوودا،
ئێواران بەدەم گۆرانییەوە تا چاو بڕکا گێلاس دەخوا و
جار ناجارێ وەک ماسیگرێ زەمان راودەکا.
هەندێ جاریش بە زایەڵەی یادەکانییەوە،
جوگرافیایەکی لەخەوداماو:

ئاوەدان دەبێتەوە
ئاوەدان...

دەنگێ بە پێیەکانی ئاسمان سەفەر دەکاو،

لێرە، تەنیاهەنارێک و هێشووە گێلاسێ،
بۆ منی دوورگە، جێدەهێڵێ.
شێتەکانیش لە بێدەنگیدا بێداردەبنەوە،
ستوونە بە چراخانە رایەڵکراوەکانی ئاسۆ،
یەک بەیەک بە تێرامانەکانیان خامۆشدەکەن.
شەوێک بە هانکەهانک دێتە پێش و پێڵوەکانی زەوی دادەپۆشێ،
دەنگەکان دەلەرنەوە،
دەنگەکان دێنەوە گۆ:
بیناییمان کەنەفتبوو،
لە تەماشاکردنی ئەو فریشتە قوڕقوشمیانەی
کە بە ستوونەکانەوە دێنەخوار.
بیستنمان وێژەنگدەدا،
لە سلاوە ستەمگەرەکانی ئەو باوکانەی جەنگەڵی مێژوو.
دڵمان کلبوو،
لە سێبووری ئەو شووشە لە سیحر پڕکراوانەی
کە بەختی دۆستایەتیەکمان بۆ هەڵناهێنن.

ڕۆناکیەکان لە شکۆفەگرتنی تیشکەکانیانەوە،
جادووکارانە لەگەڵ سنەوبەرەکانی خەیاڵ سەمادەکەن،
موژدە دڵگیرەکانی حەقیقەت دەمامکەکانی،
ئەو پەنجەرانەی کە بەسەر هەناسەی سەدەکانەوە داخراون،
دەسخەڕۆ دەدەن.
پیرێتی یەکان بە خۆشییەک لاوترین سەوسەن،
لە تەمەنیان دەچننەوە و لە بانیۆ مۆمیای دەکەن،
لە ئاوێنەی خەوێکدا یەکتر رادەمووسن.

خەونێک، بە مەحاڵ بینین، گەمارۆدانی سەفەرێکی تر، رادەگەیەنێ.
تاوانبارێک، بەر لە من پەناگەیەک، لە خواکان وەردەگرێ.
حەشیشەکێشێک، لە نیوەشەوێ، بەژێر رێگای کاکێشان،
بەدوای مانگی رەنجاودا رادەکا و
لەوێستێکدا پەشۆکاو بۆ کورسییە وەفادارەکان،
ئەزموونەکانی دەخوێنێتەوە:

دەبێ بە هزرکردنەوە لەبەردەم
شەبەنگەکانی ناو تەنیایی بچەمێینەوە.
دەبێ لە پیتەکانی بەرایرا،
جەغت لە دەستپێکردنەوەیەک بکەین.
دەبێ لە سپێدەدا، پەرداخێک مانا
لە پەرێشانیەکان، هەڵبدەین.
دەبێ ئومێدەوارانە لە بۆشاییەکان،
خۆشەویستییەک بە هەست بناسین.
دەبێ بە خۆمان گورزە تەئویلێک،
لە دەستی نەبینراویدا، بڕفێنین.

ئەو هەنگاوە وێڵەی لە دەماری گەروویەک دەفراژێ،
تەنیا دەنگێک نیە، دەشێ لەدایکبوونی دەرککردنێک بێ،
یان ژانێ بێ و لە خۆی بپەیڤێ؟!
ئەو کاتەش بە ئاماژەیەک کۆتایی دێنین بە گەڕان،
بڕوای راوەستانەکان، هەتیوانە لەبەرمان دەپاڕێنەوە.
لەوێش، کیژەکان لەبەر هەیوان دەسماڵەکانیان
- بۆ ئەو کوڕانەی لە شەڕ نەگەڕانەوە - هەڵدەدەن و
ترسی کچێنی لە مەمکە حەسوودەکانیان دەڕەوێتەوە:
«بریا پیاوەکانی ئێمە دوایان بڕابا.»

لەسەر دەستێکی چێنراودا،
خودایەکی خۆڵەمیشی هەیە،
بە دوعاکانی سەفەری دایکم بۆ بەهەشت دوودڵدەکا.
ئەو تاکە کوندەپەپووە حوزنبار و
ئەو هەموو باڵندە سوڕگومانەی
سەر پەیژەکانی شار،
کە بەدەست پاسەوانی زمانی لاڵەمەوە
هەڵاتووانە هەڵفڕین، ڕۆژ نیە لە چاوەڕوانی کەسێکدا،
چاوەڕوانەکان بە کتێبی ئەم کۆچە سەرگەرم نەکەن،
درەنگانێ لەناو - با - یەکی ژاکاودا،
پەیڤە بەجێماوەکان لەسەر کازێوە گلدەدەنەوە.
پاییزیش بە بووتڵە بەتاڵەکانیەوە،
بەناو چاوە زەردەکانی رووح دەسووڕێتەوە.

ئەو وەرزانە، چەند بێ باکن، بەرانبەر پەیمانەکانی من.
ئەو ساڵانە، چەند بارگرانن، بە خەونە رەشنووسەکانی من.
منێکی ئاشناش، لە خۆی نائاشنا دەبێ.
نائاگایەکیش لە کۆچەکەیدا، وەک شیعرەکانی ماڵدرۆ،
لەدەروازەکانی ئەبەدییەکدا، بەدەم نۆشی ئێشەکانەوە،
هەدادان، بەسەر شەپۆلە شوومپرژێنەکانی شوێن، دەبووڕێتەوە.

شەوێ لە ئاخدا رادەسێ و
چەقۆیەکی نووشتاوە لە زمانی ئاگرڕا،
لە ئاگردانێکی نادیار، خۆی هەڵدەکێشێ.
ڕۆژێکی کەڕ لە زەوی خۆی مشت و ماڵ دەکا و
بە پرسیارێکی جمکانە، لە وەرامێکی بینراو هەڵدەچێ.
منیش کەسێکم؛
نە لە ئەفسانە ناولێنراوەکانی ئەوێ و
نە لە کۆدی داستانە پۆلێنکراوەکانی ئێرەش،
بە ئاوێنەیەک دەبمەوە.

ستۆکهۆلم، ۹ ی ۱۹۹۷

* هاروت و ماروت: دوو فریشتە بوون، خەڵکیان فێری جادوو دەکرد. خواش غەزەبی لێگرتوون و لە بیرێکا سەرەوخوار هەڵیواسیوون. هەردەم تینوو بوونە، بەڵام دەمیان نەگەیشتووە بە ئاوی بنی بیرەکە. ناویشیان لە قورئان هاتووە.

سێ پارچه شێعر:

**ع. راد**

## سوژده دەبەم

لەوکاتەوە چاوەکانم
خەونی سەوزی لوتکەیان بینیوە
لەو دەمەوە یەخسیرانی ولاتەکەم
بەرەو قەلا ملیان ناوە
لەو ساتەوە، گریانی شەو
دەنگی زنجیر، نالەی یەخسیر
پەردەی گوێمی لەراندەوە
سوژدەم نەبردووە
نە بۆ ئاسمان، نە بۆ زەوی
بەلام ئێستا
ئەوینی پاک سوژدە دەبا
بۆ چاوی تۆ.

## زام

من لە ئاستی شەرمەزاری
ئەم پاییزە
دەدانی ڕقێکی بێ بەزەییم
بە گورلیچلەی تەماویم داگرتووە
مێژووم ڕەوە ئەسپێکی سرکە و
یالی ئەسپم
قەفی زامەکانی خۆمن
هاتن...
هاتن، لەو سەرەوە هاتن
تاپۆی مەرگێکی لەعنەتی
لە ناوچاوانیان دەبارێ
پاییز و مەرگ، دەستەی خوێنکار
چوارتوێی زامەکانیان کۆلیم
کە هەر خۆمم،
زام هەر خۆمم. ڕاز هەر خۆمم
بۆ خۆم خەنجەری تاوانباریم داتاشیوە.
تاپۆی ڕەشی مردنێکی تر، بەر لە مێژوو
پاش لە مێژوو، مێژووی ونم
بۆ خۆم، بۆ خۆم
بە دەستی خۆم
کردوومەتە کۆلەپشتی
ئەم پاییزە نەگبەتەیە.
خوێن.. کار خۆمم، شەرمەزاری
ئەم پاییزە سارد وسڕە
تەمی مەیتێکی هەلگرتوو
بە شانەکانی خۆم، هەر خۆمم
پاش سەلادان
پێش یەکەم بانگی کەلەشێر
لە چوارتوێی دەروونم دەڕوانم و
بە سەیرێکی رازوێنەوە
تێدەگەم
کە ریسوا بوو وون ئەمجارە
ئاه... کە ریسوا بوو وون ئەمجارە

## وەنەوشەزار

چوار دەورمان داییرەییێکی نامۆیە
زۆرجار هەیە بە دوای چارەنووسی خۆتدا
بە دەوری ئەم دایرەدا دەخولێیتەوە و
بەرەو تەنیایی سروشت و ئاسمانی بێ روح
دەچی
جاریش هەیە وەنەوشەزاری ئەم خاکە
دەگەلتا پێدەکەنن و
میوانی روحی سەرکێشتن

دەست بەرمەدە
لە کاتێکدا، ژیان
لە بەر دەرگا چاوەڕێتە و
دلداری هەمیشە زیندوو بانگت دەکا
نا، هەرگیز دست بەرمەدە.

+++

## پاکبوونەوە

**تیشکە محەمەدپوور**

ئەمە بارانە
یان لێزمە فرمێسکی دایکمە
گوناهەکانی جەستەم دەشواتەوە
جەستەم شەلالی گوناه و
ڕوحم لێوالێو لە تاوان
دەفری دلم پڕە لە هەوەسی پیاوە نەوسنەکان
نیگام لێوڕێژە لە ڕوانینی قەدەغەکراو
دەستەکانم کون... کون بوون
بە بزماری پەنجەکانیان
لێوەکانم شیتال... شیتال بوون
بە زەبری ماچەکانیان.

ئەمە زریانە
یان هەناسەی خوا
پەلەکانی سپێتی ژیان دەسڕێتەوە
لێوەکان چەند درۆزنانە دەجولێن
زمان چەند بە بێ شەرمی دەدوێ
نیگاکان چەندە کوێرن لە بینین دا
کە ناتوانین
مەودای نێوان بوون و نەبوون
بدۆزینەوە
کە ناتوانین لە گوناهەکان پاک بینەوە.

٩٨/١٠/١٦

کورتە چیرۆک:

# سڵاو ئەستێرەکان!

## ف. تووسی

وەرگێڕانی: **جەعفەری شێخولئیسلامی**

بەیانییەکی ساماڵ و فێنک، کاتێ کە هەموو بەردەکان لە خەوێکی قورس دابوون، هاوارێک هێمنایەتی دەشتی شەمزاند:

«بڕوانن! تێفکرن! کوتێکی خۆر بەربۆتەوە!»

بەڵام کەس وەخەبەر نەهات.

بەردەسپی دیسان هاواری کرد: «بڕوانن، هۆوەتا.» دەستی بۆ لایەکی دەشتەکە راداشت.

بەدوای ئەودا، بەردێکی تر کە تازە لە خەو هەستابوو هاواری لێ بڵیند بوو: «ئەی هاوار! راست دەکا! کوتێکی خۆرە، چۆن دەدرەوشێتەوە!»

هەموویان خەوەکەیان ڕەوی.

بەردەکانی تر، یەکە یەکە لەخەو هەستان. لەو لایەی کە بەردەسپی دەستی بۆ رادەداشت خورد بوونەوە، تاوەکوو کوتە خۆرەکە ببینن.

گاڵ و بوغیان تێکەوت. ماتی و بێدەنگی نەما.

یەکێک دەیگوت: «من دەیبینم، چەند جوانە!»

ئەویدیکە دەیگوت، «چاو، چاو! چۆن دەترووسکێتەوە!»

بەردێک گوڕاندی، «بێدەنگ بن! خەریکە هەڵدەستێ!»

هەموو بێدەنگ بوون.

کوتە خۆر بە هەرا و هوریای بەردەکان وەخەبەر هات. چاوەکانی گوشی. ڕوانییە دەور و بەر. بەردەکان دەورەیان دابوو. بە سەیرەوە چاویان تێبڕیبوو. لە سەرەتا دا هەندێک پەشۆکا، کۆخی. بەردەکان هەندێک کشانەوە. کوتە خۆر سڵاوی کرد. بەردەکان مته‌قیان لێوە نەهات. دیسان سڵاوی کردەوە. ئەوجار، بەردێکی گەورە کە لێی نزیک بوو بە دەنگێکی بۆڕ گوتی:

«سڵاو ... تۆ چەند ڕوون و ترووسکەداری! ناوت چییە؟! لە کوێوە دێی؟»

بەردەکانی تر غیرەتیان وەبەرهات و، نزیکتر بوونەوە. کوتە خۆریش هەندێک بەخۆداهات و گوتی:

«من ناوم ئەڵماسە. لە ژێر هەردەوە هاتووم.»

بەردەگەورە گوتی: «زۆر سەیرە! تۆ کە ئاوا دەدرەوشێیتەوە، چۆن لە دنیای تاریکی ژێرخاکەوە هاتووی؟» کەمێکی بیر کردەوە و دیسان گوتی، «نا ... بێشک تۆ کوتێکی خۆری!»

ئەڵماس پێکەنی و گوتی: «ئێوە بە هەڵە چوون؛ من کوتە خۆر نیم.»

بەردەگەورە پرسی: «ئەدی بۆ وەکوو خۆر دەترووسکێیتەوە؟ ئەوجار، ئەدی چۆن توانیت لە ژێر خاک بێیتە دەر؟»

ئەڵماس، کە دەستی بۆ لای زەوی درێژ کردبوو، گوتی:

«من بەو گەرما و تینەی کە خۆر لە دڵی خاک دا بەجێی هێشتووە پەروەردە بووم. ئێستاش کە لە دنیای تاریکی خاک دەرباز بووم، بە تیشکی ئەو دەدرەوشێمەوە.»

یەکێک لە بەردەکان کە دوورتر راوەستابوو، بڵیند هاواری کرد، «ئێمە تێناگەین تۆ دەڵێی چی؟»

ئەڵماسیش دەنگی هەڵێنا و وەڵامی داوە:

«ئێمشەو، چەند دۆستی دیکەم دێنە سەر زەوی. ئێوە دەتوانن سەیری هاتنی ئەڵماسەکان بکەن.»

یەکێکی تر پرسی: «ئەوانیش وەکوو تۆ ڕوون و ترووسکەدارن؟»

ئەڵماس سەری راژاند و وەڵامی داوە: «ئەرێ، هەمووی ئاوان، یەکیان لە منیش گەش و ڕووناکترە. ئەوان برادەری چاک و باشی منن. زۆرم خۆش دەوێن.»

بەڵام بەردەکان بەقایان نەدەکرد. ئاخری لێ بڕان کە نیوەڕۆکەی بنوون، تاکوو شەو بەخەبەر بن و سەیری هاتنی ئەڵماسەکان بکەن.

بەرەبەری بەیانی بوو. بەردەکان هەر بەخەبەر بوون. چاوەڕوانی هاتنی ئەڵماسەکان بوون. لەناکاو، دەنگە دەنگێکی سەیر لە ژێر هەردەوە هات، ترسیان رێ نیشت. ئەڵماس کە دەیزانی چ باسە، لەسەرەخۆ گوتی:

«مەترسن، هیچ نییە، دەنگە دەنگی ڕەژییەبەردینەکانە؛ ئەوان خەریکن برادەرەکانم لە دنیای خۆیان وەدەر دەنێن.»

بەردێک کە لە ترسان سپی هەڵگەڕابوو، پرسی:

«ئەی بۆچ کاتێ تۆ هاتی دەنگە دەنگ نەدەهات؟»

ئەڵماس وەڵامی داوە: «ئەودەم هەمووتان خەوتبوون.»

دوای چەند دەقیقەیەک، سێ ئەڵماسی ڕوون و ترووسکەدار، لەبەر چاوی حەپەساوی بەردەکان، سەریان لە خاک وەدەر نا. دەم و چاویان بریقەی دەهات. بزەیەکی شیرینیان لەسەر لێو بوو. یەکەم ئەڵماس ئەوانی دیکەی لە ئامێز دەگرت و پیرۆزبایی لێدەکردن. لە خۆشیان چاویان پڕ ببوو لە ئاو. زوو زوو چاک و خۆشیان دەکرد. پاش ئەوە کە چاک و خۆشی تەواو بوو، یەکەم ئەڵماس پرسی:

«ئەدی برا گەورەکەمان کوا؟ بۆ نەهات؟!»

یەکیان وەڵامی داوە: «ئەویش لە رێ دایە، نیگەران مەبە!»

دوای چەند دەقیقە، ئەڵماسێکی لە هەموان جوانتر و ڕوونتر و گەشتر، سەری لە خاک دەرێنا. بەردەکان زەق چاویان تێبڕی؛ بەڵام بێ ئەوەی بڕوانێتە دەور و بەر، دەستەکانی بۆ لای ئاسمان بەرز کردنەوە و بە دڵ هاواری کرد:

«سڵاو ئەی دنیای گەورە! سڵاو ئەستێرەکان! جێمان بۆ بکەنەوە؛ چونکە بەو زوویانە دێینە لاتان.»

بەردەکان چەپڵەیان بۆ لێدا. سروودێکیان دەزانی، کە تەنیا جارێک بۆ بەردێکی لە ئاسمان باریویان گوتبوو، بە باشیان زانی دیسان بۆ ئەمەشی بڵێن. لە دوای تاوێک هەموو دەستیان بە گوتن کرد. دەنگیان دەگەیشتە ئەستێرەکان؛ تەنانەت خۆریش کە لەو لای زەوی بوو، دەنگی دەبیستن.

میوانداریيەکی گەرم لە ئەڵماسان کرا. بەردەکان دەورەی میوانەکانیان گرتبوو؛ هەندێکیان دەستیان لە ئەستۆ کردبوون. هەرکەسەی گۆرانییەکی زانیبا بۆی دەگوتن. بەردەکان ئەوەندەیان چەپڵە لێدا و گۆرانی گوت هەتا شەکەت و ماندوو بوون. یەک یەکە هەر لەجێوە خەویان لێکەوت. دوای ماوەیەکی کەم، دیسان بێدەنگی بەسەر دەشت و چۆڵ داکشا. ئەڵماسەکانیش مات بوون، تاکوو گوێ بۆ سروودی نەرمی شنەبا هەڵخەن.

سۆزی، بەردەکان لە ئەڵماسەکانیان داوا کرد کە بەسەرهاتی ژێر زەوییان بۆ بگێڕنەوە؛ یەکەم ئەڵماس ئامادە بوو کە حەکایەتی گەش و ڕۆشن بوونیان بگێڕێتەوە. بەردەکان سپاسیان کرد، هەریەکەی لە قوژبنێک مەڵاس ببوون، هەتا بەسەرهاتی بوونە ئەڵماسی دۆستەکانیان ببیسن. بەردە بچووکەکان کە زۆریان حەز لە چیرۆک و حەکایەت دەکرد هاتنە پێش، گەورەکانیش جێگایان بۆ کردنەوە.

ئەڵماس چاوی بڕیە ئاسمان و دەستی کرد بە گێڕانەوە:

"یەک میلیۆن ساڵ لەمەوبەر، هەر لەم دەشتە دا کە ئێوەی لێدەژین، لێڕەوارێکی گەورە هەبوو. هەرکام لە ئێمەش کوتێکی بچووک لە دارەکانی بووین. شەوێکی تۆف و دژوار، بوولەرزەیەکی بەسام تەواوی زەوی راتڵەکاند؛ زەوی قەڵشێکی گەورەی تێکەوت. تەواوی لێڕەوار، بە هەموو دار و ماڵاتیەوە، بەو قەڵشە دا رۆچوو، ئێمەش رۆچووین. ئیتر ببڕای ببڕای پرشنگی خۆر و ئەستێرەکان ئاسەواریشیان نەما. بۆ هەر لایەک دەمانڕوانی، تاریکایی و رەشایی بوو. ساڵەکان تێپەڕ بوون و ئێمە پتر رۆچووین؛ ئەوجار چاومان خووی بە تاریکی گرتبوو، رەنگی سەوزمان رەش هەڵگەڕابوو. دنیای ژووروومان لەبیر نەمابوو، جگە لە خاک، جێگایەکی دیکەمان نەدەناسی. ئیتر کەس نەبوو باسی رەنگی شین و کەوەی ئاسمان بکا. ناوی مانگ و ئەستێرەکانمان بۆ نامۆ ببوو، تەنیا شتێک کە دەماننناسی هەر خاک و خۆڵ بوو؛ تەنیا خاک و خۆڵ.
ئەو رەژییەبەردینانەی کە بەر لە ئێمە هاتبوون شێوەی ژیانی دنیای ژێر عەرزیان فێر دەکردین؛ پێیان دەگوتین کە چۆن لە تەوژمی خاک کەم بکەینەوە: فێریان دەکردین کە چۆن دەور و بەرمان پاڵەپەستۆ دەین و جێگایەکی زۆرتر بۆ خۆمان بکەینەوە.
منیش وردە وردە فێر دەبووم خۆم بکەم بە رەژییەبەردینە؛ بەڵام، راستییەکەتان بوێ، زۆر لەخۆم رازی نەبووم. جار و بار ژیانی دنیای ژووررو وەکوو تیشک لە بیر و زەینم دا دەدرەوشاوە؛ بەڵام ئەوەندەی لێ دوور بووم کە هیچم وەبیر نەدەهاتەوە. زۆرتر بیرم لە خاک و دەستەبرا و دۆستانی دنیای خاکینەم دەکردەوە. بەتایبەت لەو کاتەوە چیرۆکی «ئەڵماسەکان»م بیستبوو، قەت حەجمینم نەبوو، ئۆقرەم نەدەگرت. رۆژێک کە لە کەلێنێکی تەنگەوە دەچوومە خوار، تووشی حەوت هەشت دانە رەژییەبەردینە بووم. ئەوان کۆ ببوونەوە و باسی رۆشنبوونیان دەکرد. لێیان نزیک بوومەوە. کە منیان دیت، متەقیان لەخۆیان بڕی و بێدەنگ بوون. گوتم: «تکا دەکەم درێژە بە قسەکانتان بدەن با منیش تێ بگەم دەڵێن چی.»
یەکیان گوتی: «ئێمە باسی ئەڵماسمان دەکرد؛ تۆ ئەڵماسەکان دەناسی؟»
گوتم: « تا ئێستا نەمدیون؛ بەڵام زۆر شتم لێ بیستوون.»
ئەو گوتی: «بەڵام ئێمە ماوەیەک لەمەوبەر ئەڵماسێکمان دیت. نازانی چەند جوان و ڕوون بوو! رەژییەبەردینەکان خەریک بوون وەدەریان دەنا، ئێمە گوێمان لە قسەکانی بوو کە دەیگوت: «ئێوە رەژییەبەردینەکان، ژینی خۆتان بە فیڕۆ دەدەن؛ ئێوە دەتوانن جوان و گەش بن؛ بۆ تەنبەڵیی و تەوەزەلێ دەکەن؟» بەڵام رەژییەبەردینەکان نەیانهێشت قسەکانی تەواو بێ؛ زۆر بە تووڕەیی وەدەریان نا. ئێستا کە تۆ هاتی، ئێمەش باسی ئەومان دەکرد؛ تۆش ئەگەر پێت خۆش بێ، دەتوانی دابنیشی و گوێ هەڵخەی.»
منیش دانیشتم و گوێم بۆ گرتن. لەوکاتەوە، شەو و رۆژ کارمان ئەمە بوو. جاروباریش وەڕێدەکەوتین. لەوانەی کە زۆرتریان دەزانی و شارەزاتر بوون، شتی نوێتر فێر دەبووین.
ئاخرێکەی رۆژێک بڕیاری خۆمان دا کە ئێمەش ببینە ئەڵماس. یەکێک کە دەتوانێ ببێتە ئەڵماس، بۆ دەبێ هەر رەژی بمێنێتەوە؟!
یەکەم کارمان ئەمە بوو کە بەرەو قووڵایی زەوی وەڕێ بکەوین. بارگە و بنەمان تێکنا و وەڕێکەوتین. رەژییەبەردینەکانی دیکە کە دەیانزانی دەڕۆین تاوەکوو ببینە ئەڵماس، ئێرەیی و بەخیلییان پێ دەبردین. چونکە نەیاندەتوانی لەگەڵمان بێن، دەیانداینە بەر تەوس و توانجان و گاڵتەیان پێ دەکردین. یەکەم گیروگرفتی ئێمە هەڵبژاردنی ڕێگا بوو. من گوتم: «ملی ڕێگایەک بگرین و سەربەرەژێر داگەڕێین. ئەگەر بە هەڵە چووبووین دەگەڕێینەوە، دەنا ئەوە بەرینادەین و دەچینە خوار.» لێیان سەلماندم.
ڕێگایەکمان هەڵبژارد و وەڕێکەوتین. ڕێیەکە زۆر تاریک بوو. ئەو رەژییەبەردینانەی کە لەو دەو ر و بەرانە دەژیان، وشک و مۆن و رووگرژ بوون. کە شتێکمان لێ دەپرسین، بە بۆڵە بۆڵ وەرامیان دەدایینەوە. دیار بوو، حەزیان لە ئێمە نەدەکرد. چاوەنواڕی هەل و دەرفەتێک بوون کە عەزیەت و ئازارمان بدەن. رۆژ و شەو تێدەپەڕین. ئێمە هەر وا بەو ڕێگا تەنگ و تاریکە دا دەچووینە خوار. رۆژێک هاوڕێیەکمان کە لەبەر تەنگەبەریی و تاریکی ڕێگاوە وەڕەز و ماندوو ببوو، گوتی:
«ئێمە لاڕێ هاتووین. من چیدیکە نایەم.»
یەکیان گوتی: «هێندێک لەسەرەخۆ بە! جارێ ئەوە سەرەتای ڕێگایە؛ راوەستە با هەندێکی دیکە بڕۆین.»
بەڵام ئەویش و چەند کەسێکی تریش قسەکەیان لێ نەسەلماند و وێکڕا گوتیان: «چیدیکە لە گەڵتان نایەین؛ ئێمە ڕێگاکەمان دەگۆڕین.»
زۆر سەیرمان بەسەر هاتبوو. ئێمە پێنج کەس دەمانەویست هەر بڕۆین؛ ئەوانی دیکە نەیاندەویست بێن. زۆرمان دواندن؛ بەڵام ئەوان هەر لەسەر قسەی خۆیان بوون. گەرەکیان بوو ڕێگاکەیان بگۆڕن. ئاخریەکەی، ناچار لێک بڵاوبووین. هاوڕێکانمان جوێ بوونەوە و لە قەڵشێکی گەورە دا بزر بوون.
لێک هەڵبڕانی دۆستان زۆر ناخۆشە. من بۆیان بە پەرۆش بووم. ئەمجار هێزەکەمان نیوە ببوو، دوژمن و نەیارەکانمان هەموو کارێکیان پێدەکرا. هەر لەو بیرانە دابووم کە لە ناکاو هات و هاوارێکی زۆرمان لە نێو قەڵشتەکەوە بیست. بە پەلە دەرپەڕین و چووینە نێو قەڵشتەکە. چیوا نەڕۆیبووین کە چاومان بە دیمەنێکی ناخۆش و دڵتەزێن کەوت. رەژییەبەردینەکان بە دەرفەتیان زانیبوو، گەمارۆیان دابوون و تەنگەتاویان کردبوون. دەماندی کە چۆن هاوڕێکانمان ورد و خاش دەبوون و لە نێو رەژییە بەردینەکاندا ون دەبوون. چمان پێ نەدەکرا. من نەمتوانی خۆ رابگرم، فرمێسکم هاتنە خوار. رووم وەرگێڕا هەتا ئەوانی دیکە ئەسرینم نەبینن. هەرچەند کە ئەوان بەجێیان هێشتین، بەڵام برادەری چاک بوون.
ئەوجار ئیدی رەژییە بەردینەکانم زۆر ناخۆش دەویست، ئەگەر لە دەستم بهاتایە، گەورەکانیانم دەپلیخاندنەوە. هەموو ئازای بەدەنم گەرم داهاتبوو. وڕ و کاس ببووم؛ دەلەرزیم. لە رقان مستم چووچاند و توونـد بە دیوارم دادا. کوڵی گریانم پتر هەستا. بردەرەکانی دیکەم رایانکردە لام و دەستیان گرتم. کە رووم وەرگێڕا و چاوم لێکردن، هەموویان دەگریان، فرمێسکی رەش و گەشیان رەشاییەکانی لەشیانی دەردەدا. تەمایان گرت، دیسان وەڕێکەوین. بارگەو بنەمان تێکنا و وەڕێکەوتین. لە ڕێگا دا، بە یادی دۆستانی لەدەست چوو، سروودی ماڵاواییمان دەگوت.
پێچێکی توندمان لە پێش بوو. کە بامان داوە، لە ناکاو تەواوی ڕێگاکانمان بە تیشکی جوانی رزگاریی ڕووناک بوو. ئیتر ئاسەوارێک لە تاریکییەکانی ڕێگا نەما. لە خۆشی دیتنی ئەو تیشک و نوورە پێمان وە هەردی نەدەکەوت، ئەوی دەمانگوت نەماندەگوتەوە. تەواوی کوێرەوەری و تاڵیی و سوێریی رابردوومان لەبیر چۆوە. ئیدی دڵنیا بووین کە ڕێگامان هەڵە نەکردووە و راست هاتووین. ئەوجار خێراتر دەڕۆیشتین. هەتا پتر دەچووینە خوار، تەوژم و گەرما زۆرتر دەبوو؛ بەڵام تاسە و ئاواتی بوونە ئەڵماس دڵی ئەوەندە بەهێز کردبوین کە لە هیچ بەرهەڵستێک نەدەترساین و نەدەپرینگاینەوە. رۆژ بە رۆژ دڵ و هەناومان پاک و خاوێنتر دەبوو، چاکتر دەپاڵێورا. ئێمە ئیدی تێ گەیشتبووین کە چۆناوچۆن دەبینە ئەڵماس. ئەوجار ئیدی ئەوەمان دەزانی: هەرکەس بیەوێ لە رەژییەتیەوە ببێتە ئەڵماس، دەبێ پاک و بێ گەردی خالیس بێ.
دوای ماوەیەک خۆمان لە قووڵترین شوێنی زەوی دا مەڵاس دا. تەوژم و گەرما لەوەی دا نەمابوو. ئەو رەژییەبەردینانەی کە بە ناچاری

لەوێ دەژیان کەوتبونە تەنگانەوە و پشوویان سوار ببوو. ئەوان لەبەر تەوژم و گەرمای زۆر خۆیان رادەگرت، بەڵام نەدەکرا ببنە ئەڵماس. دڵرەشی و تاریکایی زۆر سۆمایی لە چاویان بڕیبوو.

وردە وردە بەخۆدا دەهاتین. رۆژ بە رۆژ قایمتر و پتەوتر دەبووین؛ رەشاییەکانمان لێ دەچۆڕایەوە و رەنگمان رۆشن و گەشتر دەبوو. دوای چەند ساڵان، ئیتر خاڵی رەشمان پێوە نەما. ئێمە ببووینە ئەڵماس.

کە بووینە ئەڵماس، تەمامان گرت هەر لەوێ، لە نێو رەژییەبەردینەکاندا، بمێنینەوە. هێند قایم ببووین کە ئیتر تەوژم و گەرمای زۆر ئازاری نەدەداین، بەڵام زگمان بە رەژییەبەردینەکان دەسووتا. داوامان لێ دەکردن رەشایی لە خۆیان دوور خەنەوە و ببنە ئەڵماس. بەڵام ئەوان ئەوەندەیان خوو بە تاریکیی و رەشایی گرتبوو کە بیرکردنەوە لە تیشکی خۆریش تووشی چاونێشەی دەکردن.

رۆژێک رەژییەبەردینەکانمان کۆ کردەوە، تاوەکوو ئەوەی فێری ببووین، بۆیان بگێڕینەوە. کەمیان هاتبوون. کاتێک کۆ بوونەوە، ئەڵماسە گەورە سەری قسانی کردەوە و گوتی،«برایان رەنگە ئێوە لەبیرتان نەبێ. بەڵام من لە یادمە. بەر لەوە کە بێینە دنیای خاکینە، لە شوێنێکی خۆش و دڵڕفێن دەژیاین. دەستەبرامان زۆر بوو، وەکوو مامز و سمۆرە؛ تا ئەو دەمەی کە ئەو بوولەرزەی شووم و بەدفەڕ ئێمەی رۆهێشتە بنەبانی زەوی. ئێمە دیسان بۆ ئەو دنیا دەگەڕێینەوە. ئەگەر گەرەکتانە لەوێ بە خۆشی بژین، باشترە ئەڵماس بن. بۆ بوونە ئەڵماسیش ئەوەندە بەسە کە رەشاییەکانی خۆتان فڕێ دەن. لە دنیای ژووروو، ئەوانەی کە بوونە ئەڵماس لە جێگا و شوێنی جوان و دڵگر دەژین، بەڵام ئەوانەی کە هەر رەژی ماونەتەوە لە سۆبەکان دا دەسووتێن و دەبنە خەڵووز، ژیلەمۆکانیان بە با دەکرێن و ئیتر چیان لێ نامێنێتەوە.»

یەکێک لە رەژییەبەردینەکان پەڕیە نێو قسەکەی و زۆر بە روقایمی گوتی، «بە تۆ چی، چت لە ئێمە داوە؟ ئێمە هەر نامانەوێ ببینە ئەڵماس. ئەتۆ بڕۆ وەشوێن کاری خۆت کەوە، ئێمە بەو قسانەت فریو ناخۆین.»

بەمجۆرە، لەباتی ئەوە کە چەپڵەی بۆ لێدەن و بارەکەڵڵای پێ بڵێن، پشتیان تێکرد و هەندێکیشیان کە بێ حەشر و ئەشرتر بوون، گاڵتەیان پێکرد.

بەو دیمەنە زۆر تێکچووین. ماتی دایگرتین. لە قووژبنێک هەڵترووشکاین. رەژییەبەردینەکانیش یەک یەک و دوو دوو رۆیشتن. لەو رۆژەوە ژیانمان سەخت و تووشتر بوو. رەژیگەل حەزیان دەکرد گەشیی و رۆشنی خۆمان لە کیس بدەین، چونکە تروسکەی درەوشانەوەی ئێمەیان دە چاو دەچەقی و چاویان دەهاتە ژان، ئەوان چاویان بەرایی نەدەدا ئێمە ببینن. لە هەل و دەرفەتێک دەگەڕان کە ئێمە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە.

شەوێک بێ خەیاڵ نوستبووین. لەپڕ هەرا و هوریا بڵیند بوو. لە خەو راپەڕین. رەژییەکان دەورەیان دابووین، دەیانەویست نەمانهێڵن. دەسبەجێ بۆ بەربەرەکانی و پاراستنی خۆمان راست بووینەوە. ترس لە چاوەکانیان دەباری. ئەوانەی کە نزیکتر بوون، نەیاندەوێرا بێنە پێش، بەڵام پاڵەوپەستۆی ئەوانی پشتەوە بە ئێمەوەیان نووساندن؛ بە تەواوی هێز و تواناوە پاڵیان پێوە دەناین، بەڵام نەیاندەزانی کە ئەڵماس لەوان قایمترە. هەتا پتریان پاڵ پێوە دەناین بۆخۆیان باشتر ورد دەبوون و دەکەوتنە لاوە. کە دیتیان دەرەوەستمان نایەن، رقیان هەستا و تەوژمیان زۆرتر کرد و توندتر پاڵیان پێوە ناین. بەم رووداوە، بە تەواوی دڵسارد بووین. تەمامان گرت یەکە یەکە لە دنیای ئەوان دەرباز بین و بەجێیان بێڵین. یەکێک خۆی حەز نەکا ببێتە ئەڵماس، کێ دەتوانێ بە زۆر بیکا؟ لە پێشدا من بەرەو ژوور هەڵگەڕام. لە بەشەکانی جۆراوجۆری زەوی تێپەڕیم. گوێم لە دەنگی رەژییەکان دەبوو کە پاشملانە بە پێکەنینەوە دەیانگوت، «یەکیانمان کوشت، ئەوجار نۆبەی چوار دانەکەی ترە.»

ئەوان پێیانوابوو منیان کوشتووە؛ بەڵام من لە دڵی خۆمدا پێیان پێدەکەنیم. ئەوەندە بەرەو ژوور هەڵگەڕام هەتا گەیشتمە رووکاری زەوی. ئەوانەی دیکەش، هەروەکی خۆتان بینیتان، رۆژێک دوای من هاتن؛ ئێستاش هەموومان لە لای ئێوەین. من دڵخۆش و کەیف سازم، چونکە رێگایەکم لە زەوی دا کردۆتەوە، تاوەکوو ئەو رەژییانەی گەرەکیانە ببنە ئەڵماس پێی دا داگەڕێن.»

یەکەم ئەڵماس کە ئەختێک تێکچووبوو، بێدەنگ بوو. بەردەکانیش کەوتنە بیر کردنەوە.

ساڵەکان تێپەڕین. بەردەکان خوویان بە ئەڵماسەکان گرتبوو. هەموو بەیانیان لە دەوریان کۆ دەبوونەوە. گوێیان بۆ چیرۆک و حەکایەتەکانی زەوی هەڵدەخست و زۆر شت فێر دەبوون. هەتا ئەوەیکە، بەیانییەکی سارد، کاتێک لە خەو هەستان، ئەڵماسەکانیان لە جێی خۆیان نەدیتەوە. یەکێک کە دوای ماوەیەکی زۆر، چەند دۆست و برادەران پەیدا دەکا و خوویان پێدەگرێ، ئەگەر لە بەیانێکی سارد دا بزانێ نەماون، بێ شک کوڵی گریانی هەڵدەستێ. خۆری ئەو رۆژە بۆ بەردەکان هیچ جوان نەبوو. بە درێژایی رۆژ، کش و مات بوون و کەس وازی نەبوو قسە بکا. رۆژێکی ناخۆشیان رابوارد. بەر لە تاوپەڕان نوستن.

شەودرەنگانێک، دیسان هاوارێکی بەرز بێدەنگیی دەشتی شکاند: «چاو، چاو، بڕوانن! ئەڵماسەکان لە هەوو سەرەن! هەر پێنجیان! خوایە گیان! ئەوان بوون بە ئەستێرە!»

بەردەکان بە شڵەژاوی لە خەو راپەڕین. چاویان بڕیە ئەو لایەی کە بەردەکە دەستی بۆ رادەداشت. راستی دەکرد، پێنج ئەستێرەی گەش و ترووسکەدار، لەوێ سەرێ، لە نێو ئەستێرەکانی دیکە دەدرەوشانەوە. ئەجار لە قسەی ئەڵماسەگەورە تێگەیشتبوون کە دەیگوت:

«ئێمە ناتوانین لە شوێنێک بمێنینەوە؛ ئێمە ئەڵماسەکان ئۆقرە ناگرین و ناسرەوین. ئێستا کە لە ژێر زەوی دەرباز بووین، دەبێ دیسانیش بەرەو ژوورتر بچین؛ دنیا ئەوەندە پان و بەرینە کە هەرچەندی بڕۆین ناگەینە دواییەکەی.»

هەر لەو شەوەڕایە کە ئیتر بەردەکان خەویان لە چاوان رەویوە. ئەوان، هەموو شەوێ، بە تاسەی دیتنی ئەڵماسەکان، چاو دەبڕنە ئاسمان و هەندێکیان دەپرسن: «بۆ مەگەر رەژییەکان چەندەیان ئەڵماس وەدەر ناوە کە ئاسمان ئاوا لە ئەستێرە ژاوەی دێ؟!»

تێبینی: هاوینی ١٣٦٢ (١٩٨٣) لە تاران کتێبێکی چیرۆک بۆ منداڵان وەبەر دڵم کەوت. لە فارسییەوە وەرمگێڕاوە سەر کوردی. بردمە لای مامۆستا هەژار، ئەویش بە میداد دەستی تێوەردا و هێندێک شتی لێ زیاد و کەم کرد. دوای ماوەیەک بردمە لای مامۆستا هێمن، لە مەهاباد، ئەویش هەر لە سەر دەستێوەردانەکەی مامۆستا هەژار پێیدا هاتەوە و ئیدیتی کرد.

ئەم بەرهەمە بچووکەش، وەکوو زۆر شتی دیکە، هاوڕێی کۆچە ناوەختەکەم نەبوو، لە خوناوەی کەوییەبەفری ئاستانگەهارەش لێوی تەڕ نەکرد و، بە مۆنەی پۆلیسی تورک دڵی پەڕەوازەی دانەخوڕیا. لە هەندەران هاتە لام و چاومی بە جێ پەنجەی هەژارهێمن روون کردەوە.

لەم کارە بچووکە دا دوو دەسکەوتی مەزنم هەبوو. یەکەم، کاتێ مامۆستا هەژار لە چاککردنی ئەو چەند دێڕە بۆوە، پرسیم کە پێی چۆنە. گوتی: «من لە لایەنی ئەدەبی و زمانییەوە دەستم تێوەرداوە. بۆ چۆنیەتییەکەی، تۆ دەبێ بۆ منداڵە کوردێکی بخوێنیتەوە و بزانی ئەو دەڵێ چی. ئەگەر تێتگەیشت ئەوە کارەکەت باشە، ئەگەر نا، هەڵەیەکی تێدا.» دەسکەوتی دووهەمیش، ئەم چەند دێڕەی مامۆستا هێمن بوو کە لە کۆتاییدا نووسی: «دیسان پاکنووسی بکەوە و بیر بکەوە لەباتی گەش وشەیەکی باشتر بدۆزیەوە کە من بە بیرم دا نەهات. بەڵام زۆر بە ئازایەتی دەڵێم وەرگێڕانێکە لە ئەسڵ باشترە، ئەسڵەکەی راستە نێوەرۆکی باشە، ئەمما زۆر رەق و تەقە. هەر لە گەش و ڕوون دوودڵ بە. دەنا، رەژییەبەردینە سەگی وەک خەڵووزە.»

تەنز:

# دوایین حەمام

قاسم ڕەیانی

**بە**یانی ڕۆژێکی هەینی دایکم بە هەرا و قیژە لە خەوی شیرنی ڕاپەڕاندم.

ـ هەستە ڕۆڵە ڕۆژ درەنگە! ئاخر ئەوە لینگی نیوەڕۆیەیە.

دایکم دەستی هەڵنەگرت و بەردەوام هەرای دەکردم، کە سەرم لە ژێر لێفە هێنادەر و ڕوانیمە دەوروبەرم، دیتم نەک هەر نیوەڕۆ نییە، بەڵکوو تازە تیشکی خۆرەتاو لە وڵاتی داوە. لە ئاست خۆمەوە سەرم لە ژێر لیفەکە ناوەو خۆم مڵاس کرد، ئیتر کە دایکم دیتی هێندە هەراکردن و لەبەرپاڕانەوە سودی نەداوە بە جاڕزی هاتە سەرم و لێفەکەی لە سەر لادام وبە توندی حوکمی لێکردم و گوتی:

ـ ڕۆڵە دەهەستە! ڕۆژ درەنگە، ئاخر دەبێماڵێ خاوێن کەمەوە و هەڵیوەژێرم، چێشتی لێنێم و بچینە حەمامیش. ئەو کابرایە ماندوو مردوو لە کار دێتەوە خۆ دەبێ شتێک هەبێ لە پێشی دانێم.

دایکم هێمن بۆوە و بۆ ئەوەی خەو لە چاوانم بڕەوێنێ درێژەی بە قسەکانی دا:

ـ دەهەستە دایکت دەبەرمرێ، غیرەتێ وەبەر خۆت بنێ و هەستە سەر پێ با نوێن و بانەکەت کۆکەمەوە.

گوتم:

ـ من نایەمە حەمامێ، ئەویش لەگەڵ تۆ، لەگەڵ باوکم دەچم.

هێندێک خۆی لێ توڕە کردم و وەڵامی دامەوە:

ـ نایەمی چی؟ نەتدیوە هەر خۆت هەڵدەکڕێنی! ئیشەڵا گول دەبی، هەفتەیەکە ئاوت وە لەشی نەکەوتوە... ئای ئای... جا بزانە لە نێو خەڵکی ئابڕوم نابەی، خۆ بابیشت وەئەستۆی خۆی ناگرێ، چبکەم؟

پاش مڕخێش مڕخێشێکی زۆر، دایکم بوخچە لەبن هەنگڵدا پیلی گرتم و پاش پێوانی کوچە و کۆڵانێکی زۆر، دە حەمامێی هاویشتم.

کوتە مقەبایەک بە دەرگای حەمامەوە هەڵاوەسرابوو و بە خەتێکی ناخۆش لە سەری نووسرابوو؛ "ژنانە".

سەیر بوو، هەر دەتگوت ئەوە یەکەمجارە دەچمە حەمامی ژنان، لەبەر چاوم هەموو شتێک تازە بوو. شوێنی جلداکەندن، هۆڵێکی گەورە بوو و هەر جمەی دەهات، ژنی وابوو جلی لەبەر خۆی دەکردەوە و هی وابوو خۆی وشک دەکردەوە و هێندێکیش جلیان لەبەر خۆیان دادەکەند. چاوم بۆ نەدەتروکێندرا و هۆشم لە خۆم بڕابوو، یەکبەیەک چاوم تێدەبڕین و بە سەرم دەکردنەوە.

دایکم کە خەریکی جل لە بەر خۆ داکەندنی خۆی بوو، لەپڕ منی هاتەوە بیر و هاتە بن گوێم و ددانی لێ دەچیڕەوە بردم و گوتی:

ـ دە زووبە ئاورتێبەربوو! ئەوە بۆ ئەوڕۆ دەڵێی مستیان لە سەریان داوی؟! زووبە جلوبەرگت داکەنە.

ئاوکێشی حەمام کە نێوی خەجێ بوو، هاتە ژووری جلداکەندن و چاوی بە من کەوت کە وا بە زاری داپچڕاو و چاوی دەرپەڕیوەوە ڕاوەستاوم، وەک ئەجەل هاتە سەرمان و ڕووی لە دایکم کرد و بێ سەرەتا دەستی پێکرد:

ـ ئایارۆ! خۆشکێ ئەو کوڕە تازە لە کوێ بۆ حەمامی ژنان دەبێ؟

پیرەژنێک لەولاڕا هەڵیدایە:

ـ دایکم ئەو پانێرە وەختی ژن هێنانییەتی، شەرع قەبوڵی ناکا.

سەدان چاو مۆڕەیان لێکردین، دایکم زانی شەپکە توندە، ڕووت بوونی منی کردە بیانوو و زلەیەکی توندی لە بناگوێچکەی دام:

ـ هەتیوە سەر زلە، ئەوە بۆچی فۆتەکەت بە خۆتەوە نەگرتووە.

پاشان ڕووی لە خەجێی ئاوکێشی حەمام کرد و بە دەنگێکی وا کە پیرەژنەکەش گوێی لێبێ گوتی:

ـ خۆشکێ چاو لە قەد و قەڵافەتی مەکە، بە تەمەن و ئەقڵ زۆر منداڵە، دەستی چەپ و ڕاستی خۆی لێکناکاتەوە.

خەجێی ئاوکێش قورس و قایم وەڵامی دایکمی داوە:

ـ من پێشی خەڵکم پێ ناگیرێ، تکاشت لێدەکەم بە دەرکردنم مەدە، ئیدی جارێکی دی ئەو کوڕەی بۆ نێرە ناهێنی، خەلاس و بڕایەوە.

دایکم بە پەلەپەل دەستی گرتم و بردمیە ژوورەوە.

هەر کە دەرگای ژەنگاوی ژووری حەمامامان کردەوە هاڵاوی گەرما و بۆنی چڵک و، شۆڕە شۆڕی ئاو، تێکەڵ لە گەڵ گرمە و هەرای ژنان، شاڵاوی بۆ هێناین. حەمام هەڵمێکی وەهای تێگەڕابوو پیاو بەر دەمی خۆی نەدەدیت. لەپڕ هەر وەک بەندییەکی تازە لە بەندی ئازاد کرابێ، خۆم لە دەستی دایکم ڕاپسکاند و بە هەموو هێز و توانای خۆمەوە قیژاندم. بە دوای ئەوەدا قاچێکم هەڵخلیسکا و بەدەمەوە بەرەو زەوی تخێڵ بوومەوە و بەرسەر شتێکی نەرمدا کەوتم، چرکەیک پاشانیش، شڵپەیەکی سەیری وەعەرزکەوتن هات. هێشتا هەڵنەستابوومەوە سەر پێ هەستم کرد یەکێک بە توندی جومگەی دەستی گرتووم. ژنێکی قەڵەو و بەخۆوە بە تووڕەیی و بۆڵەبۆڵ و بە دەم ئێش و ئۆفەوە دەیناڵاند و تووک و دوعای دەکرد:

ـ غەزب لێگرتوو نزیک بوو بمکوژی.

هەتا دایکم گەیشتێ و لەدەستی ڕزگار کردم، بە فۆتەکەی خۆم دوو سێ دانەی چاکی لێدام. دایکم لە ژنەی هاتە پێش و پێی گوت:

ـ ئەوە بۆ وا لەو بستە منداڵی دەکەی؟ هیچ شەرم ناکەی؟ خۆ دنیا خەراپ نەبووە.

بە دەنگ و هەرای دایکم و ژنەکە هەرچی ژنی لە حەمامدا بوو لەدەورمان کەوبوونەوە.

ژنەکە دەنگی لە دایکم هەڵێنا و پێی کوت:

ـ شتێکیشم قەرزدار دەکا، ئەو پیاوە زلەم لێدەکا بە بستەمنداڵ! جا یەکجاری مێردەکەشت لەگەڵ خۆت هێنابا.

دایکم وەڵامی ژنەی داوە:

ـ خۆشکێ ئاگات لە زاری خۆت بێ، جا وەبزانە کوڕی خۆتە.

ژنێک هەڵیدایە:

ـ دەی دەی .... یەکتری بخۆن .... میللەتی خۆخۆر!

خەجێی ئاوکێش خۆی گەیاندە جێ و ئێمەی لەدەست ژنە ڕزگار کرد و بە دایکمی گوت:

ـ یاڵا یاڵا... زوو هەتا هەموو شارت وەسەرنەگێڕاوم، ئەو کوڕەت بنێرەوە ماڵێ.

دایکم بێ ئەوەی وەک جاران چەند دست کێسەو سابونم لێبدا و جیرەبەبام دا، بە تاڵووکە سەتڵە ئاوێکی پێداکردم و بردمیەدەر و جلوبەرگی دەبەرکردمەوە و ماچی کردم و گوتی:

ـ دەسەرت گەڕێم ڕۆڵەگیان، قەیدێ ناکا، ئەوانە ئەقڵیان لە چاویان دایە، گەورە دەبی

لەبیرت دەچێتەوە.

لە هاتنەدەردا دەرگای دەرەوەی حەمامم بە توندی پێکدادا و لە دەرەوەش گەڕامەوە و بە تەواوی هێز و توانام شەپێکم لە دەرگاکە دا. بە دوای ئەوەدا تابلۆکەی بە دەرگای حەمامەوە هەڵاوەسرابوو و وشەی "ژنانە"ی لە سەر نووسرابوو کەوتە سەر هەردەکە.

بە ئاسپایی دەرگاکەم کردەوەو تابلۆکەم لە زەوی هەڵگرتەوە و بەرناوەژوو لە شوێنی خۆی هەڵمناوەسییەوە.


هێشتا هەنگاوێک لەوێ دوور نەکەوتبوومەوە کە پیاوێک بە خۆی و بوخچەی بن باخەڵی لەبەر دەرگای حەمام راوەستا و چاوی لە تابلۆکەی کرد و خوێندییەوە:

ــ پیاو...انە، خۆ شوکر ئەورۆ حەمام پیاوانەیە.

کابرا، بە بزەیەک لە سەر لێوانەوە، خۆی لە حەمام هاویشت.

سالا ــ ١٥/١١/٩٥

***




- نێوی کتێب: چەند وتەیەک سەبارەت بە رووناکبیرانی کورد
- نووسەر: ئیسماعیل بێشکچی
- وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ژ. ئەسپار و ئامەد تیگریس
- پەراوێزنووسین و وەرگێران بۆ سەر کرمانجی خواروو: مەهاباد کوردی
- قەوارە: ٢٤٢ لاپەرە، ستۆکهۆلم ١٩٩٨
- بنکەی چاپەمەنی رۆژ سوید
- ئەدرێسی داواکردن:

Sol förlaget
Box 136
191 22 Sollentuna, Sweden

**پاشماوەی لاپەرەی ٥٦**

دەکاتەوە، جا یان دەکەوێتە مەتح و پێداهەڵگوتنیان یان زەم و سەرکۆنەکردنیان. شێرکۆ رواڵەتی رووداوەکان بە پێی ئەو ئیدیالە خیاڵییەی کە لە واقیع (یا سەبارەت بە واقیع) هەیەتی دەگێڕێتەوە. ئەمانە گرینگترین و بەرچاوترین خەسڵەتی شێعری شێرکۆ بێکەسن و رەخنەگرانی داهاتوو باشتری شی دەکەنەوە.

خاڵی بەهێزی شێعری شێرکۆ لەوەدایە کە ئەم شێعرە دەرگایەکی ئاوەڵایە بەرەو دنیای دەرەوەی شاعیر و لە رووی زمانەوە دەوڵەمەندە. جیهانی دەرەوە بە رەنگ و دیمەنی جۆراوجۆرەوە لە شێعری شێرکۆدا خۆ دەنوێنێ و ناوی جۆراوجۆر لە گیا و گوڵ و ئاژەڵ را بگرە تا دەگاتە کەلوپەلی خۆماڵی کوردەواری وەبەرگوێ دەکەون.

**٩**

لە کوردستاندا نووسەر یا شاعیر بوون بریتی یە لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسیایەتییەکی کۆمەڵایەتی لە بەرانبەر گیروگرفتەکانی سیاسی و ئابووری و کولتووریدا. نووسەر ناچارە هەڵوێست بگرێ، دژی هەژاری و وشک بیری و دابە داپلۆسێنەرەکان بوەستێ. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا نووسەر و شاعیر ناتوانن تەنها نووسەر و شاعیر بن و بە خەیاڵی ئاسوودەوە بیر لە جوانیناسی و شەقڵ و شێوازی ئەدەبی بکەنەوە. بەڵکوو دەبێ لە دژی دام ودەزگا داپلۆسێنەرە سیاسییەکان حەول بدەن.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا راستییەکان وەکوو خۆیان بڵاونابنەوە، بەڵکوو لە لایەن هێزە سیاسییەکانەوە دەسکاری دەکرێن. حکومەتەکان و هێزە سیاسییەکان مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، شاعیران و نووسەران هەمیشە ناچارن ئەو مافانە وەبیر بهێننەوە، ئەگینا بێ مافی دەبێتە شتێکی ئاسایی و سروشتی وەکوو با و باران و ئاو و گڵ.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا سیاسەت لە هەموو شتێکدا موداخیلە دەکات، دەستدرێژی دەکاتە سەر هەموو لایەنەکانی ژیان، هەم لە کاروباری زانکۆ و قوتابخانە و مامۆستا و قوتابییدا و هەم لە کاروباری چاپەمەنی و رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و هتد....

کەوابوو روونکردنەوەی تێکرای ئەو شتانەی کە بە هۆی دەستدرێژی کردنی سیاسەت بۆیان نییە لە گۆڤار و تەلەڤیزیۆن و رادیۆ دا رەنگ بدەنەوە، دەکەوێتە ئەستۆی شاعیران و نووسەران. ■

**پاشماوەی لاپەرەی ٦١**

دژی خۆی ناڵێ ترشە. دەنا پێکەوە هەڵنەکردنی دوو مرۆڤ، دوو نووسەر دیاردەیەکی سادە و سروشتییە، جا با بە هۆی جیاوازی هەڵوێستی سیاسییەوە، رێبازی ئەدەبییەوە، نەگونجانی سروشت و سایکۆلۆژییەوە یان هەر شتێیەکی دییەوە بێت. من چەند وتاری بێمانای "پرماناترین بێدەنگی" پەست و نیگەرانی کردم، هێندەش وەڵامەکەی کاک حەمەسەعید. من رەفیق و حەمەسەعید دەناسم، خۆشەویستی و رێزم بۆ هەردووکیان هەیە. پێموایە ئەو جیاوازییەی لە نێوان ئەواندا هەیە، منیش لەگەڵ زۆربەی برادەر و ناسیاوەکانمدا هەمە. دەکرێ دوو نووسەری ناتەبا رێز لە رەخنە و جیاوازی تێروانینی یەکتر بگرن و لەسەر کۆمەڵێ شتی دی یەکبن. دەکرێ لە هەموو روویەکەوە ناتەبابن و سەنگەریش لە یەکدی نەگرن. تەنانەت دەکرێ سەنگەریش لە یەکتر بگرن، بەڵام ئەو سەنگەرانەی کە نۆرمە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان دەستنیشانیانکردووە. لە خراپترین حاڵەتدا دەکرێ سەنگەری تریش لە یەکدی بگرن، وەلێ نەک لەژێر دروشم و مانشێتی ئەدەب، رۆژنامەگەری، رۆشنبیری یان هەڵوێست و شتی وادا.

با نەهێڵین پاشاگەردانی و خۆخۆری دزەبکاتە ناو مەیدانی ئەدەب و رۆشنبیرییەوە. با ئەو مەیدانە لە نۆرمی کولتووره گەندەڵەکە، لە سیاسەتی ناو بازنە داخراوەکە، بپارێزین.

نۆڤەمبەری ١٩٩٨

* کەسێک، کەسێکی تر لە شێوە و هەڵسوکەوتی ژیانیدا بە تاوانبار یان شایەنی لۆمە دەستنیشان بکات، یان بە شێوەیەکی دی زانیاری بە مەبەستی سووککردنی لای کەسانی دی بڵاوبکاتەوە، دەشێ ئەو کەسە بە تاوانی بوختان مەحکوم بکرێت. سزای بوختان جەزایە. ئەگەر تاوانەکە بە بوختانی گەورە دابنرێت، دەشێ سزایەکە تا دوو ساڵ زیندانی بەدەمەوەبێت. "یاسا بۆ بەکارهێنانی رۆژانە"ـ بەشی: تاوان ـ لکی: بوختان ـ ل: ٤٣٩ ـ چاپی: Wahlström & Widstrand- ١٩٩٦ Stockholm.

ئازادی رادەربرین هەرگیز مافی ئەوە نادات کە کەسێک بە ئەنقەست ناراستی یان زانیاری بێبنچینە بڵاوبکاتەوە. هەمان سەرچاوەی پێشوو ـ لکی زانیاری لە رێگەی مێدیاوە ـ ل: ٣٩. ■

# دەنگی /ت/ وەک لەمپەر لە نێوان دوو ڤاوڵدا[1]

عەبدوڵلا ئیبراهیمزادە

یەکێک لە باسەکانی فۆنیتیکی کوردی هەڵسوکەوتی ڤاوڵ (بزوێن)ەکانە لە کاتی پێکگەیشتنیاندا. کاتێک دوو ڤاوڵ لە زمانی کوردیدا دەگەنە یەکتر، یەک لەم دوو حاڵەتەی خوارەوە دێتە پێش چاو: یان دوو ڤاوڵەکە تێکەڵ دەبن و لە ئەنجامدا یەکێک لە ڤاوڵەکان تێدادەچێ و، یان دەنگێکی دی وەک لەمپەر(حائل) دێتە نێوان ڤاوڵەکان و پێشی تێکەڵبوونیان دەگرێ، واتە هەردوو ڤاوڵەکە لە جێی خۆیان دەمێننەوە.

نموونە بۆ دۆخی یەکەم: دارەکە+ (ان)> دارەکان، لێرەدا (ە)ی کۆتایی (دارەکە) دەفەوتێ.

میناک بۆ دۆخی دووەم: دێ+(ەکە)>دێیەکە، لێرەدا دەنگی /Y/ دەبێتە لەمپەرێکی فۆنیتیکی لە نێوان دوو ڤاوڵەکەدا.

نموونەیەکی دی هەر بۆ ئەم دۆخەی دوایی: خانوو+(ەکە)>خانووەکە:خانووە(و)ەکە. دەنگی /W/ دەبێتە لەمپەر و هەردوو ڤاوڵەکە دەپارێزرێن، بەڵام ئەم دەنگە بە ڕێنووسی عەرەبی ـ کوردی نایەتە نیشاندان.

چۆنێتی هاتنەکایەی دوو دەنگی /Y/ و /W/، کە بە نیوە ڤاوڵ دەژمێردرێن و، ئەرکی بوونە لەمپەریان لە نێوان ڤاوڵەکاندا هەیە، لە سەرچاوە ڕێزمانییەکاندا بە دووروردرێژی شیکراوەتەوە.[2]

مەبەستی ئەم وتارە دووپاتکردنەوەی باسی ئەم دوو دەنگە نییە، بەڵکوو خستنەبەرباسی دەنگێکی دییە، واتە کۆنسۆنانتی /ت/، کە ئەویش بەتایبەتی لە زاراوەی کرمانجیی خوارووی دەوری لەمپەر لە نێوان دوو ڤاوڵدا دەبینێ. من بەداخەوە ئاگادار نیم کە ئەم باسە پێشتر لێی کۆڵدراوەتەوە یان نا. ئەگەریش لێی کۆڵدرابێتەوە، هیوادارم وتارەکە دووپاتکردنەوەیەکی تەواو نەبێ و بتوانێ چەند لایەنێکی تازە بخاتەڕوو.

توێژینەوە لە دەنگی /ت/ وەک لەمپەرێکی فۆنیتیکی نەک هەر لە باری بەدەستهێنانی زانیاریی زۆرتر لە سەر زمانەکەمان پێویستە، بەڵکوو دەتوانێ یارمەتی چارەکردنی هێندێک کێشەی زمانی ئەدەبیشمان بدا کە پێوەندییان بەم بابەتەوە هەیە.

بەر لەوەی بچینە ناو توێژینەوەکەمان لە سەر زمانی کوردی، وا باشە ئاوڕێک لە زمانە بیانییەکان بدەینەوە و بزانین داخوا لەوانیشدا دەنگی /ت/ وەک لەمپەری باسکراو دەور دەبینێ و ئەگەر نا، چۆن؟ لە زمانی ئاڵمانیدا لەمپەری /ت/ دەکەوێتە نێوان دوو ڤاوڵ، کاتێک پاشگری (isch) یان پاشگری(isieren) بە هێندێک وشەوە بلکێ کە بە ڤاوڵ کۆتاییان دێ. ئەم وشانە زۆرتر ڕیشەی لاتینییان هەیە، میناک:

aroma+t+isch>aromatisch, klima+t+isieren>klimatisieren...

کۆنسۆنانتی/ت/ لە زمانی ئاڵمانیدا، نەک هەر وەک لەمپەر لە نێوان دوو ڤاوڵدا دەردەکەوێ، بەڵکوو لە نێوان دوو کۆنسۆنانتیشدا دەبێتە لەمپەر، کاتێک ئەو دوو کۆنسۆنانتە پێکەوەهاتنیان بە دوای یەکتردا لە سەر زار خۆش نەبێ، وەک:

hoffen+t+lich>hoffentlich, wesen+t+lich>wesentlich...

لە زمانی ئینگلیسیشدا، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ وشە یۆنانی و لاتینییەکاندا، ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێ، بۆ وێنە لەم وشانەدا:

Asia+t+ic> Asiatic, neuro+t+ic> neurotic...

لام وایە لە زمانی لاتینیدا کۆنسۆنانتی/ت/ لەم بارەوە دەورێکی بەرچاوی بینیبێ. بۆ وێنە ئەو وشە نێرەمووکانەی بە (ma) کۆتاییان دێ، لەکاتی گەردانکردندا کۆنسۆنانتی /ت/ وەک لەمپەر وەردەگرن:

thema, schema, chiasma...

وشەی (schema) بۆ وێنە لە حاڵەتی کۆ یان ئیزافەی تاکدا دەبێتە schemata, schematis.[3]

لەوانە سەرنجڕاکێشتر دەوربینی لەمپەری/ت/ لە زمانی عەرەبیدایە. پیتی ناسراو بە (تا التانیث)، کە پیتی (ة)یە، لەڕاستیدا جگە لە لەمپەری/ت/ چیتر نییە. ئەم پیتە دەخرێتە کۆتایی ناوی مێ، وەک: رسالە، مدینە، شجرە...

بە دیتنی ئەم ڕێنووسەی زمانی عەرەبی، مرۆڤ وا هەستدەکا کە دەنگی کۆتایی ناوی مێ لەم زمانەدا دەنگی/ت/یە بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە. دەنگی کۆتایی ناوی مێ لە زمانی عەرەبیشدا، وەک لە زۆر زماناندا، ڤاوڵێکە ـ لێرەدا (فتحە)یە ـ کەچی پێوەنووساندنی پیتی (ە) وا لە مرۆڤ دەکا دەنگی کۆتایی بە دەنگی /ت/ تێبگا.

دەنگی/ت/ لە ناوی مێی زمانی عەرەبیدا کاتێک پەیدا دەبێ کە ئەم ناوانە گەردان بکرێن، لە ئەنجامی گەردانکردندا دوو ڤاوڵ دەکەونە پاڵ یەکتر و، بەمەش لەمپەرێک پێویست دەبێ لە نێوانیاندا. کەواتە ئەم دەنگی/ت/ یە بەشێک لە خودی ناوی مێ نییە، چونکوو ئەگەر وابایە، ئەوسا دەبوو ئەم ناوانە لە حاڵەتی گەردان نەکردنیشدا ئەم دەنگەیان وەرگرتبایە، بەڵام ئێمە دەزانین ئەم ناوانە کاتێک گەردان نەکرێن ـ سەرەڕای نووسینی (تا التانیث) بۆیان ـ دەنگی/ت/یان تێدا نییە، واتە ئەم دەنگە ناگوترێ. لەم نموونەیەی خوارەوەدا دوو وشەی عەرەبی بەرهەڤ دەکەین کە یەکەمیان ناوێکە بە کۆنسۆنانت کۆتایی دێ و، دووەمیان بە ڤاوڵ: وشەی kitāb کە بە کۆنسۆنانت دوایی دێ، لەکاتی گەردانکردندا بۆ وێنە ئەم وشانەی لێ دروست دەبێ:

kitābun ،kitābayn ،kitābun و هتد...

وەک دەبینین لە نێوان kitāb و ئەو بەشەی دەخرێتە سەری، دەنگی/ت/ دروست نابێ، بەڵام وشەی risāla کاتێک گەردان دەکرێ، دەنگی/ت/ وەردەگرێ:

risālatunā, risālatayn, risālatun

دیارە دەبێ ڕێکخەرانی عەرەبی زانیبێتیان کە ئەم دەنگی/ت/یە پێوەندی بە گەردانکردنەوەی وشەکانەوە هەیە و بۆیە لە جیاتی پیتی/ت/ی ئاسایی وێنەی تایبەتی (ة) یان بۆ داناوە. بەڵام کاتێک ئەم وشانە بۆ زمانەکانی دی ڕاگوێزراون، هێندێک جار دەنگی/ت/ یەکەیان لەگەڵ ڕانەگوێزراوە، کە ئەمە حاڵەتێکی

دروستە. هێندێک جاریش، دەتوانین بڵێین بە هەڵە دەنگەکەیان لە گەڵ ڕاگوێزراوە و، دەنگەکە کراوە بە بەشێک لە قەوارەی وشەکان و پیتی ئاسایی (ت) ش بۆ نیشاندانی بەکارهێندراوە. بۆ وێنە لە زمانی فارسی یان کوردیدا گەلێک وشەی وەک: مدرسە، ادارە، ادامە، ترجمە، عجلە و هتد، بەبێ دەنگی /ت/ دەگوترێن و دەنووسرێن. لەلایەکی دیبەوە گەلێک وشە هەن وەک: رحمت، تاقت، وحدت، مخالفت و هتد، کە دەنگەکەیان تێدا جێگیر کراوە.

هەرچۆنێک بێ، نها پاش ئاشنابوون لەگەڵ دەوری /ت/ وەک لەمپەرێکی فۆنیتیکی لە زمانە بیانییەکاندا دەگەڕێینەوە سەر زمانی کوردی و بزانین لێرەدا ئەم دیاردەیە چۆن خۆ دەردەخا. لە زمانی کوردیدا دەتوانین چەند دۆخێک بۆ هاتنەکایەی لەمپەری /ت/ دەستنیشان بکەین کە بەم جۆرەن:

١) <u>لکانی پاشگری دووپاتبوونەوەی (ەوە) بە کردارەوە</u>: ئەم پاشگرە سەرەتا بەوێنەی پێشگری (ڤە/وە) دەوری بینیوە، کە ئێستا لە کرمانجی سەروو تاڕادەیەکی کەمیش لە هی خواروو بەکاردەهێندرێ.

پاشان لە زاراوەی کرمانجی خوارووداا لە پێشگرەوە گۆڕدراوە بە پاشگر و ڤاولێکیشی وەرگرتووە و بەوێنەی پاشگری (ەوە) بە کردارەوە دەلکێ.

ئەگەر کردارێک بە کۆنسۆنانت دوایی بێ، ئەم پاشگرە ڕاستەوخۆ پێوەی دەلکێ و گۆڕانێک پێکنایە، بەڵام ئەگەر کردارەکە ڤاولێکی لە کۆتاییدا هەبێ، ئەودەم پاشگرەکە بە یارمەتی دەنگی /ت/ بە کردارەکەوە دەلکێ، واتە لەمپەرێک لە نێوان ڤاولی کردار لەلایەک و پاشگر لەلایەکی دیبەوە دروست دەبێ. خشتەی خوارەوە ئەم حاڵەتە لە کرداری رابوردووی نیزیک ( perfect ) دا نیشان دەدا:

| کرداری تێنەپەڕ(لازم) | کردار+(ەوە) |
|---|---|
| هاتووم | هاتوومەوە |
| هاتووی(ت) | هاتوویەوە(هاتوویتەوە) |
| هاتووە | <u>هاتووەتەوە</u> |
| هاتووین | هاتووینەوە |
| هاتوون | هاتوونەوە |
| هاتوون | هاتوونەوە |

وەک دەبینین لە زۆربەی کردارەکاندا دەنگی کۆتایی کۆنسۆنانتە و هەربۆیەش پاشگری(ەوە) ڕاستەوخۆ و بێ یارمەتی پێیانەوە دەلکێ. لە کرداری دووەمی تاکدا دەنگی کۆتایی نیوە ڤاولی/Y/ یە، یان لە هێندێک زاراوەدا کۆنسۆنانتی /ت/یە و لێرەشدا پاشگرەکە ڕاستەوخۆ پێوەدەلکێ. بەڵام کە سەیری کرداری سێیەمی تاک بکەین، دەبینین دەنگی کۆتایی ڤاولی/ە/یە، لێرەدا ئیتر هاتنەکایەی دەنگی /ت/ وەک لەمپەر لە نێوان کردار و پاشگرەکەدا شتێکی پێویست و خۆسەپێنە و پێشی لێناگیرێ.

ئێستا با کرداری تێپەڕ(متعدی) لە کاتی ڕابردووی نیزیکدا بخەینە بەرچاو:

| کرداری تێپەڕ | کردار+(ەوە) |
|---|---|
| گرتوومە | گرتوومەتەوە |
| گرتووتە | گرتووتەوە |
| گرتوویەتی | گرتوویەتییەوە |
| گرتوومانە | گرتوومانەتەوە |
| گرتووتانە | گرتووتانەتەوە |
| گرتوویانە | گرتوویانەتەوە |

وەک دەبیندرێ، لێرەدا، بەپێچەوانەی کرداری تێنەپەڕ، کۆتایی هەموو کەسەکان ڤاوڵە و هەربۆیەش دەنگی/ت/ دەبێتە لەمپەر لە نێوان کردار و پاشگرەکاندا. بەڵام لێرەدا دەبێ دوو تایبەتمەندی لەبەرچاو بگرین: یەکەم، کرداری دووەمی تاک و کۆ بە پێی ئەم قاعیدەیە دەبێ ئاوا دروست بکرێن: گرتووتە+ت+ەوە> گرتووتەتەوە، گرتووتانە + ت + ەوە> گرتووتانەتەوە. ئەم جۆرە گەردانکردنەدا، لە بەرنەوەی دەنگی/ت/ دووبارە دەبێتەوە و وشەکە لە سەر زار قورس دەکا، کەمتر باوە و لەباتی ئەوە ئاخێوەر شێوەیەکی سادەتر بەکاردێنێ، واتە یەکێک لە ڤاوڵەکان تێدا دەچوێنێ: گرتووتە+وە>گرتووتەوە...

هەروەها لە کرداری سێیەمی تاک ـ گرتوویەتییەوە ـ دا لەبەر ئەوەی دەنگی/ت/ جارێک دەوری لەمپەری بینیوە، ئیتر کاتی پێوەلکانی پاشگرەکە ئەم دەنگە دووپاتنابێتەوە و لە جیاتی ئەو، نیوە ڤاولی/Y/ دێتەگۆڕێ.

لێرەدا بۆی هەیە ئەم پرسیارە بێتەپێش کە بۆچی لەمپەری/ت/ لە کرداری تێنەپەڕدا، نەک هەر لەگەڵ کرداری سێیەمی تاک، بەڵکوو دەتوانێ لەگەڵ ئەو کردارانەی دیش بەکاربهێندرێ، گەرچی ئەوان دوادەنگیان کۆنسۆنانتە نەک ڤاوڵ، بۆ وێنە دەکرێ بگوترێ: (هاتوومەتەوە) لە جیاتی (هاتوومەوە)، (هاتووینەتەوە) لەباتی (هاتووینەوە) و هتد....

لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین ڕەنگە ئاخێوەر یان بەشێکی ئاخێوەران هەستیان بە جیاوازیی کرداری تێنەپەڕ لەگەڵ تێپەڕ نەکردبێ یان وایان بۆ هاسانتر بێ کە کرداری تێنەپەڕیش هەر لە سەر فۆڕمی کرداری تێپەڕ دروست بکەن، واتە هەروەک چۆن دەڵێن (گرتوومەتەوە)، هەر ئاواش بێژن (هاتوومەتەوە)، گەرچی لە بنچینەدا فۆڕمی (هاتوومەوە) لەکایەدابووە و بە پێی قاعیدە دروستتریشە. کەواتە لە کرداری تێنەپەڕدا، بێجگە لە کەسی سێیەمی تاک، لەمپەری/ت/ پێویست نییە و ئەگەر بەکاریش بهێندرێ، شتێکی زێدەیە، چونکوو بوون و نەبوونی کار ناکاتە سەر مانای کردارەکەوە. لەو باوەڕەدام کە ئێمە نەتوانین لەمپەری/ت/ لە کرداری تێپەڕی وەک (گرتوومەتەوە) دەرباوێژین، بەڵام لە کرداری تێنەپەڕی وەک (هاتوومەتەوە)دا دەشێ بە هاسانی بخرێنەلاوە و بگوترێ (هاتوومەوە).

٢) <u>لکانی ئامرازی (ە) بە کردارەوە</u>: ژمارەیەک لە کردارەکان کە بە «کرداری بزووتنەوە» یان «کرداری گواستنەوە» دەناسرێن، لە ڕستەدا ڤاولی /ە/ یان دەخرێتەسەر: هاتن، هێنان، بردن، ڕۆیشتن، کەوتن و دانیشتن و گەلێکی دی لەم جۆرە کردارانە لە ڕستەدا زۆر جار پێویستییان بە پرێپۆزیسیۆن هەیە، کە ئەمەش بە وێنەی/ە/ بە کردارەکەوە دەنووسێ، میناک: هاتووین+(ە)> هاتووینە دەرەوە، بوون+(ە)> بوونە کاربەدەست...

ئەم ڤاولی/ە/یە بە باوەڕی زمانناسان کورتکراوەی پرێپۆزیسیۆنی (بە) یان (وە)یە.[٤] هەروەک لە دۆخی پێوەلکانی پاشگری (ەوە)دا، لێرەشدا کاتێک کردارەکان دوادەنگیان کۆنسۆنانت بێ، ڕاستەوخۆ ئامرازەکە وەردەگرن و ئەگەریش دوادەنگ ڤاوڵ بێ، کۆنسۆنانتی /ت/ وەک لەمپەر دێتەناوەوە. هەر لە کاتی ڕابردووی نیزیکدا ئەم دیاردەیە دەخەیەنە بەر سەرنج:

| کرداری تێنەپەڕ | کردار+ ئامرازی(ە) |
|---|---|
| هاتووم | هاتوومە(شار) |
| هاتووی(ت) | هاتوویە/یتە(شار) |
| هاتووە | <u>هاتووەتە(شار)</u> |
| هاتووین | هاتووینە(شار) |
| هاتوون | هاتوونە(شار) |
| هاتوون | هاتوونە(شار) |

دیسان دەبینین لە کرداری کەسی سێیەمی تاکدا لەمپەری/ت/ خۆی دەسەپێنێ و ناتوانین دەریباوێژین، چونکوو لە کەسی سێیەمدا کۆتایی کردار ڤاوڵە. بەڵام هاتنی لەگەڵ کرداری کەسەکانی دیدا پێویست نییە و ئەگەر هاتیش، ئەوا شتێکی زێدەیە و لابردنی چ کار ناکاتە سەر کردارەکە. بەپێچەوانەوە، لە کرداری تێپەڕدا لەمپەری/ت/ بە چالاکی خۆی نیشان دەدا و لام وایە لە هیچکام لە زاراوەکانی خوارووودا وەلانانرێ:

| کرداری تێپەڕ | کردار+ئامراز |
|---|---|
| بردوومە | بردوومەتە(شار) |
| بردووتە | بردووتەتە(شار) |
| بردوویەتی | بردوویەتییە(شار) |
| بردوومانە | بردوومانەتە(شار) |
| بردووتانە | بردووتانەتە(شار) |
| بردوویانە | بردوویانەتە(شار) |

٣) <u>ڕاناوی لکاوی(ێ)</u>: لە هێندێک زاراوەی کوردیدا چەند کردارێک هەن کە ئەم ڕاناوە وەردەگرن، وەک کرداری بوون، دان، کردن، گەیشتن و هتد.... لەم کردارانەشدا، لە کەسی سێیەمی تاکدا کە دوادەنگ ڤاوڵە، لەمپەری /ت/ دەوردەبینێ، بۆ وێنە:

| کردای تێنەپەڕ | کردار+ڕاناوی(ێ) |
|---|---|
| گەیشیتووم | گەیشتوومێ |
| گەیشتووی | گەیشتوویێ/گەیشتوویەی |
| گەیشتووە | <u>گەیشتووەتێ</u> |
| گەیشتووین | گەیشتووینێ |
| گەیشتوون | گەیشتوونێ |
| گەیشتوون | گەیشتوونێ |

لە کرداری تێپەڕدا کە لە خوارەوە دەیبینین، دەنگی/ت/ تەنیا تایبەت بە کەسی سێیەمی تاک نییە و لەگەڵ هەموو کەسەکان خۆی دەردەخا، چونکوو کۆتایی کەسەکان ڤاوڵە:

| کرداری تێپەڕ | کردار+ڕاناوی(ێ) |
|---|---|
| داومە | داومەتێ |
| داوتە | داوتەتێ |
| داویەتی | داویەتێ |
| داومانە | داومانەتێ |
| داوتانە | داوتانەتێ |
| داویانە | داویانەتێ |

٤) <u>کرداری (هەیەتی)</u>: کەرتی دووەمی ئەم کردارە، واتە (تی) لە هێندێک سەرچاوەی ڕێزمانیدا بە ڕاناوی لکاو داندراوە، بە وتەیەکی دی دەنگی/ت/ بە بەشێک لە ڕاناو حیساب کراوە.[٥] ئەم بۆچوونە بە هیچ جۆرێک ناتوانێ پیاوی قایل بکا. ئەگەر کرداری (هەیەتی) لە ناو ڕستەیەکدا بگرینەبەرچاو، ئەودەم بە تەواوی بۆمان دەردەکەوێ کە ڕاناوەکە تەنیا ڤاوڵی(ی)یە، نەک (تی).

بەگوێرەی قاعیدەی جێگۆڕکێی ڕاناوی لکاو لە زمانی کوردیدا ڕاناو لە کردارەکەی خۆی جیادەبێتەوە و بە بەرکاری ڕستەوە دەلکێ، بارستەی: **(وریا ئیشی هەیە)** بخەینە بەر سەرنج. لەم ڕستەیەدا ئەوەی وەک ڕاناو لە کرداری(هەیەتی) جیابۆتەوە و جێگۆڕکێی کردووە و بە بەرکار (ئیش)ەوە لکاوە، تەنیا ڤاوڵی (ی)یە، نەک (تێ)، واتە دەنگی/ت/ی کردارەکە بزر بووە. ئەگەر دەنگی/ت/ بەشێک لە ڕاناوەکە بایە، دەبوو ئەویش وێڕای/ی/ بە بەرکارەوە لکابا و لە جیاتی (وریا ئیشی هەیە) گوترابا (ئیشی هەیە)! کەواتە لێرەشدا ئاشکرایە دەنگی/ت/ پێوەندی بە بابەتی ڕاناوەوە نییە و تەنیا ئەرکی لەمپەربوونی هەیە لە نێوان دوو ڤاوڵدا: هەیە+ت+(ی)>هەیەتی.

٥) <u>ناوی واتا</u>: لەمپەری/ت/ تەنیا لەگەڵ کردار بەکارنایە و لە پێوەندییەکی دیشدا خۆ دەردەخا کە ئەویش (ناوی واتا)یە. لە زمانی کوردیدا بۆ دروستکردنی ناوی واتا پاشگرێکی زۆر چالاک لە کاردایە کە بە چەند شێوەی جۆراوجۆری (تی، اتی، ەتی، ئێتی، یەتی و ایەتی) خۆ نیشان دەدا، وەک: برایەتی، پیاوەتی، چۆنێتی و هتد.... لەوانەیە مرۆڤ هەست بکا کە ئەم پاشگرە لە زمانی عەرەبی وەرگیرابێ، چونکوو ناوی واتای عەرەبی تاڕادەیەک شێوەی کوردییەکە دەدا. بەڵام بێگومان پاشگرە کوردییەکە لە عەرەبی وەرنەگیراوە و ڕوونیش نییە کە ئایا ڕیشەی هاوبەشیان هەیە یان نا. تەنیا پێوەندییەک کە دەتوانێ لە گوڕێبێ، ئەوەیە کە هەردووکیان لە باری فۆنێتیکەوە، لەوانەیە، لە ژێر کارتێکەریی یەک یاسادا پێکهاتبن، واتە پەیدابوونی دەنگی/ت/ وەک لەمپەر لە نێوان دوو ڤاوڵدا. بەرلەوەی بچینە سەر توێژینەوەی پاشگرە کوردییەکە، بە جێیە سەرنجێکی کورت بدەینە چەشنی پێکهاتنی ناوی واتا لە زمانی فارسیدا. لەم بارەوە پاشگری سەرەکی لە زمانی فارسیدا ڤاوڵی (ی)یە، وەک لەم وشانەدا دەیبینین: دوستی، دشمنی، بارزگانی، آموزگاری، پهلوانی، نیکی، مهربانی.... وەک دیارە، لەو نموونانەدا ڤاوڵی/ی/ ڕاستەوخۆ بە وشەکانەوە دەلکێ. بەڵام ئەگەر وشەکان دوادەنگیان ڤاوڵ بێ، ئەو سا لەمپەرێک دروست دەبێ، کە دەنگی /y/، /g/یان (هەمزە)یە، نموونە: نانوایی، بنایی، دانایی، بندگی، تازگی، گرسنگی و....

لە کوردیشدا پاشگری سەرەکی بۆ دروستکردنی ناوی واتا هەر ڤاوڵی/ی/یە کە ناو یان ناوەڵناو دەکاتە ناوی واتا، بۆ نموونە: منداڵ+ی> منداڵی، نەخۆش+ی> نەخۆشی، تاریک+ی> تاریکی، ڕاست+ی> ڕاستی...

لێرەشدا هەروەک خاڵەکانی سەرەوە، کاتێک ناو یان ناوەڵناو دوو دەنگیان ڤاوڵ بێ، ناتوانن ڕاستەوخۆ پاشگری(ی) وەربگرن و پێویستە لەمپەرێک لە نێوان دوو ڤاوڵەکەدا بێتەگۆڕێ. ئەم لەمپەرە یان نیوە ڤاوڵی/y/ یە و، یان دیسانیش کۆنسۆنانتی/ت/یە، بۆ نموونە: برا> برایەتی/براتی، ئازا> ئازایی/ ئازاتی، مەلا> مەلایی/مەلاتی و هتد.... ئەو وشانە لە کرمانجی سەروودا لە سەر فۆڕمی (براتی) دروست کراون، لە کرمانجی خواروودا فۆڕمێکی بڕێک درێژتریان هەیە: برایەتی، ئازایەتی و هتد....

ئەم شێوە دروستبوونەی ناوی واتا بە یارمەتی لەمپەری/ت/، دەبێ سەرەتا تایبەت بووبێ بەو ناوانەی ڤاوڵیان لە کۆتاییدا هەبووە، بەڵام دیارە ئەم قاعیدەیە پاشان پەرەی پێدراوە و بە سەر ئەو ناوانەشدا گشتێندراوە کە دوا دەنگیان کۆنسۆنانتە، واتە ئەو ناوانە لە پێشدا ڤاوڵێکیان وەرگرتووە و پاشان لەمپەری/ت/ و دواجاریش پاشگرەکەیان خراوەتە سەر: پیاو +ە+ت+ی>پیاوەتی، کچ+ێ+ت+ی>کچێتی، جیران +ە+ت+ی>جیرانەتی و هتد.... بەمجۆرە بۆی هەیە کە پاشگری (اتی)ئێتی) بە هەموو فۆڕمەکانییەوە لە ڕیشەدا بۆ پاشگری/ی/ بگەڕێتەوە.

خاڵێکی گرینگ کە پشتی ئەم بۆچوونە دەگرێ ئەوەیە کە هێندێک جار بۆ دروستکردنی ناوی واتا دەنگی/ن/ ش لە جیاتی /ت/ وەک لەمپەر دەور دەبینێ، واتە لەمپەرەکە دەگۆڕێ، بەڵام پاشگری/ی/ لە جێی خۆی دەمێنێتەوە، بۆ وێنە: کچێنی، بووکێنی، لاوێنی و هتد....[٦]

سەرەڕای ئەو تێبینییانەی سەرەوە من بەرپەرچی ئەو ئیحتیماڵەش نادەمەوە کە پاشگری (اتی/ئێتی) هەر لە زۆر کۆنەوە پاشگرێکی سەربەخۆ و جیا لە پاشگری (ی) بووبێ و تەنانەت پێوەندییەکی ئیتمۆلۆژیکیشی لەگەڵ پاشگری(itāt)ی زمانی ئاڵمانی و (ity)ی ئینگلیسی هەبێ، کە ئەوانیش خۆیان بۆ (itat)ی لاتینی دەگەڕێنەوە. دیارە بۆ ساخکردنەوەی پێوەندییەکی ئەوها، پێویستی بە توێژینەوە و بەڵگەهێنانەوە لە زمانە ئێرانییەکۆنەکان هەیە کە هیوادارم بە هەوڵی شارەزایان بە ئەنجام بگا.

<u>کۆتایی کرداری دووەم و سێیەمی تاک لە کاتی ئێستادا</u>

ئەم دوو کردارە لە هێندێک زاراوەدا دوادەنگیان کۆنسۆنانتی/ت/یە ـ دەچیت،دەڕۆیت، دەکەیت... بۆ کەسی دووەمی تاک و، دەچێت، دەڕوات، دەکات... بۆ کەسی سێیەمی تاک. لە هێندێک زاراوەی دیدا دەنگی/ت/ دەرناکەوێ: دەچی، دەڕۆی، دەکەی... دەچێ، دەڕوا، دەکا...

لە سەر چێبوونی ئەم دەنگە دەمێکە باس و

دەمەتەقە هەیە. بۆچوونێک کە لەم بارەوە باوە ئەوەیە کە دەنگی/ت/ بەشێکە لە ڕاناوی لکاوی ئەم کردارانە، واتە ڕاناوەکان لە بنچینەدا(یت) بۆ کەسی دووەمی تاک و (ێت) بۆ کەسی سێیەمی تاکن و پاشان دەنگی/ت/ لە هێندێک زاراوەدا سواوە و نەماوە.[٧] ئەوەی ڕاستی بێ، لە دەقی پێشووی ئەو وتارەی بەردەستمدا، من بە گەلێک شک و گومانەوە ڕوانیبوومە ئەم بۆچوونە، تا ئەم دواییانە و تەنانەت لە کاتی وەڵامدانەوەی وتارەکەی کاک کەماڵ مەحموودیشدا (بڕوانە: گزنیگ ی ژمارە٢٠)، هەر لەو باوەڕەدابووم کە دەنگی /ت/ وەک کۆتایی (ending) لە کردارەکانی دووەم و سێیەک کەسی تاکی ئێستادا پێوەندی بە خودی ڕاناوەکەوە نییە و ئەویش نموونەیەکە لە پەیدابوونی لەمپەری/ت/ لەنێوان دوو ڤاوڵدا. لام وابوو دوا دەنگی ئەو دوو کردارە لە بنچینەدا ڤاوڵ بووە و بە هۆی وەرگرتنی پاشگر/ئامراز دەنگی/ت/یان تێخزاوە، واتە بەم جۆرە: دەچی/دەچێ+ت+پاشگر/ئامراز.

لەو ئەنجامگرتنەدا سێ شت دەوریان هەبوو: یەکەم، بە ڕاستی من لە کتێبەکەی مامۆستا کۆردۆشدا هیچ بەڵگەیەکم نەدۆزیبۆوە کە نیشان بدا بە پێی چ زانیارییەک دەنگی/ت/ بە کەرتێک لە ڕاناوەکان زاندراوە. دووەم، لەو باوەڕەدا بووم ئەگەر دەنگی/ت/ بەشێک لە قەوارەی ڕاناوەکان بێ، بۆچی لە زارەوەکانی کرمانجی سەروودا شوێنەوارێکی ئەوتۆی نییە، یان لە هێندێک زاراوەی خواروودا بەدیار ناکەوێ، لە کاتێکدا ئەم زاراوانە دیاردە و دەستووورە کۆنەکانی زمانی کوردییان زۆرتر پاراستووە. سێیەم، خوێندبوومەوە کە مامۆستا مەسعوو مەحەممەد کاتی خۆی ئەو دەنگەی بە «زێدەیەکی گەردانی» داناوە و لە خودی ڕاناوەکەی جیاکردۆتەوە.[٨]

بەو پێیە منیش لە سەر ئەوە ساخبوومەوە کە دەنگی/ت/ لە کۆتایی ئەو دوو کردارەدا کەرتێکی کۆن و بنچینەیی نییە و ئاواشم لێک داوە کە وەک لەمپەرێکی فۆنێتیکی بەدیهاتبێ. ئەمە بۆچوونی پێشووم سەبارەت بەم کێشەیە بوو. بەڵام ئێستا، پاش هێندێک توێژینەوەی دی، بەو ئەنجامە گەیشتووم کە لەم بارەوە بۆچوونەکەم دروست نەبووە. ئها هاتوومە سەر ئەو باوەڕە کە دەنگی/ت/ هەر لە کۆنەوە بەشێک لە قەوارەی ڕاناوەکان بووە و بەدەم ڕەوتی ڕۆژگارەوە سوانەوەی بەسەردا هاتووە و لە هێندێک زاراوەشدا ماوەتەوە.

ئەوەی بوو بە هۆی گۆڕینی هەڵوێستی من لەو بارەوە، هەڵسەنگاندنێک بوو لە نێوان کۆتایی ئەم کردارانە لە زمانی کوردیدا لەلایەک و، چەند زمانێکی بیانی و هەروەها زمانی ئەڤێستایی و لاتینی لە لایەکی دییەوە.

لە زمانی ئەڤێستاییدا کۆتایی کردارەکانی کەسی تاک لە کاتی ئێستادا بەم جۆرەن: (a) بۆ کەسی یەکەم، (si) بۆ کەسی دووەم و (ti) بۆ کەسی سێیەمی تاک.[٩] لە زمانی لاتینیدا کۆتاییە کەسییەکان بەمجۆرەن: (o) بۆ کەسی یەکەم، (s) بۆ دووەم و (t) بۆ سێیەمی تاک.

لە زمانی فارسیدا دەنگی (s) بۆ کەسی دووەم سواوەتەوە، بەڵام دەنگی /t/ بۆ کەسی سێیەم ماوەتەوە و بووەتە/d/، وەک لەم نموونانەدا: می رود، می آید، می کند....[١٠]

لە زمانی ئەڵمانیدا دەنگی /t/ لە کۆتایی کەسی سێیەمی تاکدا وەک خۆی ماوەتەوە: (Er geht, kommt, tut). لە ئینگلیسیدا دەنگی/t/ بووەتە/s/: (He goes. comes, does).[١١]

بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنە مرۆڤ دەتوانێ لە سەر ئەوە ساخبێتەوە کە لە کوردیشدا دەنگی /ت/ی کردارەکانی وەک دەچیت/دەچێت هەر ئەم /ت/ی ئەڤێستا و لاتینی یە کە لە زمانەکانی دی ئەمڕۆشدا دەبیندرێ.

سەبارەت بە دەنگی /ت/ لە کۆتایی کەسی دووەمی تاکدا دەتوانین بڵێین ئەم دەنگە لە بنچینەدا (s)ی ئەڤێستا و لاتینییە کە پاشان لە فارسیدا سواوەتەوە و لە کوردیشدا بووەتە(t)، واتە هەروەک چۆن (t)ی سێیەم کەسی تاک لە ئینگلیسیدا بووەتە(s)، بەپێچەوانەش، (s)ی دووەم کەسی تاک لە کوردیدا بووتە(t): دەچیت، دێیت، دەکەیت...

بەڵام ئایا بوونی بنچینەیەکی ئیتمۆلۆژیک بۆ دەنگی/ت/ ی کۆتایی کەسیی کرداری دووەم و سێیەمی تاک دەتوانێ بەڵگەیەکی قایم بە دەستەوە بدا بۆ ئەوەی نووسینی دەنگەکە لە شێوەی ئەدەبیی خواروودا بە شتێکی پێویست بزاندرێ؟

**پەڕاوێزەکان**

١) دەقی پێشووی ئەم وتارە ساڵی ١٩٩١ نووسراوە، بەڵام بەداخەوە دەرفەتی بڵاوبوونەوەی بۆ نەرەخسا. دوای دروستبوونی دەمەتەقەیەکی زمانناسی لە گزینگ ی ژمارە ٢٠دا، بە پێویستم زانی وتارەکە بژێنمەوە و بیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز.

٢) بڕوانە: **د. ئەورەحمان حاجی مارف**، *ڕێزمانی کوردی، مۆرفۆلۆژی ناو*، ١٩٧٩؛ هەروەها بڕوانە: پروف. ک. کوردۆ. ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی د. کوردستان موکریانی، ١٩٨٤.

٣) لە کتێبەکانی گراماتیکی لاتینیدا ئەوجۆرە وشانە لە بەشی (3.deklination)دا باسیان لێدەکرێ و وا دەدرێتە زانین کە دەنگی/t/ بەشێکە لە ڕەگی وشەکان، لە حاڵێکدا ئەگەر سەیری دۆخی کارای تاک (nom, sg.)ی ئەم وشانە بکەین، دەنگی /ت/یان لە کۆتاییدا نابینین و تەنیا لە کاتی گەردانکردندا دەیبینین. ڕەنگە ئەو تێڕوانینەی کتێبەکان بۆ ئەو مەبەستە بێ کە گەردانکردنی ئەو جۆرە وشانە بۆ خوێندکار هاسانتر بکا.

٤) **پروف. ک. کوردۆ**. ژێدەری ژمارە٢، ل ٣٢٥.

**تێبینی**: کورتە ئامرازی(ە) ئەگەر کورتکراوەی پرێپۆزیسیۆن بێ، تەنیا هی (بە/وە) نییە، بەڵکوو هی (دە) و (لە)شە. ڕستەی (خستمە گیرفانم) دەشێ بەمجۆرە پێکهاتبێ: دەگیرفانم خست>خستم دە گیرفان>خستمە گیرفانم.

٦) وێدەچێ لە زمانی لاتینیشدا دەنگی/ن/ وەک لەمپەر دەورێکی بەرچاوی هەبێ، گەلێک وشەی وەک: portion, region, information لە حاڵەتی کارای تاکدا (nom. sg.)دەنگی/ن/یان پێوە نییە. پەیدابوونی دەبگەکە بەندە بە گەردانکردنی وشەکانەوە، بەڵام وادیارە بەرەبەرە وای لێهاتووە کە بە بەشێک لە خودی وشەکان بزاندرێ.

٧) **پروف. ک. کوردۆ**، ل ٢٧٩.

٨) وابزانم ئەم باسەم لە کتێبی د. ئەورەحمان حاجی مارف خوێندۆتەوە کە بەداخەوە ئێستا ناوەکەیم لە بیر نییە.

٩) **سۆکۆلۆف**، *زمانی ئەڤێستا*، وەرگێڕانی محەممەد ئەمین هەورامانی، ١٩٨٨، ل٢٤٤.

١٠) دەنگی/د/ لە زمانی ئاخافتنی فارسیدا، بەپێچەوانەی زمانی نووسین، وەک کۆتایی کردار لە ئارادا نەماوە و تەنیا کاتێک دەردەکەوێ کە ڕاناوێکی بەرکاری بە کردارەکەوە بلکێ و لە ئەنجامدا دوو ڤاوڵ بکەونە پاڵ یەکتر. لەم دۆخەدا دەنگی/د/ وەک لەمپەر دەچێتە نێوان دوو ڤاوڵەکەوە. بۆ وێنە کرداری (گرفتن) بە ڕێنووسی کوردی ئاوا گەردان دەکرێ: میگیرە+د+ەش>میگیرەدەش.

١١) گۆڕانی دەنگی /t/ بە /s/ یان پێچەوانەکەی، گەلێ جار ڕوودەدا، بۆ وێنە دەنگی /t/ی زۆر وشەی ئینگلیسی لە ئاڵمانیدا دەگۆڕدرێ و دەبێتە/s/، وەک:

what>was, water>wasser, heat>heiss

دوور نییە نیشانەی کۆی (ات) لە زمانای عەرەبیدا و نیشانەی کۆی دۆخی ئیزافە (ێد/ێت) لە هێندێک زاراوەی کرمانجیی سەروودا و هەروەها نیشانەی کۆی (es/s)ی زمانی ئینگلیسی یەک ڕیشەی هاوبەشیان هەبێ. ■

# خورافات لە کوردەواریدا

نووسینی: س. گ. ماکوان

بەشی چوارەم و کۆتایی

## لەمەڕ وشکەساڵی و باران نەبارین

ـ لە وشکەساڵیدا، ژنانی گوند جلی جوان و ڕازاوە لەبەر دەکەن و دەچنە سەر قەبری پیاو چاکێک لە گوندێکی دیکە و لێی دەپاڕێنەوە کە باران باری.[1]

ـ ژنانی گوند بە کۆمەڵ دەچنە سەرکانی و لەوێ خۆیان دەشۆن و پێیانوایە بەم کارەیان خودا بارانیان بۆ دەبارێنێ.[2]

ـ ژنان (لە کەرکووک) دێنە سەر شەقامەکان و لە ژێر پلوسکی ماڵەکاندا کۆ دەبنەوە و خواردن بە سەر هەژاراندا دابەش دەکەن و هەرکەسەش چۆرە ئاوێکیان دەدەنێ.[3]

ـ بەردی سەر گۆڕی پیاوچاکێک (لە هێندێک ناوچە) فڕێ دەدەنە نێو ئاوەوە گۆیا هیممەتی پیاوچاک بارانیان بۆ دەبارێنێ.[4]

ـ خەڵکی ئاوایی (لە زۆربەی دێهاتەکانی کوردستان)، پیاوێکی خودا پەرست کە زۆرجاران مەلا، شێخ یان سەیدی ئاوەدانی دەبێ، دەگرن و بە زۆر لە ئاوی حەوزی مزگەوتی داوێن.

ـ لە وشکەساڵیدا ژنانی گوندێک دەچن شوانی نزیکترین گوندی دراوسێیان دەگرن، سەروچاوی دەبەستن و سواری کەرێکی دەکەن و دەینێرنەوە بۆ گوندەکەی خۆی. مەڕوماڵاتی شوانەکە وەپێش دەدەن و دەیبەنە گوندەکەی خۆیان و دەیاندۆشن. (زۆرجار لە نێو ژنانی دوو گوندەکەدا دەبێتە شەڕ و هەڵلا، لە دواییدا ڕیش سپی ئاوەدانی دەگاتێ وژنەکان لێک جۆێدەکاتەوە و مەڕوماڵەتەکە دەداتەوە بە ژنانی گوندی دراوسێ. گۆیا پاش ئەم هەرا و بەزمە، ئیدی باران بە خوڕ دادەبارێ).

ـ خەڵکی ئاوایی(لە هێندێک ناوچەدا)، مەلای گوندەکە دەکەنە گاوان و بۆ تاقەڕۆژێک وەبەر گاڕانی دەنێن.

ـ خەڵکی گوند (لە هێندێک ناوچەی کوردستان)، هەرکەسە لە ماڵەخۆی، مستێک ئارد دێنێ ودەیدەن بە کچانی گوند و دەیکەن بە نان. پێشتر شتێک دە نێو هەویرەکەدا دەشارنەوە. دوای ئەوەیکە نانەکەیان بە سەر پیاوانی ئاوەدانیدا دابەشیەوە، هەرکەس شتە شاردراوەکەی وەبەربکەوێ، دەیگرن و تێڕ و پڕی لێدەدەن. ئاخرەکەی ڕیش سپییەک دێ و کابرایان لە چنگ ڕزگاردەکا وئیتر چاوەڕێ دەبن کە باران ببارێ.

ـ لە وشکەساڵیدا ( لە شاری کۆیە باوە) «نوێژە بەبارانە» دەکرێ یان کێلە بەردی سەر پیاوچاکێک دەخەنە نێو حەوزی مزگەوتەوە تاکوو باران ببارێ.[5]

ـ لە ڕۆژانی زەماوەندا ئەگەر بووک بنکڕ بخوا، ئەوە باران دەبارێ.

ـ لە وشکەساڵیدا، منداڵان دوو داران بە شێوەی خاچ بەیەکەوە دەبەستن و جلی دەبەر دەکەن و مێزەرێکیشی لەسەر دەنێن. دوو منداڵ لە پێشەوە، هەڵی دەگرن و منداڵی دیکەش وەدوای دەکەون. جۆرە خۆپێشاندانێک بە ناوی «بووکە بە بارانێ» سازدەکەن و بە نێو کۆڵانەکاندا دەگەڕێنو ئەم گۆرانییە دەخوێنن:

هەیاران و مەیاران
یا خودا دایکاتە باران
بۆ فەقیر و هەژاران[6]

یان:

بووکی مە بارانی دەوێ
ئاوی نێو دەغڵانی دەوێ
هێلکەی باڕۆکانی دەوێ
دەسرەی کچۆڵانی دەوێ[7]

**پەراوێزەکان:**

١و٢ و٣و٤) تۆما بوا، ژنانی کوردەواری، وەرگێڕانی: حەمەسەعید حەمەکەریم
٥) ئەحمەد دڵزار، بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، ل ٢١.
٦) تۆما بوا، ژنانی کوردەواری، وەرگێڕانی: حەمەسەعید حەمەکەریم
٧) گۆڤاری سروە، ژمارە ٢.

## خورافاتی هەمە جۆر

ـ ڕۆژانی دووشەممۆ سەیری ئاوێنە بکەی، سەفەرت دەکەوێتەڕێ.

ـ سەریری ئاوێنەکردن لە شەودا، نەهاتی دێنێتە سەر ڕێی مرۆڤ.

ـ ئەگەر کوڕێک پێ لە سەر قرپۆکێک دابنێ، دەبێتە کچ و پێچەوانەکەشی دەبێتە کوڕ.

ـ نابێ مەقەست بدەی بەدەستی کەسێک کە داوات لێدەکا، دەنا شەڕ و ئاژاوە بەرپادەبێ.

ـ لە باڵەکایەتی ( گوندی «گوڵان» ) قەبرێک هەیە، دەڵێن هەرکەس بەردێکی چکۆڵە لە سەر قەبرەکە هەڵگرێ و بیخاتە گیرفانی دووپشک پێوەینادا.[1]

ـ ڕۆژی جومعان، گیا زیکرێ دەکەن و گوناحە هەڵیان قەنی.[2]

ـ لە ڕۆژی مەڕ شوشتن دا، خاوەن مەڕ «مرتۆخە» (چێشتی ئارد وڕۆن و شەکر)لێنەنێ، ئەوە بەرخەکانی تووشی نەخۆشی دەبن ودەمرن.

ـ پیاوی لەش پیس، ئەگەر تا دوو حەوتووان خۆی نەشوا، ئەوە عەرز لە بن پێیدا دەلەرزێتەوە.

ـ کەڵەوە ئەگەر لە دارژاڵە نەبێ، ئەوە چاوی پیس کار لە کەڵ وگایەکان دەکا (لە کوردستانی گەرمێن، فەلا و وەرزێرەکان باوەڕیان وایە).

ـ شەوانە ماڵ گەسکدان خراپە.

ـ ژن نابێ ئاژەڵ سەر ببڕێ، ئەگەر هاتوو زۆر زەروور بوو، دەبێ تێلایەک دەنێو لاقیدا بنێ و ئاژەڵەکەی سەرببڕێ.

ـ بە بنکڕخواردن، شانس و بەخت زۆر دەبێ.

ـ لە کاتی نانکردندا، نابێ کەس یەکەم نانی تازە بخوا، دەنا یەکەم عەولادی ئەوکەسە دەمرێ.

ـ پێش گواستنەوە بۆ ماڵی تازە، بۆ قەزا و بەڵا گێڕانەوە ئاوێنەیەک دادەنێن.

ـ هێلکە بە دیواری خانووی تازەدا دەشکێنن، بۆ ئەوە قەزا و بەڵای لێ دورخەنەوە.

ـ کە کاروان دەکەوێتەڕێ، ئەگەر ژن یان گوزەی شکاو هاتە سەر ڕێ، ئەوە سەفەرەکە سەرکەوتوو نابێ.

ـ کوڵە چوارشەممۆ (چوارشەمە سوری) نەحسە و مرۆڤ تا بۆی دەکرێ، دەبێ خۆ لە شەڕ و ئاژاوە بپارێزێ.

ـ ئەگەر چوارشەمەسوری بە سەر ئاگردا بازبدەی ئەوە تووشی نەهامەتی نایەی.[3]

ـ دەست لە ژێر چەنەدانان، بەدبەختی دێنێ وهەڵتروشکانیش نەگبەتی.[4]

ـ بێجگە لە ڕۆژانی پێنجشەممۆ و هەینی،

ڕۆژانی دیکە باش نین زەماوەندیان تێدا بگیرێ.
- ناحەز و نەیاری بووک و زاوا، ئەگەر لە شەوی زاوایەتیدا پەتکێک گرێ بدا، زاوا دەبەسرێ و نابێ بە زاوا.
- ئەگەر لە کاتی بووک دابەزاندندا کوڕێک بخەنە کۆشی بووکەوە ، ئەوە دواتر خۆی کوڕی دەبێ.
- کە پاروو لە گەرووی کەسێک گیرا، ئیتر خواردنەکەی ناخوا و بڕوای وایە کەسێک لە خزمە نزیکەکانی خۆی برسییەتی.
- کە بووک گەیشتە پێش ماڵی زاوا، لە سەربانی ڕا زاوا کەڵەبابێکی بەسەردا بەڕەڵا دەکا و گۆیا بەم کارە بە سەریدا زاڵ دەبێ.[5]
- خەڵکی ئاوایی کە دەچنە شەونشینی، لەتکە نانێک لە سەر دڵی منداڵەکەیان دادەنێن، بۆ ئەوەی لە تاریکاییدا جندۆکە دەستی لێ نەوەشێنێ.
- ژنان دەرزیلە لە بەرۆکی خۆیان و منداڵ دەدەن تا جندۆکە لێیان دوور بێ.
- ئەگەر ژنێک تاڵە موویەکی پیاوەکەی خۆی بخاتە نێو نووشتەوە، ئەوە لای ئەو خۆشەویست دەبێ.
- جندۆکە دوو جۆرن: جندۆکەی خێر و جندۆکەی شەڕ. جندۆکەی خێر کڵاوێکی سووری خڕ لە سەردەکا و بۆ ئەوەی نەبیندرێ دە نێو شیو و دۆڵەقووڵەکاندا خۆی حەشاردەدا. جندۆکەی شەڕیش دە نێو چاڵ و کونەبەر ئەشکەوتەکاندا دەژی.
- ژنان ( لە کۆیە) کە تووشی تەنگەبەری و دژوارییەک دەبوون، دەچوون پرسیاریان لە منداڵ یان شێتێک دەکرد بۆ ئەوەی گرێی دڵیان بۆ بکاتەوە. هەر وەک لە کوردەواریدا دەڵێن قسەی ڕاست یان لە شێت یان لە منداڵ ببیسە.[6]
- شەمۆلە گرتنەوە: ژنان شەوی شەممۆیان لە نێوان بانگی شێوان و بانگی خەوتنان خۆیان دادەپۆشن و بە بێدەنگی لە سێ ڕێیانێکدا ڕادەوەستن و گوێ لە قسەی ڕێبواران هەڵدەخەن، ئەگەر یەکەم قسەی کابرای ڕێبواری بە دڵ بوو، ئەوە بەو مانایەیە کە مەقسودی حاسڵ دەبێ، ئەگەریش قسەکەی بە دڵ نەبوو، نیازەکەی نایەتەدی و بە دڵشکاوی دەگەڕێتەوە ماڵێ.[7]
- چوونە سەر چاڵ و بیر بە تاریکان باش نییە.
- ئەگەر کچێک چێشتی سوێر لێبنێ، نیشانەی ئەوەیە حەزی لە مێردکردنە.
- لە دەستبەربوونەوەی مۆرەی تاوڵە (تەختەنەرد) نیشانەی دۆڕاندنە.
- بە لاداکەوتنی شا لە کایەی شەترەنجدا نیشانەی مات بوونە.[8]
- لە کەسانی ڕەزیل و چاوچنۆک خواردن بدزی، ئەوە قەت تووشی نەخۆشی نابی.
- ئەگەر پیاوێک ژنێکی ناخۆش بوێ، سێ بەردان فڕێ دەداتە بەر پێی، ئیدی ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە ژنە سێ مێردان بکا.
- ژن لە حەمامدا پرچی بهۆنێتەوە، ئەوە هەوێی دێتەسەری.
- لووت خوران شەڕی بە دوا دێ.[9]
- لێو خوران یان لێو قڕین نیشانەی ئەوەیە خۆشەویستەکەت ماچ دەکەی.
- نینۆکی درێژ، شەیتان نوێژی لە سەردەکا.

**پەراوێزەکان:**

١و٢) مامۆستا هەژار، چێشتی مجێور، لاپەڕەکانی ٤٩٨ و ٥٠٠.
مامۆستا هەژار هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلە خورافییە، شتێکی زۆر خوشیشی گێڕاوەتەوە کە حەیفم لێهات خوێنەرانی «گزینگ»ی لێی ئاگادار نەبن. دەڵێ: سۆفییەک چووبوو سەر ئەو قەبرە کە گۆیا بەردی دووپشک بێنێ، هەرکە دەستی بۆ لای عەرزی ڕاداشتبوو کە بەرد هەڵبگرێ، دووپشکێک بۆ ئەدەی بە دەستی یەوە.

٣) ئەو دابونەریتە کۆنانەی کە باسی چاکە و پیرۆزیی ئاگر دەکەن، ڕەنگە پاشماوەی ئەو بیروباوەڕە ئایینییە کۆنانە بن کە کوردەکان بەر لە دینی ئیسلام هەیانبووە.

٤) سادق هیدایەت، نیرنگستان، ل ١٣٨.

٥) هەرولد هەنسن، کچانی کورد، وەرگێڕانی: ناجی عەباس، ل ٣٢

٦و٧) ئەحمەد دڵزار، بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، ل ٢١.

٨و٩) سادق هیدایەت، نیرنگستان، ل٥٩.

ڕانانی کتێب:

## مام حەیدەر

نووسینی: عەلی ئەشرەف دەرویشیان

وەرگێڕانی: سیاوەش گودەرزی

لەم ڕۆژانەدا کتێبێک بە ناوی مام حەیدەر لە چاپ هاتەدەر و کەوتە نێو کتێبخانەی بەلەنگازی کوردی. ئەم کتێبە لە سێ دانە تازەترین چیرۆکەکانی چیرۆکنووسی گەورە دەرویشیان پێکهاتووە. لەم چیرۆکانەدا نووسەر هەوڵی داوە لە پەنای پیشاندانی ژیانی کۆڵەمەرگی زەحمەتکێشانی کورددا، بۆ یەکەم جار خۆی لە باسی نەتەوایەتی کوردیش بدا کە ئەمە ڕێبازێکی بەتەواوی نوێیە لە ژیانی چیرۆکنووس دەرویشیان دا. دیاردەی پێشمەرگایەتی و خەباتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەم چیرۆکانەدا دراونەتە بەر سرنج و تێکۆشان بۆ گەیەشتن بە مافە نەتەوایەتییەکان کراوەتە نێوئاخنی چیرۆکەکانی مام حەیدەر و میرزا حوسێن عەلی.
مام حەیدەر پیرە پێشمەرگەیەکی هەورامی یە، کە لە شەڕێکدا بە دیل دەگیرێ و دواتر لە زیندانەکانی کرماشان، ورمێ و تاراندا دەبێتە نموونەی قارەمانەتی و خۆڕاگری. ئازار وئەشکەنجە و لێدان و کوشتن، تۆزقاڵێک کارناکەنە سەر ورەی بەرزی مام حەیدەر و هەمیشە بەوپەڕی ئازایەتییەوە بەرگری لە خەباتی ڕۆڵەکانی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانیان دەکا. مام حەیدەر لە شوێنێکی چیرۆکەکەدا دەڵێ: «ڕۆژێک دێ کە ئیدی ئەم ستەمانە نەمێنن، ڕۆژێک دێ کە خەڵک چارەنووسی خۆیان بگرن بە دەست خۆیانەوە و ببن بە خاوەن هەڵوێست و دەسەڵاتی خۆیان، ڕۆژێک دێ کە منداڵەکانم دەتوانن بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن و بنووسن»




بۆ وەدەستخستنی ئەم کتێبە کە نرخەکەی بە پارەی پۆستەوە بۆ نێوخۆی سوێد، 50 کرۆنی سوێدییە، دەتوانن پێوەندی بەم ناوونیشانەوە بکەن:

Siawash Goudarzi
Solstrålväg 16E
743 35 storvreta

کورتە باسێك لە سەر:

# خورافەی سیاسی لە کوردەواریدا

د. عەبدوڵای ئەبریشمی

**١- پێشەکی:** لە ژمارەی ٢٠ی گزینگ بەشێک لە «خورافات لە کوردەواریدا» نووسراوە. لە شیکردنەوەیەکی کورتی چەند بابەت لەوان، پێوەندداریێتی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا و خورافە دەردەکەوێ. بەڵام مەبەست رەخنە لە نووسراوەکە نییە.

**٢- خورافە چییە؟** خورافە، «کردەوە و بڕوا»ی تێکەڵاو بە بیری نازانستییانەیە: ئەگەر هۆیەکی زانستییانە و بەکەڵک، بۆ درێژەپێدانی بڕوا و کردەوەیەک، لە گۆڕێدا نەبێ، ئەو بڕوا و کردەوەیە بە خورافە دادەنرێ.

بەڵام پێویستە بڕوانینە ناوەڕۆک و قازانجی هەر کردەوە و بڕوایەک، نەک جلوبەرگی وی؛ چون، واهەیە ناوەڕۆک خورافە و بێ کەڵک بێ، بەڵام جلوبەرگ نوێیە. واش هەیە ناوەرۆک زۆر زۆر بە کەڵکە، بەڵام بە خورافە خەملاوە.

**٣- کۆمەڵگا و یاسا و خورافە:** بۆشایی یاسا و دەسەڵاتی سیاسی (گشتی = دەوڵەتی)، لە خەملاندنی بەشێک لە خورافەی ناو کۆمەڵگا کاردەکا. زۆر مەبەستی بە کەڵکی گشتی، لە کۆمەڵگای دەسبەسەر، بە خورافە دەخەملێنرێن. بڕوانە ئەو بڕوایە: «ریشەی دارە میوەی شین، نابێ هەڵقەندرێ، هەرکەس ئەم کارە بکا، دەمرێ» (گزینگ ژمارە ٢٠).

لە کوردەواریدا، بەهرەی هەر دارەمیوەیەک (بۆ خەڵکی نیشتەجێ) بەرانبەر دانراوە بە مەڕێک (بۆ کۆچەران). دیارە دەسەڵاتی سیاسی (دوەوڵەتی) بۆ پاراستنی هەر شتێک، کە بەهرە بە «جەماوەر» دەگەیەنێ زۆر پێویستە. بەڵام لە کۆمەڵگای بێدەوڵەتی کوردەواریدا، بۆ دامەزراندنی یاسای تایبەت بە گەل، چ ئامرازێک لەگۆڕێدا نییە. بۆیە گوتوویانە: «هەرکەس دارەمیوەی شین هەڵقەنێ دەمرێ». بەو ترساندنە ویستوویانە بۆشایی یاسا پڕبکەنەوە!

بۆ پارستنی بەرژەوەندی کۆمەڵگا و خۆرستیش، بڕوایەکی بە نرخ بۆتە باو، تا بۆشایی نەبوونی دەسەڵاتی کۆمەڵگا بۆ پاراستن پڕبکەنەوە: «هەرکەس خەڵفەدارێک هەڵقەنێ وەک ئەوەیە قەتڵێکی کردبێ» (گزینگ...). یان «کەس نابێ بە ئاوی کانیاو، بێ حورمەتی بکا»! چونکە، ئاو ساحیبی ئەدیاری هەیە و ئەو ساحیبەش ــ کە پێی دەڵێن شەخس ــ دەتگرێ!...

**٤- خورافە و ڕاگەیاندنی زانست:** وەک کارتێکردنی مێوژ لە سەر زەین، یان ئەوەیکە دەڵێن نیسێی دارەگوێز (گزینگ...) داتدەهێزێنێ و نیسێی دارەبی دەتحەسێنێتەوە! یان: «هەورەتریشقە و هەڵتۆقینی کارگ... (گزینگ...) لەوبارەدا، بەڵگەیەکی زانستییانە بۆ نەریتی ئەو بڕوایانە لە گۆڕێدا نییە. بەڵام، دەبێژن: هەورە تریشقە، «ئازۆتی» هەوای دەباتە ناو خاکەوە (ئۆکسیدەی دەکا). کەوابوو، ئەو بڕوایانە پێویستییان بە لێکۆڵینەوەی زانستییانە هەیە تا ڕوون بکرێنەوە.

لەلایەکی تر، لە مێژووی کولتووری (فەرهەنگی) گەلانی جیهاندا، شێوەی ڕاگەیاندنی زۆر زانست، بە خورافات خەملاوە: گوردن چایلدی ئینگلیسی گوتوویە: «خورافات، داربەستێکی پێویست بوون، بۆ گەیەشتن بە زانست». *

**٥- بڕوا و بۆشایی یاسای گشتی:** لە سەرەوە، دەرکەوت کە بڕوا باشترین ئامرازی پاراستنی دەسمایەی گشتی یە. بەتایبەت کاتێک کە یاسا و دەسەڵاتی گشتی (سیاسی) لە گۆڕێدا نەبێ. پاراستن بە هۆی بڕوا، درێژخایەنترین شێوەی پاراستن لە مێژوودایە. وەک پاراستنی مزگەوت و ئیمامزادە و کێل و داری سەرچاک و پیران. بەڵام، بۆ دەسمایە و کەلەپووری گشتی کۆمەڵگای بێ یاسا و دەسەڵاتی سیاسی ــ وەک کوردەواری ــ کام ئامرازی پاراستن، لە گۆڕێدا بووە؟ لە نەبوونی یاسا، پەنایان بۆ خەملاندنی خورافە بردووە تا بۆشایی دەسەڵاتی یاسایی (دەوڵەتی) لە ناو کۆمەڵگا پڕکەنەوە.

**٦- چین و دەسەڵاتی سیاسی:** لە سەرەوە ئاماژەکرا بەوەی کە کۆمەڵگای کوردەواری بێدەوڵەتە! بە مانایەکی تر، دەسەڵاتی سیاسی (دەوڵەت) لە کوردەواریدا لە دەست ناکورد دایە، نەک «چین»ێکی کورد. لەو ڕوانگەوە، بزووتنەوە لە سەر بیری کومونیستی لە کۆمەڵگای بێدەوڵەت، وەک ئەوەیە: ئاو لە دەسکاونگدا بکوتن! بەداخەوە، ئەوانەی خۆیان بە کومونیست داناوە، باوترین خورافەی سیاسییان لە نیو سەدەی ڕابوردوو لە کۆمەڵگای کوردەواریدا خەملاندووە!

**٧- دابەشبوونی وڵاتی کوردەواری:** لە سەرەتای سەدەی ١٦، پاشا و میرەکوردەکان ــ کە لە سەدەی ٩ی زایینیەوە دەسەڵاتی سیاسی بەشی زۆری وڵاتی کوردەوارییان بە دەستەوە گرتبوو ــ ناچارکران سەریان بۆ لایەک بۆ فرەخوازەداگیرکەرەکانی «سەفەوی و عوسمانی» دانەوێنن. بەم جۆرە، دابەش کران! پاش ماوەیەک، میرە کوردەکان، ویستیان بۆ ڕاگرتنی نیمچە دەسەڵاتی خۆیان ــ کە بە دەستیانەوە مابوو ــ لە ناکۆکی فرەخوازەداگیرکەرەکان «کەڵک» وەرگرن.

بەو شێوەیە، نەریتێکی سیاسی بۆ کەڵک وەرگرتن لە ناکۆکی داگیرکەرە فەرەخوازەکان، لە نێو میران دامەزرا. بەڵام زۆر زوو دەرکەوت کە داگیرکەرەکان لەو «دیپلۆماسی»یە بۆ دەقوورێنانی کۆمەڵگای کورد کەڵک وەردەگرن. میرە کوردەکانیش، جگە لە دەربەدەری، چییان پێنەدەبڕا! نەشیانتوانی ڕێنوێنی خاوەنبیرانی وەک خانی بەجێ بێنن.

**٨- دەربەگی لە جیاتی میرایەتی:** دەرەبەگەکان و عاشیرەتەکان، بە هۆی وەدەستهێنانی تفەنگ و ڕاسان لە میرە کوردەکان، ڕووخانی ئەمارەتەکانیان وەپێش خست. لە سەدەی ١٩ــ پاش ١٠٠٠ساڵ ــ ئەمارەتە کوردییەکان بە یەکجاری لە ناوچوون. وڵاتی کوردەواری بەرەڵاکرا. هەرکەس هات، بە کەیفی خۆی لێیدابەزی و، تاڵان و بڕۆ و کوشتاری تێداکرد. دەرەبەگەکانیش، لە نەبوونی دەسەڵاتی ئەمارەتەکان، دنیا بە کەیفی خۆیان بوو. ئەوان بۆ لەبارنەکەوتنی هەڵتۆز هەڵتۆزی خۆیان ــ ئەگەرچی بەشێکیش مایەی نەتەوایەتی هەبوو ــ هەمان کایەی سیاسی سەرۆک ئەمارەتەکانیان ڕەچاوکرد. لە پاش تێکچوونی ئەمارەتەکان، زۆرجار، لە دەسەڵاتی داگیرکەرە فرەخوازەکان ڕادەسان، بۆ لای ڕەقیب ڕایان دەکرد، یان بە کەیفی داگیرکەران، مافی یەکتریان تاڵان دەکرد، ئا داریان لە سەر بەردی وڵاتی کوردەواری نەهێشت. ڕێگای شەرعییان بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی داگیرکەر لە کوردەواریدا خۆشکرد.

**٩- دابەشبوونی سەر لەنوێ:** لە سەدەی بیستەمدا، وڵاتی گەلی مەینەتبەش ــ بە

ویستی ئیستیعمار ـ سەر لە نوێ دابەشکرا، ڕاسانی دەرەبەگەکان لە کزی دا. بەڵام، بۆ هەوەڵجار لە مێژووی کوردەواری، ڕێکخراوەی سیاسی بزووتنەوەی کوردیان، ڕێنوێنی کرد... ئەوانیش، هەمان شوێنی چەوتی سەدەی ڕابردوویان ڕەچاوکرد کە بریتی یە لە:

لە دەست داگیرکەرێک، بۆ لای داگیرکەری تر ڕاکردن! یان دژی داگیرکەرێک خۆ بە داگیرکەری تر هەڵپەساردن! بەڵام لە بەرچاوناگرن کە هیچ داگیرکەرێک، نایەوێ کورد ڕزگار بێ. بەڵکوو داگیرکەرەکان کلکیان لێک هاڵاندووە!

تا ئێستا، لەو ڕێگایە سەرنەکەوتوون، بەڵام هەر بەو کردەوانە درێژە دەدەن! لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانەیان بۆ گۆڕینی شێوازی بزووتنەوە نەدۆزیوەتەوە، بۆیە بۆچوونی خورافەی سیاسی لە کوردەواریدا دێتە پێش.

١٠- **خورافەی سیاسی چییە:** خورافەی سیاسی درێژەپێدانە بە «کردەوە و بڕوای سیاسی» لە ئەزموون سەرنەکەوتوو. بزووتنەوە لە سەر بیری کومونیستیش لە کۆمەڵگای «بێدەوڵەت» ئەگەر بە شێواندن دانەنرێ، چی لە خورافە کەم نییە! ئەم کردەوانە، بەڵگەن بۆ بۆچوونی «باوبوونی خورافەی سیاسی لە کوردەواریدا»!

١١- **جیاوازی کردەوەی خورافی و زانستییانە:** لە ڕاستیدا، «بڕوا و بۆچوون»ی چەند جار لە ئەزموون کەوتوو، وەلادەدرێ. بەڵام لە خورافەدا، بڕوا و کردەوەی «دەیان جار» لە ئەزمون کەوتوو، هەر درێژەی پێدەدرێ!

١٢- **پێویستی کۆمەڵگە بە بڕوا:** لە سەرەوە گوترا، لە نەبوونی یاسا و دسەڵاتی گشتی، جەماوەر پەنا بۆ بڕوا دەبا، بڕواش لە چەشنی خورافە دەڕازێنێتەوە! لە بۆشایی دەسەڵاتی یاسایی گشتی، کەڵکی لێوەردەگیرێ... دیارە کۆمەڵگا بە ئامرازی بڕوا بۆ ڕاگرتنی «دەسمایە و کەلەپووری گشتی» ئەو بۆچوونە دێنێتەپێش. تا ئەو کاتەی گەلێک دەسەڵاتی چارەنووسی بە سەر خۆیدا نەبێ، بۆ «بزووتنەوە و پاراستنی وڵات و دەسکەوتی گشتی کۆمەڵگا» پێویستی بە بیر و بڕوایەکی بە کەڵک هەیە. هەرچەند ئەو بڕوایانەش بە خورافە خەملابن! بێگومان، لە کوردەواریدا بیر و باوەڕێک لە گۆڕێدایە. بەڵام پێویستیان بە گۆڕین و باشتربوون هەیە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو باسە، چەند ڕووداوی سەدەی بیستەم ـ لە بەشێکی وڵات ـ دەخرێتەبەرچاو:

کاتێک، ڕێگای کامیۆن بۆ لای لێڕەوار کێشرا، دارەگوێزی چەند سەد ساڵە لە لایەن تاجرانی دوور وڵاتەوە بە «کرێی بڕینیان»لە لێڕەوارییەکان کردران و بەتاڵان چوون! گەلی بەشخوراویش، چ توانایەکی سیاسی نەبوو بەرگری لەو تاڵانە بکا!... لە لایەکی تر، لە پاییزی ساڵی ١٩٤١، شاری مهاباد هیچ بنکەیەکی پاراستنی دەوڵەتی تێدا نەمابوو، هەر شتێک کە دەسمایەی گشتی بوو، بێ پارێزگاری مابۆوە. هەرکەس بهاتبایە، تێی ڕۆدەهات، بەڵام بڕوای خەڵک و ڕێنوێنی مرۆڤی ئەمری کورد، **«قازی موحەممەد»** بە شێوەیەکی زۆر دڵسۆزانە، بەرگری لە تاڵانی وڵاتی کرد.

ڕووداوێکی بچووکی هەمان کات، دەخرێتە بەرچاو، کە چلۆن «کەسایەتی لە بیر و بڕوای خەڵکیدا کاردەکا»: ڕۆژێک چەن لاو، لە داری ئەرەدەی شەقامی کەنار چۆمی شاری مهاباد ڕۆهاتبوون؛ خوالێخۆشبوو قازی ی ئەمر کە بە تەنێ بەوێدا ڕادەبرێ ڕوو لە لاوەکان دەکا (نووسەر لەوێ بووە):

ـ بۆ لەو دارانە ڕۆهاتوون؟

یەکێکیان جوابی داوە:

ـ نایەڵین ئاساری حەجەمان لێرە بمێنێ...

قازی فەرمووی:

ـ ئەتۆ کوڕی کێی، باوکت چکارەیە؟

ـ بابم نەماوە و دایکیشم ئاوکێشی ماڵانە!

ـ کوڕم، «ئەوان» زۆریان دەسڕەنج و دەسکەوتی خەڵکی هەژاری وەک دایکت لەگەڵ خۆیان برد، ئەوەی ماوەتەوە دەسمایەی گشت خەڵکی ئەو وڵاتەیە، دەسڕەنجی دایکی تۆشی تێدایە، نابێ لە شتێکی ڕۆبێن کە بەشی هەموو کەسی پێوەیە. بەڵکوو دەبێ ئاگاتان لێیان بێ. «پیاو چۆن ماڵە خۆی تاڵان دەکا؟!»

بەڵام بەداخەوە، لە بەر نەبوونی بیر و بڕوایەکی ئەوتۆ و، دڵسۆزێکی وەک پێشەوای ئەمر، کاتێک باشووری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی بەعس هاتەدەر، کەس بە فکری ڕاگرتنی دەسکەوت و دەسمایەی گشتیی گەل نەبوو! تێیان ڕۆهاتن و ماڵەخۆیان تاڵان کرد... لێرەدا دەکرێ بگوترێ:

بۆوەی کورد لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ و هێندە چاوەڕوانی «چل سوارەی غەیبی»** نەبێ، پێویستە «کورد خۆی و توانایی خۆی بناسێ. هەرکەس دەڵێ کوردم، لە خۆی بپرسێ: چی کردووە و چ کارێکی لە دەستدێ؟». پێویستە بزانین گەلانی جیهان بە پاکی لە کردەوە و بزووتنەوە بۆ گەلی خۆیان سەرکەوتوون. هیچ گەلێک لە ناپاکی لە گەڵ خۆی سەرنەکەوتووە!

بۆیە پێویستە هەر ڕێکخراوە و ڕۆشنبیر و کەسایەتییەکی سیاسی کوردیش، بە بڕوا و کردەوە ـ لە پێناو گەلی کورد نەک لە خۆیان و تاقمەکەیان ـ بە [پاکی] هەوڵ بدەن! ماوە بە ماوەش لە خۆیان بپرسن:

بە کردەوە چیان کردووە بۆ کورد؟ ئایا بە کردەوە بوونە جێی هیوا و سەر مەشق بۆ گەلەکەیان؟».

* انسان خودرا می سازد، گوردن چایلد، چاپ تاران، نشر خوارزمی.

** چل سوارەی غەیبی، بە خورافە لە فریای «جەماوەری مەینەتبەش و پەلاماردراو» دێ.

***

## بڵاوکراوەی نوێ

● کتێبی «دابەشبوونی کوردستان و ناسیۆنالیزمی کورد»

Kurdistan Delning och Den Kurdiska Nationalismen

بە زمانی سوێدی لە نووسینی **«هاشمی ئەحمەدزادە»** لەلایەن کتێبفرۆشی ئەرزانەوە بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە لە ئەساسدا بڕوانامەی بەکالۆرێس و ماستری نووسەرە کە لە ساڵانی ١٩٩٥ و ١٩٩٦ پێشکێشی زانستگای ئوپسالا کراوە. ئەم کتێبە بریتی یە لە دوو بەش. لە بەشی یەکەمدا خوێنەرەوە لە سەر مێژووی دابەشبوونی کوردستان لە بەرایی سەدەی ١٦ و هەروەها ساڵانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە هەلومەرجی ناوچە بە گشتی خراوەتە بەرباس، زانیاریی وەردەگرێ. لە بەشی دووهەمی کتێبەکەدا نووسەر دوای شیکردنەوەی هێندێک چەمکی تیۆریکی وەک «نەتەوە» و «نەتەوایەتی» و «مافی دیاریکردنی چارەنووس» دەچێتە سەر باسی ئەحزابی کوردی و، پرۆگرامی ئەم حیزبانە بۆ چارەسەریی مەسەلەی کورد لێکدەداتەوە. دیاردەی دیاسپۆرا (تاراوگە) و مەسەلەی کورد لەم پێوەندییەدا، بەشێکی تر لە باسی ئەم کتێبەیە. دوکتور تێتز رووکێ، لێکۆڵەرەوەی سوێدی و پسپۆڕی ئەدەبییاتی عەرەبی پێشەکی بۆ ئەم کتێبە نووسیوە.

بۆ وەدەستهێنانی ئەم کتێبە دەکرێ بە ئادرێسی گۆڤاری «گزینگ» یان «کتێبفرۆشی ئەرزان»ەوە پێوەندی بگیرێ.



# کۆچی دوایی سەبری بۆتانی

عارف باوەجانی

ماموستا سەبری بۆتانی لە ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی لۆدێ ـ دهێ قەزای سێرتی ناوچەی بۆتان لە دایک بووە.

لەوکاتەدا کە شێخ سەعیدی پیران شەهید کرا، بنەماڵەی سەبری بۆتانی و عەشیرەکەی کە بە ژیلیان ناسراوە لە ناوچەکەی خۆیان دەربەدەر کران و لە ناوچەکانی عەندیوەر، دێریک و قامیشلیی سوریا بۆ ماوەی ١٩ ساڵ بە نهێنی مانەوە.

لە ماوەی ئاوارەییدا لە گەڵ بنەماڵەی حاجۆ ئاغا و جەلادەت بەدرخان کە ئەوانیش ئاوارەی سوریا بوون، ئاشنایەتی پەیدا کرد. لەوکاتەدا مەرزێک لە نێوان کوردستانی سوریا و تورکیا نەبوو، پاشان لە لایەن فەڕانسەوە بە هۆی ئیستگەی «شەمەنەفەر»ەوە مەرزێکیان دیاری کرد بە ناوی مەرزی سوریا و تورکیا کە بەسەرخەت و بنخەت ناوی دەرکردووە. لە ساڵی ١٩٤٥، لەوێشەوە ئاوارەی ناوچەکانی نێوان زاخۆ و موسڵ بوون.

سەبری بۆتانی لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا، لە ساڵی ١٩٤٦ بە هۆی بەشداری کردنی لە خەباتی گەلی کورد لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتی عێراق دەگیرێ و دەکەوێتە زیندانی موسڵەوە و هەر لەو زیندانەشە کە کاری ئەدەبی خۆی بە شێعر نووسین دەست پێدەکا.

دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ کە بە کردەوە هیچ مافێکی دیاریکراو بۆ گەلی کورد لەبەر چاو ناگیرێ، ماموستا سەبری لە ڕێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە هاوکاریی خوالێخۆشبوو «عەلی عەسکەری»، خەباتی سیاسی خۆی لە ناوچەی بادینان درێژە پێدەدا. لەو ماوەیەشدا لە گەڵ مەلایەکی ناوچەی بادینان بە ناوی مەلا ئەنوەر مایی کە نازناوی شێعری «ڕاستی» بووە، ئاشنا دەبێ و گەلێک لە ئەزموونەکانی ناوبراو کەڵک وەردەگرێ.

سەبری بۆتانی، سەرەڕای درێژەپێدانی کاری ئەدەبی، لە شۆڕشی ئەیلوول بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو مەلا مەستەفا بارزانی، چالاکانە بەشدار دەبێ و لە ساڵی ١٩٦٤ کە پارتی دیموکرات تووشی ئینشعاب دەبێ، لەگەڵ دەستەی مەلا مستەفا دەکەوێ و هەتا ساڵی ١٩٦٧ لە شاری کەرکووک بە نهێنی خەریکی کاری سیاسی دەبێ. هەر لەو ساڵەدا لەلایەن دامودەزگای موخابەراتی عەسکەریی عێراق دەگیرێ و حوکمی ئیعدامی بۆ دەردەچێ. بەڵام لە کاتی ڕەوانەکردن لە زیندانی کەرکووک بۆ موسڵ، لەلایەن کەسێکی هاوکارییەوە کە کەلیلی کەلەپچەکەی دەداتێ، هەڵدێ و لە ئیعدام رزگاری دەبێ و پاش چەند مانگان خۆی دەگەیەنێتەوە ناوچەی شۆڕش.

لە ساڵی ١٩٧٠، کە حوکمە زاتییەکە ئیمزاکرا، ماموستا سەبری لە بەشی ماڵیی شۆڕش چالاکیی خۆی درێژەدا. وەک دەڵێن ئەو قەڵەمەی کە مەلا مستەفا بیاننامەی ئازاری پێ ئیمزاکرد، بە یادگار دراوە بە سەبری بۆتانی و ئێستا لە لای بنەماڵەکەی پارێزراوە. شایانی باسە کە خوالێخۆشبوو ماموستای زانا «هەژار موکریانی»یش کاتی خۆی بە قەڵەمی ناوبراو، کتێبی (شەرەفنامە)کەی نووسیبۆوە.

سەبری بۆتانی، دوای تێکشکانی شۆڕشی ئەیلوول (١٩٧٥)، سەرێک لە شاری مهاباد هەڵدێنێ و پاشان هەر لەوساڵەدا دەگەڕێتەوە کوردستانی عێراق و واز لە کاری سیاسی دێنێ و، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی عێراقدا وەک: ڕۆژنامەی هاوکاری/پاشکۆی عێراق، گۆڤاری بەیان و... دەستدەکا بە کاری نووسین. هەروەها لە رادیۆی کوردی بەغدا، بەرنامەیەکی ئەدەبی ـ هونەریشی بەڕێوەدەبرد و بەرهەمی بۆ ئامادە دەکرد.

خێزانی ماموستا سەبەری بەم جۆرە باسی ئاخرین ساتەکانی ژیانی دەکات و دەڵێ: ئەو ئێوارەیە میوانمان هەبوو، تا کاتژمێری ١٢ی شەو لە دەوری یەک کۆبووبووینەوە و بە قسەی خۆش و پێکەنین ڕاماندەبوارد، سەبری نەوەکەی لە ئامێز گرتبوو. ئەو، عادەتی بوو شەوانە هەمیشە تا سەعات ٣ی شەو، خەریکی خوێندنەوە و نووسین دەبوو، ئەو شەوەش هەر وەک باقی شەوان خەریک بوو. کاتێ هاتە سەر جێگاکەی ئاگادار بووم، بەیانی سەعات ٨، دەنگێکی لێەوەهات و منیش دەستێکم لێدا و بانگم کرد: سەبری، سەبری، ئەوە چیتە!؟ بەڵام هیچ وەڵامێکی نەبوو. بە پەلە هاتم بانگی کوڕەکەمان بکەم، ئەویش لە سەر جێگەکەی نەمابوو و دەرچووبووە سەر ئیش. ئیتر دوای ئەوە بۆ یەکێک لە کوڕەکانی دیکەم تەلەفون کرد و ئەویش بە پەلە هات و تەلەفونیان کرد بۆ پۆلیس. دوای ماوەیەک ئامبولانس بە دوکتورەوە هات، دوای ئەوە دوکتور فەحسی کرد، گوتی: هیچ نەخۆشییەکی نەبووە و بە مەرگی تەبیعی مردووە.

بەم جۆرە، ماموستا سەبری لە ڕۆژی ٩٨/١٠/٢٥ لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکا و لە ڕۆژی ٩٨/١٠/٢٨ لە گوڕستانێک لە شاری ئوسلۆ بە خاک دەسپێردرێ. لە ڕێی و ڕەسمی ناشتنیدا خەڵکێکی زۆر و گەلێک لە پیاو ماقووڵەکانی کورد، لەوانە: یاشار کەیا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەشداری دەکەن و هەروەها ئاژانسی تەلەفیزیۆنی Med TV یش لەم ڕێ و ڕەسمە ڕیپۆرتاژێک ئامادە دەکا. لە ماموستا سەبری، ئەم چەند بەرهەمەی خوارەوە بەچاپ گەیێندراون کە بریتین:

١) شین و شادی، شێعر، ١٩٧٩، چاپی دووەم ١٩٨٤.

٢) دڵستان، شێعر، ١٩٨٤.

٣) دەنگی مەتین وجودی، شێعر، ١٩٩٣.

هەروەها ئەو چەند بەرهەمانەش بڕیارە لە لایەن بنەماڵەکەیەوە بە چاپ بگەن:

١) Ji Dimenên Çenga Mezin

٢) نزیکەی ٣٠ چیرۆکی فۆلکلۆری و تازە کە لەلایەن بەشیر بۆتانی کوڕی سەبری بۆتانی، ئامادە دەکرێ.

٣) بیرەوەرییەکانی سەبری بۆتانی

٤) سەرجەمی وتاری سیاسی و ئەدەبی

ئەم هونەرمەندانە، شێعری سەبری بۆتانی یان کردووەتە گۆرانی کە بریتین لە:

١) محەمەد شێخۆ ٢) عێزەدین تەمۆ ٣) ئەیاز زاخۆیی ٤) ئەردەوان زاخۆیی ٥) محەمەدتەها ئاکرەیی ٦) سەمیر زاخۆیی ٧) قادر ئەلیاسی ٨) فوئاد ئەحمەد ٩) دلۆڤان.

ئەمەش پارچە شێعرێکە کە ماموستا سەبری، بۆ فوئاد ئەحمەدی گوتووە:

وەک هەڤاڵان جوانێ کورد
تو ژی ڕابە بدە دەنگ
زەند و بەندان تو ڕاپێچە
دەس باڤێ دارێ تفەنگ

ژیر و چالاک، خۆ باڤێژە
ئەی لاوێ چاک و چەلەنگ
بمێرانی خۆ بستێنە
ڤێ ولاتێ شۆخ و شەنگ

***

**تێبینی:** تەواوی ئەو زانیارییانە، لە بنەماڵەی ماموستا سەبری بەتایبەت کاک بەشیر بۆتانی (کوڕی ماموستا سەبری) وەرگیراوە.

# ڕۆمان یان بیرەوەری؟

## تێبینی لە سەر کتێبی ،ژیان و خەبات،*

**نووسینی: هێدی**

نووسەری کتێبی «ژیان و خەبات»، بەڕێز کاک **مستەفای شەڵماشی**، کۆمەڵێک ڕووداوی قۆناغێکی خەباتی کوردستانی ڕۆژهەلاتی دە بەرهەمەکەیدا گونجاندوون. نووسەر هەوڵی داوە ئەو ڕووداوانە بکاتە کەرەسەی ڕۆمانێک و بەرهەمەکەی وەک ڕۆمان دابڕێژێ. بە بۆچوونی من، تێیدا سەرنەکەوتووە و بەرهەمەکەی هەر دە چوارچێوەی «بیرەوەری»دا ماوەتەوە. بە سروشت هەڵکوتن لە جەنگەی گێڕانەوەی بیرەوەرییاندا نووسراوەیەک ناکاتە ڕۆمان. ڕۆمان وەک دیاردەیەکی ئەدەبییات، لە باری داڕشتن و زمانەوە، تایبەتمەندی خۆی هەیە. دەو بەرهەمەدا هیچ تایبەتمەندییەکی ڕۆمان لە بەرچاو نەگیراوە! نووسەر بۆخۆی لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەنووسێ: «مەبەست لە نووسینی ئەو ڕۆمانە، نەک ڕۆمان نووسین بەڵکو نیشاندانی گۆشەیەک لە بارودۆخی کوردستان و خەباتی بەردەوام لە پێناوی ئازادی دایە. ڕۆمان نووسین قەڵەمی بەهێز و بیری وورد و ناسکی دەوێ. دەبێ نووسەر بتوانێ گیروگرفتەکانی ژیان بە شێوەیەکی هونەری بخاتە سەر کاغەز و ڕێگای چارەسەر کردنیشیان نیشان بدا. من نە ئەو قەڵەمە بەهێزەم هەیە و نە بیری وورد و ناسک». نووسەر دەبوو، بە پێی ئەو زانیارییانەی خۆی، بەرهەمەکەی وەک «بیرەوەری» بڵاوکردباوە نەک وەک «ڕۆمان». بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە ڕووداوەکانی نێو ئەو بەرهەمەش چەند جاران لەلایەن کۆنە حیزبییەکانی ناسیاوی نووسەرەوە، دە بیرەوەرییەکانیاندا، بڵاوبوونەوە، گێڕانەوەیان هەر بە شێوەی وان شتێکی تازە نییە. هەرچۆنێکی بێ ئەو بەرهەمە لە بیرەوەری نیزیکترە هەتا لە ڕۆمان.

نووسەر وێڕای ناساندنی خەباتگێڕانی بزووتنەوەی چەکداریی سالانی ٤٦-٤٧(٦٧-١٩٦٨)ی کوردستانی ڕۆژهەلات، هەوڵی داوە «شەهید مەلا ئاوارە (ئەحمەدی شەڵماشی)»مان باشتر پێ بناسێنێ. بریا نووسەر، وەک برای «شەهید مەلا ئاوارە» بەرهەمەکەی هەر تەرخان کردبا بە ژیان و خەباتی «مەلا ئاوارە» و ژیننامەیەکی تێروتەسەلی «مەلا ئاوارە»ی بڵاوکردباوە و ئەو دڵسۆزەی باشتر بە بەرەکانی داهاتوو ناساندبا. بەداخەوە نووسەر نەک هەر ئەوەی نەکردووە، بەڵکوو زۆر بە پەلە بە سەر ژیان و بەرهەمی «مەلا ئاوارە»دا تێپەڕیوە! ئەو پەلە پەلەش تووشی هەڵەی زەقی کردووە! تەنانەت سالی تیرەبارانکردنی «مەلا ئاوارە»شی بە هەڵە نووسیوە! نووسیویە: «لە ڕۆژی ١١ی خەرمانانی ١٩٤٧ لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە لە شاری سەردەشت تیرەباران کران» [لاپەڕەی ٢٩٧]. مەلا ئاوارە لە سالی ١٣٤٧ی هەتاویدا تیرەباران کراوە، کە دەکاتە سالی ١٩٦٨ی زایینی نەک ١٩٤٧ی زایینی! ئەو بەشە شێعرەی «مەلا ئاوارە»ش کە لە لاپەڕە (٤٢) دا نووسراوەتەوە ناتەواوە! نووسیویە: «ئەگەر یەک بگرین و یەک بگرین/ لەگەڵ یەکدا بژین!»؛ ئەو دێڕە شێعرە دەبوو بەو شێوەیە با: «ئەگەر یەک بین و یەک بگرین/ لەگەڵ یەکدا بژین، بمرین».

بەداخەوە گرێ وگۆڵ و هەڵە و پەڵە دەو کتێبەدا یەک و دوو نین و وێشناچن هەموویان لە ئاکامی کەمتەرخەمی لە تایپکردندا سەریان هەڵدابێ. سەرەڕای هێندێک هەڵەی تایپکردن، بەشی زۆری هەڵەکان دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی زمان ــ چ لە باری ڕێنووسەوە، چ لە باری ڕێزمانەوە. لایەنێکی دیکەی هەرە لاوازی ئەو نووسراوەیە لەبەرچاونەگرتنی خالبەندی یە. ڕستەکان تێکچڕژاون و بە دەگمەن خالێک (نوقتە) دەبیندرێ کە سەروبنی ڕستەکان دیاری بکا! لە زۆر جێیانیش لەخۆڕا ڕستەکان، بەر لە تەواو بوون، بە خالی نابەجێ دابڕدابڕکراون! ئەو کەماسییە وایکردووە کە نووسراوەکە بە باشی نەخوێندرێتەوە و خوێنەر لە خوێندنەوەی وەڕز بێ.

لەباری ڕێنووسیشەوە، ئەو شێوەیەی نووسەر ڕەچاوی کردووە شێوەی سەردەمێکە کە ڕێنووسی کوردیی هێشتا لە دارەداره دابووە و وەک ئێستا پەرەگرتوو نەبووە. ئێستا ئەو شێوە نووسینە نەک هەر باوی نەماوە بەڵکوو هەڵەشە. مەگەر ئەوانەی بە ڕەی ڕابردوو بپێون، دەنا لەباتی «تێپەڕی» نانووسن: «تێ پەڕی»! یان «بی نێرم» لەباتی «بینێرم»! «شەرمێ وون» لەباتی «شەرمێون».... هەر ئەو خوویە لە نووسیندا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەڵەی دیکەش: «کاروباری چەندین ئاوایمان بۆ هەڵدەسوڕێنێ» [لاپەڕەی ٥٦]؛ دەو ڕستەیەدا مەبەست لە «ئاوای»، «ئاوایی»یە.

بە شێوەی ناوچەیی نووسین بە کەمایەسی نازانم، بەلام بە هەڵە داڕشتنی وشەکان بە کەمتەرخەمی نووسەر دەزانم. نووسەر زۆر جاران پەندێکی بە سەر هێندێک وشە هێناوە کە باش بە سەر دەواری شڕی ناهێنێ! «چرقەی گرمایە[ل٦]» لەباتی «قرچەی گەرمایە»؛ «دەڵێی وابێ [ل٩ و لاپەڕەکانی دواتریش]» لەباتی «بڵێی وابێ»؛ ڕۆی[ل٣٣]» لەباتی «ڕۆیی»؛ «لەخ» لەباتی «لق»؛ «کولاو» لەباتی «کلاو»؛ «گێڕی هەڵپەڕکێ» لەباتی «گەڕی هەڵپەڕکێ»؛ «بە سپاوی» لەباتی «بە سپایی/ بەئەسپایی»؛ چوێلەکە» لەباتی «چۆلەکە»؛ «جشک»لەباتی «ژووشک»....

لەوانەیە هەر ئەو شێوە دەربڕینەش بووبێتە هۆی ئەوەیکە نێوی هێندێک شوێن بەو شێوەیە نەنووسێ کە لە کوردەواریدا باون؛ وەک «شڵماش» لەباتی «شەڵماش»؛ «جلڏیان» لەباتی «جەڵدیان»! بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە نووسەر بۆخۆی خەڵکی ناوچەیەکی زمانپاراوی کوردەواری یە، نەدەبوو تووشی ئەو هەلانە بوویا؛ یان جاروبار هێندە کەوتبا ژێر کارتێکردنی زمانی فارسی و نووسراوەکەی بە دەربڕینی فارسی ئاخنیبا: «سەروبنی قەزیە دەرهێنان [ل٥٠]»؛ «لە کورە دەرچوون [ل١٠٣ و لاپەڕەکانی دواتر]»؛ «دەست ودڵباز [ل١٦٣]»؛ «بە حیساب گەیشتن [٢١٨]»؛ «گەند دەرهاتن[ل٢٣٧]»؛ پێکەنین کردن[ل٢٦٥]»! دیارە ئەوانەش زۆرتر دەربڕینی نووسەرن نەک دەربڕینی ئەو کەسایەتییانەی باسیان دەکا، بۆیە بە کەمایەسییان دەزانم.

لەباری ڕێزمانیشەوە کەمایەسی دەبیندرێ: «هیوا ئەو خەبەرەی زۆر پێ خۆش بوون[ل١٣٢]» لەباتی «هیوا ئەو خەبەرەی زۆر پێخۆش بوو.»، یان «هیوا ئەو خەبەرانەی زۆر پێخۆش بوون.»؛ «لە ترسی ئەو نەدەوێرام...[ل١٧٠]» لەباتی «لە ترسی ئەو [وی] نەمدەوێرا...»...!

زۆر ڕستە دە نووسراوەکەدا دەبیندرێن کە کردارەکەیان لە جێی خۆیان نین. ئەوەش بۆتە هۆی ناتەواوی دە ڕستەکاندا. بۆ وێنە: «لە ناوچەکانی دیکە تەنیا کادری نەهێنی مابوون. لە نێو ریزەکانی مەلا و فەقێیان دا» [ل٢٩٠]؛ ڕاستتر وابوو بنووسرێ: «لە ناوچەکانی دیکە کادری نهێنی [تەنیا] لە نێو ڕیزەکانی مەلا و فەقێیاندا مابوون». لە کاتی گێڕانەوەشدا «ئێستا» و «ڕابردوو» تێکەڵ دەکرێن! باسێک

لە کاتی رابردوودا دەگێڕێتەوە، کەچی لە ناکاو دەبێتە «ئێستا» [بڕوانە:ل٢٤].

لەباری ماناشەوە، جاروبار تووشی دارشتنی سەیر بووە: «بەڵام بابی کچەی پێی لە دوو کەوشان کردوون بە بێ کچ نەی داوە»[ل١٢٩]؛ زاراوەی «هەردووک پێ دە کەوشێک کردن»مان هەیە بە مانای «لەسەر قسەیەک سوور بوون و هیچ قسەی دیکە نەسەلماندن»؛ بەو شێوەیەی نووسەر نووسیویە هەڵەیە. «هیوا هەستایەوە و ئەو جارەی بە پێوە بە غاردان لە گردەکەی سەرکەوت» [ل٢٨٩]؛ «غاردان» هەر بە پێوە دەکرێ نەک بە سینگەخشکێ! دەو ڕستەیەدا «بەپێوە» زیادی یە.

بەداخەوە ناتەواوی دیکە، دەو کتێبەدا، زۆرن و ئەمن هەر هێندێکم دەستنیشان کردوون و نامەوێ تێبینییەکانم لەوەی درێژدادڕتر بن. هیوادارم ئەو تێبینییانەم ببنە هۆی ئەوە کە نووسەر لە بەرهەمەکانی داهاتووی زیاتر وردبێتەوە و نەهێڵێ ببێتە سەپانی پووشێ. سەرکەوتنی ئاواتمە.

٩٩/١/١١

* ژیان و خەبات، بەرگی یەکەم، موستەفا شلماشی، چاپی هولەند، چاپەمەنی و کتێبفرۆشی گلارا، رۆتێردام، ١٩٩٨

***




- نێوی کتێب: تاسە (شێعر)
- شاعیر: هێدی
- قەوارە: مام ناونجی، ١٠٨ لاپەڕە
- چاپی یەکەم، ١٩٩٨، کتێبی هەرزان
- ئەدرێسی داواکردن:

Kitani Arzan
B. Larls g 9B
554 63 Jönköping, Sweden



## کۆچی دوایی هونەرمەندی ناوداری کورد: مامۆستا محەمەدی ماملێ

س. چ. هێرش

ڕۆژی شەممۆ، ڕێکەوتی ١٩٩٩/١/٢٣، سەر لە ئێوارە، خەریکی مونتاژ و دەرهێنانی ژمارە ٢٢ ی گزینگ بووم کە لەلایەن دۆستێکەوە بە تەلەفون ئاگادار کرام کە «هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا محەمەدی ماملێ» کۆچی دوایی کرد.

ئەوەی ڕاستی بێ، هەواڵی مەرگی ئاوا کوت و پڕ، سەبارەت بە هەر کەس لە هەر عومر و تەمەنێکدا بێ، ئینسانی دەتاسێنێ، بەتایبەت مەرگی هونەرمەندێک کە ماوەیەکی دووروردرێژ خوازیاری ژیان و جوانی و پێداهەڵدەری عیشق و دڵداری بووبێ. ماوەیەک لە خانووچکەی خەیاڵدا، وەنەوزم دا. پاشان یەکڕاست بە دوای ئەو نامە و وێنانەدا گەڕام، کە چەند مانگ لەمەوبەر برایەکم سەبارەت بە ژیانی ئەو دواییانەی مامۆستا محەمەدی ماملێ، بۆی ڕەوانە کردبووم. بە چاو لێکردنی سەر لەنوێی ئەو وێنانە، بە خەیاڵ خۆم لە گەڕەکی «چرابرقی» مهاباد، ڕووبەڕووی ماڵی ماملێ، دیتەوە و لە سەر لێواری خیابان چاو بە مۆلەق ڕاوەستام: «بڵێی ڕاست بێ؟!»

«ــ بەڵێ ڕاستە، مەرگ دە سەر هیچکەسەوە ناچێ». «خیابان و شەقامی گەڕەک، لە گەنج و لاوان جمەی دێ، ڕێیە ڕێداری نییە...». «ئای

وەرزی زستانە، زەوی، وەک ئاشقێکی چاو لەڕێ ماوی گراوی لە جێژوان تۆراو، لە ژێر گومبەزی ئاسمانی بە پەردەی سپی داپۆشراو، مات و سەرسوڕماو سەری دەبەر خۆیەوە ناوە و دەناڵێنێ.

سەهۆڵبەندانە، خۆر، وەک شۆخێکی دڵشکاوی لە یار دابڕاو، جار جار، بەناز و نیونازێکەوە لە سووچێکی ئاسمان، بە نیگایەکی سیحراوی لە زەوی ڕادەمێنێ.

وەرزی زستانە، هەرچی مەل و بولبولی باخ و گوڵزارن، لە هێلانەی کپی مەلاومەل لە تەنیایی، چاوەڕوانی دیمانەی گوڵ و هاتنی بەهارن...

وەرزی زستانە، لە حاڵێکدا ئاسمان، چاو بە گریان، کلو کلو فرمێسکی خەم و پەژارە بە سەر مەڵبەندی موکریان، دادەبارێنێ، گومبەزان، مەکۆی خۆشەویست و حەزان، ئارا و قەراری نامێنێ، گۆیا ڕاسپاردەی ئاشقان، هەواڵی هاتنی میوانێکی ئازیزی پێ ڕادەگەیێنێ...

بەڵێ! هەواڵەکە کورت و دڵتەزین بوو: «ماملێ، بولبولی گوڵزاری موکریان ڕۆیی»!

بەمجۆرە، گۆڕستانی گومبەزان، دیسان هونەرمەندێکی ئازیزی دیکەی بۆ هەتاهەتایە، لە ئامێز گرتەوە.



مەرگی وا چەند خۆشە، چا نییە بە زیندوویش ئەگەر قەدرت نەزانن، بە مردوویی ئەوپەڕی ڕێزت لێدەگرن».

دوای چارەگە سەعاتێک، نامەکەم کردەوە و سەر لەنوێ خوێندمەوە:

"... ڕۆژێک پێش جێژنی قوربان کاک قادری دۆستم لە ماڵی کاک محەممەدی مامڵێ ئیزنی خواست بچینە ماڵی بەڕێزیان، قەرارمان سەعات یازدەیە. ئامینە خانمی خێزانی، وەک چاوەڕوان بێ، پێش ئەوەیکە لە دەرکەی بدەین، دەرگای دەکاتەوە. زۆرمان بە خێر هاتن دەکەن. لە پێشخانە، خێزانی دەڵێ: پیاوەکە ئەوە هەستاوی، وەدەزانم منداڵ دەلاوێنییەوە؟ کەسمان لێ دیار نییە. بەڵام کە وە ژوور دەکەوین، ئەوە مامۆستایە کە بەداخەوە بە گاگۆڵکە ئەو سەر ئەوسەری ژوور دەکا.

خۆمان دەناسێنین، زۆر خۆشحاڵ بوون، هەڵبەت خێزانی بەڕێزی؛ چونکە مامۆستا کەس کەس ناناسێتەوە!

خێزانی دەڵێ: تو ئەو خۆلایەی بە «... هێرش» بڵێ شێعرێک بۆ مامڵێ دانێ، تا «چالاک»ی کوڕم بیکاتە ئاهەنگ.

دەڵێ: لە خەڵکی، چ ئی ئێرە و چ ئی ئەودیو [کوردستانی گەرمێن] قەدردانی دەکا... تا وای لێهات هەرکورد بوو. دەگری... مامۆستا هیچ شتێک ناناسێتەوە. گوتمان خەوی چۆنە؟ گوتی خەوی نییە، ئەدی خواردنی؟ گوتی خواردنی زۆر باشە، شەو و ڕۆژ دەبێ ئاگام لێی بێ... ١٣٧٧/٥/٥ی هەتاوی".

مامۆستا محەممەدی مامڵێ، دوای ئەوەیکە کوڕێکی گەنجی، وێڕای پەنجا و نۆ کەسی خەڵکی مهاباد لە لەلایەن ڕێژیمەوە شەهید دەکرێ، نەخۆشی فرامۆشی دەگرێ و ڕۆژ بە ڕۆژ وەزعی خراپتر و خراپتر دەبێ تا وەک شەم وردە وردە کەم دەکا و دەتوێتەوە. دیارە، چ بنەماڵەی خۆیان و چ خەڵکی دیکە، زۆری بۆ لە حەول دادەبن کە چارەیەک بۆ نەخۆشییەکەی بدۆزنەوە، بەڵام بە داخەوە وەک دەڵێن و گوتوویانە، ئەو نەخۆشییە چارەی نەکراوە و چارەشی ناکرێ... و هەر بەو نەخۆشییەش بۆ هەمیشە دڵی لە لێدان دەکەوێ.

محەممەدی مامڵێ، لە ساڵی ١٩٢٦ی زایینی لە گەڕەکی هەرمەنیانی مهاباد لە بنەماڵەیەکی کاسبکار لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە لە خزمەت باوکیدا، بە هونەری مەقام و گۆرانی بەتایبەت قەتاری کوردی ئاشنا بووە و ڕاهاتووە. بنەماڵەی مامڵێ بە تێکڕایی هەموو هونەرمەند و دەنگخۆ ش بوون و ئەوەش تایبەتمەندییەکی ئەو بنەماڵەیە کە هەر لە باب و باپیرانەوە بە میرات ماوەتەوە. **مام سەعیدی** مامڵێ (باوکی مامڵێ یەکان) هەرچەند خۆی خوێندەواریی نەبووە، بەڵام زۆربەی ئەو ئاهەنگ و مەقامانەی کە کوڕەکانی دەیانگوتنەوە، بۆ خۆی ئاوازی بۆ دانابوون و بە دەنگیش دەیگوتەوە. مام سەعید کە سەر بە خانەقای شەمزینان بووە و لەگەڵ شاعیری گەورەی کورد **«وەفایی»** تێکەڵاوی هەبووە، زۆربەی ئەو ئاهەنگ و مەقامانەی کە کاتی خۆی لە خانەقادا دەگوتران و لەوانەبوو لە ناویش بچن، دەیانپارێزێ و بە بەرەی داهاتوو و بەتایبەت بە کوڕەکانی



دەسپێرێ. دیارە لە نێو کوڕەکانی مام سەعیدا جگە لە خوالێخۆشبوو «حوسێنی مامڵێ» کە دەنگخۆشێکی زۆر بەناوبانگ بووە، گوڵی هەرە گەشاوەی نێو گوڵدانی هونەری ئەو بنەماڵەیە کاک محەممەد بووە کە لە تاریف بەدەرە. محەممەدی مامڵێ جگە لە هونەرەکەی، کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەریش بوو کە هیچکات ـ نە لە ڕێژمی پاشایەتیدا و نە لە ڕێژیمی ئیسلامەتیدا ـ وازی لە بیر و باوەڕی کوردایەتی نەهێنا و تا ما، دانەما و لە خزمەت بە هونەر لە پێناو کورد و کوردستاندا ژیا.

بە بیستنی هەواڵی مەرگی مامڵێ، زۆربەی خەڵکی شارەکانی کوردستان و بەتایبەت خەڵکی مهاباد، بە داخستنی دوکان و بازاڕ، لە ڕۆژی یەکشەمۆ ڕێکەوتی ٩٩/١/٢٤، لە ناشتنیدا بەشدار دەبن و بەو پەڕی ڕێز و حورمەتەوە، تابووتەکەی بە شانان هەڵدەگرن و لە گۆڕستانی گۆمبەزان بە خاکی دەسپێرن.

محەممەدی مامڵێ، کە ماوەی نیزیکەی پەنجا ساڵ خزمەتی هونەریی بە گەلەکەی کردووە، لە ڕیزی ئەو هونەرمەندە گەورانەی کورد دەژمێردرێ کە وەک ئەستێرەیەکی هەمیشە گەش و پڕشنگدار، لە ئاسمانی هونەری مەقام و گۆرانیی کوردەواریدا دەدرەوشێنەوە و هەرگیز لە بیر ناچنەوە.

هەر بەم بۆنەشەوە لە لایەن خۆم و هاوکارانی گزینگەوە، لە هەموو ئەندامانی بنەماڵەی مامڵێ و بەتایبەت لە ئامینەخانم و کوڕەکانی، سەرەخۆشی دەکەم و سەری ڕێز و ئیحتیرام دادەنوێنم.

یادی بە خێربێ و گڵکۆکەی پڕ لە گوڵ. ■

## بەرهەمی مۆسیقا





• Cd ی خەڵوەت (Xalxat) کاری تازەی هونەرمەندی دەستڕەنگینی کورد کاک خالید ڕەشید کەوتە بازاڕەوە. ئەو دیسکێتە سەرجەم ١١ گۆرانی و مەقام دەگرێتە خۆ، کە ئاوازی هەموویان لەلایەن هونەرمەندەوە دانراون و بە دەنگی خۆی ئیجرا کراون.
ئەو دیسکێتە و هەروەها ئەواری خوارەوە لە هەموو فرۆشگاکانی Åhläns لە سوێد دەست دەکەوێ.



• غوربەت، بەرهەمە کاسێتێکی دیکەی هونەرمەند کاک خالید ڕەشیدە کە سەرجەم بریتی یە لە ١١ گۆرانی جۆراوجۆری شاد و فۆلکلۆریک.

## چاپ و بڵاوکراوەی نوێ

• **شاخ**، کورتە چیرۆک، نووسەر: هاوڕێ ئەمەلێ، ٥٦ لاپەڕە، لە ڕێی گزینگەوە داوادەکرێ.

• **گۆرانی سەرکەوتن**، شیعر (١٩٤ لاپەڕە)، نووسەر: جەلال دەباغ، سوێد، ١٩٩٨، نرخ بە پارەی پۆستەوە: ٧٥ کرۆنی سوێدی.
ئەدرێسی داوا کردن:

KDESL
Box 1224
221 05 Lund, Sweden

• **جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا**، نووسەر: د. مارف عومەر گوڵ، لە چاپکراوەکانی یانەی کوردی "میدیا"، چاپی یەکەم: ئەمستردام، هۆڵەندە ١٩٩٧.

• **شارستانیەتی کۆنی کورد** (٣٣٦ لاپەڕە)، نووسینی: محەممەد مەزنە، ئەدرێسی داواکردن:
چاپەمەنی و کتێبفرۆشی گلارا
v. Vollenhovenstraat 15
3016 BE Rotterdam
Tel: 010-4369802
06-22237234

• **کورد و کوردستان**، ئەبولقاسمی لاهووتی، دکتۆر جەبار قادر لە ڕووسیەوە کردویە بە کوردی و پێشەکی ق تێبینی بۆ نووسیوە. هولەند، ١٩٩٨، بەم ئادرێسەی سەرەوە داوا دەکرێ.

• **بینین**، گۆڤارێکی کولتووری و سیاسیە، ژمارە ٥ و ٦ هاوینی ١٩٩٨
ناوونیشان:

Beneen
P.O. Box 576
Wheatridge, Co 80034, USA

• **هەوار**، گۆڤارێکی سیاسی، ئەدەبی، ڕۆشنبیری گشتی یە، ژمارە ٥، ساڵی دووەم، بەفرانباری ٢٦٩٨ی کوردی، دیسێمبەری ١٩٩٨.

post Office Box 8105
Station Areade
Adlaide SA 5000, Australia
Phone&Fax:08-82343323

• **نووسراوە و بڵاوکراوەی کوردی** (بە زمانی سوێدی)، نووسەر: م. تەیفون.

Kurdiskt Författarskap och
Kurdisk Bokutgivning, Ba-
grund, Villkor, Betydelse,
M. Tayfun
Adress: Box 3318
S-16303 Spånga, Sweden
Tel/fax:+46 87612490

• **هاوار**، بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیریی گشتی یە، ساڵی دووهەم، ژمارە ٤، خەرمانان ١٩٩٨.

Postfach 14 34 03
45264 Essen, Deutschland
Fax: 0228 43 09 31

• **کوردستان**، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ٢٦١، ٢٦٢، ٢٦٣، ساڵی ١٩٩٨.

• **باسکار**، گۆڤارێکی وەرزیی باس و لێکۆڵینەوەیە، ژمارە ١، هاوینی ١٩٩٨.
نێونیشان:

105 Gladstone Park Gardens
London NW2 6JY
England

• Kurmanci, hejmar 22, siviztan 1998
Institut Kurde de Paris
106, rue La fayette, 75010 par-is, France

• **پێشڕەو**، ژمارە ٩٢، ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)، خەرمانان ١٣٧٧.

• **ئاڵا**، ئۆرگانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان، ژمارە ٣١ خەرمانانی ٩٨.

postbox 13051
70013 Orebro, Sweden

• **چراخان**، ژمارە ١٤، تشرینی دووەم ١٩٩٨

• **ئاوێەر**، فەرهەنگی، هونەری، کۆمەڵایەتی، ژمارەکانی ٣٠ تا ٣٩، سنە، ساڵی ١٣٧٧

# GZING

*Journal of Kurdish Politics and Culture.*



**Editor**:
Solaiman Chireh

**Editorial Board**:
Hashem Ahmadzadeh (Sweden)
Nazand Bagikhani (France)
Hassan Ghazi (Sweden)
Abbas Vali (U.K.)

**Associate:**
Ali Karimi (U.K.)



**Address:**
GZING
Box: 327
824 41 Hudiksvall - Sweden

**Fax**: +46-018-404522
**Mobil:** +46-070-6223663
**Postgiro**: 443 5022-1



No. 22 Winter 1999 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

*Journal of Kurdish Politics and Culture*

No 22, January 1999



**• له کتێبفرۆشی هەرزان داوابکەن:**

**هەنبانە بۆرینە (کوردی ـ کوردی ـ فارسی): هەژار، ١٠٣٥ ل**

**قاموسا سەلاحەدین (ئیگلیزی ـ کوردی): سەلاح سەعدولا، ١١٨٣ ل**

**• له بڵاوکراوەکانی کتێبی هەراز:**

دەستەودامانی نالی، ٣١٨ لاپەڕە، مەسعود محەمەد
برایانی شێر دڵ، ٢٩٠ لاپەڕە، ئەسترید لیند گرین
دەستە بوغچە قامووسی زاراوەی موکریان: هێدی
تاسە (شێعر): هێدی
ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە(١٥٢ل):
دوکتور نوری تاڵەبانی
نامەکانی روانینوانێک و نامەکانی مەرگ
گیروگرفتە سەرەکییەکانی کورد: حوسێن محەمەد عەزیز
شب آبستن است: علی اشرف درویشیان

**• له مانگی داهاتوودا چاپ دەکرێن:**

کورد و عەجەم: نەوشیروان موستەفا ئەمین
فەرهەنگی کوردی: سیروان کاروانی
دیوانی مامۆستا هێمن

**• کتێبی تازە له کتێبخانەی هەرزان:**

کورد و کوردستان(٧٦ لاپەڕە): ئەبولقاسمی لاهووتی
چەند وتەیەک سەبارەت بە ڕووناکبیرانی کورد(٢٤٢ل): ئیسماعیل بێشکچی
سۆفیستەکان(٢٢٤ل): ڕێبوار سیوەیلی
شارستانیەتی کۆنی کورد(٣٣٤ل): محەممەد مەزنە
ئەسپیدیلۆن (کورتە چیرۆک، ٢٢٠ل)؛ کاروان عومەر کاکە سوور
باران (کورتە چیرۆک، ١١٢ل): حەسەن جاف
گۆڤاری بوون، ژمارە ٦، ١٩٩٨
گۆڤاری نقار، ژمارە ٣، ١٩٩٨
شیعر بۆ منداڵ(٩٤ل): دایکی سۆلاف
ئەلف و بێ ١، ٢، ٣
چەپکێک چیرۆکی جوان، دوو بەرگ
کردستان مستعمره دولیه (٣٧٤ل): اسماعیل بیشکچی
نحو معرفه حقیقه الدیانه الیزیدیه: الدکتور خلیل جندی
دعا برای آرمن(رمان): ابراهیم یونسی
مادرم دوبار گریست(رمان): ابراهیم یونسی
قیام شێخ سەعید

***KITAB-I ARZAN***

Barnarps g. 31 , 553 16 Jönköping / SWEDEN
Telefax:+46(0)36 710999
Mobil:+46(0)70 4926924
E-postadress:kitab.i.arzan@jonkoping.telia.com